حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێماني

کۆلێژی زمان

# (فانتازیا لە ڕۆمانی کوردیدا ( رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، دەغدو وەک نمونە ))

**نامەیەکە**

**ئازاد محەمەد سەعید**

**پێشکەشی بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێماني کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا**

**سەرپەرشت:**

**پ.د.محەمەد ئەمین عەبدوڵا**

**(٢٠١٩)ی زاینی　　　　(٢٧١٩ ) ی کوردی**

ئەم نامەیە بەناونیشانی (فانتازیا لە ڕۆمانی کوردیدا(شاری مۆسیقارە سپییەکان، دەغدو وەک نمونە)) لە لایەن خوێندکار ( ئازاد محەمەد سەعید) ەوە، بەسەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردییدا.

ناو: پ د. محەمەد ئەمین عەبدوڵا

ڕێکەوت : / / ٢٠١٩

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ. ی . د. کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی کوردیی

ڕێکەوت: / /٢٠١٩

**پێشکەشە بە: ڕۆحی باوکم و دایکی بە سۆزم**

**پێشکەشە بە: هاوسەری ژیانم و هەردوو جگەر گۆشەکانم ئاڵا و ڤانا**

**پێشکەشە بە: خوشکم و براکانم و گشت ئازیزان و خۆشەویستان .**

سوپاس و پێزانین: بۆ ستافی مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی لە هەردوو زانکۆی کۆیە و زانکۆی سلێمانی.

سوپاس و پێزانین بۆ سەرپەرشتیاری نامەکەم پ.د.محەمەد ئەمین عەبدوڵا تاتانی.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١-٢ |
| دەروازەیەك بۆ فانتازیا | ٣-٤ |
| زاراوەی فانتازیا | ٤-٧ |
| کورتەیەك لە مێژووی سەرهەڵدانی فانتازیا | ٧-١٣ |
| فانتازیا لە رووی فیسیۆلۆجی و توێکاری و چۆنییەتی دروست بوونییەوە لە مرۆڤدا | ١٣- ١٦ |
| چەمك و پێناسەی فانتازیا | ١٦-٢١ |
| مەرج و بنەماکانی فانتازیا | ٢١-٢٦ |
| پێوەندی فانتازیا بە رەگەزەکانی دیکەی ئەدەبەوە | ٢٦-٢٨ |
| پێووەندی فانتازیا بە داستانەوە | ٢٨-٢٩ |
| پێوەندی فانتازیا بە خەیاڵەوە | ٣٠-٣٣ |
| پێوەندی فانتازیا بە رێبازە ئەدەبییەکانەوە | ٣٣-٣٦ |
| پێوەندی فانتازیا بە خەیاڵی زانستییەوە | ٣٧-٤٤ |
| پێوەندی فانتازیا بە یۆتۆپیاوە | ٤٤-٤٥ |
| پێوەندی فانتازیا بە خەونەوە | ٤٥-٤٧ |
| پێوەندی فانتازیا بە سیحر و جادووەوە | ٤٧-٤٩ |
| پەیوەندی فانتازیا بە موعجیزەو دەرئاساوە | ٤٩-٥١ |
| پەیوەندی فانتازیا بە جنۆکەوە | ٥١-٥٤ |
| بەشی یەکەم | ٥٥-٥٥ |
| تەوەرەی یەکەم کەسێتی یاخود بوونەوەری فانتازی لە رۆماندا | ٥٦-٥٧ |
| پێناسەی کەسێتی فانتازی | ٥٧-٦٠ |
| تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی کەسێتی فانتازی | ٦٠-٦١ |
| یەکەم :کەسێتی سەروو سروشتی | ٦١-٦٢ |
| دووەم : کەسێتی نیمچە سەروو-سروشتی | ٦٢-٦٢ |
| سێ یەم: کەسێتی گۆڕاو | ٦٣-٦٣ |
| تەوەرەی سێ یەم :کەسێتی سەرەکی لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا | ٦٤-٦٤ |
| جەلادەتی کۆتر | ٦٤-٦٦ |
| دکتۆر موسای بابەك | ٦٦-٦٨ |

| | |
|---|---|
| داليا سيراجەدين | ٧١-٦٨ |
| ئیسحاقی لیوزێرین | ٧٣-٧١ |
| سامیری بابلی | ٧٦-٧٣ |
| مستەفا شەونم | ٧٧-٧٦ |
| شارۆخی شارۆخ | ٧٩-٧٨ |
| ئوم فەزڵ | ٨٠-٧٩ |
| تەوەرەی چوارەم :کەسێتی فانتازی لە رۆمانی دەغدودا: دەغدو | ٨٣-٨٠ |
| سەنگەر | ٨٥-٨٣ |
| موغی موغان | ٨٦-٨٥ |
| هەندێك كەسێتی لە دۆخی دۆنادۆندا | ٨٦-٨٦ |
| بەشی دووەم : رووداوی فانتازی لە رۆماندا | ٨٨-٨٨ |
| تەوەرەی یەکەم : پێناسەو چەمکی رووداوی فانتازی | ٩٤-٨٨ |
| تەوەرەی دووەم :رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان ، رووداوی فانتازی بە هۆی دەنگی فلوتە فانتازیا سیحراوییەکەوە | ٩٩-٩٤ |
| رووداوی فڕینی کەشتی و بەلەم | ٩٩-٩٩ |
| رووداوی لە ناو بیرنانی داليا لە لایەن براکانییەوە لە شێوەی یوسف پێغەمبەر | ١٠٣-١٠٠ |
| رووداوی نیشتنەوەی سامیری بابلی لەسەر لقەدارێکی زۆر باریك لە پرتەقاڵی سپییدا | ١٠٧-١٠٣ |
| رووداوی گەشتەکانی جەلادەت بەهاوڕێیەتی دوو ئەسپی باڵدار و سێ جار مردنی . | ١٠٧ - ١٠٨ |
| رووداوی دروست بوونی شارە فانتازییەکان | ١٠٩ -١٠٩ |
| رووداوی فانتازی لە رۆمانی دەغدودا | ١١٤-١٠٩ |
| بەشی سێ یەم: شوێنی فانتازی | ١١٥-١١٥ |
| تەوەرەی یەکەم: شوێنی فانتازی لە رۆماندا | ١١٨-١١٦ |
| جۆرەکانی شوێنی فانتازی | ١٢٠-١١٩ |
| شوێنی یۆتۆپیا | ١١٩-١١٩ |
| شوێنی دیستۆپیا | ١١٩-١١٩ |
| شوێنی کرۆنۆتۆپ | ١٢٢-١٢٠ |
| شوێنی ئیسکاتۆلۆجی | ١٢٣-١٢٢ |
| شوێنی جەستەیی | ١٢٣-١٢٣ |
| تەوەرەی دووەم:شوێنی فانتازی لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا | ١٢٤-١٢٣ |

| | |
|---|---|
| شاری مۆسیقاره سپییەکان | ١٢٦-١٢٤ |
| شاری پرتەقاڵی سپی | ١٢٧-١٢٦ |
| شاری ئاوێنەکان | ١٢٨-١٢٨ |
| بەلەمی بەفر | ١٢٨-١٢٨ |
| شاری تەپۆتۆزە زەردەکان | ١٢٩-١٢٨ |
| شاری سۆزانییەکان | ١٣٠-١٢٩ |
| زوڵمەت ،تاریکی | ١٢٩-١٢٩ |
| ئۆقیانوسی هاوارەکان | ١٣١-١٣٠ |
| ژێرزەمینە خورافییەکە،نهێنیترین مۆزەخانەی دنیا | ١٣٣-١٣٢ |
| شورای سپی | ١٣٣-١٣٣ |
| شوێن و کەرستەی سپی | ١٣٣-١٣٣ |
| شوێنی فانتازی لە رۆمانی دەغدودا(ژوورەکەی سەنگەر) | ١٣٦-١٣٤ |
| شوێنی خەیاڵی نائاسایی یان فانتازی | ١٣٧-١٣٦ |
| شوێنی یۆتۆپیا | ١٣٨-١٣٨ |
| شوێنی دیستۆپیا | ١٣٩-١٣٨ |
| شوێنی کرۆنۆتۆپ | ١٣٩-١٣٩ |
| شوێنی ئیسکاتۆلۆجی | ١٤٠-١٤٠ |
| شوێنی جەستەیی | ١٤٢-١٤٠ |
| ئەنجام | ١٤٣-١٤٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٤٧-١٤٤ |
| کورتە بە زمانی عەرەبی (الخلاصة) | ١٤٨-١٤٨ |
| کورتە بە زمانی ئینگلیزی **Abstract** | ١٤٩-١٤٩ |
| | |

# پێشەکی

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** ڕۆمان بە پڕبایەخترین و گەورەترین ژانری ئەدەبی ئەژمار دەکرێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە لە خۆ دەگرێت، هونەری فانتازیا کە یەکێکە لەرەگەزەکانی ڕۆمان، ئەگەر لە ئەدەبی جیهانیدا کۆنیش بێت، ئەوا لە ئەدەبی کوردیدا وەکو رەگەزێك زۆر کۆن نییە ، هەروەها ئەوانەی دەستیان داوەتە ئەم کارە لە ڕۆمانی کوردیدا، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت . ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ کارکردن لە کایەی فانتازیادا لە ناو ڕۆمانی کوردیدا ناونیشانەکەی بریتییە لە (فانتازیا لەرۆمانی کوردیدا(ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان و دەغدو وەک نمونە)).

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆکارێکی سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ئەدەب رەخنەی کوردیدا کاری لەسەر فانتازیا کراوە، بۆیە هەوڵمان داوە فانتازیا لەڕۆمانی کوردیدا بە نموونەی دوو ڕۆمانی دوو ڕۆماننووسی بەناوبانگی کوردستانی باشور "بەختیار عەلی نووسەر ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان"و"خەسرەو جاف"نووسەر ڕۆمانی "دەغدو" بکەینە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە ڕۆمانی یەکەمدا فانتازیا سەرتاپا ڕۆمانەکەی داپۆشیوەو دەتوانرێ بگووترێت لە ئاست ڕۆمانە فانتازیا ئامێزەکانی جیهاندایە ، هەروەها ڕووداو کەسێتیی و شوێنە فانتازیاکانی ئەو ڕۆمانە لە ئاستی بەشێك لە ڕۆمانە جیهانییە ئاسراوەکاندایە بەتایبەتی کریشنا و فلووت و... هتد ،ڕۆمانی دەغدو جیا لە ڕۆمانی یەکەم جیهانی پێشبینی و خەون و خەیاڵی زانستی و ئیسکاتۆلۆجیا و یۆتۆپیا ،بە شێوەیەکی گشتی بە مێژووی کۆنی کوردەوە گرێدراوە،ئەمەش هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردنی بابەتەکەیە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** سنوری لێکۆڵینەوەکە،فانتازیایە لە هەردوو ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی بەختیار عەلی" و"ڕۆمانی دەغدوی"خەسرەو جاف"دا.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** میتۆدی لێکۆڵینەوەکە هەر سێ ڕێبازی شیکاری و مێژوویی و پێوانەیی تێدا بەکار هاتووە.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە تایبەتە بە هونەری فانتازیا، پێکهاتووە لە پێشەکییەك و دەروازە و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لەدەروازەدا زاراوەی فانتازیا لە زمانی گریکی و ئینگلیزی و لە فەڕەنسی و عەرەبی و کوردیشدا دەستنیشان کراوە، لە ئەدەبی کوردیدا بە هەمان شێوەی ئینگلیزییەکە بەکاردێت. لەتەوەرەیەکی دیکەدا پێناسە و چەمکی فانتازیا خراوەتە ڕوو، کە لەلایەن کۆمەڵێك بیرمەند و نوسەری بەناوبانگ ئاماژەی پێکراوە، لەتەوەرەیەکی دیکەدا مێژووی سەرهەڵدانی ئەو ژانرە ئەدەبییە لەسەر ئاستی جیهاندا خراوەتە ڕوو، هەروەها هەموو ئەو ژانرانەی، کە پەیوەندیان بە فانتازیاوە هەیە خراونەتە ڕوو.

لە بەشی یەکەمدا کەسێتیی فانتازی پێناسە کراوە، لە ڕووی تیۆرییەوە و جۆرەکانی کەسێتیی فانتازی ئاماژەی پێکراوە، لەتەوەرەیەکی دیکەدا لە ڕووی پراکتیکییەوە کەسێتیی فانتازی لە هەردوو ڕۆمانی" شاری مۆسیقارە سپییەکان" ڕۆماننوس بەختیار عەلی ڕۆمانی "دەغدو" ڕۆماننوس خەسرەو جاف خراوەتە ڕوو. لە بەشی دووەمدا ڕووداو لە ڕووی تیۆرییەوە باسکراوە، جۆرەکانی ڕووداو خراوەتە ڕوو، لە تەوەرەیەکی تردا ڕووداوی فانتازی لە هەردوو ڕۆمانەکەدا بە شێوەی پراکتیکی ئاماژەی پێکراوە.

لە بەشی سێیەمدا، شوێنی فانتازی پێناسەکراوە لە ڕووی تیۆرییەوە و جۆرەکانی شوێنی فانتازی و شوێنی ئاسایی واقیعی ئاماژەی پێکراوە، لەتەوەرەیەکی دیکەدا شوێنی فانتازی لە هەردوو رۆمانەکەدا بە شێوەیەکی پراکتیکی خراوەتە ڕوو.

لە کۆتاشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا ئاماژەی پێکراوە، دواتر لیستی سەرچاوەکان نوسراوە لەگەڵ پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

# دەروازەیەك بۆ فانتازیا

فانتازیا ئەو پانتاییە فراوانەیە کە زۆربەی دیاردەو ژانرە ئەدەبییەکان لەخۆ دەگرێت و سەرچاوەیەکیشە بۆ سەرهەڵدانی زۆربەیان.فانتازیا لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا زیاتر وەکو زاراوە بە "العجیب" بەکار هاتووە لە قورئانی پیرۆزدا چوارجار بەکار هاتووە لە هەردوو سورەتی "هود" و سورەتی "ق" :سورەتی ١١و سورەتی ٥٠: تەنها دوانمان بە نموە لە قورئانی پیرۆزدا هێناوەتەوە ("هود" ئایەتی: ٧٣ ل : ٢٣٠"قالو أتعجبین من آمر الله رحمت الله و برکته علیکم أهل البیت إنه حمید مجید"، لە سورەتی" ق" لە ئایەتی: ٢ : ٥١٨" بل عجبوا إن جاءهم منذر منهم فقال الکفرون هذا شیء عجیب") .

فانتازیا یەکێکە لەو جۆرە رەگەزانەی کە لە بواری ئەدەب و هونەر بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاردێت "فانتازیا"Fantasia"لە بواری مۆزیکدا بە پارچەیەکی کورتی سەربەخۆی ئاسان دەناسرێت، لە وێنەکێشاندا ئەم سیفەتە پۆرترێیت دەگەیەنێ، کە دیمەنێکی سروشتی نەناسراو دەخاتە ڕوو. فانتازیا لە ئەدەبدا دیاریکردن و دەست نیشان کردنی ئاسان نییە، بەم واتایەی ئێستای داهێنانێکی سەربەخۆ و خۆش دەگەیەنێ.لە سەدەی نۆزدەهەم فانتازیا ڕۆڵێکی گرنگ و چەسپاوی لە ئەدەبدا بینی" (حمود، ٢٠١٢: ٧٩١) لە بواری مۆزیکدا فانتازیا بە پارچەیەکی کورتی یەکگرتووی نەپچڕاو دەگوترێت، کە واتایەك و چێژێکی بێ شومار بە گوێگرەکەی دەبەخشێت، هەروەکو و پۆرترێیت لە کورتیلە چیرۆکدا واتایەکی کورت و چڕ و پڕ واتا دەبەخشێت. سەبارەت بە پێناسەی فانتازیا لە ئەدەبدا دەکرێ بوترێت "ڕەگەزێکە لە ئەدەب، بونەوەرو دیاردەی سەروو سروشتی، کە دەست لە ژیانی ئاسایی مرۆڤەوە وەردەدەن، ڕێڕەوەکەی بە تەواوی دەگۆڕن، ژیانی ئەو پاڵەوانە پروپووچانەی بابەتی سروت و باوەڕی ئایینی دەخاتە ڕوو، وەکو ئەو داستانانەی، کە باسی لە دایك بوونی گەل و نیشتمان دەکەن هەروەها فانتازیا بۆی هەیە ڕۆبچێتە نێو ئەو ڕووداوە تایبەتانەی باس لە یەکەم خەڵق بوونی بوونەوەرەکان دەکات، کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا هاتووە، وێڕای دەرئاسا "معجزة" پەرچو و خاوەن کەرامات،کە سەروو سروشتی وەکو چوارچێوەیەك لەخۆدەگرێت، هەروەها لە بواری سەرسوڕماندا چیرۆکی "Allegorie" خاوەن ناوەڕۆکێکی زانستی و ئەو چیرۆکانە بەگشتی، کە ڕۆمانیش دەگرێتەوە ،کە لە سەر زاری ئاژەڵانەوە دەگێڕدرێنەوە ئەو زاراوانە بە زمانی فەڕەنسییە "Les fables" وحیکایەتی جنۆکە خێرەومەندەکان"contes de Les fees"و حیکایەتی تارماییەکان"Les fantomes" وهەروەها فانتازیای خەیاڵی زانستی" La science fiction" لە خۆ دەگرێت"(علام، ٢٠١٠: ٣٢ -٣٣). واتە فانتازیا لە زۆر بواری جۆراوجۆردا هەیە و لە هەندێك ڕێباز و ژانر و رەگەزی ئەدەبی نزیك دەبێتەوە و لەگەڵ هەندێکی دیکەیان تێکەڵاو دەبێت و لە هەندێك دۆخدا، لێك جیاکردنەوەیان ئاسان نییە. "تۆدۆرۆف" کۆمەڵێك پێناسە بۆ فانتازیا دەخاتە ڕوو، "سەرەتا بەم پێناسەیەی کاستێکس دەستپێدەکات فانتازیا لە ئەدەبی فەڕەنسیدا بەوە جیا دەکرێتەوە ، ئاماژەکردنێکی بەهێزە لە نهێنییە شاراوەکانی واقیعی ژیان" ( ذیاب، ٢٠١٥: ٥٦) لێرەدا یەکێك لە پێناسەکانی فانتازیا لە ئەدەبی فەرەنسیدا بەوە جیا دەکرێتەوە: ئاماژەکردنێکی بەهێزە لە نهێنییەکان و شتە شاراوەکانی واقیعی ژیان. هەروەها "تزفتیان تۆدۆرۆف" ،کە هەر لەسەرەتاوە خاوەنی ڕەسەنی چەمکی فانتازیایە، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناونیشانی "دەروازەیەك بۆ ئەدەبی فانتازی" خودی خۆی ڕاڕایە لە بەرگەزکردنی فانتازیا بە شێوەیەکی رەها، خوێنەر بەشداری پێ دەکات لەدەست نیشان کردنیدا، هەروەها "مەرجی ڕاڕایی وگومان وەکو دوو دۆخن ،کە بەسەر خوێنەردا دێن ئەو جیهانەی ،کە درکی پێدەکات

جیهانێکی راستەقینەی هەیە، بەڵام قابیل نییە تێی بگەین" (علام، ٢٠١٠: ١١) واتە "تۆدۆرۆف" لە بەژانربوونی فانتازیا دڵنیا نییەو پێی وایە لەسەر خوێنەر دەوەستێت، لە دەست نیشانکردنی فانتازیادا ماوە راڕابوونەکە تا چەندە خوێنەر تێکەڵاوی رووداوەکە بووە ئالودە بووە پێی، فانتازیا لە رۆماندا گرێ و رووداوەکان بەرەو لوتکە دەبات و لە چەق بەستن رزگاری دەکات بوون و نەبوونی مەرجی سەرکی و حەتمی نییە ،هەبوونی ڕێڕەوی رۆمان خۆش دەکات و لەهەمان کاتدا چێژو خۆشی بە خوێنەر و بیسەر دەگەیەنێت. ئەگەر رووداوەکە واقیعی بێت یان خوێنەر سەرسام نەکات و گومانی لا دروست نەکات و توشی راڕایی نەکات ئەو کاتە رووداوەکە، دەبێتە رووداوێکی ئاسایی و نابێتە فانتازیا.

## زاراوەی فانتازیا:

زاراوەی فانتازیا لە بنەمادا لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوەو بەشێك لە نەتەوەکان هەروەکو خۆی بەکاری دەهێنن، لە زمان و ئەدەبی کوردیدا هەمان زاراوەی فانتازیا بەکار دێت، فەرهاد پیرباڵ لە "کتێبی رێبازە ئەدەبییەکان"دا، کە لە زمانی فەڕەنسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، فانتازیای بەکار هێناوە. بەڵام بۆ ڕەگەز و کەسێتییەکانی فانتازیا، کۆمەڵێك زاراوە هەیە، بەشێکیان لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کوردیدا بوونیان هەیە، وەك: تارمایی، فریشتە، حۆری، جنۆکە، دێو، خێو، درنج، سەگسار، گورگە شینە، خدری زیندە، فڕینی بەرماڵ، شەوە، ئاڵ. بەشەکەی تر لە زمانی نەتەوەکانی دەوروبەر وەرگیراون، وەك: غیلان، غۆرێلا، سەعلوە، عیفریت، مۆتەکە، قەرە قوڵ کە لە زمانی تورکی وەرگیراوە زیاتر بۆ پاسەوانی سنوور بەکاردێت، بەڵام واتایەکی ئەفسانەیی هەیە،لە زمانی کوردیدا دەکاتە قوڵە ڕەش.

سەبارەت بە بنەچەی وشەکە دەکرێ بوترێ "وشەی فانتازیا کە لە زمانی لاتینیدا وەرگیراوە دەگەڕێتەوە بۆ "Phantasia" کە "ئەرستۆ" بەکاری هێناوە، دواتر بۆ فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست گواستراوەتەوە بە واتای وێنەی هەستی لە هزر دەگەیەنێ کە بە واتای وڕێنە دێت" (علاوي، ٢٠٠٥: ٦٠، هەروەها بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وهبة، معجم مصطلحات الادب:١٦٦). زاراوەی فانتازیا کە "ئەرستۆ" لە واتای سیمانتیکی وێنە هەستییەکانی هزر دەریخستووە، هەر ئەم واتایە دەگەیەنێت لە کۆی کاریگەری وێنە هەستییەکانی کە لە هزردا کەڵەکە دەبن کە پێشتر هزر پێی ئاشنا نەبووە. "هیچ شتێك یان هیچ زاراوەیێك نییە بە زمانی ئیتالی، ئەم زاراوانە زۆربەیان بە زمانی فەڕەنسین "Fantasia""Fantastico"خودی ئەم زاراوەیە لەوانەیە لەسەر زاراوە ئینگلیزییەکەوە کە "Fantastic"یە وەرگیرابێت، ئەم زاراوەیە بە زۆر شێوە بەکار هاتووە"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ١٩٨)زاراوەی فانتازیا لە بنەڕەتەوە لە زمانی لاتینی و گریکی و ئینگلیزییەوە هاتووە کە "Fantastic" دواتر لە زمانی فەڕەنسی بە زاراوەی "Fantasia""Fantastico" هاتووە فانتازیا ئەو زاراوەیە هەموو ئەو نووسراوانە دەگرێتەوە ،کە پەیوەندییان بە بوونەوەری سەروو سروشتی یان دیاردەی سەروو سروشتییەوە هەیە(بڕوانە: علاوی،٢٠٠٥: ٦٢) ئەو دیاردانەی کە مرۆڤ راڕا دەکات لەکاتی بینینیدا یان لە سەرەتادا عەقڵی قبوڵی ناکات،وەک عەردهەژان ڕەنوی بەفر. سەبارەت بە زمانی فەڕەنسیش ئەوا " فەرهەنگی ئەکادیمی فەڕەنسی لە ساڵی ١٨٣١ز ئەوە دەخاتەڕوو، کە فانتازیا لەو چوارچێوەیە دەرناچێت، کە پێوەندی بە خەیاڵ و بە هەڵەدابردن و پڕوپووچی و داستانەوە هەیە، بە هاو واتای زاراوەی "Chimerique" یە، جەخت لەوە دەکاتەوە، واتای ئەوە دەدات هەر بوونەوەرێك، شێوەو جەستەی نەشیاو و ناڕاستی هەبێت، ئەو کاتە

واتا ڕاستەقینەکە دەپێکێت کە لە فەرهەنگەکەدا لە ساڵی ١٨٦٣ز بڕیاری لەسەر دراوە"(علاوي، ٢٠١٣: ٣٤ ).دیارە ساڵی ١٨٣١ ز بۆ فانتازیا لە فەرهەنگی فەڕەنسیدا بە بایەخ بووە ،لە بەر ئەوەی لە رووی فەلسەفە و شێوەو ناوەڕۆکەوە بڕیاری لەسەر دراوە و لەڕووی واتاوە ئامادە کراوەو ڕوونکراوەتەوە، کە چ واتایەك دەگەیەنێت؟ "لێرەوە زاراوەی"les contes fantastiques" بەو حیکایەتانە دەگوترێت، کە جنۆکەو دێوەزمەو تارمایی و چیرۆکی ڕۆحە زیندووبووەوەکان دەگرێتەوە، کە تیایدا سەروو سروشتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، تیایدا هۆفمانی ئەڵمانی گرنگی پێداوە"( علاوي، ٢٠١٣: ٣٤). زاراوەی فانتازیا بە لای هۆڤمانەوە هەموو ئەو واتایانە دەگەیەنێت کە زۆربەیان خەیاڵیین و بوونەوەری سەروو سروشتی ڕۆڵی تێدا دەبینێت وەکو بوونەوەرێک نیوەی مرۆڤ بێت و نیوەکەی دیکەی ئەسپ بێت.

زاراوەکە لە زمانی عەرەبیدا بە زۆر جۆر بەکار هاتووە "زاراوەی"العجائبي" لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەرە بە زاراوەی فانتازیا "Le fantastique".زاراوەی "Fantastique"بە پێی فەرهەنگی ئاتیمۆلۆجی ئەم زاراوەیە سەربەو کۆمەڵە وشەیەی کە لە سەدەی ١٤هەم، کە لە Phantastikos ی گریکی وەرگیراوە، کە بە زمانی لاتینی دەبێتە"fantasque"واتاکەی لە دەوروبەری خەیاڵ دەخولێتەوە.ئەم چوار زاراوەیە لە بڕگەی یەکەمیاندا هاوبەشن کە "فانتاس" ە "Fantas"، هەمان فەرهەنگ ئەم زاراوانەی تێدا بووFantasque,fantasme,fantaisie" , fantomatique ......,گشتیان لە یەك خێزانە زماندا دەخولێنەوە، زاراوەی "fantome" کە واتاکەی دێوەزمە و وەهم و شتی نەبینراو و خەیاڵە، وەکو زاراوەیەکی میللی لە سەدەی١٢ بوونی هەبوو، کە لە زاراوەی لاتینی گشتی "fantaume"وەرگیراو ئەویش لە زاراوەی گریکی "Phantasma" وەرگیراوە لە زمانی عەرەبیدا بە "صورة او شبح" بە واتای تارمایی دێت. "(علاوي، ٢٠١٣: ٣٣) ئەم زاراوەیە لە نێوان زمانی گریکی و ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبیدا بە چەندین جۆر و شێوە هاتووە، زۆربەیان لە شێوەی خەیاڵ و وەهم وخەون و زیندە خەون و نادیار بەکاردێن. لە زمانی عەرەبیدا بەسود وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزی، زاراوەی فەنتازیا بە چەندین نووسینێکی جیاواز وەك (الفنطازیا، الفنتازیا) بەکاردێت و لە واتاکەشی زاراوەگەلێکی وەك "الخیال، وهم، غریب، الخارق، غیر عادي" لە خۆ دەگرێت. (بڕوانە: سەلاح، ٢٠١٤: ٤) لە ماستەر نامەکەی "ڕۆناك سەلاح"یش زاراوەکە بە فەنتازیا هاتووە، هەروەها کۆمەڵێك زاراوەی عەرەبی ناو بردووە. زاراوەی خەیاڵ: وشەیەکە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، زاراوەی فانتازیا وەکو زاراوەی فانتومیش بەکاردێت بەواتای شەبەح، یان تارمایی. زاراوەی فانتازیا لە زمانی عەرەبیدا زۆر وشەی بۆ بەکارهێنراوە، وەک "عجب، العجیب، یتعجب منه، العجاب، عجب عاجب، التعاجیب، عجائب، اعجوبة، عجبت، وتعجبت، واستعجبت، وعجبت، تعجیبا، اعجب، معجب، العجب، اعجبه، العجب، العجوب"(الصحاح،الجوهري، بیروت– لبنان، ط ٢، ٢٠٠٧: ٦٧٢) لە فەرهەنگی عەرەبی - عەرەبی "الصحاح"دا کۆمەڵێك زاراوە هاتووە، کە لە چاوگی "عجب"ی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون کە بە واتا ڕاڕایی دێت.. کۆمەڵێک زاراوەش هەن پەیوەندییان بە فانتازیاوە هەیە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت "فانتازیا بە گشتی "Fantasy""الفنتازیا؛ خیال؛ فنتازیا؛هوی؛یتخیل؛یستغرق في احلام الیقضة".زیندە خەون- لە ڕووی تەندروستییەوە "Fantasy" "التخیل مُخَیلَة".لە ڕووی تەکنیکەوە "Fantasy""وهم". – لە ڕووی فێرکردنەوە"Fantasy""هوام" – لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە "Fantasy" "فانتازیا".لە ڕووی وەرزشییەوە "games fantasy" "العاب الخیال" یارییە خەیاڵییەکان.

- به گشتی "Play fantasy" "لعب خيالي" یاریی خەیاڵی. – لە ڕووی بیرکارییەوە " games fantasy computerized" یاریی خەیاڵی لەسەر کۆمپیوتەردا. - لە ڕووی ژمێریارییەوە " games fantasy video" "العاب فيديو الخيال"یارییە خەیاڵییە ڤیدۆییەکان" ( http://www.al maany.com,p2.)، بەم پێیە فانتازیا لە زۆربەی کایەو بوارەکاندا بەکار هاتووە، واتە فانتازیا لە فۆرم و شێوە و زاراوەو واتا دا بە چەندین جۆر هاتووە لە زمانی لاتینی و فەرەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و کوردیدا.

جگە لەمە زاراوەکە لە زمانە ئەوروپییەکانیشدا بەشێوەی جیاواز هەیەو "لە نێوان هەردوو زاراوەی "fantastique-fantaisie" بەشێك لە ڕەخنەگرەکان جیاوازی دەخەنە نێوانیانەوە، یەکیان وەکو ناو دێت، ئەویتریان وەکو"وصف"یان پەسنی بەکاردێت، لە یەکەمیاندا، کە ناوە ناچێتە قاڵبی ئەدەبی پرۆپۆچییەوە، هەروەکو تۆدۆرۆف دەستنیشانی کردووە.. یەکێك لەوانەی، کە وەکو ناو بەکاری هێناوە ئان کرانی فرانسیس "Ann cranny Francis"ە، کە دەیکاتە سێ بەش: خەیاڵی جیهانی تر و چیرۆکی جنۆکەکان و چیرۆکە ترس ئامێزەکان."(علاوی،٢٠١٣ :٣٥-٣٦). واتە ئەم زاراوەیە ئەگەر وەکو ناو بەکاربێت شتێك دەگەیەنێت، ئەگەر وەکو پەسنی"وصف" بەکاربێت شتێکی تر دەبەخشێت. "چاوگی زاراوەی فانتازیا ناوەرۆکێکی لێڵ و نادیار و ناواقیعی هەیە، نموونەی ئەو تارماییەی کە نە مردووە نە زیندووە، بوونی هەیە لە سروشتدا بەڵام بوونێکی هەڵپەسێردراوە لە نێوان بوون و نەبووندا" (عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٠٢) ڕەگوڕیشەی زاراوەی فانتازیا لێڵ و ئاڵۆزە نموونەی تارمایی و ترس و ڕاڕایی، کە نە مردووە نەزیندووە. "بەڵام سانت ئۆگستین واتاکەی لە "double fantome" کورت دەکاتەوە بە واتای "تارمایی دوو ڕوو یان دوو جۆر کەسێتی" دێت، پاشان لە سەدەی حەڤدەهەمدا ئەو چەمکە گەشەی کرد بۆ دەرئاسا و سەرسوڕمان" (علاوي، ٢٠٠٥ : ٣٣) سانت ئۆگستین زاراوەی فانتۆمی بە واتای تارمایی دوو جۆر کەسێتی لەیەك جەستەدا بەکارهێناوە، دواتر گەشەی کرد بۆ دەرئاساو سەرسوڕمان. ""نۆدێ "یەکەم ڕەمزی مێیینەی بۆ فانتازیا کێشا لە پێشەکی ڕۆمانی "بۆهیمای پاشا" لە ساڵی ١٨٣٢ ز دا. "سانت بیف" لەوەسفی نەوەی سەردەمەکەی خۆیدا نووسیویەتی ،کە هیچ زاراوەیەکی نەدۆزیوەتەوە جگە لە فانتازیا، لە گۆڤارە جیهانییەکان لە یەکی ئایاری ساڵی ١٨٤٠ز دا. لە پێشتردا ئەگەر ئەم زاراوەیە لە بەکارهێنانیدا خەیاڵی خەڵق کردبێت، بەڵام دواتر، هەوڵیدا جۆرێکی تایبەتی دیکە بەکار بهێنێ، لەگەڵ هاتنی "Phantasiestucke"لە لایەن "هۆڤمان" لە فەرەنسا خوێندنەوەی سیحراوی بۆ کرد بە گرێدانی یان ئاوێتە کردنی ڕاستی و خەون بۆ خۆشی و زەرف" ( حمود، ٢٠١٢: ٧٩١) هەر لە مێژووی سەرهەڵدانی فانتازیادا نۆدێەمزی مێینەی بۆ فانتازیا دانا لە ساڵی ١٨٣٢ز دا، هەروەها سانت بیف لە زاراوەی فانتازیا دەدوێ لە هەمان سەردەمدا، پێشتر لە خوێندنەوەی فانتازیادا لە بەکارهێنانیدا خەیاڵی خەڵقکراو بووبێت بەڵام لەگەڵ هاتنی هۆڤمان بۆ فەرەنسا خوێندنەوەی سیحراوی بە گرێدانی لەگەڵ خەون، بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بەکار هێنا.

هەروەها "کەمال عەییاد" لە کتێبی "کۆڵەکەکان ڕۆمانی فۆرستەر""Forster" کە " The fantastic novel" نۆڤلێتی فانتازیی وەرگێڕاوە بۆ "رواية الخوارق"، "ئیبراهیم خەلیل"یش لە لێکۆڵینەوەیێکیدا دەربارەی "سلطان النوم وزرقاء اليمامة" "موئنس الرزازە" دا هەروەها "محەمەد عەنانی" وەرگێڕانی "Fantastique" بە "الخرافة" لەزمانی عەرەبیدا ناوزەد دەکات، ئەگەر زاراوەی ئەدەبی بۆ

دابنێین دەبێته "ادب الخرافة" ""محەمەد عەنانی" دانی بەم جۆرە ئەدەبە دانا لە کتێبەکەی "تۆدۆرۆفدا" لەساڵی" ١٩٧٣""الادب الخرافي" "مدخل بنيوي لنوع ادبي "" The fantastic: Astrutural Approch toaliterary genre" هەروەها "مەجدی وەهبە" "Le fantastique" بە"الوهمي والخيالي"ناو دەبات. هەروەها "جۆرج سالم" هەمان بۆچوونی هەبوو لە کاتی وەرگێڕانی کتێبی "البيريس"ی لە" مێژووی چیرۆکی نوێ. .. "الادب الوهمي"دانا" (علاوي، ٢٠٠٥: ٥٧) "کەمال عەیاد" لە کتێبی ڕۆمانی فانتازیادا لە زمانی عەرەبیدا بە"رواية الخوارق" بە واتای چیرۆکە دەرئاساکان یان بە ڕەچە شکێنەکان ناوی برد، بەو پێیەی یاسا سروشتییەکان پێشێل دەکات و بە پێی یاسایەك کار دەکات دوورە لە واقیع. ئیبراهیم ئەلخەتیب لەکاتی وەرگێڕانی دەقەکانی فۆرمالیستە ڕوسەکاندا زاراوەی" Le fantastique" بە "العجيب"دادەنا. (بڕوانە: علاوي، ٢٠٠٥: ٥٨) زاراوەی عەرەبی "العجيب" لە بەرامبەردا لە زمانی کوردیدا سەرسوڕمانە، ئەم زاراوەیە بەرامبەر بە زاراوەی فانتازیا شیاو نییە، بۆیە لە زمانی کوردیدا هەمان زاراوە بیانییەکە، کە فانتازیایە بەکاردێت و تاڕادەیێك لە ئەدەبی کوردیدا جێگیر بووە.

""طاهر المناعي: زاراوەی"Le fantastique" بە "العجَاب"بەکار هێنا، کە لە قورئانی پیرۆزی وەرگرتووە"ان هذا لشيء عُجابٌ"کە بۆ زێدەڕۆیی بەکار دێت بەپێی فەرهەنگە عەرەبییەکان" (علاوي، ٢٠٠٥: ٥٨) زاراوەی "العجَاب" ی عەرەبی، کە لە قورئانی پیرۆزدا بە واتای گەورەکردن و زێدەڕۆیی وهوشەکاری دێت زیاتر لە هونەرەکانی رەوانبێژیدا بەکاردێت. لە زمانی کوردیدا هەمان زاراوە رۆژئاواییەکەیە، کە لە بنەڕەتدا هەیە، سەرەتا لە لاتینی یۆنانی دواتر فەڕەنسی و ئینگلیزی وەرگیراوە کە زاراوەی فانتازیایە.

## کورتەیەك لە مێژووی سەرهەڵدانی فانتازیا:

هەر بابەتێك یان هەر ڕەگەزێك، کە سەرهەڵدەدات دەبێت بنەچەیەك و مێژوویەکی هەبێت و ڕەگ و ڕیشەکەی بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوون بێت، پێویستە لاپەڕەکانی مێژووی ئەم بابەتەش هەڵبدەینەوە، کە فانتازیایە و بەشێکە لە ماڵە گەورەکەی خەیاڵ، فانتازیا سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تراژیدیای گریکی، دواتریش بۆ "ئەفلاتون "و "ئەرەستۆ"ی فەیلەسوف، کە چوارسەد ساڵێك پێش زایین لەو سەردەمەدا ڕاوبۆچوونی خۆیان دەرخستووە، بەڵام بە هەمان ناو و بنەما باسیان لێوە نەکردووە. "بەم شێوەیە هەندێك لە بیرو باوەڕو هەندێ تارمایی لە شەودا...هتد لەدەربڕین و زاراوەو وێنەی تایبەت بە ساتێرەکان "yresSat"یان خوای دارستانەکان لای گریکەکان، کە لە شێوەی جەستەی مرۆڤدان بەڵام کلك و گوێیان هەیە، هەروەها فریشتەکان و جنۆکەکان و تارماییەکان و سەگسار و هێزە سیحرییەکان" (عبدالحميد، ٢٠٠٩: ١٦٦) ئەم بوونەوەر و زاراوە خەیاڵیانە، کە بەشێکیان بە خوای دارستان ناو دەبران لای گریکەکان، کە لە شێوەی مرۆڤدان بەڵام کلك و گوێیان هەیە و بە بوونەوەرە ساتێرەکان ناسراون. هەروەها بوونی فریشتە و جنۆکەکان و تارماییەکان و سەگسار، تایبەتمەندی بەم جۆرەی ئەدەب داوە. زاراوەی فانتازیا کە لەکاتی نووسیندا دەردەکەوێت، ""Fantasia"لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی ڕۆنانییە "Phantasia" کە لەزاراوەی"Phaineini" هاتووە زاراوەیەکی فەلسەفییە، "ئەفلاتون" بە هەڵخەڵەتاندنی بینینی چاوی دادەنێت، لای" ئەرستۆ" خەیاڵی بەرهەمهێنراوە. لە سەدەکانی

ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی سەرسەخت گرێدراوە بە بیری خەیاڵی شەیتانی، لە سەدەی حەڤدەهەمدا لەسەردەمی ڕاپەڕیندا ئەم زاراوەیە تایبەتمەندی ڕاڕایی وەرگرت لە بیرو حەزەکان و خەونی پاکی بێ گەردی بێ خەوش. زاراوەی فانتازیا لە فەرهەنگە ئەدەبیەکاندا زۆر بەکار هات "هیگۆ" ڕەتی کردەوە، کە ڕەخنەگر لە بواری فانتازیادا ڕەخنە لە شاعیر بگرێت هەروەک لە پێشەکی کتێبی "الشرقیات" لە ساڵی ١٨٢٩ز دا هاتووە."(حمود، ٢٠١٢: ٧٩١) فانتازیا وەکو زاراوە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە، "ئەفلاتون" لە بواری فەلسەفەدا وەکو حاڵەتێکی هەڵخەڵەتێنەری چاوی دادەنێت بەڵام "ئەرستۆ" فانتازیا بە خەیاڵی بەرهەمهێنراو بەکاردەهێنێ، تەنانەت لای ئەوروپییەکانیش وەکو بابەتێکی ئایینی و فەلسەفی تەماشا دەکرا، تا لە سەردەمی ڕاپەڕیندا تایبەتمەندی سیفەتی ڕاڕایی وەرگرت.

"خەیاڵ لای "ئەرستۆ" ئەرکی تری هەیە، خەیاڵ دەتوانێ شتەکان دابەش بکات و شیکردنەوەیان بۆ بکات لە شێوەی پارچەو کەرت، دواتر ئەو پارچەو کەرتانە بەشێوازی جیاواز بەیەکەوەیان گرێ دەدات، هەروەکو ئەو نموونەیەی کە "ئەرستۆ" ڕوونی دەکاتەوە لەسەر "بەرماڵ"کە بوونەوەرێکی خەیاڵییە سەری مرۆڤە و لاشەی ئەسپە"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ١٣٨) بەرماڵ لەگەڵ ئەو بوونەوەرە خەیاڵییە یە کە سەری مرۆڤە و لاشەی ئەسپە بە ئاسماندا هەروەکو گالیسکەکەی(بابا نۆئیل) دەفڕێ کارە فانتازیاییەکان ئەنجام دەدەن خەیاڵ لای ئەرستۆ جگە لە خەیاڵکردن ئەرکی دیکەی هەیە کە لە کارە هونەرییەکاندا لە شێوەی پارچە پارچە ئامادە دەکرێن دواتر لێکگرێ دەدەرێن وەك پارچەیێکی یەکگرتوو نمایش دەکرێن، دیارە ئەم بوونەوەرە کەسێتیی نیمچە سەروو سروشتییە، نیوەی مرۆڤە و نیوەکەی دیکەی ئەسپە. "تارماییەکان ڕەگ و ڕیشەیان قووڵە دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی گریکەکان کە لە تراژیدییا مەزنەکانیاندا بەکاریان دەهێنا. ..لە فانتازیادا وەکو وتار لە دوو جۆر پێك دێت: ١-تارمایی خودی: ئەوەی پەیوەستە بە وڕێنەی کەسی و وەهم. ٢– تارمایی بابەتی: بە پێچەوانەی یەکەم، لە ناکاو دەردەکەوێت وپێویستی بە دوو گەواهی دەرە" (حلیفي، ٢٠٠٩: ١٢٢) - تارمایی هەستی پێدەکرێ، بەڵام نابینرێ لە سەردەمی تراژیدیای گریکی کۆندا تارمایی بەکارهاتووە، تارمایی لە دوو جۆر پێك دێت تارمایی خودیی و تارمایی بابەتیی .

"مینۆبیا کەرنەڤاڵێکە لە ئەدەبی مەسیحی و بێزەنتیە کۆنەکان دەرکەوت هەروەها لەکتێبەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕاپەڕین وماوەی چاکسازی، زۆربەی کارە نمایش کراوەکان کە بەشێکیان چیرۆکە خەیاڵییەکانی وەکو ساتیرکۆن "Satyricon" بترۆنیۆس "Petronius" و بایمارکوس یان مارکوسی دووانەیی "Bimarcus" و ڤارس "Varrs" و گۆڕاوەکان "Metamorphoses" و گوێدرێژی زێڕین "Ass Golden"ی ئەپۆل ڕۆس "eiusApul"، کە دەڵێن "تۆفیق حەکیم"ی نووسەری میسری لە کتێبی "گوێدرێژی حەکیم"باسی کردووە کارە مینۆبیاکان کەوتنە جووڵە لە نێوان هەردوو جیهانی خواروو سەروودا گرێدران لە نێوان ڕابردوو و ئێستا وداهاتوودا، کە تیایدا گفتوگۆ لەگەڵ مردووەکان و هاتنەپێشەوەی هەندێك دۆخی تایبەت بە شێتی و خەون، شێتی و ڕەوشت و وتەی سەیرو کەسە گۆڕاوەکان و هەڵوێستی سەیرو شتی دیکە دەکرد"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٠٠) مینۆبیا جۆرە کەرنەڤاڵێکە لە ئەدەبی مەسیحی وبێزەنتییە کۆنەکان و لە کتێبی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕاپەڕیندا هەیە ، ماوەی چاکسازی کە چیرۆکە خەیاڵییەکانی ساتیرکۆن و پترۆن ڕۆس و مارکۆس وگوێدرێژی زێڕین و هتد.. تێدایە ،گوێدرێژی زێڕین تۆفیق ئەلحەکیمی نووسەری میسری لە کتێبی گوێدرێژی حەکیم دا باسی کردووە، کارە مینۆبیاکان لە نێوان هەردوو جیهانی بەرزەخ و خواروودا لێك گرێدران، تیایدا گفتوگۆکردن لەگەڵ مردووەکان و

هەندێ کاری شێتی و هەڵوێستی سەیرو کەسە گۆڕاوەکان هێنا پێشەوە. "ئەوەی ئاشکرایە لە ئەدەبی ڕۆژاوایی موتروبەکراو بە فانتازیا لە تێکستە یۆنانییەکانەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە چیرۆکە نوێیەکانی ڕۆژاوا، لەگەڵ دەرکەوتنی وتاری فانتازیایی لە ساڵی١٧٧٠ز. لەبەر ئەوەی فانتازیا وەکو کاردانەوەیێك بۆ وتاری ڕووناکبیری و ڕۆشنگەری، کە عەقڵ و لۆژیك و زانست و سروشت بە نەمر و مەزن دادەنێ، هاتە پێشەوە، لە پێشەنگەکانی کازۆت "Cazotte" و بیکفورد "Beckford" و واڵ پۆڵ "Walpole". لەدوای ئەم پێشکەوتنەی فانتازیا لەگەڵ چیرۆکی ڕەش هەڵگەڕاوی ئینگلیزی لەگەڵ ئان ڕاد کلیف "Ann Rradcliffe" و لویس "M.G.Lewise" لە ئەڵمانیا بەتایبەتی لەگەڵ هۆفمان "maE.T.A.Hoffnn"لەفەڕەنسا زۆرێك لە نووسەرانی چیرۆک فانتازیایان دەنووسی هەروەکو نودییە "Nodeir"، و ڤیکتۆر هیگۆ "Hugo" و بلزاك "Balzac" و گۆتە "Gautier" و مێریمێ "Merimee" و فلۆبێر "Flaupert" و مۆپاسان "Maupassant" و دۆدێ "Daudet" و گۆڵ ڤێرن "Verne" ئەدگار ئالان پۆ "Poe" هەروەها گۆگۆڵ "Gogole"یوسی وهاوسۆرن "Hawthorane" و ئۆسکار وایڵد "Wilde"و برام ستۆکەر "Stoker"و هێنری جیمس "Henry James" و گوستاڤ مێرینك "Gustave Meyrink" و لۆڤگرافت "Lovecraft" و کافکا "Kafka"وبۆرخیس "Borges" و کۆرتزار "Cortazr".کەواتە لە ئەوروپا پێش فانتازیا، کە کاردانەوەیە دژی لۆژیک ،دیاردەی "مینۆبا" هەبووە. هەروەها چیرۆکنووسانی فەڕەنسی گرنگیان بە فانتازیا دەدا وەك ئالان ڕۆپ گرێ "Grillent" لە چیرۆکی تیرۆلۆجیای شاری دێوەزمەکان، کلۆد ئۆلێڤ"Clude olliev" لە چیرۆکی "ئور لە دوای بیست ساڵدا". نووسەرانی فەڕەنسی گرنگیان بەسەیرو سەمەرە "L,etrange"دا لەسەر ئاستی مەزراندنی گێرانەوەو کاریگەری لە ڕووداودا وەکو میشال بۆتۆر"Botu"لە چیرۆکی "پلەکان" و "بەسەرچوون"و "پرسە"دا، "ئالان ڕۆپ گرێ" لە"الممحاوات"و "الراي"دا، و کلۆد سیمۆن لە "گژوگیا"و"جەستە گواستراوەکان"و ڕۆبێر بانجی"Robert Pinget"لە"کوڕ"دا."(علام ، ٢٠١٠: ٥٥-٥٦).

ساڵی ١٧٧٠ز کۆمەڵێك نووسەر لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و روسیا وەکو کاردانەوەیێك بۆرۆشنگەری، کە عەقڵ و لۆژیکی وەکو بنەمایەك پەیڕەو دەکرد، لەڕێگای فانتازیاوە هاتنە پێشەوە، ئەمەش یەکێك بوو لەو هەنگاوانەی ڕۆژئاواییەکان خۆیان لە چوارچێوەی ڕۆشنگەری و عەقلانییەت بەرەو خەیاڵ و ڕۆمانسییەت دەربازکرد. مێژووی سەرهەڵدانی فانتازیا کۆنە هەر لە دەقە یۆنانییە کۆنەکانەوە، تا دەگاتە سەرهەڵدان ڕۆمانی نوێ لەسەر دەستی ناتالی سارۆت و ئالان ڕۆپ گرێ و جیمس جۆیس، ڕۆمانی نوێ کە بە بیست و چوار هەڵچوونەکانی ناتالی سارۆت ناسراوە کە "مێژووی دەستپێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٢بە ناونیشانی "هەڵچوونەکان"بە زمانی عەرەبی "انفعالات"ە، بە هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی "ترۆپیزم" ""Tropismes (بڕوانە ئەم پێگەیە: http://www.google.co/policy)، کە لە ساڵی ١٩٣٢-١٩٣٨ز وەک هەوڵێك و جێگرەوەیەك بۆ ڕۆمان هاتەپێشەوە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیادا، کە لای خۆمان بە کورتیلە چیرۆك ناسراوە.

هەر لە چوارچێوەی مێژووی سەرهەڵدانی فانتازیادا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین لە فەڕەنساش ""وازیس بەرتران" گەڕایەوە بۆ شێوازی چیرۆکە ئەڵمانییەکان لەکاتی نووسینی فانتازیا، فانتازیای سەرسوڕهێنەر"العجیب" "Fantaisie fantastique"...لە ساڵی١٨٤٠ز نەوەیێکی نوێ لە ململانێ ڕۆمانتیکی هاتنە پێشەوە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان لە ژیانێکی خەیاڵیدا لە "پاریس"دا دەژیان لە

ڕۆژنامەدا بابەتی بچووك و گاڵتەجاڕییان بڵاو دەکردەوە وەکو "کۆرسیر- ساتان" کە ئەو کاتە "بۆدلێر و بانڤێل شامفلۆری و مێرگەر"سەر نووسەری بوون"(حمود، ٢٠١٢: ٧٩٢). مێژووی سەرهەڵدانی فانتازیا لەسەدەی ١٩ هەمدا، دا نەوەیێکی نوێ لە گەنجان هاتنە پێشەوە لە ململانێ ڕۆمانتیکیدا، کە ژیانێکی پڕ لە ڕۆمانسیانەیان بەسەر دەبرد لە پاریس بابەتی بچوك وگاڵتە جاڕیان بڵاو دەکردەوە، لەو سەردەمە بۆدلێر و شامفلۆری و مێرگەر سەرنووسەری بوون. "لە هەمان کاتدا ئەم نەوەیەی فانتازیا جۆرە شیعرێکی تایبەتییان داهێنا هەروەها ڕۆژنامەگەری لەو سەردەمەدا وا هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەو نەوەیە دا دەکرد بەناوی "قوتابخانەی فانتازیا"وە زاراوەیێکی دیکەیان داهێنا بە ناوی "Fantaisiste"کە نووسەرەکانیان بەرهەمەکانیان و جۆری هەڵس و کەوت و ژیانیان پێچەوانە بوو لەگەڵ نەوەی پێش خۆیان بە ناوی قوتابخانەی عەقڵی سەلیم "مدرسة العقل السليم"" (حمود، ٢٠١٢: ٧٩٢) ئەم نەوەیە جۆرە شیعرێکی تایبەتیان داهێنا، هەروەها بە ناوی قوتابخانەی فانتازیاوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکرا. "لە نێوان نووسەرە گەنجەکاندا کە لە ساڵی ١٨٦٠ز "کاتێل مەندیز" "ڕیڤیو فانتێزیست" "Revue fantasisite" دامەزراند لە شوبات –تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٦١ز کە لەلایەن "بانڤێل و شامفلۆری و بۆدلێر"ەوە زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ کرا کە لە هەوڵی جوانتر کردنی فانتازیادا بوون" (حمود، ٢٠١٢: ٧٩٢) لە ساڵی ١٨٦٠ز دا کۆمەڵێك گەنجێ ڕیڤیو فانتێزیست یان دامەزراند، کە لە هەوڵی جوانتر کردنی فانتازیادا بوون بۆیە لەلایەن "بانڤێل و شامفلۆری و بۆدلێر"ەوە زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ کرا. "لە ژێر سێبەری کۆماری سێیەمدا فانتازیا وەکو ڕەوتێکی ئەدەبی زیندوو نەناسرا. لەبەر ئەوەی "ئەمیل زۆلا" ڕەتی کردەوە چونکە هیگۆ پەیوەست بوو بە ڕۆمانسییەت. مالارمێ پشتی لە فانتازیا کرد بە پێی ئەوەی فانتازیا عەبەسییەتە، هەروەها رامبۆ زۆر گرنگی بە فانتازیا نەدەدا لەگەڵ ئەوەی ناونیشانی یەکێك لە نووسینە لاوەکییەکانی بە ناوی فانتازیاوە بوو" (حمود، ٢٠١٢: ٧٩٢) ئەمیل زۆلا فانتازیای ڕەتکردەوە لەبەر ئەوەی فانتازیا وەکوە ڕەوتێکی ئەدەبی نەناسرا، هیگۆ زیاتر بەلایەن ڕۆمانسیەتەوە خەریك بوو مەلارمێ پشتی لە فانتازیا کرد هەروەها رامبۆ گرنگی بە فانتازیا نەدەدا.

"چیرۆکی فانتازیایی لە سەدەی هەژدەهەمدا دەستی پێکرد بەردەوام بوو تا سەدەی ١٩ هەم و بیستەم چەند ناوێك تیایدا دەرکەوت وەك:هۆراس واڵ پۆڵ لە ڕۆمانی"قەڵای ئۆترانتۆ"دا لە ساڵی "١٧٦٤"، "ئانۆدۆلۆف" لە "نهێنییەکانی ئۆدۆلۆفو" ساڵی "١٧٩٤"، م.ج- مونك لە "الراهبة" ڕەبەن ساڵی"١٧٩٦"، ماری شیللی لە "فرەنکشتاین" ساڵی"١٨١٨"، بڕام ستۆکەر لە "درا کۆلا"دا ساڵی "١٨٩٧"، لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکی "الراهب" کە لە ساڵی "١٧٩٦"دا نووسراوە،بەڵام بڵاونەکراوەتەوە، ساڵی"١٩٠٤" کە زۆربەی دیمەنەکانی "سادیزمی و سێکسی بوون کە لەلایەن "گیلمانیا سادیا "وە نووسرا بوو" (عزام،٢٠٠٣: ٢١-٢٢) فانتازیا سەرەتا لە یۆنان باسی لێوە کراوە دواتر لای ئەوروپییەکان گەشەی پێدرا و بنەماو پرەنسیپەکانی لە لایەن تزفتیان تودۆرۆفەوە دانرا دواتر عەرەبەکان بکاریان هێنا . سەرهەڵدانی فانتازیا لە سەر ئاستی ئەدەبی جیهانیدا لە سەدەی هەژدەهەمەوە دەست پێدەکات بۆ سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم، لە نووسەرە پێشەنگەکانی "هۆڕاس واڵ پۆڵ" لە ڕۆمانی قەڵای ئۆترانتۆ و "ئانۆدۆلۆف" و "ماری شیللی" و "بڕام ستۆکەر".

"ئەگەرلەڕووی مێژووییەوە بەدواداچوونی بۆ بکەین، دەرکەوتنی حیکایەتی فانتازیا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم بوو، کە ئەم سەدەیە بە سەدەی فانتازیا و حیکایەتی سیحری دادەندرێت، بەڵام لە

حیکایەتی واقیعیدا وەکو گریمانە وایە فانتازیا بە تەقلی بوونی دوو جۆر لە گێڕانەوەدا "Contamination" بەرچاو دەکەوێت هەروەکو لیرنێ بیسێر"Lrene Bessiere"وای دەبینێت، کە گێڕانەوەی فانتازیا لە بری بەیەك گەیشتنی گێڕانەوەی واقیعی و گێڕانەوەی ناواقیعییە"(علاوي، ٢٠٠٥: ٦٦) جیهانی سیحری لەگەڵ جیهانی فانتازیا تەواوکەری یەکترن هەر وەکو ڤالێری دەڵێ: پێناسەکانی ڕۆجێ کایوا شتی راستی تێدا بوو تیایدا ئەوە دەردەخات، بەڵام حیکایەتی واقیعی دوو جۆر لە گێڕانەوە لە خۆ دەگرێت بە پێی تێڕوانینی لیرنێ بیسێر، گێرانەوەی فانتازیا تێکەڵەیەکە لە هەردوو گێرانەوەی واقیعی و گێرانەوەی ناواقیعیی. ""ڤان کوخ" لە ساڵی "١٨٨٥"دا وێنەی تابلۆیەك دەکێشێ بە ناو نیشانی "ڕێوی فڕیو"، ڕێوی لەم تابلۆیەدا ئەو ڕێوییە نییە کە ئێمە پێی ئاشناین، بەڵکو جۆرێکە لە شەمشەمە کوێرە کە لەنێوان خواروی ئەفریقیا و خوارووی باسفیك و فلیپین دەژی، بەگشتی نزیکەی حەفتا جۆر لە شەمشەمە کوێرەی شیردەر هەیە، لە شوێنە کاوول بووەکان و شوێنە تاریکەکاندا بەشەو چالاك دەبن، لەداستانەکان و لە کارە سینەماییەکاندا وەك "دراك رۆلا" کە لە کۆمەڵەی خوێنمژن (زۆمبێ)، لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە ئەو شەپۆلانەی کە لەم شەمشەمە کوێرانەوە دەردەچن سوودیان بۆ ئەوانە هەیە کە بیناییان لەدەست داوە"(عبدالحميد، ٢٠٠٩: ٢١) وێنەی تابلۆیێك بەناونیشان رێوی فڕیو لە خۆیدا ناو نیشانێکی فانتازیایە کە لە کۆمەڵە شەمشەمە کوێرە شیردەرەکانە کە لە شوێنە کاول بووەکان و تاریکەکاندا بەشەو چالاك دەبن لە کۆمەڵەی خوێنمژی دراك رۆلان.

"مێژووی فانتازیا لای عەرەبەکان بە چیرۆکە پروپووچەکان دەست پێدەکات لەسەردەمی نەزانین و دواکەوتنیدا "عصر الجاهلية" بەهەواڵ تێپەڕ دەبێت و داستانی "عەنتەری کوڕی شەداد"، "سەیفی کوڕی یەزن" بۆ نامەکەی "ئەبو عەلای معەری" کە لە ساڵی"٣٦٣ك-٤٤٦ك" "رسالة الغفران" و "التوابع والزوابع"ی ابن شەهید لە" ٣٨٢ ك -٤٢٦ك" هەروەها "هەزارو یەك شەوە" زۆر نایاب و بلیمەت و مەزنە چونکە فانتازیا بە هەموو مەزراندنەکانییەوە لە خۆ دەگرێ" (علام، ٢٠١٠: ٦١) لەسەردەمی نەزانینییەوە عەرەبەکان شەیدای چیرۆکە پروپووچەکان بوون، یەك لەوانە هەزارو یەك شەوە کە لای گەلانی رۆژهەلاتدا بە هەزار ئەفسانە ناسراوە بۆ گەلانی رۆژهەلات دەگەڕێتەوە نەك "الف ليلة و ليلة" کە عەرەبەکان بە هی خۆیانی دەزانن."لە نامەکەی "التوابع والزوابع"دا "تابع" ئەو کەسە تارماییەیە لە جیهانەکەی تردا کە جیهانی جنۆکەیە لەگەڵ شاعیرەکەدا گفتوگۆ دەکەن، ئەمە هۆکاری سەرەکییە کە "ئەبو عەلای معەری" لە ساڵی ٤٤٩ کۆچی لە نامەکەیدا بە ناوی "رسالة الغفران" لە گەشتەکەیدا دەچێتە جیهانی جنۆکەکان ئاخاوتنیان لەگەڵدا دەکات."(جلول، ٢٠١١-٢٠١٢ :٧) لە هەردوو گەشتەکەدا بۆ جیهانی جنۆکەکان، شاعیرەکە و "ئەبو عەلای معەڕی" گەیشتنە بە جنۆکە و ئاخاوتنە لەگەڵیاندا. "داستان و پڕوپووچەکانی عەرەبی و نەتەوەی دیکە و بەرهەمەکانی بابلی و ئاشوری و سریانی ئەوانەی ڕۆژهەلاتیان دەوڵەمەند کرد، جگە لەمانە گەشتەکەی"بن فضلان و بن بطوطه" دەقەکانی زۆرێك لەوێنای ناواقیعی لەسەر گەردوون خراوەتە ڕوو. کە لەڕووی فانتازیاوە شتێکی تێدایە"(علام، ٢٠١٠: ٦١) لەداستانە پروپووچەکاندا چەندین وێنەی ناواقیعی و سەروو سروشتی بەکار هاتووە لە لایەن نووسەرە عەرەبە کۆنەکانەوە لە نمونەی گەشتەکەی"بن فضلان و بن بطوطه"١٣٠٤-١٣٧٧ز" دا. "لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ساڵی ١٩١٤-١٩١٨ز پەرتەوازە بوونی کۆمەڵەکان بە هۆی شەڕەوە فانتازیا پەراوێز خرا، لە وانە "بریتۆن" کە بە پێشەنگی نووسینی بابەتی خەیاڵی دادەنرا، فانتازیای توڕدا ڕقی لە فانتازیا هەڵستا

لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری سینەمادا لە سەدەی بیستەمدا دیمەنە جوانەکانی فانتازیا دەبینرا بەڵام سەرچاوەی داهێنان نەبوو، حەزیان بۆ فانتازیا کەم بووەوە تەنها لە ڕێگای خۆشی و کاری کات بەسەربردندا بەکاریان دەهێنا."(حمود،٢٠١٢: ٧٩٣)لەدوای جەنگ پەرتەوازە بوونی کۆمەڵەکان تەواو دەبێت، بەشێك لە نووسەرانی فانتازیا لەم بوارە دوورکەوتنەوە و حەزیان بۆ فانتازیا کەم بووەوە، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا فانتازیا لە سینەمادا دیمەنە جوانەکانی فەرامۆش نەدەکرا.

"لە ڕووی ئایینیەوە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز کە تیایدا لە پەراوێزدا وەکو ژیاننامە و چیرۆك گەلی پێغەمبەران و یاوەرانی تێدایە" (علام، ٢٠١٠: ٦٢) لە ژیاننامەی پێغەمبەران و لە ئایەت و سورەتەکانی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بە کارە دەرئاساکان و سەروو سروشتییەکان کراوە "بیروباوەڕی ئیسلامی هاوڕایە لەگەڵ بیروباوەڕی کریستیانی و جولەکە لە واقیعی ئەنتۆلۆجی بەبێ کەم و کوڕی، بە کورتی ریالیزم لە دەرئاسا"معجزة"بریتییە لە ئەنجامدانی کارێك کە لەتوانای مرۆڤ بەدووربێت وەکو: ژیاندنەوە، دواڕۆژ، فریشتە..بریتین لە دەربڕینی شتی واقیعی و ڕاستی، کە لە ڕێگای هەستەوەرەکانەوە کۆنترۆل ناکرێت، هەروەها شیکردنەوەی بۆناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ڕاست و تەندروستە لە ڕووی سروشتەوە"(علام،٢٠١٠ :٥٩-٦٠) لە ئایینەکاندا دەرئاسا و کاری سەروو سروشتی لەلایەن پێغەمبەرانی خوداوە لە گشت کتێبە پیرۆزەکاندا خراوەتە ڕوو.

لە ئەدەبی کوردیشدا بابەتی فانتازیا بەرچاو دەکەوێت، لە حیکایەت و رۆمان و چیرۆک بە شێوەیەکی عەفەوی ئاماژەی پێکراوە ،لە رۆماندا لە سەدەی ٢١مدا چەند رۆمانێک لەسەر دەستی هەریەک لە بەختیار عەلی و خوسرەو جاف و شێرزاد حەسەن و عەزیزی مەلا ڕەش و.. هتد بەرچاو دەکەوێت بۆ نمونە دۆنادۆن لە ئەدەبدا سودی لێبینراوە چ لە رۆمان  چ لە شیعردا لەو رووەوە ،کەواتە فانتازیا لە ئەدەبی کوردیدا لە بابەتە ئایینییەکانەوە سەری هەڵداوە ،دۆنادۆن لە ئەدەبی یارساندا باسکراوە،کە بە سەرەتایەکی ئایینەکانی دیکە دادەنرێت .دۆنادۆن: ئەم بیرۆکەیە لە سەر بنەمای فانتازیای ئەدەبی بەکار دێت، زۆر سودی لێ وەرگیراوە و بە چەندین شێواز" (حليفي، ٢٠٠٩: ١٢٢) دۆنادۆن کە لە زمانی عەرەبیدا بە "تناسخ الارواح والحلول" ناسراوە، لە ئەدەبی کوردیدا بە تایبەتی لای یارسانەکان زۆر بەکارهاتووە و ئاماژەی پێکراوە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی گوایە ڕۆحی کردگار بە حەوت جۆر لە ڕێگای حەوت کەسی بەباوەڕ و ئیمان دەردەکەوێت یەکێك لەو حەوت کەسە ئیمامی عەلییە کە یەکێکە لە خەلیفەکانی ڕاشدین. (بڕوانە: خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٩٤).کەسێك لەسەردەمی ژیانی راستەقینەی خۆیدا خێری لە خۆی نەبینیوە ،یان ڕچاوکراوە یان جادووی لێکراوە،دواتر پاش مردنی لە ماوەیەکی دیاری نەکراودا دەچێتە ڕۆحی کەسێکی دیکەوە  "راستە ئایینی یارسان خۆی بە کۆنترین ئایین دەژمێرێ، لەو رۆژەوە کردگار خۆی لە ئادەم یا کیومەرس دا نوواند ئەم ئایینە لە ناوەوەیە، بەڵام لە دەوری پاش بڵاو بوونەوەی ئیسلام بە شێوەی رێبازێکی سۆفیزم خۆی پیشان دەدا، بە تایبەتی کە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب یەکەمین خودای یارسانی دەوری ئیسلامە و گیانی کردگار چۆتە لەشییەوە بنچینە لەسەر دۆنادۆن "تناسخ الارواح والتقميص والحلول" دامەزراوە. فەلسەفەی ئەفلاتوونی پرتەوی "ئیشراقی"و زەردەشتی و مانەوی و هیندۆکی و عیرفانی مەسیحیی سەدەی دووەم و شیعەی باتینی و موعتەزیلە و سۆفیزمی وەرگرتووە" ( خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٩٤) ئایینی یارسان کە بە کۆنترین ئایین دادەنرێت، ئەو باوەڕەی کە کردگار حەوت جار دەچێتە لەشی حەوت کەسەوە، عەلی کوڕی ئەبو تاڵب یەکێکە لەوانە، هەموو ئەم بابەتانەی بەو

جۆرەی لە ئاینی یارساندا باس کراوە دەچنە ناو چوارچێوەی فانتازیاوە، جگە لەمە لە رۆمانی کوردیدا فانتازیا تا ڕادەیەك بەکار هاتووە نوسەرانی وەك "بەختیار عەلی" و "شێرزاد حەسەن" و "خوسرەو جاف" و "عەزیزی مەلا ڕەش" و"عەبدوڵا سەراج "و "سابیرڕەشید" و هتد.. لە کۆتایی سەدەی بیستەم و لە دوو دەیەی سەدەی بیست و یەکەم ئەسپی خۆیان تاوداوە و تا ئێستا دەتوانرێ بگووترێ بەرهەمی فانتازی باشیان هێناوەتە کایەوە بەڵام لە ڕووی ژمارەوە لە رۆمانی کوردیدا لە پەنجەکانی دەست تێپەرناکات.

## فانتازیا لە ڕووی فیسیۆلۆجی و توێکاری و چۆنییەتی دروست بوونییەوە لە مرۆڤدا:

فەزای فانتازیا فراوانە، زۆربەی دۆخە دەروونییەکان لە خۆ دەگرێت، لەوانە خەون، زیندە خەون، داڵغە، وڕێنە، تارمایی...هتد

فانتازیا ،کە خۆی خەیاڵ وگریمانەیە وەکو هەواڵێك وایە ،کە بەکەسێك، یان خوێنەر بدرێت و ئاگای لە هیچ نەبیت، ئەگەر چی ڕووداوەکە لەبەر چاویشی ڕووی نەدابیت بە کردار، بەڵام فانتازیا کاری خۆی هەر دەکات و کەسیتییەکان دەوروژێنیت بە هۆی بیستنی سەدای ڕووداوەکەوە، کەسەکە خۆی دۆخەکە وەکو خۆی بە هۆی ماسولکەکانی دەربڕین کە لەدەم و چاودا بوونی هەیە بۆ دەربرینی خۆشی و ناخۆشیی و ترس و ڕاڕاییەوە، بەم شیوەیە لە ڕووخساری خوێنەر یان گوێگر دەردەکەوێ، یان شێوەی دەم و چاوی دەگۆڕێ، لە ناوەوە لێدانی ترپەی دڵ لە حەفتاو دوو جار زیاتر لێدەکات و پلەی گەرمای لە سیی و حەوت و نیوی سلیزی زیاد دەکات. کەواتە لە کاتیکدا کاراکتەر، کە ڕووداویکی فانتازییای بۆ خوێنەر دەگێڕیتەوە لە رۆماندا ئەم دۆخە ڕاڕاییە بە هەمان شیوە لای خوینەر دروست دەکات ،کە پەیوەندی بە گرژبوون و خاو بوونەوەی ئەو ماسولکانە هەیە کە تایبەتن بە دەربڕینەوە، ئەو گۆڕانەیان بەسەر دادێت لە کاتی دۆخەکەدا کە ترس و ڕاڕاییە بە شێوەیەکی ڕێژەییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ، بۆ ئەوەی زیاتر لە فانتازیا بگەین پێویستە لە ڕووی فیسیۆلۆجی و توێکارییەوە شوێنی دروست بوونی بزانین. "رۆماننوسی جیهانی"دیستۆیفسکی" شتێکمان پێ ناڵێت دەربارەی چالاکییەکانی سووری خوێن، لەکاتی هەڵچووندا ماددەی ئەدرینالین لە خوێندا زیاد دەکات، یان خاوبوونەوەی دەمارەکانی خوێن، یان زیاد بوونی لێدانی دڵ و فشاری خوێن هتد..ئەوەی زانستی دەروونی فیسیۆلۆجی ئەنجامی دەدات، بێئاگا نییە لەوەی پاڵەوانی چیرۆکەکەی کاتێك هەواڵە ترسناکەکەی دەبیستێ، دەم وچاوی سوورهەڵدەگەڕێ" ( الدروبي، ١٩٨١: ١٧٧) بەشێوەێك کاراکتەرەکە دەجووڵێنێ، خوێنەر لە سورهەڵگرانی دەم و چاوی پاڵەوانەکە ئاگاداردەکاتەوە هەروەها دیستۆیڤیسکی پاڵەوانی چیرۆکەکەی بە"شێوەیەک ئامادە دەکات، خوێنەر بەلاڕێدا نەبات، لێدانی دڵ زیاد دەکات یان کەم دەکات، دەمارەکانی خوێن گرژدەبن یان خاودەبن، هەمان هەڵچوون دەگوازێتەوە، لەڕاستیدا ئەمەیە مەبەستی سەرەکی ئەم هەموو پرۆسە بایۆلۆجی و فیسیۆلۆجییە، پێویست ناکات نووسەر باس لە سوور هەڵگەڕان وفشاری خوێن بکات، خوێنەری زیرەك خۆی لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا لەڕێگای وەسف و دەربڕینەکاندا لە هەموو شتێك حاڵی دەبێت.

"جەمیل صلیبا دەڵێ: مەبەست ئەو هێزە دەگەیەنێ کە لە دەرەوەی شتە درککراو و هەستپێکراوە هەستییەکانە وەکو بیرەوەری و هزری خەیاڵکردن، کە بەڕای ئیبن سینا ئەو هێز و هەستە هاوبەشە دەگەیەنێ "Sens commun" کە بریتییە لەو هێزەی کە توانای لە خۆگرتنی گشت وێنە چاپکراوەکانە لە

پێنج هەستەکەدا هەیە.بەڵام بەڕای قەدیس "تۆما ئەکوینی" فانتازیا لە کۆگاو هەڵگری پێش هەستە هاوبەشەکان لە وێنە هەستییەکاندا دەمێنێتەوە لەکاتی ئامادە نەبوونی هەستەوەرەکاندا" ( علاوي، ٢٠٠٥: ٦١) "جەمیل صلیبا" و قەدیس "تۆما "لە دەستنیشان کردنی شوێنی دروست بوونی فانتازیا لە مێشکی مرۆڤدا ڕایان جیاوازە جەمیل صلیبا پێی وایە ئەو هێزە دەگەیەنێ کە لە بیرەوەری و هزری خەیاڵکردندا دروست دەبێت، بەڵام قەدیس تۆما پێی وایە فانتازیا لە کاتی ئامادە نەبوونی هەستەوەرەکاندا لە کۆگاو هەڵگری پێش هەستە هاوبەشەکان لە وێنە هەستییەکاندا دروست دەبێت. "فەیلەسوفەکانی سەدەی حەڤدەهەم فانتازیا بەو هێزە وێنە وەرگێراوانە دادەنێن، کە ئەو وێنانە بە کۆگا دەکەن لە دوای ئامادەنەبوونی هەستەوەرەکان یان خەیاڵ کە وێنەکان تێکهەڵکێش دەکات وێنەیەکی نوێ بەرهەم دەهێنێ"( علام، ٢٠١٠: ٦١) فەیلەسوفەکانی سەدەی حەڤدەهەم شوێنی دروست بوونی فانتازیا بەو هێزە دادەنێن کە هەڵدەستن بە کۆگاکردنی وێنەکان لە کات و ساتی ئامادە نەبوونی هەستەوەرەکان و خەیاڵدا وێنەکان تێکهەڵکێش دەکەن وێنەی نوێ بەرهەم دەهێنن کە فانتازیایە. "جووڵەی جیوەیی جووڵەیکی ڕێژەییە کە مرۆڤ توشی ترس دەبێ دەم ودەست پێ بە پێ زۆرشت تیایدا دەگۆڕێت ئەم جووڵەیە پێی دەگوترێ "جوولەی جیوەیی" لای هەمووان ئاشکرایە مرۆڤ بە سروشتی خۆی کە دووچاری دۆخێك دەبێتەوە، لە خۆشییاندا توشی شاگەشکە دەبێت لە ترسدا تۆقان دروست دەبێت لە هەردوو دۆخەکەدا گۆڕانکاری لە سیما و ڕووکەش و دەم وچاویدا دەبینرێت، ئەم گۆڕانکارییە بەگوێرەی هۆکار و وروووژێنەرەکە جیاوازە و گۆڕانی بەسەردا دێت، لە شێوەی هەڵچوون و داکشانی جیوەدایە. بۆ نموونە یەکێك لە دۆخێکی ئاساییدا لە ناکاو توشی وروووژێنەرێك دەبێت، دەم و دەست لە ڕووی فیسیۆلۆجییەوە گۆڕانی بەسەردادێت، لەوانەیە پێشتر بەهەمان شێوە پێی ئاشنا نەبووبێ، بە نەمانی وروووژێنەرەکە، دیسان بارودۆخی کەسەکە دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی پێش وروووژاندنەکە بەرە بەرە هێور دەبێتەوە تا دۆخی ئاسایی بوونەوە"( دەرویش، ٢٠١٠: ٣١) جیوە بریتییە لە ماددەیەکی کیمیایی دوو جۆری هەیە سپی و سوورە یەکێك لە سیفەتەکانی زوو هەڵدەکشێ و زوو دادەکشێ، ئەم خێراییە لە جوڵەدا بۆ پێوانەکردن لە بوارە جیا جیاکاندا سوودی لێ دەبیندرێت لەوانە ئامێری پەستانی خوێن و پێوانەکردنی پلەی گەرمی. زانینی ڕاددەی ترس و خۆشی لە ڕاددە بەدەر بە پێوانەی جوڵەی جیوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لێرەدا ئەم زاراوەیە بۆ دەستنیشانکردن و پێوانەکردنی ڕاددەی ترس و خۆشی بەکار دێت کە لە نێوانیاندا بە چەند پلەیەك تێدەپەڕێ هەر پلەیەك نیشانە و گۆڕانکاری تایبەتی فیسیۆلۆجی خۆی لە ڕوخساردا دەردەکەوێت لە بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی و هەندێکجار نزم بوونەوەی پلەی گەرمی، سوور هەڵگەڕان دواتر زەرد هەڵگەڕان و لەرزین ودڵەڕاوکە و ڕاڕایی و ناجێگیری دەروونی وڕێنە و زیندە خەون، بەڵام لە ناوەوەو لێدانی دڵ بە خێرایی جۆراو جۆر دابەزینی پەستانی خوێن هەناسەبڕکێ و سەنتەری بیرکردنەوەی چەند چرکەیەك لەدەست دەدات تێکەڵ بە وروووژێنەرەکە دەبێت.هەرچەند ترس و ڕاڕایەکە بخایەنێ نیشانەکانی ڕوخسار جوانتر و روونتر دەردەکەون.

ورووژێنەر   وێنەی (١)




"لای هەمووان ئاشکرایە تێکچوونی سەنتەری سیستەمی دەروونی مرۆڤ، خاڵی بوونەوەی جیهانی هولامی لە ناخماندا، بە هۆی هەر ورووژێنەرێك هەر چەندە ساکاریش بێت کاریگەری لەسەر چینەکانی هولامی هەیە لەم بوارەدا، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو هەستەوەرە، لەوەلامدەرەوە خێرا و وردەکاندا بەرامبەر بە کاریگەری ورووژێنەرەکە، لە بیرمان نەچێت هەموو داهێنانێکی ڕاستەقینە لەم بوارەدا، تەنگژە نییە بە قۆناغە جیا جیاکان، بەڵکو لە ئاکامی تێکەڵبوونی بەردەوامی ئەم هەڵچوونە جیوەییەیە، کە بەردەوام لە جووڵەدایە، ئەمە جەوهەری بەردەوام بوونی هەڵس و کەوتە" (دەروێش، ٢٠١٠: ٣٣)"C.N.S" کە دەکاتە ناوەندی سیستەمی دەروونی مرۆڤ، لە حاڵەتی تێکچوونی بە هۆی ورووژێنەرێك مرۆڤ بەپێی جوڵەی جیوەییەوە بەرە بەرە دەکەوێتە دۆخی نائاگاییەوە. "ئەمە لەلای "لۆکریتوس" ئەوە دەگەیەنێ کە درککردن و خەیاڵکردن چالاکییەکی پۆزەتیڤ نین؛ بەڵکو دۆخێکی نێگەتیڤن، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ ڕۆدەچێت و دەورووژێ، بەهۆی ئەو پێکهاتە گەردیلەییە دەرەکییانەوە دەکەوێتە ژێرباریییەوە ودڵ و دەروونی داگیر دەکرێت" (عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٣٣) ساتە وەختی خەیاڵکردن، کاتی چالاکی مرۆڤ دەوەستێنێت، مرۆڤی خەیاڵکەر تەنها لە ڕووی جەستەوە بوونی دەمێنێت، ئەگینا هەست دەروون و هۆشی تەنها لای خەیاڵەکەیە بە خۆشی و ناخۆشییەوە. "دیاردەی خەمۆکی و دیاردەکانی دیکەی کە زاڵن بەسەر منی باڵاو ناخدا، تەنها بەم جووڵە جیوەییەوە نمایش دەکرێ، بەڵام پەیوەندی جیوەیی لە نێوان دەروون و جەستەدا بەسەرچووە، بۆیە بە هەمان شێوە ئێمە ناتوانین ڕوخسار لە ناوەڕۆك جیا بکەینەوە یان بە پێچەوانەوە، بە واتای ئەو ورووژێنەرەی ئەو گۆڕانکارییە جیوەییە دروست دەکات لەسەر شتەکان، بۆ ئەوەی وێنەکە ئاشکرا بێت پێویستە ئێمە هاوکێشەی خودی دەروونی و ڕۆڵی ناخ "الباطن" لە زۆربەی کارلێکردنەکان دیار بکەین بەرلەوەی داهێنان بێتە کایەوە"(دەروێش، ٢٠١٠: ٣٣) لە کاتی نمایش کردنی ئەم نەخۆشیانە: خەمۆکی و شیزۆفینیا و سادیزم و ماسۆشیزم هتد.. کە زاڵن بەسەر منی باڵادا بەرامبەر بە خوودی دەروونی و ڕۆڵی ناخ و جەستە، لەگەڵ هەر وروژێنەرێك بە جووڵەی جیوەیی لە هاوکێشەیەکدا بەرجەستە دەکرێ لە کاتی داهێناندا. "تارمایی نییە، چونکە مرۆڤ دەیبینێ، بەڵام لەزۆر دۆخدا ئاسان نییە مرۆڤ لێی دوور دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەی خۆیەتی و پەلدەهاوێت و لەدەرەوە جێگیر دەبێت بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بە شێتی و خوریەکردن، دواتر

دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی و جێگیر دەبێ."ئەدگار ئالان پۆ" وتەیەکی هەیە کە دەڵێ: مرۆڤ لەبیرکردنەوەی قووڵدا ڕۆدەچێت یان تووشی دالْغە دەبێت، لەو کات و ساتانەدا هزری مرۆڤ تارمایی بەرهەم دەهێنێت" (عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٣٣) تارمایی لە حاڵەتی وڕێنە و نەخۆشی و تای بەرز ،یان بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، بیرکردنەوەی قووڵ یان هەندێ نەخۆشی دەروونی وەکو شیزۆفرینیا دێتە پێشەوە.

## چەمك و پێناسەی فانتازیا:

فانتازیا لە ڕووی چەمکەوە زۆر هەڵدەگرێ، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە زۆر ڕەگەزی دیکەوە هەیە، لە وانە خەیاڵ و خەیاڵی زانستی و خەون و هتد..، بۆ شیکردنەوەو بە دیار خستنی چەمکی فانتازیا، هەر لە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری فەیلەسوف و بیرمەندو نووسەرانەوە بگرە ،تا هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە فانتازیادا هەیە لە لایەن "تزفتیان تۆدۆرف"ەوە دەستنیشان کراوە، بە پێی ئەوەی ناوبراو خاوەن بیر و بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی لە دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٣ ز کتێبەکەی بە ناوی "دەروازەیەك بۆ ئەدەبی فانتازیا" خستە ڕوو لەو کاتەوە زۆربەی لێکۆڵینەوە بەرهەم هاتووەکان پشت بە بۆچوون و بنەماکانی دەبەستن. "چەمکی فانتازیا بە دوو چەمکی دیکە دەستنیشان دەکرێت کە واقیعی و خەیاڵییە هەروەکو وەرگێڕی کتێبەکەی " تزفتیان تۆدۆرۆف" "حسین علام"ە تێبینی کردووە لەسەر پێناسەکەی "تۆدۆرۆف" ،کە ڕاڕایی دروست دەکات "Hothesta"و بە سیمایەکی سەرەکی وجیاواز بۆ پێناسەکەی دادەنێت لەبەر ئەوەی ڕەگەزەکانی سەروو سروشتی لەسەر زەویدا وامان لێدەکات کەوا پرسیار بکەین: ئایا ئەوەی ڕوودەدات ڕاستە یان وەهمە؟ پاڵەوانیش وەکو خوێنەر ڕادەمێنێت لە نێوان شیکردنەوە و لێکدانەوە، یەکیان بە عەقڵ لێکدانەوەی بۆ دەکات، ئەوی دیکەیان بە غەیب و نادیار، لەو کاتەی کە خوێنەر خەریکی دەستنیشان کردنی یەکێك لەم دوو بژاردەیە، بە پێی گوتەی "تۆدۆرۆف" فانتازیا کاریگەرییەکەی بۆ ئەم دوو ڕەگەزە لێك نزیکە دەچێت کە: سەرسوڕمان و سەیروسەمەرەیە." ( علاوي، ٢٠٠٥: ٤٢)، چەمکی خەیاڵی و چەمکی واقیعی لە هزری مرۆڤدا بەشداری دەکەن، ئەوەی دەیبینێ یان دەیبیستێ یان دەیخوێنێتەوە بە هەریەك لەم دوو یاسایە قبوڵ دەکرێ، ئەگەر بەیاسای سەروو سروشت لێکدانەوەی بۆ بکرێت ئەوا فانتازیایە، ئەگەر بە یاسای عەقڵ و لۆژیك لێکدانەوەی بۆ بکرێت ئەوا فانتازیا نییە. کەواتە دەگەینە ئەوەی "فانتازیا ڕەگەزێکی پەخشانی ئەدەبییە ڕاڕایی دروست دەکات لەلایەن خوێنەرەوە، مرۆڤ بەگشتی کاتێك لە ناکاو توشی ڕووداوێك دەبێت یان شتێك دەبینێت یان دەبیستێت، کە پێچەوانەی یاسا و ڕێساکانە، هەڵوەستەیەك دەکات کە تیایاندا شەیتان، یان جنۆکە، یان خوێنمژ دێنە ئاراوە، لە هەڵوێستی دووەمیدا وەهم و خەیاڵ دێنە پێشەوە بەڵام یاسا و ڕێساکان وەکو خۆیان دەمێننەوە لە دەوروبەر، ئەوەی بەسەریدا هاتووە شتێکی سەیر بووە، یان لەوانەیە شەیتان دەرکەوتبێ لە هەندێ دۆخی زۆر دەگمەندا، لە واقیعدا هەڵوێستە بیژۆکەکان دێنە پێشەوە، هەڵس و کەوت دەکەن، خوێنەریش لە چوارچێوەی دۆخە فانتازیایەکەدا دەخولێتەوە"( ذیاب، ٢٠١٥: ٥٥) خوێنەر دەمێك دادەمێنێ و ڕاڕا دەبێت ودەشڵەژێت زاراوەو دەستەواژەی وا بەکار دەهێنێت زیاتر دوعاو پاڕانەوە و دەربازبوونە لە دۆخە دیاریکراوەکەدا، کە ڕاڕا بوونە لە نێوان باوەڕکردن و باوەڕ نەکردندایە.کەچی "تۆدۆرۆف" جەخت لە فانتازیا دەکاتەوەو دەڵێ:"لە کاتێکدا مرۆڤ تەنها هەڵس و کەوت لەگەڵ یاسای سروشتییەکاندا دەکات، بەڵام لە حاڵەتی تووش

بوونی بە ڕووداوێکی سەروو سروشتی، لێرەدا تێگەیشتن لە دوو چەمکی دیکەی واقیعی و خەیاڵی فانتازیا دێتە ئاراوە"(تۆدۆرۆف،١٩٩٣: ١٨) بەر لەوەی مرۆڤ تووشی دۆخێکی فانتازی ببێتەوە تەنها هەڵس و کەوت لەگەڵ یاسا سروشتییەکاندا دەکات.

"ڕۆجێ کایوا" لەدڵی فانتازیا دەدوێ دەڵێ: "فانتازیا بە گشتی پارچەیەکە، یان جیابوونەوەیەکە لە سیستەمێکی باوەڕپێکراو، هەروەها گەمارۆدان و تێکشکاندنی ڕەوایە و یاساییە" (ذیاب، ٢٠١٥: ٥٦) واتا فانتازیا تێکشکاندنی ئەو سیستەمەیە، کە مرۆڤ پێشتر لەسەری ڕێککەوتوە و پیادەی کردووە، هەروەها یاسا گرنگییەکی ئەوتۆی نامێنێ. سەبارەت بە بەردەوامی فانتازیا دەکرێ بوترێ. "فانتازیا زۆر بەردەوام نابێت...تەنها ئەو ماوەیەی، کە تووشی ڕاڕایی دەبێت. کەواتە ماوەی ڕاڕا بوونەکە، فانتازیایە ،کە خوێنەر و کەسێتییەکە پێویستە لەسەریان بزانن ئەوەی دەیبینن بەشێکە لە واقیع یان نا؟ ئەو واقیعەی، کە ڕای گشتی پێی ئاشنایە. لە کۆتاییدا خوێنەر بڕیار لەسەر هەواڵەکە دەدات، کە یەکێك لەم دوو چارەسەرەیە بە بوون ،یان نەبوون، بەو پێیەی کاریگەری فانتازیا لەسەریان نامێنێت"(علاوي، ٢٠٠٥: ٤٢) لەوانەیە کەسێك پرسیار بکات، ئەگەر جیاوازی کەوتە نێوان خوێنەر و کەسێتییەکە لەم کاتەدا فانتازیا درێژەی دەبێت یان چی ڕوودەدات؟ لێرەدا ڕۆڵی نووسەری چیرۆك، یان ڕۆمان دەردەکەوێت و بە دەربڕینە ناوازەکانی ئەم هاوسەنگییە لە نێوان خوێنەر و کەسێتیدا دروست دەکات، ئەگەر شتی لەمجۆرە ڕوو بدات ئەو کاتە کاری فانتازیا بەتاڵ دەبێتەوە و دروست نابێت.

هەروەها "ڕۆجێ کایوا" بەم شێوەیە پێناسەی فانتازیا دەکات و دەڵێ: "بریتیە لە ئاژاوەیەك و پارچە پارچە بوونێك لە جیهانی ڕاستەقینە لە ئاکامی گەمارۆدانی ئەوەی سەرپێچییە لەجیهانی ڕاستەقینەی ئاساییدا، هەروەها بەشێکی دانەبڕاوی گەردوونە، هەروەها جەخت لەسەر بوونی گرێی سەروو سروشتی دەکاتەوە و ڕەهەندێکی فانتازیایی پێ دەبەخشێ" ( ذیاب، ٢٠١٥: ٥٧) لێرەدا ڕۆجێ کایوا فانتازیا بە ئاژاوەو پارچە پارچە بوون لە جیهانی ڕاستەقینە دادەنێت، هەروەها باسی گرێ سەرووسروشتییەکان دەکات وەکو ڕەهەندێکی پێویست. "لە نێوان چەندین بیروڕادا فانتازیا گرەو لەسەر ڕاڕایی دەکاتەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی، ئەوەی لێکۆڵەران ڕایدەگەیەنن و پشت بە بۆچوونی "تۆدۆرۆف" دەبەستن ئەویش "ڕاڕا"ییە بە کلیلی فانتازیای دادەنێن، فانتازیا تەنها لە کاتی ڕاڕاییەکەدا بەردەوامی هەیە و دێتە کایەوە، ئەو ڕاڕاییەی کە تیایدا خوێنەر و کەسێتییەکە بەشدار دەبن، هەردووکیان بڕیاری لەسەردەدەن بە وشەیەك ئەویش گەڕانەوەیە بۆ واقیع کە ئەویش لە کۆتا ڕۆمانەکەدا یان بوونی هەیە یان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر بڕیار دەدات ئەگەر کەسێتییەکە بڕیارەکە نەدات کامە لە چارەسەرەکان هەڵبژێرێ ئەم یان ئەو؟ لێرەدا بەشێوەیەکی دیاریکراو فانتازیا دەردەکەوێت"( ذیاب، ٢٠١٥: ٥٩) ئەوانەی لە بواری فانتازیادا دەنووسن مەرجی ڕاڕایی پەیڕەوی دەکەن، کە "تزفتیان تودۆرۆف" بە مەرجی دەرەکی دادەنێت، ئەو مەرجە پێویستە لای کەسێتی و خوێنەردا دروست بێت."مەرجی یەکەم لە فانتازیادا کە تۆدۆرۆف دیاری کردووە، بریتیە لە ڕاڕایی بوون" (تۆدۆرۆف،١٩٩٣،و.بوعەلام : ١٨)ڕاڕایی بوون لە فانتازیادا مەرجی یەکەم و سەرەکییە، بێ ئەو مەرجە فانتازیا بوونی نییە. "ئەگەر بڕیار لەسەر یاسا واقیعییەکان دژ بە ڕاڕایی و ڕێگا بە شیکردنەوە وەسفکراوەکە بدات، کە ئاماژەی پێکراوە ئەو کاتە کاریگەرییەکە بۆ ڕەگەزی سەیروسەمەرە دەگەڕێتەوە بەپێچەوانەوە ئەگەر بڕیار لەسەر یاسا نوێیەکەی سروشت بدرێت ئەو کاتە بۆی هەیە سروشت شیکردنەوەکەی بۆ بکات لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت ڕۆچوونەتە ناو فانتازیاوە" ( ذیاب،

٢٠١٥: ٥٩) یاسا واقیعییەکان لە فانتازیادا پەیڕەو ناکرێت، ئەوەی پەیڕەو دەکرێت یاسا نوێیەکەیە کە سەروو سروشتییە و لۆژیکی نییە سروشت بەو شێوەیەی، کە هەڵکەوتووە لێکدانەوەی بۆ دەکات یاسا سەروو سروشتییەکان بەرامبەر بەویاسا واقیعییانەی کە مرۆڤ پێی ئاشنایە، یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی جیاوازی نێوان ڕۆمانی فانتازیا رۆمانی ئاسایی کە فانتازیای تێدا نەبێت. "سەرچاوەی فانتازیا ڕۆچوونە لە پڕوپووچی، فانتازیا لە شتە ناسراو و دیارەکاندا نییە، بەڵکو لەو شتە غەریبانەیە کە لە چوارچیوەی شتە نا دیارەکانە"(علاوي، ٢٠١٣: ٣١) سروشتی فانتازیا لەو شتانەدا خۆی نابینێتەوە کە زۆر دیار و ناسراون، بەڵکو لەو شتانەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەدەگمەن دەردەکەون، لە نێوان ئەو کەرەستەو بابەتانەی کە بە هیچ شێوەیەك بۆ فانتازیا شیاو نین ناتوانرێت گونجانی بۆ بکەین، چونکە زۆر لە فانتازیاوە دوورە، تەنها لەو شتانە دروست دەبێت کە خۆیان زەمینەی لە بارن بۆ کاری فانتازیایی.

"تۆدۆرۆڤ" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە "کاتی فانتازیا ڕاڕایی و ترسە، جارێکی دیکە خەیاڵ دەورووژێنێ، چونکە فانتازیا بەبێ خەیاڵ دروست نابێت. لێرەدا دەردەکەوێت، کە خەیاڵ بنەمای سەرسوڕمانە نەك فانتازیا، یەکەمیان کە سەرسوڕمانە دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕاڕایی بۆ دروست بوونی ڕەگەزی فانتازیا" (ذیاب، ٢٠١٥: ٦٩) تۆدۆرۆف پێی وایە لە کاتی ڕاڕایی بووندا مرۆڤ جارێکی دیکە توشی خەیاڵ دەبێت. تۆدۆرۆف باس لەوە دەکات کـاتێك مرۆڤ ڕووبەڕووی دیاردەیەکی سەروو- سروشتی دەبێتەوە هەست بە دوودڵی و ڕاڕایی دەکات. "ئەم دوودڵی وارایيەش لەوێوەیە "فانتازیا دەمانخاتە بەردەم تەنگژەیەکی دوو سەرە: بڕوا دەکەین، یان بڕوا ناکەین؟""( تاتانی، ٢٠١٥: ٤٨). لێرەدا مرۆڤ باوەڕ بە هەموو ئەو یاسایانە دەکات ،کە واقیعیین و مرۆڤ لای سەیروسەمەرە نییە و تووشی ڕاڕایی نابێت و بە ئاسایی وەریاندەگرێت، بەڵام ئەو کاتە لە باوەڕ بوون و باوەڕ نەبووندا بە گومان بێت! بێ گومان کە توشی ڕاڕایی دەبێت و دەستەوەستان دەبێت لە هەڵبژاردنی باوەڕکردن و باوەڕنەکردندا، لەو حاڵەتانەدا نیشانەکانی فانتازیا بەڕوونی دەردەکەون. "کاتێك تودۆرۆف تێڕوانینی خۆی بۆ بنەماکانی فانتازیا دادەڕێژێت، دابەشی دەکات بۆ سەر هەردوو جەمسەری، شیکردنەوەی عەقڵی و شیکردنەوەی سەروو سروشتی، لە کاتی پێناسەکردن و چەمکدا بە پێی ئەوەی فانتازیا گێڕانەوەیە، لە نێوان شیکردنەوەی عەقڵی و سەروو سروشتیدا ڕاڕایی جیایان دەکاتەوە، دەگاتە ئەو باوەڕەی گێڕانەوەی شیکردنەوەی فانتازیا گرنگی خۆی هەیە، لە ڕێچکەی پێکهاتەی وتاری فانتازیادا. خۆی شیکردنەوە وەڵامێکە بۆ نادیار و ئاڵۆزی دیاردە سەروو سروشتییەکان. لە گێڕانەوەی هەر کارێکی فانتازیاییدا، کۆمەڵێك کاری نادیار دێتە پێشەوە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە" (حلیفي، ٢٠٠٩: ١٠٨-١٠٩) تودۆرۆف لە تێڕوانینی خۆیدا بۆ فانتازیا لە هەردوو شیکردنەوەی عەقڵی و سەروو سروشتیدا، تەنها هێنانە پێشەوەو بەرجەستە کردن و ئاماژە پێکردنی ڕاڕاییەکەیە کە هەردوو گێڕانەوەکە لەیەك جیادەکاتەوە، بە گرنگ دەزانێت، لە هەمان کاتدا شیکردنەوەی دیاردە ئاڵۆز و نادیارەکان بۆ خۆی وەڵامێکە بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی ڕاستی و دروستی فانتازیا.

لە نێوان واقیع و خۆزگەکاندا نێوانێکی زۆر هەیە، لەم بۆچوونەدا دەگەینە ئەوەی کە ئەدەب نابێتە پاشکۆی خەون و زیندە خەون یان دەربڕینی فانتازیایی "فرۆید پێی وایە: هونەر چەمکی واقیعی ڕێککەوتنی لەسەرکراوە ،کە سیمبۆل و جێگرەوەی، بە هۆی وەهمی هونەرییەوە توانای ئەفراندنی هەستی ڕاستەقینەیان هەیە.هونەر هەرێمێك لەنێوان واقیع، کە خۆزگەکان سڕدەکات و فانتازیا وەك دنیای

بەدیهاتنیاندا-دادەمەزرێنێ.لەم بیرو بۆچوونانەوە،  دەگەینە ئەو ئەنجامەی ،کە نابێ -لە ئەدەب وەك دوومانی خەون -زیندەخەو، یان دەربڕینی فانتازیایی تر بگەین لەکاتێکدا راستییەکە ئەوەیە ئەم هەڵوێستە دانسقەو دەگمەنەی ئەدەب وەك " نیوە ڕێگای" نێوان فانتازیاو واقیع هەرگیز لەلایەن فرۆیدەوە بەتەواوەتی روونەکراوەتەوە." ( محەمەد، ٢٠١٥-٢٠١٦: ٦٧) لێرەدا بەلای "فرۆید"ەوە هونەر وەك چەمکی واقیع پێشتر ڕێکەوتنی لەسەر کراوە و نزیکەکانی توانای ئەفراندنیان هەیە.

"سەیر و سەمەرە "الغریب" لە زمانی فەڕەنسییدا"L,etrange" ڕەخنەگرەکان وای دەبینن، کە جۆرێکە لە ئەدەب، جیهانێکمان پێشکەش دەکات، لەوانەیە باوەڕێکمان لا دروست بکات، کە بە جۆرێك پابەند بێت بە یاساکانەوە.  بڕیاریش جارێکی دیکە هەر لای خوێنەرە! ئەگەر بڕیار لەسەر یاساکانی واقیعی بدات، باشە وەکو خۆی وەردەگیرێ، بۆمان هەیە لەکاتی شیکردنەوەی یەکەمی دیاردە وەسفکراوەکەدا وەکو سەیرو سەمەرە سەیری بکەین، بەڵام تەنها لەگەڵ زانینی هۆکارەکەی، سەیرو سەمەرە "الغریب"بوونیان نامێنێ، وەکو دیاردەیەکی ئاسایی لێدێت" ( علام، ٢٠١٠: ٣٣) سەیرو سەمەرە لە رووی بنەماوە جیاوازە لەگەڵ فانتازیا ،چونکە لەگەڵ زانینی هۆکارەکەی سەیرو سەمەرە بوونی نامێنێت. هەروەها پابەندە بە یاسا سروشتییەکانەوە، دەتوانرێ بگوترێ لەگەڵ فانتازیادا لەیەك خێزانن، یان لە یەك گروپن. بۆلێکدانەوەو راڤەکردن رۆمان بەگشتی لە دوو ئاستدایە یەکەمیان راڤەکردنی عەقلی بۆ رۆمانە تەقلیدییەکانە، ئاستی دووەم راڤەکردنی سەروو سروشتی، ئەمەیان بۆ رۆمانی  فانتازییە، هەریەك لەم دوو ئاستەی راڤەکارییە دەشێ بۆ هەردوو جۆر رۆمان بکرێت. "ڕاڤەکردن بە پێی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان لە دوو ئاستدایە:  ئاستی ڕاڤەکردنی عەقڵی: کە ڕاڤەکردنی دیاردە فانتازیاکانە بە ڕاڤەکردنی عەقڵی کە خوێنەر دایدەڕێژێتەوە، هەر وەکو ڕاڤەکاری، کە لە چیرۆکە پۆلیسییەکاندا دەکرێت، لە کۆتاییەکاندا کێشەکان چارەسەر دەکرێن هەروەکو بەشێك لە چیرۆکە فانتازیاکانیشدا هەیە. ئاستی دووەم: ئاستی ڕاڤەکردنی سەروو سروشتییە، کە ڕاڤەکردنێکی فانتازیاییە، هەروەکو ڕاڤە رووداوێکی سەروو سروشتی، دیاردە سەروو سروشتییەکان دوورن لە شتی ئاسایی، بۆ هەر ڕاڤەکردنێك پێویستی بە سیمانتیك هەیە بە پێی ئەوەی تێڕوانینی گەیشتنە بەرەو جێ بە جێ کردنی ئامانجەکان لە بەرامبەردا بۆ پووچەڵکردنەوەی تێڕوانینی جیا و نادروست بۆ دیاردەکان" (حلیفي، ٢٠٠٩: ١٠٩)ڕاڤەکردن لە ئاستی یەکەمدا راڤەکردنێکی ئاساییە بۆ هەر رووداوێك کە لەچیرۆکە پۆلیسییەکان دەکرێت، کە دەشێت فانتازیاشی تێدا بێت، بەڵام ئاستی دووەم شیکردنەوە وراڤەکردنی سەروو سروشتیی فانتازیایە، کە جیایە لە راڤە ئاساییەکە بە هۆی ئەوەی مەرجەکانی فانتازیا تیایدا فەراهەم دەکرێت. "لە بەیەك گەیشتنی وتاری ئەدەبی و وتاری فانتازیاییدا، وای لە ئەدەب کرد لە وتارە پەخشانییەکەی دەربچیت، کە بریتییە لە حاڵەتی سادەیی و ساکاریی هەنگاونان بۆ حالەتی ئاڵۆزیی و گرێ و بابەتی"(علاوي، ٢٠١٣: ٥) هەردوو وتارەکە ئەدەبین ئەگەر نووسراو بێت یان بیستراو لە ڕێگای زمانەوەیە لە وتاری ئەدەبیدا خوێنەر بەشێوەیەکی سادە و ساکار بابەتەکە وەردەگرێت و سوود و خۆشی و چێژ وەردەگرێت ئەگەر چی بە زمانێکی ئاست بەرز نووسرابێت و زۆر کەس تێی نەگات، دیاردەکانی ئاسایی و سروشتییە بەڵام وتاری فانتازیایی لای پێشەوە سەروو سروشتییە خوێنەر توشی راڕایی دەکات و هەندێك جاریش ترس و بوونەوەری گۆڕاو و سەروو سروشتیی تێدایە خوێنەر توشی سەر سوڕمان و سەرسامی و دیاردەی سەیرو سەمەرە دەکات. جگە لەمە دوو راڤەی تر هەیە ،کە بریتیین لە: ڕاڤەی خودی و ڕاڤەی بابەتی: " لە نێوان هەردوو ڕاڤە سەرەکییەکەی سروشتی و سەروو سروشتی دا، ڕاڤەی

دیکە دێتە پێشەوە لەوانە ڕاڤەی خودی و بابەتی، کە دەبن بە پێوەر بۆ ڕاڤەی ڕاست و دروست کە چیرۆکی فانتازیا کاری تێدا دەکات، هەروەها ڕاڤەی ناوەڕۆکی و ڕاڤەی دووالیزمی، ئەمانە گشتی شیاون بۆ تێپەڕاندنی گرێ و ئاڵۆزی و نادیاری کێشەکان، لە بەرامبەردا زانین و خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی واتا قوڵ و نادیارەکان و گەیشتن بە واتا ڕاستییەکە و گەیاندنی بە خوێنەر" (حلیفي، ٢٠٠٩: ١١٠)ڕاڤەی خودی وراڤەی بابەتی ئەنجامی باش بۆراڤەی راست و دروست و گەیشتن بەو واتایەی کە مەبەستە بە خوێنەر بگات لە ڕووداوە سەروو سروشتییەکاندا، ئەگەر چی ناواقیعیش بێت. "نوسەر"فلیچەر" بە لێکدانەوەیەکی سادە دەربارەی لێکدانەوەی ئەلیگۆری دەڵێ:شتێك دەڵێیت و مەبەستت لە شتێکی دیکەیە، لێرەدا دەربڕینەکە دوو واتای هەیە، کە هەرگیز مەبەست لە واتا راستەقینەکە نییە. "(تۆدۆرۆف،١٩٩٣،و.بوعەلام: ٨٧)لێکدانەوەی ئەلیگۆری کە "تۆدۆرۆف" مەبەستی نییە، فلیچەر بەشێوەیەکی سادە لێکدانەوەی بۆ دەکات، لە نێوان واتا راستەقینەکەو مەجازییەکەدا، زیاتر مەبەستی واتا مەجازییەکەیە. "فۆنتانیی کە رەوانبێژزانێکی فەڕەنسی بەناوبانگە، لێکدانەوەی ئەلیگۆری دەربڕینێکی دووالیزمە بریتییە لە هەردوو واتای حەرفی و ڕۆحی" (تۆدۆرۆف،١٩٩٣،و.بوعەلام: ٨٨) لێرەدا جگە لە لێکدانەوەی بابەتی و خودی لێکدانەوەی ئەلیگۆری و لێکدانەوەی شیعریش هەیە. "ڕاڤەی بابەتی پێویستی بە سەرچاوەی لۆژیکی ئەدەبی سروشتی هەیە یان زمانەوانی ناسراو کە زۆر پێویست نییە لە لایەن خوێنەرەوە قبوڵ بکرێت" (حلیفي، ٢٠٠٩: ١١٠) لە راڤەی بابەتیدا، کە پشت بە سەرچاوەیەك دەبەستێ لۆژیکی سروشتی بێت، لەڕووی زمانەوانییەوە بە زمانێك نووسرا بێت کار لە خوێنەر بکات بە هەر"شێوەیەک بێت، مەرج نییە قبوڵ بکرێت، بەڵام "ڕاڤەی خودی پێویستی بە ڕێکخستنی زانیاری ناوەوە نییە بە قەدەر ئەوی ڕێکخستنی زانیاری زمانەوانی...ئەم ڕاڤەکارییە بێگومان لە دوو تەوەرەدا دەردەکەوێت، کە جاك ڤینی بە وردی دایڕشتووە تەوەری پەشۆکان و تەوەری ئاسایی، تەوەرەی پەشۆکان: ئەو تەوەرەیە کە ڕووداوەکان وای لێدەکات بگاتە پلەیەکی پەشۆکان و ئاڵۆزی، کە تیایدا سەرسوڕمان و سەرسام بوون دروست دەبێت، ئەویش بە شێوەیەکی هاوسەنگ، راڕایی و سەرسوڕمان لە خودی خوێنەردا دروست دەکات هەروەها بە هەمان شێوەی پەشۆکان لای ئەو کەسانە دروست دەکات کە لە چرکە ساتی راڕایی و ئاڵۆزیدا دەژین. تەوەرەی ئاسایی یان تەوەری خاو: تەوەرەی دووەم کە تیایدا ڕاڤە ڕووداوە ئاڵۆز و پەشۆکاوەکان خاو دەبنەوە بە پلەی جیاواز، مەرج نییە خاو بوونەوەکە بە ناچاری بێت لە دوای پەشۆکاندا جاری یەکەم ئەو دێت دواتر پەشۆکان دێت کە تیایدا ڕووداوەکان ڕوو بە ڕووی یەك دەبنەوە و ئاڵۆزی دروست دەبێت، بۆی هەیە خاو بوونەوە لە ناخەوە چەقی پەشۆکانەکە جۆراو جۆری و خۆشی دروست بکەن" (حلیفي،٢٠٠٩ :١١٠-١١١) لەجۆری خودییەکەدا پێویستی بە ڕێکخستنی زمانەوانییەوە هەیە، لە دوو تەوەرە پێك دێت تەوەرەی، پەشۆکان و خاو بوونەوە، پەشۆکان مەرجی فانتازیا جێ بەجێ دەکات کە راڕاییە هەروەها خاو بوونەوەکەش لەدوای پەشۆکانەوەدێت بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ دۆخی پێش راڕاییەکە یان دوای راڕاییەکە.

سەبارەت بە "ئەلیگۆری"ش هەروەکو فلیچەر دەڵێ:شتێك دەڵێی مەبەستت شتێکی دیکەیە، بە واتای ئەو شتەی کەلە ڕووت نایێ بە زمان دەربیڕی لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئایینی بە واتا دیارەکەی، بەڵام بەواتا خوازەییەکەی دەریدەبڕین، لە نموونەی چیرۆکەکانی شارل بێرۆ"مەملەکەتی جنۆکەکان"ی سبنسەر و کۆمیدیای خودایی دانتی، نامەکەی "ئەبوعەلا ئەلمعەر"ی، هەروەها چیرۆکەکانی "کلیلە ودیمنە"ی

"بەیدەبا"ی هیندی کە لەسەر زاری ئاژەڵانەوە دەگێردرێتەوە" (علاوي، ٢٠٠٥: ٤٨) واتای خوازراو جگە لە شیعر لە فانتازیا و ژانری دیکە بە شێوەیەکی بڵاو بەکار دێت. لە ڕۆمانی کوردیشدا فانتازیا بە ناوی خوازراو ڕووداوی خوازراو و شوێنی خوازراو بەکار دێت بە تایبەتی لای حسێن عارف و شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی، هۆکارەکەشی یان کۆمەڵایەتییە یان سیاسییە یان ئایینیە.

"تۆدۆرۆف پرۆپووچی بە نزیك لە خوازەی ڕەسەن ئەژمار دەکرد هەروەها حیکایەتە جنۆکەکانیش، کە سەروو سروشتین، کە هەندێك جار لە پرۆپووچی نزیك دەبنەوە" (تودوروف، تر.الصدیق بو علام،١٩٩٣: ٨٩) خوازە لە ڕەوانبێژییدا بەکاردێت بۆ ئەوەی شتێك بڵێی مەبەستت شتێکی دیکە بێت، تزفتیان تۆدۆرۆف پرۆپووچی بە خوازەی ڕەسەن دادەنێت." دوو جۆر خوازە هەیە یەکێکیان"ژیری عەقڵی"یە، یەکێکیان" زمانی-لوغەوی"یە"(سجادی، ١٩٧٨: ٥٦) خوازەی ژیری یان هەستی ئاشکرایە واتا خوازراوەکە مرۆڤ پێی ئاشنایە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، واتا خوازراوەکە دیارنییە بیرییە یان ئایدیاڵییە.

""جرجانی" بەوە نەوەستا کە فانتازیا هەڵدەستێ بە دروستکردنی سەرسوڕمان لەلای وەرگر بەڵکو وورووژاندنی کاری فانتازیایی لە ئاکامی بوونی شتێك کە لە شوێنی خۆیدا نەبێت، بوونی شتێك کە لە پێشدا نەبووبێت و نەناسرا بێت لە خود و سیفەتدا"(الخامسە علاوي، ٢٠٠٥: ٣٦) جرجانی فانتازیا بەوە دادەنێ هەر شتێك لە شوێنی خۆیدا نەبێت یان مرۆڤ پێی ئاشنا نەبێت یان هەر نەیبینیبێت لە پێشتردا.

## مەرج و بنەماکانی فانتازیا:

فانتازیا بە کۆمەڵێك مەرج و بنەما لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی جیادەکرێتەوە، بە هۆی ئەوەی کە هەر یەك لە کەسێتیی و ڕووداو و شوێنی فانتازیی لە کەسێتیی و ڕووداو و شوێنی ئاسایی جیادەکرێتەوە. "ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە فانتازیا بە ڕەگەزێکی ئەدەبی سەربەخۆ دابنێین ،کە کۆمەڵێك شت نمایش دەکات ؟ یان ئەم وتەیە لەدەرەوەی تێکستەکانە، کە لە خۆوە ڕێکدەکەوێت، لە ژینگەیەکی جیاوازدا وەسفێکی تایبەتی خۆی دەکات و خۆی وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆ نیشاندەدات. تۆدۆرۆف فانتازیا بە ڕەگەزێکی ئەدەبی سەربەخۆ ئەژمار دەکات هەروەکو ڕۆمان و داستان و تراژیدیا و هتد.."(علام، ٢٠١٠: ٢٨) بە ڕەگەزکردنی بابەتێکی ئەدەبی پێویستی بە هەندێك بنەما هەیە چونکە ئەگەر دوو ڕەگەزی جیاواز لەیەك بچن جیاوازییان نەبێت ئەمانە دوو ڕەگەز نین بەڵکو دوو ڕووی دراوێکن، بەڵام کە تۆدۆرۆف بنەماکانی فانتازیا دادەڕێژێت و مەرج و جیاوازی دادەنێت ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەم ڕەگەزە ئەدەبییە خۆی دەسەپێنێت و بەڕەگەزێکی سەربەخۆ خۆی دەناسێنێت،یەکێک لە بنەما سەرەکییەکان دروست بوونی ڕاڕاییە، ئەگەر چی لەسەرەتادا تۆدۆرۆف خۆی بە گومان بوو لە دەستنیشان کردنی فانتازیا وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی سەربەخۆ و خوێنەری بەشداری پێدەکرد.

"تزفتیان تۆدۆرۆف سێ مەرج بۆ دروست بوونی فانتازیا دادەنێت: ١- پێویستە دەقەکە وا لە خوێنەر بکات هەست بکات، کە جیهانی کەسێتییەکان جیهانێکی زیندووە. ٢- بۆ ڕاڕایی لە نێوان شیکاری سروشت و شیکاری سەروو سروشتی لەڕووداوە گێردراوەکاندا هەست پێکراوە بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ کەسێتییەکەدا. ٣- ڕۆڵی خوێنەر بەشداری پێکراوە ،یان ڕۆڵی خوێنەر شان بەشانی کەسێتییەکە ڕۆچووە بە ناو ڕووداوەکەوە، لێرەدا خوێنەر هەڵوێستێك هەڵبژێرێ بەرامبەر بە ڕووداوەکە، ئایا

شیکردنەوەی ئەلیگۆری ڕەتدەکاتەوە وەکو هەمان شێوەی لێکدانەوەی شیعری، ئەم سێ دۆخە یەکسان نین، یەکەم و سێیەم کاریگەرییەکە دروست دەکەن بەڵام دووەمیان دەکرێ وەکو پێویست نەبێت"(ذیاب، ٢٠١٥: ٦٠) ئەو سێ مەرجەی سەرەوە کە تزفتیان تۆدۆرۆف بۆ فانتازیای داناوە لەو جیهانە زیندووەی پێویستە خوێنەر باوەڕی پێ بکات. لە دروست بوونی ڕاڕایی کە مەرجێکی سەرەکییە دەبێ لەلایەن کەسێتیی زیندوو و خوێنەردا دروست بێت.

"سەروو سروشتی لە زماندا لە دایك دەبێت لەهەمان کاتدا لەودا بەرهەم دێت بە بەڵگەی ئەوەی شەیتان و خێو بوونیان تەنها لەچەند وشەیەکدا هەیە، بوونی زمان ڕێگا، یان بریار لەسەر ئامادەبوون یان ئامادە نەبوون دەدات" (علام، ٢٠١٠: ٤٠) سەروو سروشتی بە هۆی زمانەوە بەرجەستە دەبێت بۆ نموونە شەیتان و خێو و دێو لەچەند دەنگێك بەو لاوە هیچی تر نییە و پێکهاتەکەی بە هۆی زمانەوەیە، کە پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. لە شیکردنەوەی چیرۆکەکاندا بۆ خستنە ڕووی دەقی فانتازیای پیویستە لایەنی زمانەوانیی و بنیادگەری لەبەرچاو بگیرێت.

"تۆدۆرۆف" تێکست دابەش دەکات بۆ سێ بەش: "١- شیوازی دەربڕین، لەڕستەدا ئاستەکانی دەنگ دەکرێ بە دوو بەش، ئاستی دەنگ و ئاستی ڕێزمانی، کە ئەویش دەکرێ بە دوو بەش. ٢- گیروگرفتی دەربڕین، کە تۆدۆرۆف چەمکی لێکدانەوەی وشە بە تەسکی، یان بەکۆیلە کردنییەتی. ٣-گیروگرفتی تۆماری دەربڕین کە گێرەرەوە تووشی دەبێ. بۆ نموونە گرنگیدان بە بەشێکی دەنگسازی پشتگوێ خستنی ئەوانی دیکە. هەروەها بەکار هێنانی هەردوو ئاستی ڕێزمانی و میللی، یان ستانداردو میللی دوو جۆرە ،ئایا کارەکە واقعییە یان خەیاڵییە؟ سادەیی و ئاڵۆزی دەق یارمەتیدەرە لە تێگەیشتن و وێناکردنی بابەتە ئەدەبییەکە و کەسەکانی گێڕانەوە گرنگی هەیە" (تزفتان تودوروف،و.الصدیق بو علام ، ١٩٩٣ : ١٤-١٥) تۆدۆرۆف گرنگی بە لایەنی زمانەوانی دەدات ئاستەکانی زمان بەکار دەهێنێ لە دەربڕین و لایەنی ڕێزمانی و دەنگ و ئازادکردنی وشە و دوورکەوتنەوە لە بە کۆیلەکردنی وشە، چونکە وشە یەك واتای نییە ! هەروەها بەکارهێنانی هەردوو ئاستی زمان میللی و ستاندارد، ئەمانەی سەرەوە یەکە بە یەکە بۆ دارشتن و خوێندنەوەی بابەتی فانتازیایی گرنگی خۆی هەیە. "ئەو حیکایەتانەی کە جنۆکە لە ڕووداوەکانیاندا مەزراندنیان بۆ دەکەن، هەڵدەستن بە مەزراندنی سیحرو ئاماژەکردن بە جنۆکە و دێوەزمە، ڕووداوەکانی لەسەر بنەمای سیحرو فانتازیا دروست دەبیت، کە سەروو سروشت تیایاندا نامۆ نییە، لەبەر ئەوەی خودی کەرەستە بەکار هێنراوەکانی بریتین لە فانتازیا، ژینگەو یاساکانی بریتییە لە سەروو سروشتی، هەروەکو ڕۆجی کایوا ئاماژەی پێدەکات، جیهانی سەرسوڕمان ئەو جیهانەیە کە فانتازیا دەخاتە سەر جیهانی ڕاستەقینە بێ ئەوەی توشی دۆخیك بێت کە تیایدا دڵنیا بێت یان دڵنیا نەبێت"( الخامسة علاوي، ٢٠١٣: ٢٦)بڕوانە" وهبة،١٩٧٤:١٥٨" جنۆکە و سیحر سەروو سروشتی دەهێننە کایەوە.

"ژان پۆل سارتەر"، کرۆکی فانتازیا بە وێنەیەکی سەراوژێری یەکبوونی نێوان ڕۆح و جەستە دەچوێنێ. ئەو تیمانەی کە فانتازیا بەکاری دەهێنێت دوو جۆرن: "یەکەمیان: پەیوەندی بە هێنانەوەی ئەو بابەتە فانتازیاییە کۆنانەیە، کە لە ئەدەبی نوێدا کارامەیی لەدەست داوە و دۆڕاوە، لەبەر ئەوەی بابەتە فانتازیاییەکان، ئەدەبی کۆن پشتیان پێدەبەستێت، کە پێشینەیەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، کێڵگەیەکی بە پیت و کاریگەر و ئەرێنییە بۆ چیرۆکی فانتازیا. دووەمیان: بە پێچەوانەی یەکەم دێت، پەیوەستە بە مەزراندنی بابەتە تازە داهێنراوەکان بە پێی بنەمای کۆن، ئەدەبی فانتازیا چەندین بابەتی

مەزراندووە ،کە زۆر پەیوەستن بە واقیعی ئێستاو کەسایەتییەکانی، هەروەکو ئەو بابەتە فانتازیا کۆنانەی کە بایەخ بە سەروو سروشتی دەدەن بە شێوەیەکی ئاشکرا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تەنها شتێکی نمایشکارییەو وتارەکان وتاری سەروو سروشتین." (حليفي، ٢٠٠٩: ٨٩) لە خاڵی یەکەمدا بابەتە فانتازیا کۆنەکانە، کە لە ئەدەبی نوێدا زۆر بەکار نایێت، چەندین بابەتی زۆری دیکەی کە لە ئێستادا نابنە هۆکاری ترس، سیحرەکەی نابێتە هۆکاری سەرنج ڕاکێشان و داهێنان، کەلە بنەڕەتدا پێویستە ببن بە هۆکاری ترس و ڕاڕایی، بۆیە گێڕانەوەی ئەم تیمانە لەم سەردەمەدا بایەخێکیان نییە. لە خاڵی دووەمدا، کە پێچەوانەی خاڵی یەکەمە بابەتە تازە داهێنراوەکان بە پێی بنەمای کۆن مەزراندنی بۆ دەکرێت. (بەڵام نابێ ئەوەی کە لویس ڤاکس گوتویەتی: هونەری فانتازیا نموونەیە بۆ ئەوەی چۆن پارێزگاری لە ڕامان و سەرسوڕمان بکرێت بەهەند وەرنەگیرێت."(علاوي، ٢٠٠٥: ٤٣)ڕامان و سەرسوڕمان و ڕاڕایی ئەو حاڵەتە دەروونیانەن کە لە کاتی بینینی بوونەوەرێکی سەروو سروشتی، یان شوێنێکی سەروو سروشتی یان ڕووداوێکی سەروو سروشتی، کە بۆ چەند چرکە ساتێك بەردەوام دەبێت، دواتر دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی پێش سەرسوڕمانەکە.

"تۆدۆرۆف فانتازیا بۆ خوێنەر بە پلەی یەکەم لە سەرسوڕمان و ڕاڕایی و ترسدا کورت دەکاتەوە، هەروەها فانتازیا پێویستە خوێنەر و جیهانی کەسێتییەکان؛ لەگرێ ڕووداوەکاندا نامۆیی لە تێگەیشتندا لای خوێنەر دروست بکات بەڵام لەسەرسوڕماندا، کە لە دەوری دەقەکەدا دەخولێتەوە، لەگەڵ تەواو بوونی ڕاڕاییەکە سەرسوڕمانەکە نامێنێ" ( ذياب، ٢٠١٥: ٧٢) سەرسوڕمان ع ڕاڕایی دوو مەرجن، بەڵام ڕاڕایی مەرجی سەرەکییە، بۆیە "هەر کاتێك بینیمان یاساکانی واقیع ڕێگرە لە پێشی و ڕێگا نادات بە لێکدانەوەی دیاردە وەسف کراوەکان، کاریگەرییەکان دەبن بە ڕەگەزێکی دیکەی سەیرو سەمەرە بە پێچەوانەو دژی ئەمە ،ئەگەر پێویست بێت یاسای دیکە بۆ سروشت پەیرەو دەکرێت دەتوانرێ بە هۆی ئەمەوە شیکردنەوە بۆ دیاردەکان بکرێت، ئەو کاتە خۆمان لە ناو ڕەگەزێکی سەرسوڕهێنەر دەدۆزینەوە." (علاوي، ٢٠٠٥: ٤٥) هەر دیاردەیەکی وەسف کراو یاساکانی واقیعەتی بکاتەوە یان ڕێگر بێت لە پێش لێکدانەوەی، ئەو کاتە دیاردە وەسف کراوەکە دەچێتە قاڵبی فانتازیاوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

"تۆدۆرۆف پشت بە نوسینێکی "جان بۆتۆکی" دەبەستێت، کە زۆربەی بەرهەمەکانی پەیوەست کراوە بە تایبەتمەندییەك ئەویش "ڕاڕاییە" ،کە لێکدانەوە بۆ شیاو و ناشیاو لەو دیاردانەی، کە لە هۆشی مرۆڤ و لە منداڵدانی واقیع لە دایك دەبێت. ئەم ڕاڕاییە دەبێت هەستی پێبکرێت لە لایەن کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەوە هەروەها لەلایەن خوێنەرەکەیەوە ،کە ڕۆدەچێتە ناو کەسێتییەکەوە"(علام، ٢٠١٠: ٢٩) لە ڕاڕایی دا "تۆدۆرۆف" پشت بە بۆچوونەکانی "جان بۆتۆکی" دەبەستێت، کە ڕاڕایی مەرجێکی سەرەکی فانتازیایە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەو نموونەیەی ،کە" تۆدۆرۆف" ئاماژەی پێکردووە"ڤۆنس فان ۆردن [1].کە

---

(١) بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەو نموونەیەی ،کە "تۆدۆرۆف "ئاماژەی پێکردووە"ڤۆنس فان ۆردن" پاڵەوان و گێڕەرەوەی چیرۆکەکە دەڵێ :((لەگەڵ نۆکەرەکانم لە ناو شاخی"سیرا مۆرینا"دەڕۆیشتین لە ناکاو "مۆسۆشیتۆ"ی نۆکەر دوای چەند کاتژمێرێك ون بوو .هەروەها دواتر لەدوای چەند کاتژمێرێکی دیکە نۆکەری دووەمیش ون دەبێت ، دواترسەیر دەکات ، تەرمی دوو دزەکە بەکوژراوی لەوشوێنەکەیە . کاتێك ،کە دەگاتە شارۆچکەکە ، کەسوکارەکەی و دانیشتوانەکەی ئاگادار دەکاتەوە ، کە ئەو شوێنە ڕۆحانییەت ،یان جنۆکەی تێدایە ، تووشی سەرسوڕمان دەبێت و لە ئوتێلەکەدا خۆی ئامادە دەکات بۆ خەوتن ژنێکی زەنجی ڕەشی نیمچە ڕووت لێی بە ژووری دەکەوێت ، داوای لێدەکات بەدوایدا بچێت بۆ ژوورێکی دیکە، کەلە

تیایدا ڕاڕایی دەکات بە یەکێك لە مەرجە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی فانتازیا " چەمکی فانتازیای لە ماوە ڕاڕاییەکەدا قەتیس کرد، جیاکارییەکی جیاوازی لە نێوان سەیرو سەمەرەو سەرسوڕماندا دانا، ڕاڕایی بە شیکردنەوەیەکی سروشتی ئەوی دیکەیان شیکردنەوەی سەروو سروشتی وەسف کرد، سیمای بنەڕەتی وەسفی کاری فانتازیایی؛ ئەگەر ڕاڕایی نەبێت... مرۆڤ فانتازیا بەلاوە دەنێت، بیر لە سەیروسەمەرە یان سەرسوڕمان دەکاتەوە" (نور العنزي،٢٠١١: ١٣). یەکێك لە خاڵە هەرە زەقەکانی جیاوازی لە نێوان فانتازیا و سەیرو سەمەرە و سەرسوڕماندا "العجائب، العجیب، الغریب" کاتە ڕاڕاییەکەیە بۆ فانتازیا زۆر بەڕوونی کاتە ڕاڕاییەکە پێویستە هەبێ، بەڵام بۆ سەرسوڕمان و سەیرو سەمەرە بەم شێوەیە نییە.

"فانتازیا لە ڕووی پەیوەندییەوە دەبێتە دوو بەش: ١- بەشی یەکەم فانتازیا لەگەڵ سەرسوڕمان و حیکایەتی سیحری و خەیاڵی زانستی و چیرۆکی پۆلیسی و یۆتۆپیا یەك دەگرنەوە. ٢- بەشی دووەمیان فانتازیا لەگەڵ داستان و کۆمیدیای ڕەش بە سود وەرگرتن لە زانست ئەمانە ئامرازی پێکهێنانن کە کاریگەری و قورساییان هەیە لە بەخشینی زیندوویی بە پێی ئەوەی فانتازیا دیاردەیەکی جوانناسیی و ڕەگەزێکی دواندەرییە پارچە بوونی مرۆڤ پێچەوانە دەکاتەوە" (حلیفي، ٢٠٠٩: ٨٦- ٨٧) بابەتەکانی فانتازیا لە ڕووی پەیوەندییەوە بە ڕرەگەزەکانی دیکەوە دەکرێتە دوو بەش: بەشی یەکەمیان فانتازیا و حیکایەتی سیحری و خەیاڵی و زانستی وچیرۆکی پۆلیسی و یۆتۆپیا بەشی دووەمیان فانتازیا و داستان و کۆمیدیایەش، بەسوود وەرگرتنە لە زانست. سەبارەت بە بوونەوەرە فانتازییەکان ئەوا "جان مۆلینۆ " jean molino" لە شەش شێوەدا کورتی دەکاتەوە "جنۆکە" تارماییەکان، مردووە خوێنمژەکان، ئاوێنە و خۆشەویستی دێو، جیهانی خەون و پەیوەندی بە جیهانی ڕاستەقینەوە، گۆڕانکارییە ناکاوەکانی کات و بۆشایی ئاسمان" (علاوي، ٢٠٠٥: ٣٩) "جان مۆلینۆ" لە شەش شێوەدا ڕوونی دەکاتەوە: جنۆکە، تارماییەکان، خوێنمژەکان هتد.. هەر یەك لەم بوونەوەرانە لای مرۆڤ نامۆ و نە ناسراون لای هەر کەسێك جۆرە ترسێك و بە "شێوەیەک لە نەستدا هەیە، بەڵام پێشتر نەبینراوە شێوەکانیان نەناسراوە، بۆیە بە بینینیان سەرسوڕمان و ڕاڕایی دروست دەبێت. "بیرمەندەکان ناگەن بە ئەنجامێکی دیاریکراو، بەڵام لە

---

ژێرزەمینەکەدایە ، دوو خوشك لە چاوەڕوانی دان بۆ ئەوەی خواردن و خواردەمەنی پێشکەش بکەن ، لەگەڵ یەکەم بانگی کەڵەشێردا، کچی مامی خۆی دەبینێت ، "فۆنس" وابیر دەکاتەوە دێوەزمەکان لەگەڵ بەرەبەیاندا بزر دەبن ، لێرەدا وا دیارە ،کە لە چیرۆکەکەدا فانتازیا ؛ واقیع تێك دەشکێنێت ، تێگەیشتن دەشێوێنێت ، لە بوونی شتەکاندا . هەروەها بوونەوەرە سەروو سروشتییەکان گومان دەخەنە تێگەیشتنەوە ، هەندێك جار باوەڕ بەبوونیان دەکرێت هەندێکجاریش تووشی دڵەڕاوکە و ڕاڕایی مان دەکات؛ خەیاڵی مرۆڤ بەرەو ناجێگیری دەبات ، کەزۆربەی چیرۆکەکانی گێڕانەوەی لەلایەن باوك و باپیرانەوە لەسەر بنیات نراوە ، لەگەڵ هەندێك بۆچوونی ئاینیدا ، لەگەڵ ئەوەشدا "فۆنس" باوەڕی بە سەروو سروشتی نییە، کاتێ ڕووداوەکە بۆ دوو کچەکە دەگێڕێتەوە ، کە دانیشتوی یەکێك لە شارەکان بوون ، دەردەکەوێ، کە واقعی بووە ، دواتر خۆی دەبینێ لە تەنیشت دوو تەرمدا، کە دزەکانن ؛ خۆشی لەژێر پەتی سێدارەدایە "فۆنس" وا هەست دەکات، کە ئەم دوو ژنە کە بەشەو لەگەڵیان نوستبوو، لە گۆشت و خوێنی ئەو بوون ،دێوەزمە نەبوون ، جارێکی دیکە لە شەوێکی دیکەدا دەکەوێتە قسەکردن لەگەڵ دوو خوشکەکەدا ئەمجارەیان ، لە ژێردارێکدا. هەست بە ڕاڕایی و تێکەڵاو بە ترس و تۆقان دەکات . ت"ۆدۆرۆف" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، خوێنەر لە جیهانەکەی خۆی دەردەچێ دەگەڕێتەوە بۆ دەستبەکار بوون بە کاری تایبەتی خۆی، کە ئەویش خوێندنەوەیە ، فانتازیا هەڕەشەیەکی نوێ دەکات ،ئەویش مەترسی لە گێڕانەوەو لێکدانەوەی دەقەکەدا دەکات . ئەوەش وامان لێدەکات ، لێکدانەوەی لابەلای شیعرییەت و خوازەیی بە ڕەمز و پەروەردەیی بۆبکەین ؛ کەهۆکارەکەی پەیوەندیدارە بە شتی تایبەتەوە ،کە فانتازیایە))(تزفتان تودوروف،تر.الصدیق بو علام،ط١ ١٩٩٣: ٥١ ـ٥٢).

ئایدیا گشتییەکانی، وەك شتە ئاساییەکان و دەرئاساسائامێز هاوڕان، بەڵام جیاوازن لە لێکدانەوەی هەردوو جیهانەکەدا"(علام، ٢٠١٠: ٣٢). لە گشتدا لەگەڵ تۆدۆرۆف کۆکن، بەڵام لە لێکدانەوەدا ڕای جیاوازیان هەیە جیهانی واقیعی کە ئێمە تیایدا دەگوزەرێین. هەروەها جیهانی ئەودیو، یان جیهانی سەروو سروشتی، جیهانی فریشتەو جنۆکە خێرەومەندەکان و جنۆکە بەلاڕێبەرەکان.

سێ مەرجەکانی فانتازیا، کە "تزفتیان تۆدۆڕۆف" لە رۆماندا دیاری دەکات بریتین لە:

١. دەقەکە وا لە خوێنەر بکات جیهانی کەسێتییەکان بە جیهانی کەسانێکی زیندوو دابنێت، هەروەها پێویستە وای لێبکات راڕا بێت لەنێوان شیکردنەوەیەکی سروشتی و شیکردنەوەیەکی سەروو- سروشتی بۆ رووداوە گێڕراوەکان.

٢. ئەم راڕاییە لەلایەن کەسێتییەکەوە هەستی پێبکرێت، بەمەش رۆڵی خوێنەر دەدرێتە دەست ئەو کەسێتییەو لەهەمان کاتدا ئەو راڕاییە (لەناو دەقەکەدا) دەنوێنرێت و دەبێتە یەکێك لە بابەتەکانی بەرهەمەکە، لە حاڵەتی خوێندنەوەیەکی سادەشدا خوێنەر لەگەڵ کەسێتییەکەدا یەکدەگرێت.

٣. پێویستە خوێنەر هەڵوێستێکی دیاریکراو بەرامبەر دەقەکە وەربگرێت:راڤە (التأویل)ی شیعری وراڤەی ئەلیگۆریەت بکاتەوە. "تۆدۆرۆف" پێیوایە ئەم سێ خاڵە یەك بەهایان نییە، یەکەم و سێهەم بەرهەمەکە شێوەگیر دەکەن، بەڵام دەکرێت دووەم بەجێ نەهێنرێت، یاخود جێبەجێ نەکرێت"(محەمەد تاتانی، ٢٠١٥: ٥٥-٥٦) خاڵی دووەم گرنگییەکی وای بۆ دانەنراوە ،وەکو خاڵێکی سەرەکی، چونکە "لە نێوان ئەم سێ خاڵەدا بەهاکان یەکسان نین، یەکەم و سێیەم؛ بەڕاستی کاریگەری دروست دەکەن؛ بەڵام دووەمیان دەکرێ پشتگوێ بخرێ، فانتازیا بەپێی ئەم پێناسەیە، زۆر بەردەوام نابێت تەنها ئەوچرکە ساتە هەستیارە نەبێت ،کە راڕایی دروست دەکات. لە نێوان کەسێتییەکە و خوێنەردا"(علام، ٢٠١٠: ٣١) هەردوو خاڵەکانی یەکەم و سێ یەم ژیارێین دەتواندرێت خاڵی دووەم فەرامۆش بکرێت ،کە بریتییە لەوەی پێویستە شیکردنەوەو لێکدانەوەی سروشتی بکات بۆ رووداوە گێردراوەکان، پێویستە ئەم راڕاییە لە رووداوە نمایشکراوەکەدا دیار بێت، بابەتە وروژێنراوەکە بەردەوامی هەبێت.

"روناك سەڵاح" لە نامەی ماستەرەکەیدا بەهەمان شێوە باس لە مەرجەکانی فانتازیا دەکات، بەڵام بە پشت بەستن بە بۆچوونەکانی حەمداوی لە چوار خاڵدا کۆیان دەکاتەوە.""جەمیل حەمداوی" لە مەقالەیەکدا لە ژێرناونیشانی " رۆمانی فانتازیی عەرەبی" سەبارەت بە بنەما و تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ئەدەبی سەیروسەمەرە بە گشتی دەڵێت: ئەدەبی سەیروسەمەرە بنەمای سەرەکی هەیە، لەوانەش: أ- دوودڵی و شك و مەراق، لەسەر ئاستی کارلێك و قبووڵکردن و کاردانەوە. ب- ململانێ لە نێوان یاسا سروشتییەکاندا "فاکت، عەقڵ، لۆجیك، باو، ..." و ناسروشتییەکان "خەیاڵ، وەهم، نالۆجیك، نامۆ، سەیروسەمەرە...". ت- بوونی رووداوێکی لەڕادەبەدەر، سەیر و نامۆیی دەورووژێنێت. پ- جودابوونەوە لە جیهانی شتە دانراوەکان و دابو نەریتەکان و یاسا سروشتییەکان و عەقڵی و لۆجیکی. ئەم تایبەتمەندیانە و چەندین تایبەتمەندی دیکە وەك" خاسیەتی کردەی بێ ئاگایی، نازەمەنی و تێکشکاندن و هاوپێچەوانە و شێواندن و لابردن و تەرکیز کردن"بە خۆوە هەڵدەگرێ، کە گرنگترینیان ئەمانەی سەرەوە بوون" ( عەلی، ٢٠١٤: ٢٦ -٢٧) ئەم چوار خاڵە لەگەڵ سێ مەرجەکەی تۆدۆرۆفدا لە گشتدا یەك دەگرنەوە، بەڵام لە وردەکاریدا

جیاوازیان هەیە، لەڕاستیدا جیاوازییەکان لە نێوان تۆدۆرۆف و جەمیل حەمداوییە، دووەمیان لەوانەیە بە هۆی شیکردنەوەی زیاتر بێت.

"لە فانتازیادا کۆمەڵێك زاراوەو وشەی دەربڕین بەکاردێن لەوانەیە لە ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاربێن لەوانە: "ئەگەر، وەکو، وەك، یان،، وادیارە ئەگەر وانەبووایە..هتد " چەندین دەربڕینی دیکە، کە گێڕەرەوە دەتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ مکۆمکردنی گرتەیەك یان بەشێك لەکارە فانتازیاییەکەدا. وێنەی ڕەوانبێژی تیادا بەکار دێت کە خۆی لە بنەڕەتدا لە هونەری ڕەوانبێژییدا دەبینێتەوە" ( علام، ٢٠١٠: ٤٠) ئەم دەستەواژانەی سەرەوە لە کاری گێڕانەوەی تێکستە فانتازیاکان گێڕەرەوە بەکاریان دەهێنێت، بەشێکیان بۆ مەزندەکردنە بەشێکیان روونی و ناروونییە بەشەکەی تریان ئەوزارەو بۆ لێکچواندنە.

"ئەوەی پێویستە لامان ڕوون بێت، کە چۆن فانتازیا دێتە ئاراوە، تەنها لەکاتی ڕاراییدا کەسێتییەکان، یان گێڕەرەوە دواتر خوێنەری چاوەڕوانکراو. ئەمە تەنها بەشێوازی دەقەکە دێتە دی، یان تەنها لەو زاراوەیەی کە بەکاری دەهێنێت لە ئاستی ناوەوە بۆیە زۆر پێویستە گرنگی بە شێوەو فۆڕمی دەرەوەی دەربڕینەکان بدرێت هەروەکو تۆدۆرۆف باسی لێوەکردووە" ( علام، ٢٠١٠: ٣٩) بەکار هێنانی زاراوەکان و شێوازی دەربڕین و دەنگ کە فۆڕمی دەرەوەی پێ دەگوترێت کاریگەریان هەیە لەسەر هاتنە ئارای فانتازیا، چونکە ئەوەی فانتازیا پێشکەشمان دەکات جیایە لەوەی کە لە ژیانی ئاساییدا بەدی دەکەین، لە ئاستی ناوەوەو دەرەوەدا بۆ نموونە لە ئاستی دەرەکی دەنگسازیدا بەرزکردنەوەو نزمکردنەوەی دەنگ لە کات و شوێنی خۆیدا وەکو ئەوەی بە زیندوویی بیهێنێتە بەرچاو بەم شێوەیە کاریگەری دەبێت لەسەر خوێنەردا."ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ئەدەبدا بابەتەکانی فانتازیا لە هیچ کات و شوێنێکدا بەدی نایەن، چونکە فانتازیا تێپەڕاندنێکی ئاشکرای هەموو سنورەکانی کات و شوێنە. واتە سەروو- سروشتی لەبەرئەوەی سنورەکانی کات و شوێن تێدەپەڕێنێت و بە واقیعەوە پەیوەست نییەو لێکدانەوەکانی مرۆڤیش لە سنوری کات و شوێندان و بە واقیعەوە پەیوەستن، کەواتە زۆر جار خوێنەر ناتوانێت لێکدانەوە بۆ سەروو- سروشتییەکان و بابەتە فانتازییەکانی ناو رۆمان بکات" ( تاتانی، ٢٠١٥: ل٥٢) کەسێتیی و رووداو و شوێنی فانتازیایی وا لە خوێنەر دەکەن ئەگەر بیرکردنەوەی بە هەمان شێوە سەروو سروشتی نەبێت سەری لێدەرنەکات، چونکە کاری فانتازیا پێ بە پێ و چرکە لەدوای چرکە خوێنەر پەلکێش دەکات، وا لە خوێنەردەکات بە تەواوی ڕۆبچێتە ناو رووداوەکە لەگەڵیدا بژیێ و تێکەڵاوی بێت، ئەگینا ناتوانێت هاوڕێ بێت لەگەڵ رووداوەکە بڕوات و باوەڕی پێ بکات، دەبێ پێ بە پێ هاوڕێ بێت لەگەڵی بۆئەوەی ئاشنای بڕگە بە بڕگەی دۆخەکە بێت و چێژو خۆشی یان هەست بە ئازار و ناخۆشی بکات.

## پەیوەندی فانتازیا بە رەگەزەکانی دیکەی ئەدەبەوە:

فانتازیا ئەو ژانرە ئەدەبییەیە، کە بەشێك لە رەگەزەکانی دیکەی ئەدەب نزیك لە خۆی پەیوەندییەکی لەیەك نزیکیان بەیەکەوە هەیە،تا ڕادەی لە بەشێکیاندا تێکەڵی و تێکچڕژان دەبیندرێت، هەندێك جار لێك جیاکردنەوەیان ئاسان نییە، وەکو سەیر و سەمەرە و سەرسوڕمان و سەرسامی. "فانتازیا سوود لە چەندین جۆری ئەدەب دەبینێت. هەروەها پەیوەندی بە چەمکەکانی سوود وەرگرتن و دیاردەکانی دەکات بۆ ئەوەی گەشە بسەنێت، بۆ ئەوەی خۆڕاگر بێت لە تاقیکردنەوەکەی پردی سیرات، کە بریتییە لەو شتە نامۆیانەی کە پێی ڕاڕا دەبێت. ئەم چەمکانەی سەرسوڕمان لە زمانی فەڕەنسیدا"Le feerique"یە بە واتای ئامادە

بوونی جنۆکەکان دێت، هاوڕێ لەگەڵ ئەو ئامادە بوونە دەرئاسا و سەیرو سەمەرە دێتە پێشەوە و یان لەگەڵ سیحر و سیحربازیدا، یان بوونەوەرە سەروو سروشتییەکاندا"(علاوي، ٢٠٠٥: ٦٤) فانتازیا سوود لە چەندین ڕەگەزی ئەدەبی دەبینێت بۆ ئەوەی فانتازیا کاریگەری خۆی بنوێنێ، بەتایبەتی لە چرکەساتی ڕاڕایی بوونەکەدا، زاراوەی"Le feerique" لە زمانی فەڕەنسیدا بە واتای ئامادە بوونی جنۆکە دێت هاوکاتە لەگەڵ دروست بوونی کارە دەرئاساکان و سەیروسەمەرەکان هەروەها لەگەڵ سیحر و بوونەوەرە سەروو سروشتییەکان دێنە پێشەوە.

"تۆدۆرۆف سەرسوڕمان بۆ چوار بنەما دابەش دەکات: ١- سەرسوڕمانی درێژدادر: دیاردەی سەروو سروشتی تێدا نییە تەنها لە هەندێ ڕەهەندەوە نەبێت. ٢- سەیرو سەمەرە، لە یەکەم بنەمای سەرسوڕمان نزیکە...پێویست ناکات خوێنەر شوێنی ڕووداوەکە بزانێت، هەربۆیە ناکەوێتە دۆخی گومانەوە.٣- سەرسوڕمانی خستنە ڕووی ئامێری بچووك، تەکنیکەکەی نابێتە هۆی چارەسەرکردنی گرێیەکە، وەکو بەرماڵی فڕین، سێوی دەرئاسای چارەسەرکەر، دووربینی لولەیی. ٤- سەرسوڕمانی زانستی: کە پێی دەگوترێت خەیاڵی زانستی، لێرەدا سەروو سروشتی شیکردنەوەکەی، شیکردنەوەیەکی ماقوڵە، بەڵام بەپێی یاسا، زانست باوەڕی پێ ناکات"( ذیاب، ٢٠١٥: ٦٨) سەرسوڕمان بۆ چوار بنەما دابەش دەبێت: یەکەمیان سەرسوڕمانێکە درێژە دەخایەنێ و دیاردەی سەروو سروشتی تێدا نییە، تەنها لە هەندێ ڕەهەندەوە نەبێ دووەمیان سەیروسەمەرەیە کە، لە سەرسوڕمانەوە نزیکە. سێیەمیان: سەرسوڕمان بە هۆی ئامێری سەرسوڕهێنەری بچووکەوە لە نموونەی بەرماڵی فڕین و سێوی دەرئاسای چارەسەرکردنی نەخۆشی و دووربینی لولەیی. چوارەمیان: سەرسوڕمانی زانستی کە پێی دەگوترێت خەیاڵی زانستی، ئەم چوار بنەمایە ڕێگا بۆ لێکدانەوەی جیا خۆش دەکات و لە ئاکامدا وێڕای لێك نزیکییان و جیاوازییەکان قسەی تریان تیادا دەکرێت. "پێکهاتەی فانتازیا لە ئاکامدا جیاوازترە لە سەیرو سەمەرە، ئەمەش وای لە بەشێك لە خوێنەرانی ئەدەب کرد کەوا "هەزارو یەك شەوە"و کتێبە کەلتوری و خەیاڵییەکانی دیکە لە نێوان فانتازیا و سەیرو سەمەرەدا دابنرێن، لێك نزیك بوونەوەشیان کارێکی لۆژیکییە بە شێوەیەکی ڕوونتر، لەسەروو سروشتییەکانی فانتازیا، کەلە کتێبە پیرۆزەکانیشدا هەیە"( حليفي، ٢٠٠٩: ٦٠) بوونەوەر و شوێن و ڕووداوی سەروو سروشتی لە کتێبە کەلتورییەکان و هەزارو یەك شەوە هتد.. دەکەوێتە بەرچاو کە بەشێکیان جیاوازن لە سەیرو سەمەرە بە تایبەتی لە پرۆسە ڕاڕاییەکەیدا کە تایبەتە بە فانتازیا.

ژنە نووسەری جەزائیری د. خامیسە عەلاوی، هەوڵی داوە کێلگەکانی دەوروبەری فانتازیا بخوێنێتەوە وەك سورریالیزم و سیحرو خەیاڵی زانستی تا دەگاتە کەلوەکان، کە ئەمانە ڕەخنەی کاریگەرن لە لۆجیك و ڕای گشتی، لە بەرامبەردا فانتازیا بەشدارە لە دروست کردنی جیهانی خەیاڵ و دابڕان لە واقیع، (بڕوانە علاوي، ٢٠١٣: ٦) هەموو ئەو ڕێبازو ڕەگەزانەی کە لە فانتازیاوە نزیکن، گشتیان ڕەخنە و توانجن لە لۆجیك و ڕای گشتی و واقیع. "پەیوەندی فانتازیا بە ڕەگەزەکانی دیکەی، کە نزیکن لە خۆی"فريد الزاهي" لەکاتی پۆلێن کردنی سەیرو سەمەرە و سەرسوڕهێنەر وفانتازیا دا دەڵێ: ئەو ڕووداوانەی لە نێوان باوەڕپێکردن و باوەڕپێ نەکردنن دەچنە چوارچێوەی نووسینی سەیروسەمەرەی گشتییەوە. مەبەستی ئەوەیە فانتازیا ئەو ڕەگەزە نییە، کە گشت جۆرەکان لەخۆبگرێت لەوانە ئەو ڕەگەزانەی ،کە بنەماکانی فانتازیا لە خۆ ناگرن، ئەم دەربڕین و بۆچوونە"طاهر المناعي"یش بۆی چووە هەروەها دەڵێ:"العجيب" و"الغريب" و "العجائبي" گشتیان دەچنە ژێر ئەو ناونیشانەی کە پێی دەڵێن فانتازیا" (علام، ٢٠١٠: ٣٦) هەموو ئەو

ڕەگەزانەی، کە نزیکن لە فانتازیا وەکو گروپێك لە ژێر چەتری فانتازیادا خۆیان دەبیننەوە هەر لە سەرسوڕمان و سەیرو سەمەرە و خەیاڵ و خەون. "گرنگیدانی تۆدۆرۆف خۆی لە ئاشکراکردنی سنوری فانتازیایە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ سەیر و سەمەرەدا لە بواری کارکردندا، ئەمەش ئەوە ناشارێتەوە کە لەیەك نزیکی هەیە تاڕادەی تێکەڵاو بوون، لەوەیە جیاکردنەوەیان ئاسان نەبێت" (حليفي، ٢٠٠٩: ٦٠)" تۆدۆرۆف" لەو رەگەزو ژانرانە دەدوێ، کە زۆر نزیکن، یان ئاوێتەن لەگەڵ فانتازیادا، جیاکردنەوەیان ئاسان نییە بە تایبەتی سەیرو سەمەرە و خەیاڵی زانستی و ئەفسانە.

## پەیوەندی فانتازیا بە داستانەوە:

داستان، یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی، کە زۆر کۆنە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی تراژیدیای گریکی ،کە بە زمانی شیعر هۆنراوەتەوە "چەمکی زمانەوانی داستان بە پێی زانیاری فەرهەنگەکانەوە،رووداوەکانی سیستماتیك نین، پڕوپوچی ولادانی تێدایە، لە زمانی عەرەبیدا پێی دەڵێن"الاسطورة" کۆی دەکاتە "اساطير"ئەو زانستەی کە لێی دەکۆڵێتەوە پێی دەوترێت ئەفسانەناسی "میثولوجیا""( کامل، ٢٠٠٩: ٥٩)لە رووی چەمکەوە داستان رووداوەکانی رێکنەخراون، لەسەر بنەمای لۆژیك بنیات نەنراوە. هەروەها پڕوپووچی تێدایەو "میثولوجیا" لە "ئەفسانە" دەکۆڵێتەوە ،ئەوەی بە هزری مرۆڤدا دێت لە ئەفسانە وەکو فڕین لەسەر بەڕماڵ و کەسێتی ئەفسانەیی "خدری زیندە"هاوار و پەنابردن بۆی لە کاتی تەنگانەو کارەساتدا. "داستان بە پێی پێناسەی "گلبەر دەوران" بریتییە لە کۆمەڵێك جوڵەی ڕەمزی و نموونەی ڕەسەن و وێنەی خەیاڵی "Scheme"جوڵەی ڕێك، کە لە ژێر کاریگەری ئەم وێنە خەیالییە، بەرەو پێکهاتەی دەقەکە دەچێت"(حليفي، ٢٠٠٩: ٧٦) "گلبەر دەوران" پێناسەی داستان بە"شێوەیەک دەخاتە روو کە لەگەڵ فانتازیادا لەوێنە خەیاڵییەکاندا یەك دەگرنەوە، ئەم وێنە خەیاڵیانەی کە لەداستانەکاندا هەیە، بەشێکی زۆری لە فانتازیا پێکهاتووە. "داستان لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوو هەیە، ئەگەر خەیاڵی بێت یان واقیعی، هەڵسەنگاندنی ئەم داستانانە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی سەردەمەکە و قۆناغە مێژووییەکە و ئەو شارستانییەتەی کە لەو سەردەمەدا لە ئارادابووە، هەر چۆنێك بووبێت لایەنی فانتازیای تیادا هەبووە، ئەوجا ئەگەر دەربڕی ڕاستی بێت یان خەیاڵی، ڕاستییەکی تیادا هەر هەبووە، "ئەلیادە"کە سێیەمین داستانی مێژوویە کەرەگی داکوتا لە دوای داستانی "گلگامیش"ی سۆمەری و داستانی "ئەلوائەلیش"ی بابلی." (کامل، ٢٠٠٩: ٦٣) داستان ئەگەر واقیعیش بێت خەیاڵ و فانتازیای تێدایە، کە لە رەگ وریشەدا شتێکی رستی تێدایە. "مەجید تۆبیا"مجيد طوبيا"هەوڵی دا داستان لە تێڕوانینی فانتازیادا نزیك بکاتەوە، ئەگەر وامان دانا کە داستان بەشێکە لە فۆلکلۆر و کەلتوری میللی، کەچی فانتازیا ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لە داستاندا هەیە، کە داستان ئاماژە بە شتێك دەکات ،کە بوونی نییە، بەڵام فانتازیا هەڵدەستێ بە لە خۆگرتنی ئەم شتە لە ڕێگای گەورەکردن و قەبە کردنی بۆ ئەوەی سەرسوڕمان و سەرسامی و ڕاڕایی دروست بکات، لێرەوە بە داستانەوە پەیوەست دەبێت کە ئەویش گرێدراوە بە سەروو سروشتی و فانتازیاوە" (حليفي، ٢٠٠٩: ٧٧) فانتازیا لە بەشێك لە ژانرە ئەدەبییەکاندا بوونی هەیە، لە داستاندا کاتێك ئاماژە بە شتێك دەکرێ کە بوونی نییە، لە فانتازیادا هەمان شت لە زەینی خوێنەردا گەورە و قەبە دەکرێ، لێرەدا سەرسوڕمان و سەرسام و ڕاڕایی دێتە ئاراوە، کە لە داستاندا هەستی پێدەکرێت. "ئەخیل یەکێکە لە پاڵەوانە هەرە ئازاکانی داستانی "ئەلیادە" و "ئۆدێسیا"ی "هۆمیرۆس"، رەمزی پاڵەوانی ڕۆچوو کە شکۆی تەمەن

درێژی پێبەخشرا.. ئەم داستانە چوار تەوەری سەرەکی لە خۆ دەگرێت: یەکەمیان وەك پاڵەوانێك کە جلی ژنانەی دادەپۆشی لە کاتی شەڕ و لە ژێر دەمامکدا، ئەو هۆکار و پێشبینییەی کە پێی دەکوژرێت لە شەرگەدا، پێکانییەتی لە قولاپەی پێیەوەو مردنی، چەکێکی سەروو سروشتی لا بوو. هەروەها ئەسپێکی سەروو سروشتی پێ بوو ،کە توانای قسەکردنی هەبوو."( کامل، ٢٠٠٩: ٧٧ -٧٨) لە هەر چوار تەوەرە سەرەکییەکەدا فانتازیای تیادا بەدی دەکرێت. مرۆڤی سەروو سروشتی پێشبینی بۆ مردنی، بوونی کەسێتیی نیمچە گۆڕاو، گۆڕاو. لەکاتی گێڕانەوە ڕووداوێکی فانتازیاییدا پێویستە گێڕەرەوە بە زمانە پاراوەکەیەوە بڕگە بە بڕگە ئەوەی لە زمانییەوە دێتە دەرەوە لە لای خوێنەر بەهەند وەربگیرێت باوەڕی پێ بکات، ئەگەر باوەڕ نەبوون بێتە ئاراوە، خوێنەر بێ تاقەت ئەبێت تاقەتی تەواوکردنی ڕۆمانەکەی نامێنێت.

"داستان لە ئاکامی بیرکردنەوەی مرۆڤە لە دیاردەکانی گەردوون و پەیوەندی ئەم دیاردانە بە ژیانی مرۆڤەوە لەسەر زەویدا، بیرکردنەوە و تێڕامان فانتازیای لێ پەیدا دەبێت. هەروەها فانتازیا کۆمەڵێك پرسیار دەوروووژێنێت، ئەگەر پرسیار ورووژێنرا، پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە بۆ ئەوەی دەروونی مرۆڤ هێمن بێتەوە ئەمجۆرە حیکایەتانەی، کە لە قۆناغە بەراییەکانی بیری فەلسەفە ئاشکرا دەکەن پێی دەڵێن داستان" ( جلول، ٢٠١١-٢٠١٢: ١٦ ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، نبیلة ابراهیم، ١٩٧٩ : ١٠). مرۆڤ بۆ ئەوەی نەمریی بەدەست بهێنێ تووشی چەندین دۆخ و باری ناهەموار دەبێتەوە ،کە لە توانای مرۆڤێکی ئاساییدا نییە،لەبەر ئەوە پێویستی بە تێڕامان و بیرکردنەوەو پێشبینی کردن و خەیاڵی بۆ لە دایك بوونی لایەنی فانتازیا دەچێت، ئەم بارو دۆخە لەبەشێك لە داستانەکاندا بە دی دەکرێت.

هەروەها "فیلیب هامون" جیاوازی دەکات لە نێوان کەسێتیی ناو داستانەکان و کەسێتی ناو ڕۆمان: "لە ئاکامدا کەسێتییەکانی ڕۆمان جیاوازن لە کەسیەتییەکانی ناو پڕوپووچی و حیکایەت و داستانەکان،بەڵام لە سەرسامی و لە دروست کردنی ڕاڕاییدا نزیك دەکەونەوە لە فانتازیا. کەسێتییەکانی فانتازیا دەگۆڕێن دەبن بە شتێکی دیکە، کە "هاموون" داوا دەکات ؟و بە پێویستی دەزانێت ،کە جیاوازی لە نێوانیاندا دەست نیشان بکرێت و پۆلێن بکرێت لە نێوان کەسێتییە مرۆییەکان بە شێوە واقیعیەکە، هەروەها کەسێتییە نامرۆییەکان بە شێوەی سەروو سروشتی"(حلیفي، ٢٠٠٩: ٢٠١) کەسێتیی لە چیرۆکی ناو داستانەکان و چیرۆکی فانتازیادا جیاوازە پێویستی بە دەست نیشان کردنی جۆری کەسێتییەکان و پۆلێن کردنیان هەیە، لە مرۆیی و ڕووەکی و بەردینی و زیندەوەری، هەروەها دەست نیشان کردنی جیاوازییەکان لە نێوانیاندا "داستان لای پێشەوە ئامرازێکە، کە هونەرو ئایین بەیەکەوە گرێ دەدات، ئەم دوو دەستەواژە بنەڕەتییە هۆکارن بۆ هاندانی غەریزەکانی مرۆڤ و ململانێ لەگەڵ واقیعدا، مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە دوور دەکەوێتەوە، گرنگی دەدات بە جیهانی ناوەوەی پتەوتری دەکات لە ڕێگای خەیاڵ و خەونەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ داهێنانی هونەری." (الدروبی، ١٩٨١: ٢٣٠) داستان ئەو ژانرە ئەدەبییەیە کە ئایین و هونەر لەیەك گرێ دەدات، هەنگاوێکی گرنگە بۆ قسەکردن لەسەر قەدەغەکراوەکان، لێرەدا داستان لەگەڵ فانتازیا لەم ڕووەوە لەیەك نزیك دەکەونەوە ، کەچی لە هەندێك خاڵدا لەیەکەوە دوورن.

## پەیوەندی فانتازیا بە خەیاڵەوە:

خەیاڵ زادەی مرۆڤە لە بنەمادا، خەیاڵ پانتاییەکی فراوانی لە هزری مرۆڤدا داگیر کردووە، مرۆڤی سەرەتایی بەترس گومانەوە لە گەردوونی ڕوانیووە، بە هۆی کەمی زانیاری لەسەر دیاردەکان، بەڵام ئەندێشەی مرۆڤ بەوە نەوەستا، دۆش دابمێنێ، تا ڕاددەی ئەوەی بە خەیاڵی تیژی ژیانی مرۆڤی بەراورد بەرابردوو ئاسانتر کردووە.، چونکە زۆربەی کارە داهێنراوەکان سەرەتاکەی بە خەیاڵێکی سادە دەستی پێکردووە. هەروەها خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگی هونەر و ئەدەبە. بەشێك لە ڕۆمان نووسان بە شێوەیەکی بەرچاو خەیاڵ لە ڕۆمانەکانیاندا بەرجەستە دەکەن. زاراوەی خەیاڵ کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە،لە زمان و ئەدەبی کوردیشدا ئەندێشە بەکار دێت. وشەی"الخیال" لە عەرەبیدا بەم جۆرە باسکراوە. ""الخيال، وهم. تصور. تخيل، طيف، شبح.ظل. خيالي: كثير التخيل. همي. تصوري. ضد حقيقي.خيال المآتة. خيال الصحراء.فزاعة، لە بەرامبەردا لە زمانی کوردی: خەیال هەمان زاراوە عەرەبییەکە بەکار دێت. گومان، بەهەڵە داچوون. داڵغە. تارمایی. سێبەر. دیمەن لە ئاوێنەدا. داهۆڵ. خەیاڵ پەرست. ڕێژگاو. بە خەیاڵ ئەژی. لە واتایەکی دیکە بە ئەسپ سواریش دێت" (نیزامەدین، چ ٣، ٢٠١٥: ٥٧٧).خەیاڵ لە فەرهەنگی شیرینی نوێدا کە عەرەبی کوردییە بە چەند زاراوەیەك و چەند واتایەك خراوەتە ڕوو، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەندێك جار خەیاڵ پڵاویش بۆ خەیاڵی خۆش بە کار دێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای یۆنانییەکان دەبینین "بیری خەیاڵ و فانتازیا لای ئەرستۆ ئاماژە نییە بۆ مەلەکەی خەیاڵی گشتی، لە شیکردنەوەی داتا درککراو وهەستییەکاندا بەڵکو ئەوجۆرە مەلەکە دیاریکراوەی، کە ئێمە هەمانە لەعەقڵدا بەرهەمی دەهێنین ،کە زیاتر بەهەستەکانەوە گرێدراوە"(عبدالحمید، ٢٠٠٩ : ١٤٠) بیرو خەیاڵی فانتازیا لای ئەرستۆ مەلەکەی خەیاڵ نییە، بەڵکو ئەو جۆرە مەلەکەیە، کە مرۆڤ هەیەتی، کە بە هەستەکانەوە گرێ دراوە. "لەکاتێکدا "تۆدۆرۆف" باس لە بنەماکانی فانتازیا و سەرسوڕمان دەکات، پێی وایە هەموو خەیاڵکردنێك و هەر واتایێك پەیوەست نییە بە فانتازیاوە، بەڵام هەموو فانتازیاییێك پەیوەستە بەخەیاڵەوە، پڕ بە واتای وشەوە"(ذیاب، ٢٠١٥: ٦٩) چەمکی خەیاڵ زۆر فراوانە، خەیاڵ زۆر لایەنی دەروونی زانستی لە خۆدەگرێت هەروەها بنەمایەکیشە بۆیان، فانتازیا بەشێکە لە خەیاڵ.

"خەیاڵکردن یان فانتازیا لای "ئەرستۆ" شتێکی ترە جیایە لە بیرکردنەوەو درککردن، خەیاڵکردن بەبێ بیرکردنەوە دروست نابێت هەروەها بیرکردنەوە دروست نابێت بەبێ وێنەی عەقلی، تواناکانمان لەخەیاڵکردنی کاتیدا، حەز بە بەرهەم هێنانی شتێك دەکەین لەبەر چاوماندا بێت، هەروەکو خاوەن بیرەوەرییە بەهێزەکان ئەوانەی وێنە و شتەکان لە مێشکیاندا ڕێکدەخەن، لەکاتێکدا وابەستەی گریمانە نین ڕاست بێ یان ناڕاست بێت."(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ١٤٠) خەیاڵ یان فانتازیا لای "ئەرستۆ"، بەبێ بیرکردنەوە دروست نابێت هەروەها بیرکردنەوە بەبێ وێنەی عەقڵی دروست نابێت، خەیاڵ و بیر پەیوەست نین بە گریمانە، ڕاست بێ یان ڕاست نەبێ. "ئاڵۆزییەکی زۆر لە بەکار هێنانی دەربڕینی خەیاڵدا هەیە لەوانەیە بە ناچاریی کەسی خەیاڵکردوو دووچاری هاتبێ ،خەیاڵ ،یان ئاندێشە "فانتازیا"یە لای ڕۆژئاواییەکان و لای کلاسیکە کۆنەکانیش، هەرچۆنێك بێت زاراوەکان بریتین لەمانە "وێنا، کاردانەوە، خواستن، ڕەمز، دروشم، پەند، پروپوچی وێنە، ئایکۆن، بت، . .هتد" زۆربەی نووسەران بەکاریان هێناوە، بەبێ جیاوازی کردن یەکیان لە بری ئەوی دیکەیان بەکار هێناوە" ( المصري، ١٩٩٤: ٥) خەیاڵ لای

ڕۆژئاواییەکان نزیکە لە فانتازیا، زاراوەگەلێك لەم بوارەدا بەکار دێت کە تایبەتن بە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ،ئەندێشەی مرۆڤ هۆکارێکە لە دروستکردن و درکپێکردنی فانتازیادا .

"بەم شێوەیە گرنگی خەیاڵ لەوەدایە، هەروەکو باختین دەڵێ:بۆ گەیشتن بەڕاستی نییە بەڵکو لە پێناوی گەیشتنە بەوەی لە پشتی پەردەیە،ئەوەی لە گشتیان گرنگترە تێگەیشتنە لە تاقیکردنەوە و پرسیارکردنە" (عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٠١) وخواست و ئاواتە کپبووەکانە، ئەو قەدەغە کراوانەی کە لە ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ناکرێت و ناشێت بە زەقی ناوزەدبکرێت ،یان وەکو خۆی هەیە باس بکرێت، خەیاڵ زیاتر لە پێناوی تێگەیشتن و تێگەیاندنە، زۆر جار ئەو خەیاڵە سادەیە کە مرۆڤ تیایدا ئازادە، بەرەو داهێنانی دەبات. ."ۆردس ۆرس کە بۆ یەکەم جار بیری لە خەیاڵ کردەوە پێی وابوو خەیاڵ" دووبارە هیوا بەخشە"دەربارەی بابەتێك دواتر بەلاڕێدابردنە.. .پێشبینی کردن و خەیاڵ دوو تواناو دوو چالاکی جیاوازن لە مرۆڤدا بە شێوەیەکی بەرفراوان، وەکو ئەوەی نا کە باوە و والێکی دەدەنەوە، دوو ناون لە یەك چەمکدا، بەڵکو یەکیان لە نزمترین توانا دایە ئەوی دیکەیان لە بەرزترین توانا دایە"( لؤلؤة، ١٩٧٧: ٤١)" خەیاڵ و پێشبینی دوو چالاکی جیاوازن، بەڵام لەیەك کایەدا پۆلێن دەکرێن کەچی یەکەمیان لە بەرزترین ئاستە. "دەقی خەیاڵی لەڕووی بنیاتەوە بەرەو جۆرێك لەیەکپۆشی دەچێت، پۆلێن کردنی بابەتە دووبارەکراوەکانە لە هەندێك شوێندا لەوانە: ا- نا مرۆیی، یاخود دۆخی نامرۆیی. ب- گۆڕین و گۆڕان ج- دووالیزم و دووانەیی . د- چاکە بەرامبەر بە شەڕ، ئەم بابەتە دووبارەکراوانە لەلایەن خۆیەوە لە چەند مۆتیڤێکی دووبارە کراوەدایە لەوانە: تارمایی - سێبەر - خوێنمژەکان- بەگورگ بووەکان - لێچووەکانیان - خاوەن بیرۆکە دیاریکراوەکان – بەسەردا سەپێندراوەکان – شوێنە داخراو و تێلبەندەکان – مرۆڤخۆر و دڕندە و گۆشت خۆرەکان.. هتد"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢١٥-٢١٦) دەقە خەیاڵییەکان لەیەك نزیکن وەکو یەك پۆشی وان هەروەکو پۆلێن کردنی بابەتە دووبارەکراوەکانن، لە نێوان دۆخی نامرۆیی و مرۆیی و گۆڕین و گۆڕان و دووالیزم و دووانەیی و چاکە بەرامبەر بە شەڕ، کە لەچەند مۆتیڤێکی دووبارە کراوەدایە لەوانە تارمایی، سێبەر، خوێنمژەکان، بەگورگبووەکان، بە گشتی فانتازیا هەر لە کەسێتیی و ڕووداو و شوێنی فانتازی، لە کەسێتیی و ڕووداو و شوێنی ئاسایی لە ڕۆمانی ئاساییدا جیاوازە.

"جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان خەیاڵی ئاسایی "داڵغە" و خەیاڵی قووڵدا ئەوەیە، خەیاڵی سەرەتایی یان ئاسایی بە ویستی خوود نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە توانای دەستبژێریمان نییە لە درککردندا، بەڵام خەیاڵی قووڵ پەیوەستە بە هۆش و درککردن، جیاوازییەکی دیکەی خەیاڵی قووڵ ناتوانێ بگات بەو یەکبوونە پەیوەستە، خەیاڵی سەرەتایی و خەیاڵی قووڵ لە بەرهەم هێناندا وەکو یەکن" (لؤلؤة، ١٩٧٧: ٥٢ -٥٣) خەیاڵی ئاسایی و خەیاڵی قووڵ جیاوازن لە یەکتری لە شوێنی دروست بوون و کاریگەرییان، بەڵام لە بەرهەم هێناندا وەکو یەکن. "هۆبز ڕەخنە لەو بیرۆکەیە دەگرێ کە دەڵێ: ئەوکردەیەی خەیاڵ کە لە ئەنجامی پێشوازی کردنی هەستەکانە لە وێنەو ئەو شتانەی کە ڕوودەدات، دواتر هەستەکان بە مەلەکەی وەهم دەسپێرێ ئەویش بە بیرەوەرییەکانی دەسپێرێ، دواتر ئەویش بە حوکمی بڕیاردانی دەسپێرێ" (عبدالحمید، ٢٠٠٩: ١٦٦) ئەو بەیەك سپاردنە کۆمەڵێك پرۆسەی یەك لەدوای یەکەی کە هۆبز ڕەخنەی لێ گرتووە بریتییە لەم هاوکێشەیە:

کردەی خەیاڵ ← هەستەکان ← مەلەکەی وەهم ← بیرەوەرییەکان ← حوکمی بڕیاردان.

له دوای ڕەخنه گرتنەکە: کردەی خەیاڵ ← پێنچ هەستەکە ← بیرەوەرییە تایبەتییەکان ← حوکمی بڕیاردان. کە لە کردەی خەیاڵەوە دەست پێ دەکات بۆ پێنج هەستەکان دواتر بۆ بیرەوەرییە تایبەتییەکانی کەسەکە لە کۆتاییدا حوکمی بڕیاردان، بەم پرۆسە یەك لە دوای یەکە خەیاڵ دروست دەبێت. "دراکۆلیدس بەم وتەیە کورتی دەکاتەوە دەڵێ: هونەرمەند هەوڵدەدات لە ڕێگای خەیاڵەوە حەزەکانی دەربخات. جیاوازی بە پێی بۆچوونی دەروونزانییەوە، لە نێوان "خەون بین و هونەرمەند و کەسێکی خەمۆکەوە"بۆ هەرسێکیان بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە واقیع و گەڕانەوە بۆ جیهانی خەیاڵ، لەگەڵ یەك جیاوازی، خەوبین لە دوای بینینی خەونەکە بە ئاگا دێت و دەگەڕێتەوە بۆ واقیع، هەروەها هونەرمەند لەدوای کارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ واقیع، بەڵام کەسی توش بوو بە خەمۆکی لەوانەیە بە شێوەیەکی فانتازی کاری داهێنان بکات."(الدروبی،١٩٨١: ٢٣٣) خەیاڵ ڕەگەزێکە لە ئەدەب، پەیوەندی بە تێن لە نێوانیاندا هەیە."کەس ناتوانێ ڕێگا لەخەیاڵ بگرێ...خەیاڵ بوونەوەرێکی ئازادە لە فڕیندا"(عبدالحمید، ٢٠٠٩ :٧) هەر خۆی ئەندێشە یەکێکە لە چوار ڕەگەزە سەرکییەکانی ئەدەب "بیر، سۆز ،ئەندێشە ، شێوە"مرۆڤ ئەگەر لە زۆر شتدا کۆیلە بێت و ئازاد نەبێت بەڵام لە خەیاڵکردندا ئازادە، چونکە خەیاڵی مرۆڤ لە هەر کاتێك و لە هەر شوێنێکدا بۆی فەراهەم بێت دەتوانێ خەیاڵ بۆ ئەو شتە یان بۆ ئەو بوونەوەرە بکات کە حەزی لێیە بێ ئەوەی کەس بزانێت و کەس لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، لە ناخی خۆیدا ئازادە، بۆیە کەسێك، یان دووان دەتوانن ئازادی کەسێك بوەستێنن یان پێشێل بکەن، بەڵام هەموو هێزی دنیا کۆبێتەوە ناتوانن بیرو باوەڕ و ئاواتی کەسێك ،کە لەناخیدایە بوەستێنن. هێزێکی سەربازی تۆکمە لە توانایدایە شوێنێکی بەرفراوان داگیر بکات، بەڵام هەموو هێزی دونیا کۆببێتەوە ناتوانێ ئەوەی لە خەیاڵ و هزردایە داگیری بکات. "ئیبن سینا کلیلی هێزی لێکدانەوەی خەیاڵ دیاری دەکات، ئەو هێزەی کە خەیاڵ کاری لەسەر دەکات دوو جۆرە: ئەوەی لە ڕێگای کەناڵەکانی دەرەوە درکی پێ دەکرێت، کە هەستەکانی وەك بیستن، بینینە هەروەها ئەوەی لەناوەوە درکی پێ دەکرێ ئەویش خەیاڵە، ئەو هەستە بەشدار بووانەیە کە لە پێنج هەستەکەدایە، خەیاڵ و وێنەکانە، کە لە هەستە بەشدار بووەکان تۆمار دەکرێت، هێزی خەیاڵ کردن، بەشێك لە خەیاڵەکان لێك گرێ دەدات، هەندێکیشیان لێکیان جیادەکاتەوە، بە پێی دەست نیشانکردن."( ذیاب، ٢٠١٥: ٤٩) ئەوەی لەدەرەوەدا هەستی پێ دەکرێت لە ڕێگای پێنج هەستەکانەوە، ئەوی دیکەیان لە ناوەوە مرۆڤە خەیاڵە.

"بەشێك لە فەیلەسوف و بیرمەندو زاناکان بە گومانەوە لە خەیاڵیان دەڕوانی، وابەستەی فێڵبازی زیندەخەون و تارمایی و خەونی ناخۆش و چیرۆکە خەیاڵییەکانیان دەکرد...بەڵام فەیلەسوفەکانی سەدەی حەڤدەهەم وەکو "هۆبز، دێکارت، ئیسبینۆزا"بەم چەمکانە ڕازی نەبوون کە بۆ خەیاڵ لێکدانەوەی بۆ دەکرا، بەڵکو خەیاڵیان زۆر لەوە بەگرنگتر دادەنا"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٩) خەیاڵ لە سەرەتاکانی بیرکردنەوە سەرەتاکانی مرۆڤ بە گومانەوە لە خەیاڵیان دەڕوانی وا بەستەی فێڵ و تەڵەکە بازییان دەکرد لە بەر ئەوەی زانست لە بواری خەیاڵدا ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوو، بەڵام لەسەردەمی هۆبز و دێکارت و ئیسبۆنزادا بەم زاراوەو چەمکانە ڕازی نەبوون. خەیاڵیان زۆر لەوە بەگرنگتر دادەنا، لەبەر ئەوەی زۆربەی زانست و داهێنانەکان لە سەرەتادا تەنها خەیاڵێکی سادە و ڕووت بوون، بەڵام دواتر ئەم خەیاڵە کە چووە بواری پراکتیکەوە گەشەی پێدرا بوو بە دیاردەیەکی بەرجەستە و زەبەلاح.

"جۆن دێوی دەڵێ: خەیاڵ توانای ڕۆچوونی لەڕادە بەدەری هەیە دوور لە کایەی داب و ڕەوشت و عەقڵی ئاسایی، خەیاڵ ئەو نەریتانە تێدەپەڕێنێ کە مرۆڤ لە جەوهەری خۆیدابوونی هەیە"(عبدالحمید، ٢٠٠٩ :٩) خەیاڵ کە سنوور و چوارچێوەی دیاریکراوی نییە گشت سنوورەکان دەبەزێنێ هەر لە داب و نەریت و ئەوەی زانست پێی گەیشتووە لە گشت بوارەکاندا، هەروەها خەیاڵ ڕۆچوونە لە دیاردە ڕاددەبەدەرەکان، هەروەها جۆن دێوی پێی وایە بەبێ خەیاڵ زۆر جار داهێنان دروست نابێت، خەیاڵ لە زانستدا پێگەی خۆی هەیە خەیاڵیش زادەی مێشکی مرۆڤە.

"چەمکی خەیاڵ بە پێی کات دەگۆڕێت، لەسەردەمە جیاوازەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە سەر بنەمای مەعریفەدا کە جڵەوی بەدەستەوەیە کاریگەری فەلسەفەو ئایین و زانستی بەسەرەوەیە" (ذیاب، ٢٠١٥: ٤٦) جگە لە سەردەم و جیاوازی ڕۆشنبیری ئایین و فەلسەفە و زانست گۆڕان و جیاوازی یان بەسەردادێت. "هۆبز لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی "التنین" یان "اللواتان" خەیاڵی بە جوڵەوە دەبەستێتەوە جوڵەی جەستە بەردەوامە هیچ شتێك نایوەستێنێت، ئەگەر جوڵەی دەرەوە بوەستێت، جوڵەی ناوەوە بەردەوام دەبێت، هەروەکو شەپۆڵی زێ وایە کە با دەیجوڵێنێ لە دوای وەستانی با جوڵەی هەردەمێنێ و ناوەستێت لە مرۆڤدا بە هەمان شێوەیە، جوڵەی ناوەوەی ئەندامانی جەستەی بەردەوام دەبێت لە کاتی ئەگەری وەستانی جوڵەی دەرەوەی، مرۆڤ خەون دەبینێ، یان لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ بابەتە دەرەکییەکانی لێ دوور بخرێتەوە یان لەدوای چاو نوقاندنی، وێنە بینراوەکە هەردەمێنێ بۆ چەند چرکەیەك، کە پێشتر بینیویەتی، بە بەراورد لەگەڵ ئەو وێنەیەی پێشتر، لێل و ناڕوونە. هۆبز دەڵێ: ئەوەیە مەبەستمان لەخەیاڵدا"(عبدالحمید، ٢٠٠٩ :١٦٣) "هۆبز" خەیاڵ و جوڵە بەیەك دەبەستێتەوە هەروەکو چۆن ئاو لە دەریا ،یان ڕووبار ،یان گۆم ناوەستێت بە هەمان شێوە جووڵەی مرۆڤ چ لە دەرەوە یان لە ناوەوە ناوەستێت، کاتێك مرۆڤ دەخەوێت یان بێهۆش دەبێت لە دەرەوە جەستەی دەوەستێت، بەڵام لە ناوەوەدا لێدانی دڵ و گورچیلەکانی و هتد.. لە جوڵەکردن ناوەستن. "هۆبز" خەیاڵ بە چاو نوقاندن یان بەستنەوەی بە پەرۆیێك، لە پێش بەستنەوەدا هەرچییەکی بینی بێت ماوەی چەند چرکەیێك وێنەکە بە لێڵی لە بەرچاویدا هەردەمێنێتەوە، شتی سەیرو سەمەرە دێنە بەرچاو،خەیاڵ سەرەتای دروست بوون و خەلق بوونی زۆربەی ئەفراندن و ژانرەکانە، خەیاڵ زۆر فراوانە و زۆربەی لایەنە دەروونییە ویستەکان و نەویستەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت، پەیوەندی نێوان خەیاڵ و فانتازیا زیاتر خەیاڵی نوسەرە بۆ مەزراندنی فانتازیا وەکو فەریاد ڕەسێك بۆزگار بوون لە چەق بەستنی بەشێك لە ڕووداوەکان.

## پەیوەندی فانتازیا بەڕێبازە ئەدەبییەکانەوە:

لای هەموان ئاشکرایە، کە ڕێبازی کلاسیزم یەکەم ڕێبازی ئەدەبییە ،کە پشت بە عەقڵ دەبەستێت، ئەوەی عەقڵ قبوڵی نەکات کلاسیزم ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام لە ئەدەبی کلاسیکی گریکەکان خەیاڵ و فانتازیا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرچاو دەکەوێت.ڕۆمانسیزم ،کە بە دووەم ڕێبازی ئەدەبی دێت، ئەو بیرو بۆچوونەی کلاسیزمی بە تەواوی ڕەتکردەوە و پشتی بە خەیاڵ و ئەندێشە بەست. هەروەها ڕێبازی ریالیزم کە پشت بە واقعییەت دەبەستێت، هەرشتێك سێ دووری نەبێت بە ریالیزمی نازانێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ریالیزمی سیحریدا دژ بە فانتازیاو خەیاڵ ناوەستێت. "ڕۆمانسیزمەکان ڕۆحانین، واتە

هەموو شتێك بەلای ئەوانەوە رۆح یان گیانیان تیایە هەتاوەکو شتی رەقیش، بەرد،رووبار و با، لەگەڵیان دەدوێن و بە قسەیان دێنن"(حسێن، ٢٠٠٧: ٩١)رۆمانسییەت زۆربەی خاسییەت و رەگەزەکانی، وەکو فانتازیایە، یان مەرج و بنەمای فانتازییان تێدایە، کەواتە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە. جیهانی سەروو سروشتی ئەوجیهانە داواکراوەی سوورریالیزمەکان بوو بۆ گەیشتن بە جیهانی ڕاستەقینە ئەویش لە ڕێگای خەون و خەیاڵەوە، زۆر جار مرۆڤ بە دەستی مەبەست خۆی بێدار دەکاتەوە، چونکە لە جیهانی بە ئاگایی بەو کاڵایە ناگات، کە چەپێنراوە لە ناخیدا هەر لە سەردەمی منداڵییەوە زەمینەو ژینگە نەڕەخساوە بۆ بە دی هێنانی بە ناچاری پەنا بۆ ئەم جۆرە خۆ بێدارکردنەوەیە دەبات بۆ گەیشتن بە حەزو ئارەزووەکانی. "پلەی دابەشبوون لە کەسێتی مرۆڤدا، جیاوازییەکەی لە نێوان واقیع و خەیاڵدا لاوازدەبێت، بەتایبەتی لە حاڵەتی کەسیەتی شیزۆفرینیادا" (تۆدۆرۆف،و.بو عەلام،١٩٩٣: ١٤٦)بۆ زانیانیاری زیاتر بڕوانە Angyal,in" "kasanin p.119 کەسانی توشبوو بە شیزۆفرینیا لە نێوان واقیع و خەیاڵدا زۆر جیاوازی ناکەن،خەیاڵ و پڕوپوچی زیاتر باڵ دەکێشێ بەسەر بیرکردنەوەیدا."لە مێژووی بیری ئەورووپادا لەماوەی چەند سەدەیەکدا خەیاڵ لە باشترین دیاردەکانی نێوانگیرییە لە نێوان شتە هەستییەکان و میسالییەکاندا، لە بەرامبەردا هێزی لە خشتە بردن وسەوداسەری کردنە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا بوو بە هێزی یەکەم لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٨) لای هەمووان ئاشکرایە کە خەیاڵ و لایەنە رۆحییەکان ڕەگەزێکی بنەڕەتیین لە رۆمانسیزمدا.لە مێژووی بیری ئەورووپادا نێوانگیرێکی باش بوون لە نێوان شتە هەستییەکان و روحییەکاندا.

"هونەریش بە هەموو پاژەکانییەوە لەلایەن نووسەرانەوە بۆ داهێنانی ئەدەبی سوودی لێ وەرگیراوە، جا ئەوەی دەتوانێت ئەو داهێنانە جوانتر و چێژدارتر بکا، تێکەڵکردنی فانتازیا و هونەرە لە ناو دەقی ئەدەبی. هەرچەندە فانتازیا هەڵقوڵاوی ناو واقیعە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت لەدەرەوەی واقیع فانتازیا بئافرێنرێت. بۆیە فانتازیا دواندنی چینە خەوتوەکانی ناومانە ئەو چینانەی ئارەزوو و خەیاڵە کوژراوەکانمان تییایدا خەوتوون، لەبەر ئەوەی بەبێ توانای پشکنینی قووڵی ناوەوە فانتازیایەکی کاریگەر و جوان بەرهەم نایەت کەواتە فانتازیا لە ناخی هەموو نووسەرێکدا بوونی هەییە، لێ کەسێکی دەوێت ئەو ئارەزووە لەناو ناخی خۆیدا بەئاگا بێنێتەوەو دەگەڵ واقیعی بگونجێ بۆ ئەوەی داهێنانی پێ بکا" ( مەنتك، ٢٠١١: ١٥٠) هونەر و ژانرە ئەدەبییەکان، سوود لە هەموو ڕەگەزەکان دەبینێت بە پێی ویست و خواستی نووسەر و خوێنەر بۆ رازاندنەوەو وەرگرتنی چێژو خۆشیی، زۆرجار نووسەر فانتازیا دەمەزرێنێ لەوانەیە خوێنەرێك یان چەند خوێنەرێکی بێ ئاگا بەم فانتازیاییە وەئاگا بێتەوە بە هۆی حەزی زۆری بۆ ئەم ڕەگەزەی ئەدەب. هەروەها لە ناخی خۆشیدا فانتازیا بوونی هەیە، بەڵام بێدار بۆتەوە پێویستی وەئاگا هێناوەیە.

" تیۆرەکانی فرۆید لە بواری دەروونشیکاریدا لە سەدەی بیستەمدا کاریگەری لەسەر ئەدەب و ڕەخنەدا هەبوو، لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوورریالیزم لە ئەدەبدا مرۆڤ بۆ تێکشکاندنی بەربەستە دەروونییەکان ،لەکاتی ئازادی دەربڕیندا شێوازی ڕەمز و ناهۆشمەندییەکانی بەکار دەهێنا "(عزام، ٢٠٠٣: ١٧) لای هەمووان ئاشکرایە، "فرۆید" کاریگەری هەبوو لە سەر ئەدەب و ڕەخنەدا، ئەگەر چی تیۆرەکانی لە لەبواری دەروونیدا بەکاردەهێنا ،بەڵام سوودی زۆری بە ئەدەب گەیاند بۆ نموونە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوورریالیزمدا، بەربەستە دەروونییەکانی لە ئازادی دەربڕیندا تێکشکاند بە هۆی بەکارهێنانی

شێوازێکی وەکو ڕەمزە ناهۆشمەندییەکان. "دەڵێن قەقنەز باڵندەیەکە دەسوتێت و قەقنەزێکی دی لە ژێر بوڵ و خۆڵەکەوە کەیەوە[خۆڵەکەیەوە]لە دایك دەبێت"( هەڵمەت، ٢٠١٠: ٣١) قەقنەس ئەو باڵندە ئەفسانەیە کە دەسوتێت و لە خۆڵەمێشەکەی قەقنەسێکی دیکە دروست دەبێت، "تزارا" قەقنەسی یەکەم دادایزمە و گوایە سورریالیزم لە خۆڵەمێشی قەقنەسی یەکەم، یان لە دادایزم سورریالیزم دروست بووە.

"بەم شێوەیە دەبینین سوریالیزم وەکو ڕێبازێکی دژ بە هەموو لۆجیك و عەقڵانیەتێك سەری هەڵدا، ڕێرەوی خۆی دیاری کرد، تاوەکو ئێستاش پەیرەوانی خۆی لە هەموو دنیادا هەیە و بەردەوامە و دەمێنێ.دەتوانین بە ڕێبازێکی هەمیشەیی لە قەڵەمی بدەین، چونکە ئەم ڕێبازە تەنیا پشت بە واقیع و تاك نابەستێ، بگرە پشت بەو هەستانە دەبەستێ، کە لە ناخی مرۆڤدا هەن. ئەو هەستانەی لە نائاگاییەوە دێن و شتی جوانمان پێ نیشان دەدات، وامان لێ دەکات کەلەم دنیایەدا بچینە دەرەوە"(مەنتك، ٢٠١١: ١٧) سوریالیزم، کە لەدوای دادایزم سەری هەڵدا، هەردووکیان لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم سەریان هەڵدا، لە دوای کاولکاری و نەهامەتییەکانی شەڕ، کە بارێکی گرانی لەسەر شانی ڕزگار بووانی شەڕ دروست کرد پێویست بوو ڕێگا چارەیێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی جارێکی دیکە توشی لەم جۆرە کارەساتە نەبێتەوە چ بە هۆی واقیعیەتەوە بێت یان بەهۆی خەیاڵی زێدەڕۆوە بێت و پێشی لێ بگرن، کار لەنێوان ئەم دوو حاڵەتە بکرێ بەبێ ئەوەی هیچ کامیان ڕەتبکرێتەوە.

"سوریالییەکان هەوڵی ئەوەیاندا بەسەرگەرمییەوە کەلێنی نیوانی کردار و خەون بسڕنەوە.. بۆ نووسینی ئەمجۆرە شیعرەو بەرجەستە کردنی ئەو چەشنە تابلۆیە داروەە سڕکەرەکانی وەکو تلیاك و ئەفیون و حەشیشەیان بە هۆکارێکی بنەڕەتی ورووژاندنی خەیاڵ و ئەندێشە و زیندەخەون و وڕێنەی جۆراو جۆر زانی شاعیرانی وەکو کۆرسۆ و کیزنبرغ وفیر لنکهیتی بە بەردەوامی دارو گەلێکی سڕکەر وەکو"ل.س.د" یاخود"ئەلماریوانا"یان دەخوارد و بەم تەرزە ڕەفتارە جیهانگەلێکی هیستریایی پڕ لە فانتازیا کارییان بۆ خۆیان دەستەبەر دەکرد و لە جیهان و ژیانی ڕاستەقینە و ئاسایی و باو دووردەکەوتنەوە" (هەڵمەت، ٢٠١٠: ٣١-٣٢) سورریالیزمەکان هەوڵی نەهێشتنی کەلەنی نێوان خەیاڵ و واقیعیان دەدا، ویستیان پاساوی ڕەوا بهێننەوە بۆ ئەمجۆرە ئەفراندنە لە خۆوەیە، بۆ ورووژاندنی خەیاڵ و ئەندێشە و زیندەخەون و وڕێنە بەشێك لە شاعیرەکان ئەم جۆرە ماددە سڕکەرانەیان بەکار دەهێنا ئەم ڕەفتارە جیهانێکی هیستریای پڕ لە فانتازیایان بۆ خۆیان دەستەبەر دەکرد، بەم شێوەیە لە جیهانی ڕاستەقینە دوور دەکەوتنەوە جیهانێکی پڕ لە خەیاڵ خۆشی بەخشیان دروست دەکرد.

ئەگەر سورریالیزم دژی لۆژیك و ڕێو شوێنی ئەدەبی و هونەری و ئەخلاقی وکۆمەڵایەتی و سیاسی بێت لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین دژی واقیعە. لێرەدا لەگەڵ فانتازیا یەك دەگرنەوە و هاوبەش دەبن لە بەشێك لە خاسیەتەکانیاندا سورریالیزمەکان کاریان لەسەر ڕۆح و خەون و ئەفسانە دەکرد پێیان وابوو کارکردن لەسەر ئەو ڕەوتەدا ئازادییەکی ڕەهایان پێ دەبەخشێ، سورریالیزم شۆڕشێکی ئەدەبی بوو لەسەر شتەباوەکان و دیاردە سواوەکانی کۆمەڵگا لە وانە دژی عەقڵ و لۆژیك دەجووڵانەوە. بە هەموو توانایان هەوڵیان دەدا لە لۆژیك و عەقڵ ڕزگاریان بێت یاری و گەمەی ئەدەبی جۆراو جۆریان پێشکەش دەکرد بۆ ئەوەی خوێنەر سەرقاڵ بکەن و لە جەنجاڵی عەقڵ و لۆژیك دووریيان کەنەوە. سەرهەڵدانی شیکردنەوەی دەروونی لە لایەن فرۆیدەوە کاریگەری زۆری کردە سەر سوریالییەکان، بەتایبەتی بێئاگایی و چەپاندن و

ئازاد کردنی ئارەزووەکانی دەروونی مرۆڤ، ئەمانە گشتیان بوونە کەرەستەو بابەتی باش بۆ سوریالییەکان.

"هەروەها چەندین رێچکەی دیکەی ئەمڕۆی وەك ریالیزمی سیحری"فەنتازی"و هی دیکەش..کە هەموویان هەر سەرچاوەی خۆیان لە واقیعەوە هەڵێنجاندووە، بەڵام بۆ دەربڕین پشت بە فانتازیا و توخمەکانی ئەفسانە و زێدەڕۆیی سەیر و سەمەرە دەبەستن.گابریل گارسیا مارکیز و ئیتال رۆکالڤینۆ و بۆرخیس..سەر بەم رێچکە تازانەی ریالیزمن."(پیربال، ٢٠٠٤: ١٠٩) ریالیزمی سیحری کەرەگەزێکی دیاری ریالیزمە، کۆمەڵێك نووسەری زۆر بەناوبانگی جیهانی ئەم بوارە لە پێشەوەی هەموویان گابرێل گارسیا مارکیز لە ساڵی ١٩٨٢ ز بەرهەمەکانی لە رۆمانی ریالیزمی سیحری دا بڵاو کردەوە. "بێگومان جیهانی ئەودیو واقیع وەکو زانایانی دەروونی ئاماژەیان پێداوە بەشێکە لە بوون، لێ دیار نییە، بۆیێ زانایانی دەروونناسی"سیگمۆند فرۆید ١٨٧٣-١٩٣٠" لە شیکردنەوە دەروونییەکانی خۆیدا بۆ زۆرێك لە نەخۆشییە دەروونییەکان، لادانە نەریتییەکان، گرێیە دەروونییەکانی ناخی مرۆ شیکردنەوەی ئەفسانە و دەقە ئەدەبییەکان. کەوەکو پاڵپشتی بوون بۆ تیۆرییەکانی خۆی و لەسەر دای ڕشت، گەیشتە ئەو ئەنجامەی پێوەندی دەنێوان بەرهەمی ئەدەبی و جیهانی ناوەوە هەیە"(مەنتك، ٢٠١١: ٢٢) بە ڕای زانایانی دەروونییەوە جیهانی سەروو سروشتی بەشێکە لە جیهانی بوون، بەڵام دیار نییە بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان و لادانە کۆمەڵایەتییەکان و گرێیە دەروونییەکانی ناخی مرۆڤ، فرۆید شیکردنەوەی ئەفسانە و دەقە ئەدەبییەکانی کردە پاڵپشتێك بۆ تیۆرییە دەروونییەکانی خۆی، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی هەیە لە نێوان بەرهەمی ئەدەبی و جیهانی ناوەوە.

"هەروەها "فرۆید "بایەخێکی یەکجار زۆری بە خەون و خەیاڵ داوە، کە دوو لایەنی گرنگی مرۆن. مرۆ بە هۆی خەون و خەیاڵەوە هەرچی پێشتر لە ناخیدا چەپێنرابێت بە هۆی ئەم ڕەگەزە سەرەکییەوە دەری دەبڕێ. لەم ڕێگەیەوە هەستەکانی خۆی بەرامبەر ژیان و دیاردەکان دەردەبڕێ. بەتاکە ڕێگەی دادەنێن بۆ گەیشتن بەحەزو ئارەزووە چەپێنراوەکان و پەنای بۆ دەبەن.بۆیەش سوریالییەکان پشتی تەواویان بە خەون و خەیاڵ بەستبوو، چونکو وا یان دەبینی مرۆڤ لەم جیهانی خەون و خەیاڵە تەواو ئازادە و ئازادییەکی ڕەهای هەیە دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی تێیدا هاتوچۆ بکا هەرچییەکی بوێت لە وێرا دەستی دەکەوێت" (مەنتك، ٢٠١١: ٢٢) لە ڕێگای تیۆر و شیکردنەوە دەروونییەکانی فرۆیدەوە کە خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد لە بواری خەوندا. چونکە ئەگەر مرۆڤ کۆیلە بێت و هیچ ئازادی نە بینیبێت لە خەون و خەیاڵدا ئازادە، هەموو حەزو ئارەزووە چەپێنراوەکانی بە رەهایی لە خەون و خەیاڵدا دەهێنێتە دی، ئەو ئازادییەی کە سوریالزمەکان مەبەستیان بوو لە ئەرزی واقیعدا بە دەست هێنانی ئەستەمە باشترین ڕێگا بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئازادییە خەیاڵە.ئالودەبوون و خەیاڵ دوو ڕێگاچارەی ئەو سەردەمە بوون. خەیاڵ سنووری نییە هەموو سنووورە دەستکردەکان و ئاسمانییەکان دەبەزێنێ، بەڵام خەون بە ویستی مرۆڤ نییە، هەرکاتێك بارودۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتیی و جەستییەکە فەراهام بێت لە پرۆسەیێکدا مرۆڤ خەون دەبینێت، کە درێژییەکەی چەند چرکەیەکە بەڵام رەهەندێکی فراوانی هەیە کەتیایدا ئازادی و هەندێك جاریش کابووس دەبینێت.لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین خەیاڵ سەرچاوەی سەرەکی سورریالیزمەو فانتازیاش پشت بەخەیاڵ دەبەستێت و لەم حاڵەتەدا فانتازیا و سورریالیزم پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.

## پەیوەندی فانتازیا بە خەیاڵی زانستییەوە:

هەموو کەسێتییە خەیاڵییەکان ڕووداوە خەیاڵییەکان و شوێنە خەیاڵییەکان، کە لە ڕۆمانەکان و داستانەکاندا زۆر بە چاکی بڕی تینویەتی خوێنەر ناشکێنن، بەڵام لە خەیاڵی زانستیدا زۆر بە سانایی خەیاڵەکان دەخرێنە ڕوو خوێنەر، یان بینەر دەتوانێت چێژ و خۆشی لێ ببینێت. بۆیە دەتوانین بڵێین:"خەیاڵی زانستی جۆرێکی فراوان و گشتگیرە لە داهێنان زۆرجار پێشبینییەکان خۆی لەسەر بنەمای زانست و تەکنۆلۆجیای سەردەم و داهاتوو بنیات دەنێت. نموونەی خەیاڵی زانستی لە کتێبە ئەدەبییەکان و کارە هونەرییە شێوەکارییەکان و کارە تەلەفزیۆنییەکان سینەماییەکان و ڤیدیۆییە نوێیەکان و شانۆ و ئامێری دیکەی میدیایی، زانستی ئاوێتە دەبن لە نێوان ڕەگەزەکانی خەیاڵی، کەلەواقیعی سەردەمدا بوونی هەیە هەروەها فانتازیا و ترس و ئەوەی پەیوەندی بەمانەوە هەیە لە خۆدەگرێت"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٥٣) خەیاڵی زانستی جۆرێکی دیکەیە لە خەیاڵ، کە تیایدا ئامێری تەکنۆلۆجیا ڕۆڵی تیادا دەبینێت و ئاوێتە دەبێت بە فانتازیا وترس و خەیاڵ. خەیاڵی زانستی زۆر فراوان و گشتگیرە لە داهێناندا؟ تەنها لە خەیاڵی زانستیدا ئامانجەکەی خۆی دەپێکێت، چونکە ئەم خەیاڵەی، کە لەناو ڕۆماندا هەیە دەتوانێ بڕی خوێنەر بشکێنێ لە لە بەدیهێنانی حەزەکانیدا، ئەوەی لە سەر ئەرزی واقیعدا نایێتە دی، لە خەیاڵی زانستیدا دەتواندرێت باشتر و ڕوونتر شوێنەکان و بوونەوەرەکان و ڕووداوەکان بەرجەستە بکرێت ."کۆلڕیدج خەیاڵ بە "ئامرازی هۆش" دادەنێت، بە ئاگاداری ویستەکان کاردەکات لە ڕاستیدا مرۆڤ دەتوانێ خەیاڵ ،وەکو مەعریفە سەیری بکات، لەبەر ئەوەی شاعیری مەزن فەیلەسوفە، پیشەگەری خۆی بە "شێوەیەک شییدەکاتەوە بە دەربڕینی دوور لە لۆژیك، بەڵکو پێکهاتەی هونەریی و ڕمزییە ،کە بەرامبەرە بە سەروو سروشت لای نووسەری ئاساییدا"(لؤلؤة، ١٩٧٧: ٦٦ -٦٧) کۆلڕیدج خەیاڵ بە ئامرازی هۆش دادەنێت، هەروەها بۆی هەیە خەیاڵ، وەکو مەعریفە سەیر بکرێت، خەیاڵی شاعیر وەکو فەیلەسوفە، شیکردنەوەکان دەربڕینەکانی دوور لە لۆژیکە.

"سۆڤان" بە شێوەیەکی ورد و نەخشە بۆ کێشراو لایەنەکانی جیاوازی لە نێوان خەیاڵی زانستی و فانتازیا لە سێ خاڵدا کۆدەکاتەوە: " ١- خەیاڵی زانستی لەگەڵ حیکایەتی سیحری و سەروو سروشتی فانتازیا پێکەوە هەڵناکەن، لە فانتازیا و سیحردا ئامانجەکان جێ بە جێ نابن، بەڵام لە خەیاڵی زانستیدا بە هۆی لۆژیکەوە ئامانجەکان جێ بەجێ دەبن. ٢- خەیاڵی زانستی لەگەڵ فانتازیادا لە واتای تارمایە ترسناکەکاندا یەك ناگرنەوە لە کاتێکدا حیکایەتی سیحری ڕەتی دەکاتەوە. ٣- خەیاڵی زانستی لەگەڵ داستاندا یەکناگرنەوە، خەیاڵی زانستی هەڵدەستێ بە چارەسەر کردنی دیاردەکانی سەردەمەکەی خۆی بە نمایش کردنی جووڵەکانی، لە ڕێگای بەکار هێنانی پێشخەری و پێشبینی لە ڕووداوەکاندا بە بەکارهێنانی شێوازی نوێ، بەڵام لە داستاندا ئەمە جێگیرە و نەناسراوە و کۆنە و بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی کۆن، لە شتە نامرۆییەکانەوە بۆ شتە مرۆییەکان دەڕوات، جیاوازی لێرەدا لە داهێنان و چارەسەر کردنە، ئەگەر فانتازیا پرسیارێك ئاراستەی جیهان و مرۆڤ بکات، خەیاڵی زانستی ئەم جۆرە پرسیارە ناکات، بەڵام پرسیار لە مرۆڤ دەکات لە چ جۆرە جیهانێکدا گوزەر دەکات، بۆچی و لەبەر چی ئەم مرۆڤە لەم جیهانە وایە" (حلیفي، ٢٠٠٩: ٦٩ -٧٠) سۆڤان فانتازیا لە خەیاڵی زانستی بە سێ خاڵ جیادەکاتەوە لە خاڵی

یەکەمدا: ئامانجی خەیاڵی زانستی لە سیحردا جێ بە جێ دەبێ بەڵام لە فانتازیا و سیحردا ئامانجەکان جێ بە جێ نابن. لە خاڵی دووەمدا: خەیاڵی زانستی لەگەڵ فانتازیادا لە واتای تارماییە ترسناکەکان یەك ناگرنەوە. لە خاڵی سێیەمدا: بە پێی ئەوەی خەیاڵی زانستی هەڵدەستێ بە چارەسەر کردنی دیاردەکانی سەردەمەکەی و پێشبینی بۆ داهاتوو، بەڵام لە داستاندا بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن. لە نێوان ڕووداوی ئاسایی و ڕووداوی سەروو سروشتیدا، یەکەمیان تێگەیشتنی ئاسانە بەڵام بۆ ڕووداوە فانتازیاییەکە پێویستی بە جێ بەجێ کردنی مەرجەکانی فانتازیاوە هەیە کە تۆدۆرۆف لە سێ خاڵدا کۆیان دەکاتەوە.فانتازیا و سیحر بە ڕەهایی وەکو یەک نین ،وێرای هاوبەشی لە ڕاڕایی و سەرسوڕمان دروست کردن ،سیحر لە خەڵەتاندنی چاو ،یان بینین لە فانتازیا جیادەکرێتەوە.

"هەندێ تابلۆی فۆتۆگرافی جۆراوجۆر بەکۆمپیوتەر لەلایەن زۆربەی هونەرمەندان لە جیهاندا ئامادە دەکرێت، لەمێژوودا وێنای مرۆڤ و باڵندەو باڵەخانەو دوورگە لە ئاژەڵان و فریشتە و ڕووەك وجۆری تر کە بەفڕین دێت و دەچێت، چەندین جوڵەو نمایشی ئازاد بە هۆی باڵەکانەوە لە بۆشایی خەیاڵدا نمایش دەکەن، چێژو خۆشی دەبەخشن"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٢)فانتازیا دەچێتە بواری زانستەوە کاتێك بە ئامێری کۆمپیوتەر دەقێکی مێژوویی، کە وێنای بوونەوەرەکان و باڵەخانەو دوورگە و ڕووەك، چەندین جووڵە و نمایشی ئازاد بە فڕین نمایش دەکەن و بابەتێك دەوروژێنن و خۆشی دەبەخشن.

"خەیاڵی زانستی، بنەمایەکە لە ڕەگەزەکانی پێشخەری و گرنگی بە داهاتوو دەدات، کاتێك دڵە ڕاوکە لە شتە خەیاڵییەکان دروست دەبێت، کاتێك بە ڕێگایەك لە ڕێگاکان لە زانستە هەنوکەییەکان دەردەچێت، تیایدا زانست و داهێنان بەرەو پێشەوە دەبات" (حلیفي، ٢٠٠٩: ٦٨) خەیاڵی زانستی یەکێکە لە بنەماکانی پێشبینی یان پێشخەری کە پێچەوانەی فلاشباکە .خەیاڵی زانستی زیاتر گرنگی بە داهاتوو دەدات وەکو دروست بوونی دڵەڕاوکە لە شتە خەیاڵییەکان،لە ڕووی تەکنۆلۆجیاوە پێشبینی بۆ داهاتوو دەکات و باس لەو زانستە دەکات کە مرۆڤ هێشتا پێی نەگەیشتووە.

"جۆرج تێرنەر"G.Turner"پێناسەیەکی گشتگیر بۆ خەیاڵی زانستی دەکات و دەڵێ:خەیاڵی زانستی ڕێگایەکی نوێ و جێگرەوە دەگرێتەبەر جیا لەو ڕێگایە گشتییە، کە زۆربەی ئەو ڕۆمانانەی، کە باس لە ڕاستییەکانی ژیانی مرۆڤ دەکەن، لە بەرامبەردا خەیاڵی نا واقیعی "فانتازیا"ی، کە ڕاستی بنەمای بوونگەراییە جێگیرەکان ڕەتدەکاتەوە، لە پێناوی خستنەڕووی خەیاڵێکی بێ سنوور.لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا، خەیاڵی زانستی پێشنیاری پەیڕەوکردنی ڕێگایەکی جێگرەوەیە لە شوێنی ڕاستییە جێگیرەکان وگرێدانی بە جیهانی ڕاستەقینەوە"( عزام، ٢٠٠٣: ٩) "تێرنەر" پێناسەیەکی گشتی و زانستی بۆ خەیاڵی زانستی دەکات، بەتایبەتی لە فانتازیادا کە واقیع ڕەتدەکاتەوە بۆ ئەوەی خەیاڵێکی بێپایان و ڕەها بێتە کایەوە، خەیاڵیش بنەمای ڕاستی تێدا نەبێت خوێنەر باوەڕی پێناکات.

ئایا خەیاڵی زانستی ئەدەبە یان زانستە؟ئەگەر هەردووکیان بێت بۆ نا!...ئەدەبی خەیاڵی زانستی جۆرێکە لە ئاشت بوونەوە و لێك نزیك بوونەوەی ئەدەب و زانست" (عزام، ٢٠٠٣: ١٠) ئایا ئەدەبی زانستی خەیاڵی، ئەدەبە یان زانست یان هەردووکیانە، ئەگەر هەردووکیانە واتایەك دەبەخشێ ئەویش ئاشت بوونەوەی ئەدەب و زانستە.

ڕووداوی فانتازی یان کەسێتیی فانتازی هەندێك جار بە گوتن و قسە و ڕوونکردنەوەو شیکردنەوە بەرجەستە نابێت بەڵام بە وێنە یان لە ڕێگای فۆتۆ ڕۆماندا کە ژانری ڕۆمان لەبری نووسین بە وێنە ڕووداو و کەسێتی و شوێنەکان دەخاتە ڕوو و باشتر و جوانتر بەرجەستە دەبێت، ئەم جۆرە ڕۆمانە بۆ خەیاڵی زانستی زەمینەیەکی باشە.داستان بە شێوەیەکی بابەتیانە خۆی لە فانتازیادا دەبینێتەوە "داستان لە ئەدەبدا بابەتیانە لەگەڵ فانتازیادایە، بە کەرستە کۆنەکانی و تیمەکانییەوە کە ڕەگ و ڕیشەکەی دەچێتە سەر فانتازیا لە هەموویان گرنگتر ڕەگی "مسخ"-بە واتای گۆڕاو دێت یان گۆڕینی وێنەی بوونەوەر بۆ ناشیرنتر لەوەی کە هەیە-ئارایشتکراوی تێدایە، کە دار کۆسۆڤان مەزراندوویەتی، داستان وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی میتافیزیکی کە لەگەڵ فانتازیادا ئەژمارکراوە نزیك لەیەك و لەژێر یەك ناو نیشاندا، بەرامبەر بە خەیاڵی زانستی، لەبەر ئەوەی داستان بۆ ڕابردووی دوورە بە جێگیری دەمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەر دانایێت، لە چەمکدا سروشتێکی نەگۆڕی هەیە" (حليفي، ٢٠٠٩: ٧٦) بە هۆی گۆڕاوەکانەوە، کە لە فانتازیادا وەکو بوونەوەر ڕووداوی سەروو سروشتی بەدی دەکرێ، کە لەگەڵ داستاندا ڕەگو ڕیشەیان لە یەك نزیکە هەروەکو "کۆسۆڤان" ئاماژەی پێکردووە داستان و فانتازیا ڕەگەزی سەروو سروشتییان تێدایە، داستان کە لە شێوەی خەیاڵی زانستیدا دەخرێتە ڕوو، هەروەکو ئەو فیلمە کارتۆنیانەی کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکرێن، دوو مەبەست دەپێکن یەکێکیان خوێندنەوەی داستان لە شێوەی شیعر بێت یان پەخشان، بە شێوەی خەیاڵی زانستی پەخش دەکرێت و زانست و خەیاڵ لە یەك کاتدا کۆدەبنەوە، دووەمیان ئەو فیلمانەی، کە لە شێوەی خەیاڵی زانستیدا دەخرێنە ڕوو، داستانەکە لەو درێژ دادڕییە ڕزگار دەکەن کورت و پوخت و چڕی دەکەنەوە، دواتریش ئەو خەیاڵانەی، کە لە داستانەکاندا بوونیان هەیە، ئەگەر لە شێوەی خەیاڵی زانستی پەخش نەکرێت تێگەیاندنی ئەو خەیاڵە بە عاشقانی ئەو ژانرە ئەدەبییە، ئەو چێژو خۆشییە نابەخشن، وەکو گرێ کوێرە دەمێننەوە فانتازیا کاری خۆی بەتەواوی ناکات. هەندێکجار خەیاڵی زانستی لە ململانێی سیاسی زلهێزەکاندا بەکار دێت تواناو هێزیی خۆیان نمایش دەکەن لە بەرامبەردا، نەیارەکانیان بچووك دەکەنەوە.

جۆرەکانی خەیاڵی زانستی بریتییە لە:"١- سێبەرپونك ئەو جۆرە لەخەیاڵی زانستی لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەرکەوت لە نێوان هەردوو زاراوەکەدا: یەکەمیان زانستی ڕێکخستنە دووەمیشیان:جیهانی شارە نوێیەکانە ٢- گەشتێك بە ناو زەمەندا"Time Travel"ئەم جۆرە چیرۆکانەی ،کە سەر بەم جۆرەن لە ماوەی هەردوو سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا دەرکەوتن، لە کارەکانی "ویلز" وەکو ئامێری ڕۆژگار،ئەم بابەتە بڵاو و ناسراوە لە چیرۆکەکان و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و فیلمە سینەماییەکاندا پەخش دەکرا. ٣- لە بری مێژوو، ئەلتارناتیڤی مێژوو"History Alternative"ئەم جۆرە چیرۆکە کارەکانی لەسەر بنەمای گریمانەییە ڕووداوە مێژووییەکان، کە تیایدا وەرچەرخان بە شێوەی جیاواز خراوەتە ڕوو،ئەم بەرهەمە بەکاردێت بۆ کارە تەکنیکییەکانی گەشت لە نێو ڕۆژگاردا بۆ گۆڕینی ڕابردوو، وەك چیرۆکی پیاوێك لە بەرزایی قەڵاتدا نیشتەجێیە"Castle High the The manin" لە دەرهێنانی "فیلیب دیك" کە تیایدا وێنای مێژوو دەکات وەکو ئەلتەرناتیڤ، کە ئەڵمان و ژاپۆن شەڕی دووەمی جیهانیان بردەوە، کە پێچەوانەکەی ڕاستە ٤- خەیاڵی زانستی سەربازی " SF Military" تیایدا کاری ململانێی ناوەخۆ و نەتەوەو هەروەها جەنگی نێوان دانیشتوانی سەرزەوی لەگەڵ هەسارەکانی دیکەدا،لێرەدا سەربازو سەرکردەکان پاڵەوانی لە جۆری خەیاڵیین، چیرۆك و فیلمەکانی، کە ووردەکاری چەکەکان و مەشقی

سەربازی و سرودەکان و مێژووی سەربازی لە تەکنۆلۆجیای سەربازیین، چیرۆکی شەڕکەرەکانی بۆشایی ئاسمان "Star hip troopers"دەرهێنانی هێلین."(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٦٥) جۆری دووەم لە هەردوو سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا لەڕێگای چیرۆك و زنجیرەی تەلەفزیۆنییەوە بڵاودەکرێتەوە.لە جۆری سێیەمیاندا وەکو ئەلتەرناتیڤێك بۆ مێژوو، چیرۆکەکانی لەسەر بنەمای گریمانەییە، رووداوە مێژووییەکان دەخاتە ڕوو، بە شێوەی جیاواز وەرچەرخان و خوازەی تێدایە. چوارەمیان خەیاڵی زانستی سەربازییە، تیایدا ململانێی ناوەخۆ و نەتەوەکان و شەڕی نێوان دانیشتوانی زەوی و هەسارەکانی دیکە کە پاڵەوان و کەسێتییەکانی خەیاڵیین ."خەیاڵی جوڵاو یەکەم هۆکارە بۆ لەدایك بوونی گشت پێکهاتەکانی دنیا، هونەرمەند بەرهەمی هزرو دڵ و ویژدانی بۆ دەخاتە گەڕ،ئەم خەیاڵە هێزێکی سادە نییە، زۆر قوڵترە لە ڕەهەندی هزری وتێگەیشتن لە جیهانی ڕۆح و بیر"( الديدي، ١٩٦٥: ١٣) خەیاڵی داهێنەری مرۆڤ بەگشتی لە سەرەتادا سادەیە، بەڵام دواتر بەرە بەرە بە هەوڵ و کۆشش بەرجەستە دەبێت لە ئەنجامدا دەبێتە واقیع."هونەرمەند پێش هەموو شتێك، خاوەنی خەیاڵ و خەیاڵکردنە، هەڵاوی ئاگر لە ڕۆحییەوە دەردەچێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی ژیان، خۆش خەیاڵی لای هونەرمەند پەیامی پێدەبەخشێ لەوەرگێڕانی دیمەنە سروشتییەکان بۆ وێنەی شیعری ڕێك و زیندوو"(الديدي، ١٩٦٥: ١٩) خەیاڵ بۆ هونەرمەند و نووسەر، کە پەیوەستە بە ڕۆحەوە مایەی بەرهەم هێنان و بەخشینی پەیامە، بەهۆیەوە دیمەنە سروشتییە زیندووەکان لە وێنەی شیعریدا بەرجەستە دەکات "٥- خەیاڵی زانستی کارەسات و دوای کارەسات " Apocalyptic stand po"کارەکانی لە کۆتایی شارستانییەت دێت، کە بەهۆی چەکی ئەتۆمییەوە سوتماك دەبێت یان بەهۆی پەتای لە ناوبەرو کارەساتە گەردوونییەکان هەروەها دەربارەی سروشتی ژیان لە دوای ئەم کارەساتانەدا. ٦- ئۆپەرێتی بۆشایی ئاسمان " Opera Space"زۆربەی کارەکان پەیوەندی بە دڵداری ڕۆمانتیکی یان میلۆدرامی هەیە، لە نێوان ئاوێتە بوونی خۆشی و ماتەم و دابڕاندا دەخولێتەوە، لە بۆشایی دەرەوەی ئاسماندا، پەیوەندی بە ململانێی نێوان دوو ڕکابەر یان دوژمن کە هەردووکیان توانای سەربازی تەکنۆلۆجیای باڵایان هەیە. لێرەدا مەڵبەند رووداوەکان و کەسێتییەکان و شەڕەکان و هێزەکان و بابەتە سەرەکییە دووبارە بووە کە خاوەن چوارچێوەیەکی فراوانە"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٦٥) پێنجەمیان ئەو کارەساتانە باس دەکات کە لە دوای شارستانییەت دێتە ئاراوە یان لە ئەنجامی بەکارهاتنی چەکی ئەتۆمی چەند جۆرە پەتایێك بڵاو دەبێتەوە و کاریگەری لە سەر دانیشتوانی سەر زەوی دەبێت.شەشەمیان ئۆپەرێتی بۆشایی ئاسمان، بابەتی دڵداری ڕۆمانتیکی و میلۆدرامییە لە ئاوێتە بوونی خۆشی و ماتەم لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە ململانێی نێوان زلهێزەکانەوە هەیە.

"دڕندە دەستکردەکان، هەوڵی دروستکردنی بوونەوەر دەدەن، کە گیانیان لە ئامێری فانتازیایی دروست کراوە، کە لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا زۆر زیادی کرد، پۆلێك دڕندە دەرکەوتن لە نموونەی ئاژەڵە دەستکردەکان، وەکو پڵنگی ئامێری و ئەسپ و سەگ و کەڵەشێر و باڵندە دەنگ خۆشەکان، کە چینە ئۆرستۆکراتەکان بۆ بەسەر بردنی کات بەکاریان دەهێنن بە زیرەکی و لێهاتوویی و ڕاهێنانیان لەگەڵ ژیاندا، لە هەموویان زیاتر ئەو مراویە سەیر و سەمەرەیە بوو کە خاوەنی دروستکردنی یارییە ئامێرە دەستکردەکانە بەناوی جاك دی فۆکاسۆن "Jacque de vaucason" لە ساڵی" ١٧٠٩-١٧٨٢"کە جوڵەی دەکرد و دەیخوارد و دەیخواردەوە بە شێوەیەکی وا ،کە زۆر لە ڕاستییەوە نزیك بوو."( عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٧٥)دڕندە دەستکردەکان ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانەن، کە لە ئامێری فانتازیایی دروست کراون

زۆر بەجوانی ئەم جۆرە فانتازیایە لە سەدەی هەژدەهەم زیادی کرد لە هەموویان زیاتر ئەو مراوییە فانتازیاییە بوو کە بووە جێگای سەرسوڕمان و سەرنج بەتایبەتی چینی ئۆرستۆکراتەکان بە زیرەکی بەکاریان دەهێنا لە هەمان کاتدا بۆ کات بەسەر بردن خۆشیان لێ دەبینی.

ئەم جۆرەی خەیاڵ لە ئەدەبی فانتازیادا بەکار هاتووە "خەیاڵی زانستی جۆرێکە لە دەربڕینی ئەدەبی، کە تیایدا شێوازێکی سەرنج ڕاکێش بەکار دێنێ، کە لەسەر بنەمای تواناکانی ئەو زانستەیە کە مرۆڤ پێی گەیشتووە، یان دۆزیویەتییەوە" (عزام، ٢٠٠٣: ٩) زانست ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشەکردندایە لەسەردەستی مرۆڤدا بە تایبەتی لە ئەدەبدا، کە لە هەوڵدایە بە شێوازێکی نوێ سەرنجی خوێنەرەکەی بۆخۆی ڕاکێشێ، خەیاڵی زانستی بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی تەکنۆلۆجیا ئاوێتەی ئەدەب بکات.

"ڕۆبەرت شۆڵز" دەڵێ: خەیاڵی زانستی شێوازێکی ئەدەبییە پەیوەستە بە مردنی واقیعییەت، ئەم پێناسەیە لەگەڵ ریالیزمی سیحریدا یەك دەگرنەوە" ( عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٥٩) خەیاڵی زانستی ئەو کاتە دێتە دی لە غیابی واقیعدا، چونکە ئەوەی لە خەیاڵی زانستیدا پێشکەشمان دەکرێت بنەمایەکی واقیعی هەیە بەڵام شێوێندراوە.

"لە ڕاستیدا "هۆگۆ گرنسباك" بوو ،کە ناوی لەم جۆرە ئەدەبە نا "خەیاڵی زانستی""Sceince Fiction" کە بە ڕێگایەکی خەیاڵی چارەسەری وەڵامی هەر پێشکەوتنێکی زانستی دەداتەوە، ئەگەر لە داهاتووی نزیك بێت یان دوور، هەروەها هیواکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات لە گریمانەی بوونی ژیانی ئاسمان و مانگی دەستکرد" (عزام، ٢٠٠٣: ٩) ڕێگای بەکارهێنانی خەیاڵی لە چارەسەرکردنی ئەو پرسیارانەی دەربارەی پێشکەوتنە زانستییەکانە کە وەڵامەکانیان بە ئەدەبی خەیاڵی زانستی دەداتەوە، تیایدا هیواکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات لە گریمانەی هەبوونی ژیانی ئاسمان و مانگی دەستکردا. "بەشێك لە نووسەرەکان گرنگیان بەم جۆرە ئەدەبە دەدا وەکو دار کۆسڤین"D.Suvin" گوتیان ئێستا گونجاوە قسە لەسەر ئەم جۆرەی ئەدەب بکرێت کە تایبەتە بە خەیاڵی زانستی بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو لقەکانی ئەم جۆرەی ئەدەبی وەکو گەشتە خەیاڵییەکان، پڕوپووچی، چیرۆکە سوپەرمانییەکان، چیرۆکەکانی زیرەکی دەستکرد و گەشتەکانی ڕۆژگار، ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کەسانی نەناسیاوی بێگانەی دەرەوەی زەویدا" (عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٦١) دار کۆسڤین کاتی ئەوە هاتووە کە باس لەو جۆرەی ئەدەب و لقەکانی ئەم جۆرەی ئەدەب بکرێت کە بریتییە لە گەشتە خەیاڵییەکان و پڕوپووچ و سوپەرمان چیرۆکەکانی زیرەکی دەستکرد و گەیشتن بە کەسانی دەرەوەی هەسارەی زەوی. "لەگەڵ ئەوەی مێژووی سەرهەڵدانی خەیاڵی زانستی تەنها سەدەیەکە بەپێی ئەوەی دامەزرێنەرانی وەك "ژۆڵ ڤێرنی""J.Verne" فەرەنسی و "ه.ج. "وێلزی" ئینگلیزی هاوچەرخن، ڕەگ و ڕیشەی بۆ حیکایەت و چیرۆکە میللییەکان دەگەڕێتەوە) (عزام، ٢٠٠٣: ٩) مێژووی سەرهەڵدانی خەیاڵی زانستی تەنها سەدەیێکە، دامەزرێنەرەکانیشی ژۆڵ ڤەرنی فەرەنسیی و ه. ج وێلزی ئینگلیزییە، کە ڕەگ و ڕیشەی خەیاڵی زانستی بۆ حیکایەت و چیرۆکە میللییەکان دەگەڕێتەوە.

خەیاڵی زانستی دەکرێتە دوو بەش: "خەیاڵی زانستی لق و جۆرەکانی:- ١- خەیاڵی زانستی قوڕس" Science FictionHard" خەیاڵی زانستی رەق: تایبەت بە فیزیا و کیمیا و گەردوون، جیهانی وەسفکردنی ورد کە تیایدا تەکنۆلۆجیای زۆر پێشکەوتوو بەکار دێت. ٢- خەیاڵی زانستی نەرم: " Soft

Science Fiction" ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای زانستی دەروونزانی و زانستی کۆمەڵناسی و ئابووری و زانستە رامیارییەکان و ئەنثرۆپۆلۆجییەکان، ئەو نووسەرانەی کە گرنگی بەم جۆرەی ئەدەب دەدەن ئۆرسۆلا گوین و فیلیب دیك و ڕای براد بۆری وهتد..ئەو نووسەرانەی کە لە کارکانیاندا جەخت لە کەسێتیی مرۆڤ و هەڵچوونەکانی و گۆڕانکارییەکانی دەکەنەوە.)(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٦٢ -٢٦٣) گشت جۆرەکانی خەیاڵی زانستی قورس کە زانستی تایبەت بە فیزیا و کیمیا و گەردوون و جیهانی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو بەکاردێت. خەیاڵی زانستی نەرم ئەویش ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای زانستی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و ئابووری و ڕامیاری و ئەنثرۆپۆلۆجی، لە نووسەرەکانیشیان " ئۆرسۆلا گوین و فیلیب دیك و ڕای براد بۆری ".

"ئەگەر داستانە کۆنەکان بۆشاییە ڕۆحییەکانیان لای مرۆڤ پڕکردبێتەوە لە سەردەمانی زوودا، مرۆڤی ئەم سەردەمە هیچ شتێك دەربارەی داستانە کۆنەکان نازانێت، کەچی خەیاڵی زانستی شوێنگرەوەی و جێ بەجێ کاری ئەو بۆشاییە بوو، هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەری هاوچەرخی دەدا کە سەرسامی دیمەنە ڕووکەشەکانی گەردوون و پێشکەوتنی زانستییەکان بێت. بەتایبەتی ئەو زانستانەی کە تایبەتە بە مرۆڤ"(عزام، ٢٠٠٣: ١٠) ئەگەر داستانە کۆنەکان لە سەردەمانی زوودا بۆشاییە ڕۆحییەکانی پڕکردبێتەوە لای مرۆڤ، بەڵام لە ئێستادا خەیاڵی زانستی شوێنگرەوەی و جێ بە جێکارییەتی هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەری هاوچەرخ دەدات، بۆ ئەوەی سەرسامکەری پێشکەوتنە زانستییەکان بێت بۆ مرۆڤ، بەتایبەتی زانایان کە بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەو پێشکەوتندان.

"لە ناو سیاقێکی خودی چیرۆکدا خەیالی زانستی جیاوازە لە فانتازیا، ڕەگەزەکانی خەیاڵی زانستی دەکرێ تەنها لە سیاقێکی یاسایی سروشتی سەپێنراودا زانستی بێت کەچی فانتازیا پابەند نییە بە یاساکانەوە لەبەر ئەوەی ئازادە تا ڕادەیەکی زۆر لە یاساکانی کات و شوێن و هۆکاری لۆژیکی زانستی. کارەکانی خەیاڵی زانستی دەنووسرێتەوە و وێنەی دەگیرێ لە سینەماو جۆرەکانی دیکەی میدیادا لە پێناوی زیندووکردنەوەی واقیعی دژواری یان جیاوازی لەو واقیعەی کە تیایدا دەژیین"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٥٤) بە پێی سیاق خەیاڵی زانستی و فانتازیا جیاوازن یەکەمیان لە میدیاکان زیاتر دەردەکەون بە هەموو جۆرەکانییەوە بەڵام دووەمیان زیاتر لە ڕۆمان و چیرۆکدا بەرچاو دەکەوێت، لەیەکەمیان بینەر توشی سەرسوڕمان دەبێت سوود و چێژی لێ دەبینێت لە فانتازیادا خوێنەر توشی ڕاڕایی دەبێت لە نێوان باوەڕکردن و باوەڕنەکردندا دۆش دادەمێنێ، لە یەکەمیان بوونەوەرەکان لەگەڵ ئامێر و تەکنۆلۆجیا هەڵس و کەوت دەکات بەڵام لە فانتازیادا لەگەڵ گۆڕاوەکان و بوونەوەرە سەروو سروشتییەکان و فریشتە و جنۆکە و تارمایی هتد..هەڵس و کەوت دەکات، لە هەمان کاتدا خەیاڵی زانستی پەیامی پێشکەوتنی زانست لەو بوارەدا دەگەیەنێت، لەلایەکی دیکەوە بوونەوەرو شوێن ڕووداوی فانتازی بە "شێوەیەکی زانستی دەهێنێتە بەرچاوی بینەر.

"ئەوەی خەیاڵی زانستی مەزراندن بۆ دیاردە سەرسوڕهێنەرەکان دەکات، کاتێك پەیوەست دەکرێت بە زانستی نوێ کە زۆر بڵاو بۆتەوە، جۆرە باوەڕ پێکردنێکی پێ دەبەخشێ لەسەر ئاستی جیهاندا هەندێك کۆمەڵە هەن باوەڕیان بەم دیاردانە هەیە، پێشبینی بۆ داهاتوو لە ڕێگەی خوێندنەوەی لەپی دەست، فینجانی قاوە، وەرەقەی کۆنکان، هەروەها کەشی سیحری، ئامادەکردنی بیروباوەڕە ڕۆحییەکان، پەرستنی شەیتان، کە لەسان فرانسیسکۆ کەنیسەیان هەیە و یاسای ویلایەتی کالیفۆرنیا دەیان پارێزێ"(عزام، ٢٠٠٣: ١٦١) کاتێك دیاردە سەروو سروشتییەکان لەگەڵ خەیاڵی زانستیدا دەردەکەون یان ئاوێتە دەبن جۆرە

باوەڕێك و متمانەیێك لای خوێنەر دروست دەكات، خوێندنەوەی لەپی دەست كاتێك دەبێتە دیاردە یان پێشبینی كردنەكە وەڵامدانەوەی دەبێت، متمانەو باوەڕ لای وەرگر دروست دەبێت، فینجان خوێندنەوە و وەرەقەی كۆنكان، یان پەرستنی شەیتان لە سان فرانسیسكۆ شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە و پارێزگاریان لێ دەكرێت.

"ئەم جۆرە لە خەیاڵی زانستی پەیوەستە بە داهاتووی نزیك، شوێن و پێگە ڕووداوەكانی دژی یۆتۆپیا و دیستۆپیایە، زۆر جار بابەتەكانی دووبارە پەیوەست بە تەكنۆلۆجیای زانیاری پێشكەوتوو، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئینتەرنێتەوە هەیە واقیعی سەپێنراو ناوی لە پێگەكە ناوی فەزای سەپێنراو"Cyerspace"لە ناو ئەم جۆرەیاندا ئەوەی پەیوەندیدارە بە زیرەكی دەستكرد وخەڵق كردنی بوونەوەرەكان و لەبەرگرتنەوە و ئۆپەراس ڕۆنی بەكار بردنی كۆمەڵگاكانی دوای دیموكراتییەت، تیایدا دامەزراوە زانستی و ئابوورییەكان و سەربازییە گەورەكان، كە زاڵن بەسەر حكومەتەكاندا كە لەلایەن نووسەرە باڵاكانەوە ئاراستە دەكرێن لەوانە ولیەم جبسون لە چیرۆكی "Neuromancer"كە بۆ ئەم جۆرە دامەزراوە هەروەها بروس ستیرلینگ و هتد.."(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٦٤) ئەم جۆرە لە خەیاڵی زانستی پەیوەستە بە زانستی داهاتووی نزیك پێگە و ڕووداوەكانی دژی یۆتۆپیا و دیستۆپیایە، زانیارییەكانی گرێدراوە بە تەكنۆلۆجیای زانیاری پێشكەوتوو كە ئینتەرنێت یەكێكە لەوانە بە واقیعی سەپێنراو و فەزای سەپێنراوە، كە زیرەكی دەستكرد و خەلقكردنی بوونەوەرەكان و لەبەرگرتنەوە، باس لە كۆمەڵگای دوای دیموكراتییەت دەكات كە تیایدا دامەزراوە زانستییەكان و ئابوورییەكان و سەربازییەكان، كەزاڵن بەسەر حكومەتدا كە لە لایەن نووسەرە گەورەكانەوە ئاراستە دەكرێن.

""تۆدۆرۆف" خەیاڵی زانستی سەربە فانتازیا ئەژمار كرد، بە پشت بەستن بە كۆمەڵێك دیاردەو تایبەتمەندی، بەڵام داركۆ سۆڤان "Darko Suvin" خەیاڵی زانستی بە دژی فانتازیا دانا لەو چوارچێوەیەی كە پێی دەڵێ خەیاڵی واقیعی، بە واتای ئەوەی سۆڤان خەیاڵی زانستی و واقیع بەیەكەوە گرێ دەدات و لەگەڵ فانتازیا لێكیان جیا دەكاتەوە" (حلیفي، ٢٠٠٩: ٦٨) خەیاڵی زانستی بە پێی مەرجەكانی تۆدۆرۆف یەكێكە لە جۆرەكانی فانتازیا كەچی "داركۆ سۆڤان" خەیاڵی زانستی بە دژی فانتازیا دادەنا لەو چوارچێوەیەی خەیاڵی واقیعیدا بە پێی ئەو واتایەوە بێت سۆڤان خەیاڵی زانستی واقیعی بە یەكەوە گرێیان دەدات و لە دژی فانتازیایان دادەنێ.

"سۆڤان خەیاڵی زانستی و واقیع لێكگرێ دەدات، بەڵام بە مەرجێك پەیوەندی لەگەڵ فانتازیادا بپچڕێنێت لە دوای ئەوەی، كە "تۆدۆرۆف" ڕوونی كردەوە، كە تێكەڵاوییەك هەیە لە نێوانیاندا لەبەر ئەوەی لە حیكایەتی فانتازیادا پاڵەوان هەندێك كەلو پەلی سیحری بەكار دەهێنێ وەكو چاویلكە و ئاوێنەی پێچەوانەكەرەوە و هتد..گشتیان كەل و پەلی خەیاڵی و زانستین" ( حلیفي، ٢٠٠٩: ٦٨ ) "سۆڤان" خەیاڵی زانستی و واقیعی لە یەك گرێ دەدات، بەڵام بە فانتازیای دانانێت كەچی تۆدۆرۆف پێی وایە تێكەڵاوییەك لە نێوانیاندا هەیە لە بەر ئەوەی پاڵەوان لە فانتازیادا هەندێ كەل و پەلی سیحری بەكاردەهێنێ وەكو چاوێلكە و ئاوێنەی پێچەوانەكەرەوە و كەل و پەلی خەیاڵی و زانستیش.

"خەیاڵی زانستی لەسەدەی نۆزدەهەمدا لە فەڕەنسا بە خەیاڵی زانستی ناودەبرا و كاری سەروو سروشتی ئەنجام دەدا جۆرێكە لەو چیرۆكانەی كە موگناتیسی "Magnetisme"تێدا بەكاردەهات و لەبەر ئەوەی

توانای لێکدانەوەی زانستی بۆ کۆمەڵێك دیاردەی سەروو سروشتی دەکرد و خۆشی لە دیاردە سەروو سروشتییەکان بوو"(تۆدۆرۆف،و.بو عەلام ،١٩٩٣: ٩٥) خەیاڵی زانستی پەیوەندی بە فانتازیاوە هەیە، لەتوانایدا هەیە کۆمەڵێك کاری سەروو سروشی ئەنجام بدات."ئەگەر فانتازیا لەلایەن مرۆڤی هاوچەرخەوە گرنگی پێ بدرێت لە چوارچێوەی چرکە ساتی سەیرکردنی غەم و ناخۆشییەکانی لە گۆشەنیگای ناوەوە و دەرەوەیدا پێچەوانە دەبێتەوە، خەیاڵی زانستی گرنگی بە دوا ڕۆژ مرۆڤ و کۆمەڵگای داهاتوو دەدات.بە واتای پێشبینی و گریمانە"احتمال"کرۆکی نووسینە خەیاڵییە زانستیەکانن، بەواتای ئەوەی پێشبینی لە چیرۆکی خەیاڵی زانستیدا ئامانجێکی دیارە پلەیەکی زانستی وەدەست دەهێنن لە هەمان کاتدا پلەیەکی بەرزی ئەدەبی بە دەست دەهێنن" ( حليفي، ٢٠٠٩: ٦٩) خەیاڵی زانستی گرنگی بە دواڕۆژی مرۆڤ و کۆمەڵگای پێشبینی کراوی داهاتوو دەدات، گریمانە کرۆکی نووسینە خەیاڵییە زانستەکانە دواتر ئەدەبێکی پایەبەرز پێشکەش دەکات. "هۆفمان و ئەدگار ئالان پۆ بەردەوام بوون لە چیرۆکی فانتازیایی دوو جۆر چیرۆکیان بەرهەم هێنا: "چیرۆکی پۆلیسی"، "چیرۆکی زانستی" کە دوای گەشەکردنی بوو بە "خەیاڵی زانستی""Science Fiction"ناسراوە ئەمڕۆ کەلە چیرۆکی فانتازیایی پەیدا بووە"(محمد عزام، ٢٠٠٣: ٢١) هۆڤمان و ئەدگار ئالان پۆ دوو جۆر چیرۆکیان بەرهەم دەهێنا پۆلیسیی و چیرۆکی زانستیی کە لەدوای گەشەکردنیدا بوو بە خەیاڵی زانستیی لە چیرۆکی فانتازیایی دروست بووە. "مەزندە و پێشبینی بەهایەکی بنەڕەتیان هەیە بۆ ئاشکراکردن و ئاگادار بوونەوە لەوەی لە ئێستادا بوونی هەیە، هیوا خواستن بۆ داهاتوو. داهێنەر لەم بوارەدا هەوڵ دەدات واقیعی ئێستا پشتگوێ بخات، کە لێیەوە دەستی پێکردووە، بە خەیاڵی خۆی بچێتە وتوێژێك لەگەڵ شتە نوێیەکان و مرۆڤە نوێیەکان لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات وێنای خەیاڵێك بکێشێت تیایدا کۆمەڵگای داهاتوو لە مرۆڤ و لە جیهان بگەیەنێت" (حليفي، ٢٠٠٩: ٦٩) پێشبینی کە بنەمایەکە لە خەیاڵی زانستی لە هەوڵی وێنا کردنی خەیاڵێکە تیایدا واقیعی ئێستا پشتگوێ دەخات و گرنگی بە کۆمەڵگای پێشبینی کراو دەدات، لە داهاتوودا.

## پەیوەندی فانتازیا بە یۆتۆپیاوە:

یۆتۆپیا ئەو جیهانە نموونەییەیە، کە مرۆڤ خوازیارییەتی، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا ئەستەمە رەنگە لە داهاتوودا بەدی بێت، یۆتۆپیا وێنای جیهانێکی نموونەیی دەکێشێ، کە لە ئێستادا بوونی نییە. "زاراوەی یۆتۆپیا "Utopique"لە بنەڕەتدا گریکییە، "مەجدی وەهبە" لە فەرهەنگەکەیدا بە دوو وشەی لێکدراو "Ou"بە واتای نەخێر، یان نا وشەکەی تر"Topos"بە واتای شوێن دێت، لە زمانی عەرەبیدا "اوطوبيا".لای نووسەر "ناصر الحاني" واتای بە باشترین شوێن دەگەیەنێت. هەروەها بە جۆرێکی ئەدەبیش دەگوترێت بە ناوی ئەدەبی یۆتۆپی بە واتای ئەدەبی سیاسی نموونەیی دێت، تۆماس مۆر "Sir Thomas More" لە ساڵی ١٥٣٥ دا یەکەم کەس بوو، کە زاراوەی یۆتۆپیای بۆ ئەم جۆرەی ئەدەب دانا، کە بە کۆمارە نموونەییەکان وەسف دەکرێت، "Utopia" بریتییە لە بەراورد کردن لە نێوان کۆمەڵگای ئینگلیزی و کۆمەڵگای خەیاڵی لە دورگەی یۆتۆپیادا..کۆمارەکەی ئەفلاتون بەڕەهایی بە گرنگترین یۆتۆپیای کلاسیکی دەژمێردرێ. "(علاوی، ٢٠٠٥: ٧٣)هەردوو جیهانی یۆتۆپیاو و دیستۆپیا لە جیهانی واقیعیدا بوونیان نییە بەڵام خەیاڵی نوسەر بۆ مەرامێك دروستی دەکات، کە لە خزمەت رۆمانەکەیدایە "نووسەر هەیە لە نێوان ئەو کارانەی، کەلە جۆری جیهانی نموونەیی یۆتۆپیا، یان دیستۆپیا

جیهانی دژ و جیهانی نموونەیی. هەروەها لەنێوان خەیاڵی زانستی بە جیاواز دەبینن چیرۆکی وەك "گالیڤەر لە وڵاتی کورتە باڵاکان" ی نووسەر "ستیڤنسن لاوریك" و جیهانێکی نوێی بوێر خۆی لە خۆیدا لەم جۆرەیە، ئەگەر ئێمە ئەم وتەیە بە ئەمانەتەوە وەرگرین وێڕای نەبوونی ڕەهەندی زانستی لەم کارانەدا بە ڕاددەیەکی زۆر، لەگەڵ بوونی ڕەهەندی سیاسی و خەیاڵی بە ڕاددەیەکی زۆر"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٦٣) لە نێوان یۆتۆپیاو دیستۆپیادا یۆتۆپیا جیهانی نموونەیی لە باشترین شێوەی نموونەیی دەخاتەوە، بەڵام دیستۆپیا جیهانی نموونەیی لە خراپترین نموونەی خەیاڵی نەگونجاو دەخاتە ڕوو، زۆر جار ئەم نموونەیە رەهەندی زانستییان نییە. هەروەها لەرەهەندی سیاسیی و خەیاڵی بە ڕاددەیەکی زۆر بۆ شکاندنی کەسێتییە سیاسییەکان بەکار دێت. "لە دوای تێگەیشتن لە چەمکی یۆتۆپیا، پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا پەیوەندی چییە لەگەڵ فانتازیادا؟کە پشت بە ڕاڕایی و سەرسوڕمان دەبەستێت و ترس و تۆقان بڵاو دەکاتەوە.."محەمەد بەڕادە" دەڵێ: فانتازیا تەنها لە رووی وتارو قسە و زمان جیا ناکرێتەوە، بەڵکو تێڕوانینێکی جیاواز بۆ شتەکان دەکات بەر لە خوێندنەوەی... یۆتۆپیا بیری داهێنان و شوێنی نموونەیی، کە تیایدا ڕووداوەکان ڕوودەدەن، بینای کۆمەڵگایەکی نموونەیی بنیات دەنێت، کە زۆر لەوەی ئێستا پێشکەوتووترە، غیاب و نەبوونی شوێن، کاری یۆتۆپیا پەك دەخات."(عەلاوی، ٢٠٠٥: ٧٥) پەیوەندی هەیە لە نێوان فانتازیا و یۆتۆپیادا، لە فانتازیادا ڕاڕایی و زیندوویی کەسێتیی ڕووداو و شوێن دەبێ متمانە و باوەڕ لای خوێنەر دروست بکەن و مەرجن، بەڵام لە یۆتۆپیادا شوێنی نموونەیی مەرجە. "شعێب حلیفی دەڵێ:بەرجەستە بوونی شوێنی خەیاڵی بە چڕیی لە کتێب و بڵاوکراوە کۆنەکاندا، یەکێك بوو لە هاندەرەکانی نووسینی یۆتۆپیا، هەروەکو لای مەسعودی "مروج الذهب"دا، لای "الغرناطي" دا"تحفة"، لای الادریسی"النزهة" و گەشتەکانی سندباد لە هەزارو یەك شەوە، لە شاری زیویندا"(علاوی، ٢٠٠٥: ٧٥-٧٦) یۆتۆپیاو دیستۆپیا هەروەکو بەشێك لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەبە رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە ئەفسانە کۆنەکان، کە لە هەزار و یەك شەوە و گەشتەکانی سندبادا بەرچاو دەکەون.

## پەیوەندی فانتازیا بە خەون :

خەون ،ئەو پرۆسە خۆنەکردەیە،کە لە ئەنجامی هەڵکشان و داکشانی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ دێتە ئاراوە ،کە لە ماوەی پێش بینینی خەونەکەدا پێیدا تێپەڕیوە. "فرۆید" دەربارەی خەون دەڵێ:"جێ بە جێکردنێکی رازیکەرانەی ئارەزووە چەپێنراوەکانە، خەون وەك هەردیاردەیەکی دەمارگیری هەوڵی گونجاندنی نێوان پاڵنەرە چەپێنراوەکان و "بەرگریکردن"ی خود لە خۆدەگرێت، ئەوەش نموونەیەکی جوانە بۆ ئەو پرۆسانەی، کە لە چینەکانی ناوەوەی نەست و دەروونەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت."(قاسم حسێن ساڵح، و. لەعەرەبییەوە عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، ٢٠٠٢: ٢١)ئارەزووە پاڵنەرە چەپێنراوە بەدی نەهاتووەکانە لە لایەك و بەرگرییە خودییەکان لەلایەکی دیکەوە گونجاندنیان لە پرۆسەیەکدا کە خەونە."لە خەودا خەون دەبینرێ کەلەلای "هۆبز"دا جۆرێکە لەخەیاڵ لە ئاکامی وروژاندنی ئەندامانی ناوەوەی مرۆڤدا ڕوودەدات لەکاتی نووستن، یان جوڵەدا .بەم شێوەیە مرۆڤ هەست بە ساردی دەکات، بە هۆی بینینی خەونی ترسناك، بەهۆی گەرمایەکی زۆرەوە کابوس دەبینێت لە خەوندا"(عبدالحمید، ٢٠٠٩ :١٦٥)"هۆبز" بینینی خەون لە خەودا بە جۆرێك لە خەیاڵ دادەنێ خەون زۆرجار لە ئەنجامی وروژانی ئەندامانی ناوەوەی بە ورژێنەرێك خەون پەیدا دەبێت، یان بە هۆی

ساردی ،یان گەرمایییەکی زۆرەوە لە کاتی نووستندا خەونی ترسناك و کابوس دەبینێت. هەندێك جاریش بەبینینی دیمەنێکی ناخۆش، یان هەبوونی گرێیەك ،یان خواردنی خواردەمەنی زۆر نووستن لەسەریدا، یان نووستن لەسەر گازەری پشتدا.. هتد ئەم جۆرە خەونە دەبیندرێت. ""فرۆید" رەگەزەکانی خەون بە دوو جۆری بنەڕەتی جیا لێکدەداتەوە، نیشانەیی(وەکو دالێك، کە پەیوەندییەکی لەخۆوە، یان بژاردەیی لەگەڵ مەدلوولەکەیدا هەیە، بۆ نموونە وەك کێشمانێك، دوورخستنەوەیەکی درکەیی "میتۆنیمی")وسیمبۆلی (کە وێکهاتنەوەکەی هونەری وەبیرهێنانەوەو لێکچوونە، وەك خواستن "میتافۆر" لێکدانەوەی نیشانەیی ئەوەندە پابەندی شیکارییەکە نییە وەك شیکاریکراو، ئەوەندەی هی خەون خۆیەتی لەنێوان ئەو بیرهاتنەوە ئازادانەوە ،کە بەدەوری ڕەگەزێکی مانیفێستی خەونەکەوەن. مانای رەگەزێکیش پابەندی دانانە کۆنتێکستییەکەی نییە لە خەونەکەدا وەك هەمەیەکی (کل) تەواو بوو، بەڵکو سەرجەم لەلایەنی دەروونی خەونەکەدایە، ئەم هەڵوێستەش پەیوەندیی بەرەگەزەکانی ترەوە هەیە، کە لەدەرێ هەر یەکێك لەو خەونانەن."( محەمەد، ٢٠١٥-٢٠١٦: ٦٦) لێکدانەوەی خەون بە پێی بۆچوونی فرۆیدەوە، بە دوو جۆر دەبێت، دال و مەدلوولە، ئەوەندە گرنگی بە شیکاری نادرێت، وەکو مانفێستی خەونەکە، یان بەشێك لەگشت لێکدانەوەی بۆ ناکرێت، بەڵکو وەکو گشت بەیەکەوە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

"پەیوەندی گەورەکردنی وێنە لە ئاوێنەدا، هەروەکو ئۆتۆڕانك "Otto Rank"دەڵێ: وەکو دابەش بوونەکانی ڕاناوی "من" و پەرتەوازە بوون وایە. .. وڕێنە لە خەون دروست دەبێت. هەروەها خەون لە وڕێنە لە دایك دەبێت...لە زانستی دەروونزانی ئیکلینیکیدا بە هەردوو بەشە گەورەکەیەوە تێبینی دەکرێت:لە نەخۆشییە عەقڵییەکان و وڕێنە و نەخۆشی دەروونی – گرێی دەروونی، کە هەردووکیان نەخۆشی شیزۆفرینیان، کە بە نەمانی، یان دابەش بوونی کەسێتیی ناسراوە، ئەم جۆرە کەسێتییانە گشتیان لە کەسێتییە فانتازیاکاندا بوونیان هەیە"( حلیفي، ٢٠٠٩: ٨٤) ئۆتۆڕانك پەیوەندی گەورەکردنی وێنە لە ئاوێنەدا بەراورد دەکات لەگەڵ دابەش بوونەکانی ڕاناوی مندا لەرووی واتاوە، دووانەی وڕێنەو خەون و نەخۆشییە عەقڵییەکانی وەك خەمۆکی و (ذهاني و عصابی) کە نەخۆشی شیزۆفرینیای لێ دەکەوێتەوە ئەمجۆرە کەسێتییە نەخۆشانە، لە کەسێتیی فانتازیاییەوە نزیکن.

""هۆبز" درێژە بەبیرۆکەکانی دەدات دەربارەی خەون بۆ بابەتی تارماییەکان و خەیاڵە ترسناکەکان، کە پەیوەست دەبێ بە هەستکردن بە ترس، کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات بەرلە خەوتن. ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە خەون، بەڵام مرۆڤ لەجۆرێکی تایبەتدا خەون دەبینێ، لە نێوان زیندەخەون و خەوتندا. لێرەدا مرۆڤ زۆر دڵنیا نییە خەوتوە، یان بە ئاگایە. ..ئەم جۆرەیان لەکاتی شەو لەتاریکیدا شتی پڕوپووچ و تارمایی دەبینێ و تووشی واهیمە دەبێت لەوکاتانەدا تارمایی و مردووی زیندوو دەبینرێن تەڕاتێن لە کەنیسەکان و گۆڕەپانەکاندا دەکەن لە شەودا، بەڵام کەسی خەون بین بێ دەسەڵاتە"(عبدالحمید، ٢٠٠٩: ١٦٥)خەون بینین لە نێوان زیندە خەون و خەون بینیندا زۆرجار مرۆڤ هەر لە کاتی ئەو هێنان و بردنەدا نازانێ ئەو کابووسەی، کە دەیبینێ ئایا ڕاستە یان خەونە؟، کەسەکە پێی وایە بە ئاگایە بۆ تاقیکردنەوەی خودی خۆی هەوڵدەدات خۆی تاقی بکاتەوە دەستی یان پێی خۆی دەجوڵێنێ، بەڵام ئەم کارەی پێ ناکرێ، وەکو مردوویەکی زیندوو وایە، بۆ ڕزگار بوون لەو کابووسە ناخۆشەکە هەوڵ دەدات وەئاگابێتەوە ئەو زیندە خەونە درێژە نەکێشێت.

"پەیوەندی فانتازیا بە بوارەکانی نزیك لە خۆی بە پێی ئەو بنەما جیاوازو هاوشێوەییانە، یان هەر وەکو "جان پۆل سارتەر" دەڵێ: کرۆکی فانتازیا ئەوەیە وێنەیکی هەڵگێڕاو بدات لە یەکبوونی نێوان ڕۆح و جەستەدا" (حليفي، ٢٠٠٩: ٨٦) فانتازیا لە هەندێك لە بنەماکانیدا لەرەگەزی دیکەی نزیك لە خۆیدا زۆر لەیەك دەچن لە هەندێك لە بنەماکانیدا لەهەندێکیشاندا جیاوازە،رۆح و جەستە لە مرۆڤدا بەیەکەوە تەواوکەری یەکترن، ئەگەر چی یەکیان هەستییە، ئەوی دیکەیان ژیرییە، لەمەوە دەتوانین بڵێین فانتازیا لە خەونەوە نزیکە، چونکە. "خەون جۆرێکی بەربڵاوی دەقە فانتازیاکانە بە شێوەیەکی فراوان سودی لێ دەبینرێت، ڕاڤەی ڕووداوی سەروو سروشتی لە ڕێگای خەونەوە دەبێت، کە ڕاڤەیەکی عەقلانییە لەبەر ئەوەی پشت بە بێئاگایی دەبەستێت، کە کونجی تاریکی تێدایە هەندێك جار سەروو سروشتییە. لەبەر ئەوەی گرنگیدان بە خەون بە شێوەیەکی هۆشیاری گرنگییەکی زۆر بە ژیانی بوونەوەری مرۆیی دەبەخشێت" (حليفي، ٢٠٠٩: ١١٣) خەون لە دەقە فانتازیاکاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو سوودی لێ دەبینرێت، ڕاڤەی ڕووداوی فانتازیا لە ڕێگای خەونەوە دەبێتە راڤەی عەقلی و سەروو سروشتی.

**پەیوەندی فانتازیا بە سیحر و جادووەوە:** سیحر و جادوو دوو دیاردەی کۆنی نێو کۆمەڵگا تازەپێگەیشتوو و دواکەوتووی ئەم سەرزەمینەن، لە لایەن کەسانی سیحرباز و جادوگەرەوە ئەنجام دەدرێت، لە بەرامبەردا کەسانی لێقەوماو لە خشتە دەبەن بە کارە سیحراوییە فێڵاوییەکانیان."...وێنەی سیحری تەنها بابەتەکەی پێچەوانە نابێتەوە، بەڵکو ژیان و شێوەی پێ دەبەخشێ، کە لەتوانایدایە وا لە ئاوێنەکان بکات سەرلەنوێ ڕۆحی پێ ببەخشێ"(عبيد محمد، ٢٠١١-٢٠١٢: ١٠) مەبەست لە وێنەی سیحری پێچەوانەکردنەوە نییە، بەڵکو ژیان و شێوە بە دەقەکە دەبەخشێت.

"لە حیکایەتی سیحریدا کۆتایی بەخۆشی تەواو دەبێت، بەڵام لە فانتازیادا لە ژینگەیەکی ترسناك تۆقاندن و بە ناخۆشی تەواو دەبێت" (حليفي، ٢٠٠٩: ٦٧) کۆتاییەکان زۆر جار لە حیکایەتدا بە خۆشی تەواو دەبێت لە فانتازیادا کۆتاییەکان هەندێکجار بەترس یان ناخۆشی تەواو دەبێت.

""گلبیر دوران" لە فانتازیا دەدوێت و دەڵێ فانتازیا بە پێی ئەوەی ڕەگەزێکە لە درککردن و گرێدراوە بە بیرکردنەوەی سیحری"(علام، ٢٠١٠: ١٦) فانتازیا لە رۆماندا پێوستی بە بیرکردنەوەو درککردنی ئەفسوناوی هەیە کە جاری وا هەیە سیحری تێدەکەوێت بابەتەکە و ڕووداوەکە توشی وەرچەرخان دەبن، وا لە خوێنەر دەکەن کە لە نێوان باوەڕکردن و نەکردندا راڕا بێت. فانتازیا پیکهاتووە لە گرێ و ململانێ و کەسێتیی وشوێن و ڕووداو، تەنها یەکێك لەم سێ ڕەگەزە بارگاوی دەبێت بە فانتازیا، جاری وا هەیە زیاتر لەرەگەزێك، فانتازیاوی دەبێت لە یەك کاتدا.

"ئەم چەمکەی سیحر پەیوەستە بە نووسینەکانی نووسەر گابرێل گارسیا مارکیز، کە کارە ئەدەبییەکانی هاوکاتە لەگەڵ واقیعی سیحری بەرهەمی ئاوێتە بوونی خەیاڵ و واقیعەی، کە تیایدایە بە مەبەست واقیعی مادی لە شێوەی دەستکرد لە پێکهێنانی خەیاڵ لە جۆری تایبەت، کە تیایدا پڕوپووچی و داستان ئاوێتەی یەك دەبن"(علام، ٢٠١٠: ٦٦) ئاوێتە بوونی خەیاڵ و واقیع یان سیحری واقیع، کە تیایدا بە مەبەست واقیعی ماددی بە شێوەیەکی دەستکرد لە نموونەی تێکەڵ بوونی پڕوپووچی و داستان، کە لە بەرهەمەکانی "گابرێل گارسیا مارکیز"رەنگدانەوەی هەیە. "سەعد ئەلبازعی" و "مێگان ڕۆیلی" لە کتێبی"دليل الناقد الادبي"زاراوەی واقیعی سیحری لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم بڵاو بووەوە لە سەر دەستی کۆمەڵێك

رۆماننووس لە ئەمریکای لاتینی لە نموونەی "خۆرخی لویس بۆریس" لە ساڵی"١٨٩٩-١٩٨٨"و "گارسیا مارکیز" لە ساڵی"١٩٢٨"ز ساڵی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی"فرانس ڕۆە"ی ئەڵمانی"(علاوي، ٢٠٠٥: ٦٧) واقیعی سیحری وەکو زاراوە کە لەسەدەی ڕابردوودا بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی "فرانس ڕۆە" ی ئەڵمانی هاتە کایەوە، وەکو جۆرێك لەریبازێکی ئەدەبی ریالیزمی برەوی هەیە. "سیحر: ئەمجۆرەیان لە ڕەوشت و بیرکردنەوەی کاری داهێنانە، واتای بنیات ناگەیەنێ...پەیوەندی سیحر بە سەرووسروشتییەوە پەیوەندییەکی نزیکە، لەگەڵ ئەوەدا نییە ،کە باوەڕی بە سیحر هەیە بەرامبەر بە واقیعێك، کە بە بەشێکی ڕەسەن لە سیستەمێکی سروشتی شتەکان دادەنێت" (حليفي، ٢٠٠٩: ١٢٦) سیحر یەکێکە لەو رەگەزانەی کە لە رۆمان و چیرۆکەکاندا بەکار دێت، بریتییە لە هونەر و فرت و فێل و درۆ و دەلەسە وەرگر، یان بینایی خوێنەر هەڵدەخەڵەتێنێ بە کار و جوڵە خێراکانی، لە سەرووسروشتەوە نزیکە "حیکایەتە جنەکان هەڵدەستن بە دروست کردنی سیحر و دەستی هاوکاری بۆ جنەکان و دێوەزمەکان درێژ دەکەن لەبەر ئەوەی لە جیهانی سەرسوڕمان و سیحردا، سیحر دەبێتە بنەما، سەرووسروشتی سەیر نییە و ترسناکیش نییە، لەبەر ئەوەی کەرەستەکانی سەرسوڕمان و یاساکانی و ژینگەکەی بە پێچەوانەی فانتازیایە"Le fantastique"کە تیایدا وەکو پارچەیێك لە بەشێکی یەکگرتوودا دەردەکەوێت"( علاوي، ٢٠٠٥: ٦٥) حیکایەتە جناوییەکان سیحریان تێدایە، تیایاندا سەرووسروشتی نە سەیرە و نە ترسناکیشە کەرەستەو بابەتی سەرسوڕمان بە پێچەوانەی فانتازیایە، کە تیایدا سەرسوڕمان وەکو بەشێك لەگشت دەردەکەوێت.

"ئامادەبوونی ڕۆح : بابەتی مەزراندنی ئامادەگی ڕۆحەکان، دەچێتە بوارێکی نزیکی سیحر، فانتازیا وەکو پێکهێنانێکی دیکە بە کاری دەهێنێت، بەڵام بە شێوەیەکی گەورە نا، بەڵکو لە بەرژەوەندی بابەتێکی دیاریکراو، کە سەرسوڕمان و ترس دروست دەکات"(حليفي، ٢٠٠٩: ١٢٦) بوونەوەر بریتییە لە ڕۆح و جەستە، کە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ بەیەکتریان دەبەستێتەوە، ئامادە بوونی ئەم جۆرە بوونەوەرانە، کە لە چەندین جۆر رۆح پێکهاتووە نووسەرانی بواری فانتازیا لە کاتی پێویستدا مەزراندنی بۆ دەکەن، کەسێتییەکان لە چەق بەستنی رووداو و بێ ئومێدی رزگاریان دەکەن.

"فانتازیا لە کۆنەوە سودی لە زانستی سیحرو ئەستێرەکان بینیوە. ..لێرەوە زانستی سیحر هەروەکو "لۆی ڤاکس" دەڵێ:زانستێکی دووڕەگە لە نێوان زانین و هونەردا"المعرفة والفن"بەر لەوە زانستی سیحر و ئەستێرەکان "زانینی کەلوە ئاسمانییەکان و فاڵچی بە گشتی" هۆکاری یارمەتی دەرن بۆ فانتازیا..لە کۆندا قۆزراوەتەوە. ..ئامادە بوونی جنۆکە بۆ کارە سەخت و سەرووسروشتییەکاندا"(حليفي، ٢٠٠٩: ٨٢) لە کۆنەوە فانتازیا سوودی لە سیحر و زانستی ئەستێرەکان وەرگرتووە، زانست لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدایە لە نێوان بوون و نەبوون و کارە سەرسوڕهێنەرەکاندا نهێنییەکان ڕوون دەکاتەوە ڕاستی و دروستی واقیع زانستییانە دەخاتە ڕوو، سیحر لە نێوان مەعریفە وهونەردا کارە ئەفسوناوییەکانی ئەنجام دەدات. "خوێنەری حیکایەتە سەیروسەمەرەکانی وەکو هەزار و یەکشەوە لەگەڵ سیحر و شتە بەناوبانگەکان و جنۆکەدا، کە دوانەیەکن ساتێك دڵنەوایی دەبەخشێت ساتێکی دیکە ترس دەبەخشێت. هەر لە سەرەتاوە واز لە جیهانی واقیعی دەهێنێت بە هۆی بیرکردنەوەوە دەچێتە جیهانێکی دیکە، بە "شێوەیەکی کاتی پشت لە هەستە ڕەخنەییەکان دەکات، دەچێتە یارییەکی هونەری. ئەمەش یارمەتی دەدات، کە وا لە خوێنەر بکات بچێتەوە تەمەنی منداڵی، ئەگەر ئەمە پەیوەندی خوێنەر بەم شێوەیە دیاری بکات لە حیکایەتە

فانتازیاکاندا بەم شێوەیە نییە، کە جیهانێك پەیڕەو دەکات کەلە جیهانی واقیعی دەچێت لە هەموو شتێکدا، لەناکاو تووشی دیاردەیەك دەبێت شیکردنەوەی بۆ نییە، ئەو وشکی و هێمنییە دەشکێنێت. کە لەسەری دەڕۆییشت وەکو گەڕانەوەی مردووەکان بۆ تۆڵە سەندنەوە لە خوێنمژەکان کە تێنوون بە خوێنی نوێ " (علاوي، ٢٠٠٥، :٤٦)هەزار و یەك شەوە چەندین حیکایەتی سیحری لەگەڵ جنۆکە وەکو دووانەیێك دوورن لە جیهانی واقیعی تاوێك خۆشی دەبەخشن تاوێك ترس، وا لە مرۆڤ دەکات کە وا بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی، بەڵام لە فانتازیادا ناکاو توشی دیاردەیێك دەبێت شیکردنەوەی بۆ نییە، هێمنی و خۆشییەکە دەشکێنێت لە نموونەی گەڕانەوەی مردووەکان و خوێنمژەکان.

"حیکایەتی سیحری بە ژانرە نزیکەکانی فانتازیا دادەنرێت، حیکایەتی سیحری هەندێك هاندەری هەیە لە فانتازیادا نابینرێت، هەر بۆیە لۆی ڤاکس"XL.VA" [L.Vax] هەوڵیدا بە فانتازیا ئەژمار بکرێت، جیاوازییەکە تەنها سیحر بوو، لە فانتازیادا نمایشی جیهانێکی ڕاستەقینە دەکات کەسەکانی وەکو ئێمەن لە ناکاو گۆڕانیان بەسەر دادێت، بەڵام لە حیکایەتی سیحریدا لە مەحاڵەکاندا لە دەرەوەی ڕاستی دادەنرێت. . حیکایەتی سیحری جیهانی فانتازیایە بە زیاد کردنی جیهانی ڕاستەقینە بۆی" (حليفي، ٢٠٠٩: ٦٧) حیکایەتی سیحری و فانتازیاوەکو یەك نین بەڵام دژی یەکیش نین نزیکن لە یەك هەر وەکو هەوڵەکەی لویس ڤاکس لە ئەژمار کردنی سیحر وەکو فانتازیا، کەسێتییەکانی فانتازیا مرۆڤن گۆڕانیان بەسەر دادێت دەبن بە بوونەوەری سەروسروشتی، بەڵام کەسێتیی لە سیحردا دوورن لەراستی و مەحاڵن ،حیکایەتی سیحری فانتازیایە بە زیاد کردنی جیهانی راستەقینە بۆی.

""ڕۆجێ کایوا" دەڵێ: حیکایەتی سیحر و فانتازیا بەیەك دەگەن، یەکەمیان کە فانتازیاییە لە ململانێی جیهانی ڕاستەقینە و بوونگەراییدایە، بەڵام سیحر لەلایەن خۆیەوە ڕووبە ڕووی وەهم دەبێتەوە لە ناخیدا، هەردووکیان وا لە خوێنەر دەکەن کە توشی راڕایی وترس بێت. لە حیکایەتدا خوێنەر و دەرهێنەر هاوڕان ،بەڵام لە فانتازیادا نووسەر لەسەر خوێنەر دەسەپێنێ، کە راڕا بێت" ( حليفي،٢٠٠٩ :٦٧) بە پێی بۆچوونەکانی "ڕۆجێ کایوا" فانتازیاو سیحر لەوەدا بەیەك دەگەن، کە هەردووکیان خوێنەر تووشی راڕایی دەکەن و لەمەدا پەیوەستن بەیەکەوە.

## پەیوەندی فانتازیا بە پەرجو (موعجیزە) ، دەرئاسا :

دەرئاسا تەنها بۆ پێغەمبەرانە، مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت کاری دەرئاسا ئەنجام بدات.ئەوەی کاری دەرئاسا ئەنجام دەدات، لە مرۆڤی ئاسایی ناچێت و هێزو توانای لە مرۆڤی ئاسایی زیاترە و بە هێزترە."دەرئاسا "الخارق"یان لە رادە بەدەر ڕۆچوون، یان ئەودیو بوون ڕووی دا، بەڵام لەدوای بڕینی ئاستەنگ، یان دیوار یان دیاردەیەکی مەبەستدار، ئەمە دەکەوێتە سەرووی نەریت و بیروباوەڕ، ئەو جیاوازییە دەبەزێنێ، کە لە نەریتدا هەیە، بە تایبەتی لای ئەوکەسانەی باوەڕدار و کۆنە پارێزن و دابڕاون لەدەوروبەر بە فانتازیی دادەنرێت، یان بە دەرئاسا دادەنریت" (علاوي، ٢٠١٣: ٢٠).هەندێك حاڵەت لای هەندێك کەسی باوەڕدار یان دابراو لە دەوروبەر کە تووشی حاڵەتێکی لەو جۆرە دەبن بە دەرئاسای دادەنێن ،یان فانتازیا."کاری دەرئاسا لە لایەن پێغەمبەرانەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام کەرامات زیاتر بۆ پیاو چاکانە،

که ئاستی کردەوەکانیان لەئاستی پێغەمبەران کەمترە." ( شریف، ٢٠٠٨: ٥٤) ئەمەی سەرەوە، کە بریتییە لە حەوت جۆری دەرئاسا لە کۆی بیست و پێنج دەرئاسا. "جۆرەکانی دەرئاسا "الخارق" کە لە فەرهەنگی لاهوتی کاسۆلیکی، گەورەی "فاکان مانگۆ" و ئامان بە واتای سەروو سروشت "الخارق للطبیعة" دیت و بریتییە لە:

١- سەروو سروشتی ڕەها، بۆکەس نییە تەنها بۆ خوای گەورەیە.

٢- سەروو سروشتی ئاسۆیی دروستکراوی مرۆڤە بە بەراورد لەگەڵ سەروو سروشتی ڕەهادا " Preter naturel" کە خودای گەورەیە، ئەم جۆرەیان گشت شێوەکانی سەروو سروشتی دەگرێتەوە.

٣- سەروو سروشتی بەشیوەیەکی سادە و ئاسایی دەبینرێت، هەر وەکو ئەو دەرئاسایە لە لایەن پێغەمبەرانەوە ئەنجام دەدرێت."(علاوی، ٢٠١٣: ٢٤)ئەم سێ جۆرەی سەروو سروشتی کە بەشێکیان ڕەهایە تەنها بەخوای گەورە دەکرێت، دووەمیان، کە دەرئاساییەکەی لە یەکەم کەمترە تەنها بە پێغمبەران دەکرێت.سێ یەمیان بە مرۆڤ دەکرێت. ا- سەروو سروشتی "Surnatural"جیاوازە لەگەڵ کارە ئاسایی و سروشتییەکان،یەکەمیان هۆشی مرۆڤ توشی ڕاڕایی دەکات لە نێوان ئەوەدایە عەقڵ قبوڵی بکات یان قبوڵی نەکات،ئەوەی دووەمیان بە ئاسانی عەقڵ قبوڵی دەکات.. "زەمەخشەری زاراوەی فانتازیا بە واتای دەرئاسا دادەنیت لەکاتی شیکردنەوەی ئەو ئایەتەی کە لە"سورة الجن" دایە "قل اوحي الي أنه استمع نفر من الجن فقالوانا سمعنا قرءانا عجبا"(قورئانی پیرۆز، "سورة الجن"جوزئی بیست و نۆ ئایەتی یەکەم :٥٧٢).لە کاتی لێکدانەوەدا بە پێی تەفسیری ئاسان ئایەتی یەکەم لە سورەتی جن لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:"ئەی محمد"صلی الله علیه وسلم"پێیان بڵێ:وەحی و نیگام پێڕاگەیەنراوە کە بەڕاستی دەستەیەك لە پەریان گوێیان گرتووە بۆ خوێندنەوەی قورئان و جا کە تەواوبووە وتویانە:بەڕاستی ئێمە خوێندنەوەیەکی سەسوڕهێنەر مان بیست"( ئەمین، ١٩٩٤-١٩٩٧: ٥٧٢).. ب- سەرسوڕمان "المدهش". "دەرئاسا بەپێی دەربرینەکەی جەمیل صلیبا هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە پێچەوانەی داب و نەریتن. هەروەها پێشێلی ئەو سیستەمە سروشتیە دەکەن وەکو موعجیزە، دەرئاسا و شکۆداری خواپێدراو، الارهاصات، دەرئاسا بەراورد دەکرێت بە سەروو سروشتی ، بەڵام کارە سروشتییەکان دەرئاسا نین نابن بە فانتازیا" (علاوي، ٢٠٠٥: ٦٢ -٦٣) "صلیبا "دەرئاسا بەو شتانەی کە پێچەوانەی داب و نەریتن لە قەڵەم دەدات. هەروەها لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان دەرئاسا و سەروو سروشتیدا ڕووبەڕوو بوونەوەیە ، دەرئاسا لە تواناو هێزی هەموو کەسێکدانییە، کاری سەروو سروشتی لە توانای مرۆڤ و بە ویستی مرۆڤ نییە. سەرسوڕمان "المدهش" لە زمانی فەڕەنسیدا "ueLe feeriq"ە.دەرئاسا لە بیروباوەڕی ئایینیدا تەنها کاری خوای گەورە و پێغەمبەرانە ،کە لە هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکاندا بە تایبەتی لە کتێبە پیرۆزەکاندا ئاماژەی پێکراوە ، دەرئاسا لە لایەن باوەڕدارانەوە هۆکاری بەردەوامی زیاتر باوەڕهێنانە بە خودا.

"سنووری جیاکەرەوە لە نێوان دەرئاسا و کەراماتدا شکۆداری تایبەتە بە دەرئاسا و سەروو سروشتییەوە، شکۆداری و سیحر و خوێندنەوەی کەلووەکان لە سەروو سروشتیدا هاوبەش نین" ( شریف، ٢٠٠٨ :٥٢)سنووری جیاکەرەوە لە نێوان دەرئاسا و کەڕاماتدا پەیوەندی بە ئەنجامدەرانی کارەکانەوە هەیە کاری دەرئاسا بە مرۆڤی ئاسایی ئەنجام نادرێت بەڵکو کاری دەرئاسا بە پێغەمبەران ئەنجام دەدرێت کە لە لایەن

خوای گەورەوە پشتیوانی لێ دەكرێت، كەرامات كاری سەرسوڕهێنەرە  لە لایەن پیاو چاكانەوە ئەنجام دەدرێت، پەیوەندی بە بیرو باوەڕی ئایینیەوە هەیە.

"ئەو دەقانەی، كە لە كتێبە گەورەكاندا هەیە، نووستنی وەهرانی، كەلتوری سەروو سروشتییە سەیرەكانی كەلە ئەدەبی "ئیسراو میعراج "ی پەراوێز- هەندێك لەو ئەدەبە جوانە، كە تیایدا خەیاڵ بۆ دوورترین مەودای درككردن دەڕوات، كە "شەمسەدین زەهەبی" لە مێژووی ئیسلامدا لە ژیاننامەی پێغەمبەردا سوودی لێ وەرگرتووە "رسالة الغفران المعري"هەزارو یەك شەوە، حیكایەتە فانتازیاییە كەم وێنەو سەیرەكان و ژیاننامە جوانەكانی وەكو ژیاننامەی هیلال و سەیفی كوڕی یەزین" ( ابو دیب، ٢٠٠٧: ١٠) دەقە ئایینیە پیرۆزەكان، كە باس لە ژیاننامە و هەندێك كاری دەرئاسا دەكەن، كە تیایاندا خەیاڵ بۆ دوورترین مەودای درككردنەوە دەكات. "وەلی "الولي" ناوێكە لە ناوەكانی خوای گەورە، بە واتای سەفەر، بەڕێوەبەری ئیش و كاری گەردوون و بوونەوەرەكانەو خاوەنی هەموو شتەكانە و دەتوانێت بیانخاتە كار..كەرامات: شكۆداری چەند جۆرێكە لە كتێبی"الطبقات الكبرا" ی"للتاج السبكي"كە پێشینەیەكی مەعریفی لەو بواردا هەیە و چەند جۆرێكە:١- جۆری یەكەم زیندوو كردنەوەی مردووەكان، كە ئاماژە بەچەند چیرۆكێك دەكات، بۆ مردوویێك پیاو چاكان داوا لە خوای گەورە دەكەن، خوای گەورە بۆیانی زیندوو دەكاتەوە وەكو ئەوەی داوایان كردبوو، دواتر دەڵێ: پیاو چاكێك زۆر لام گیرنەبوو مردووەكی زیندوو كردەوە كە زۆر لە مێژبوو مردبوو تەنها ئێسكی مابوو، لەدوای زیندوو بوونەوەی ماوەیێكی زۆر ژیا، بەڵام باوەڕناكەم لەسەر دەستی پیاو چاكێك بووبێت، لەوانەیە تەنها پێغەمبەران وەكو دەرئاسا ئەو كارەیان بۆكرابێت نەك پیاو چاك" ( شریف، ٢٠٠٨: ٥٢) وەلی و كەرامات، پیاوچاكی، ئەنجامدانی كاری دەرئاسا و سەروو سروشتی لە زۆربەی چیرۆكەكاندا دابەش دەبن كارە دەرئاساكان لە لایەن وەلی و خاوەن كەراماتەكانەوە ئەنجام دەدرێت، كارە سەروو سروشتییەكان لە لایەن بونەوەرە سەروو سروشتییەكانەوە ئەنجام دەدرێت.٢- جۆری دووەم :قسەكردنی مردووەكان .٣- جۆری سێ یەم وشك بوونی دەریا ،رۆیشتن لەسەر ئاودا...هتد

"ئیبن خەلدون لەسەرەتاوە ئاماژەی پێ كردووە و دەڵێ:جیاكردنەوە لە شكۆداری دەرئاساكانی پێغەمبەر تایبەتە بەسەركەوتن بۆ ئاسمان، ڕۆچوون لە جەستەكان و زیندووكردنەوەی مردوو، گفتوگۆ لەگەڵ فریشتەدا، فڕین لە ئاسماندا، بەڵام دەرئاساكان، بۆ پیاوچاكان بەم شێوەیە نییە: پیاو چاك شتێك كەم بێت زۆری دەكات، هەروەها پێشبینی كردن و گوتەكانیان وەكو پێغەمبەران نییە، بەڵام پێغەمبەران توانای هەموو دەرئاساكانیان هەیە"(شریف، ٢٠٠٨، :٥٢)كارە دەرئاساكانی پێغەمبەران لە قورئانی پیرۆزدا لە چیرۆكەكاندا دەردەكەوێت، وەكو سەركەوتن بۆ ئاسمان و زیندوو كردنەوەی مردوو هتد..

## پێوەندی فانتازیا بە جنۆكەوە:

وشەی "جن" زاراوەیەكە لە زمانی عەرەبی و لە كەلتوری ئیسلامییەوە هاتووە، لە زمانی كوردیدا بە كەمێك گۆڕانكارییەوە هەمان زاراوە بەكار دێت، ئەویش بە زیاد كردنی پاشگری "ۆكە" كە لە زمانی كوردیدا بۆ بچووك كردنەوە بەكار دێت. بۆ زاراوە عەرەبییەكە زیاد كراوە، كە جنە لە ئاكامدا بووە بە جنۆكە." وانا ظننا ان لن تقول الانس والجن على الله كذبا"قورئانی پیرۆز( ئەمین، ١٩٩٤-١٩٩٧: ٥٧٢)

"ئێمە گومانمان وابوو کە دەستەی ئادەمیزاد و پەری هەرگیز درۆ بە ناوی خواوە ناکەن!!"(تەفسیری ئاسان، ئەمین، ل٥٧٢). جنۆکە، کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە لە جوزئی بیست و نۆ سورەتی جن ئایەتی پێنج."جن بوونەوەرێکی سەرسوڕهێنەرو نادیارە" (علاوي، ٢٠٠٥: ١١٤) بۆ ناساندنی ئەم بوونەوەرە ،کە لە کتێبە پیرۆزەکانیشدا هاتووە دەتوانێ لە شێوەی مرۆڤ بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە دەربکەوێ لە لایەنی چاکە و خەراپەوە.

"لە جیهانی جنۆکەدا بیری کفر و شەڕانگێزی هەیە...هەروەها جنۆکەی باوەڕداریش هەیە لە کاتە تاریکەکاندا لەسەر سەری مرۆڤدا ئامادە دەبن."( طالب، ٢٠٠٤: ٣٢) لە جیهانی جنۆکەدا لایەنی کفر و شەڕانگێز هەیە لایەنی باوەڕداریشی هەیە، لە هەندێك چیرۆکدا جنۆکەی باوەڕدار ڕۆڵ دەبینێ لە هەندێکی دیکە جنۆکەی بێ باوەڕ ڕۆڵ دەبینێ، نموونەی لە ڕۆمان و چیرۆکدا هەیە.

"لەگەڵ ئەوەی جنۆکە بوونەوەرێکی مرۆیی نییە، بەڵام لە زۆربەی کتێبەکاندا ناویان و وردەکاریان ئاماژەی پێکراوە بۆ نموونە"الغرناطي"لە کتێبەکەیدا بە ناوی"تحفة الالباب ونخبة الاعجاب"ص٤٣-٤٤."(علاوي، ٢٠٠٥: ١١٤) جنۆکە بە پێی ئەم دوو سەرچاوەی سەرەوە بوونەوەرێکی مرۆیی نییە."جن پێچەوانەی مرۆڤە. کە دەڵێن یەکێك جناوی بووە.دەڵێن کەسێك میوانی جنەکان بووە لە شوێنێکی خاڵی کەسی تریان لەگەڵ نەبووە، جنۆکەی لاوی نێر ومێ هەیە، هەیانە توندو تیژ، هەشیانە گوڵ و درەوشاوە، هەروەها جنی شەوانە هەیە" ( ذیاب، ٢٠١٥: ٢٤) جنۆکە پێچەوانەی مرۆڤە، کاتێك کەسێك جناوی دەبێت ڕەوشت و هەڵس و کەوتی وەکو مرۆڤی ئاسایی نابێت، لەناو جیهانی جنۆکەدا نێر ومێ و توندوتیژ و ئارام و جنی شەوانەش هەیە، جنۆکە وەکو زاراوەو باوەڕ و میتافۆر،ڕۆژانە لە کۆمەڵی کوردەواریدا،تا ئێستا بەکاردێت، بەشێك لە کۆلکە مەلاو خەڵکانی هەڵپەرست لێرەو لەوێ، ئەوانەی کە جناوی بوون سەردانیان دەکەن، ئەوانیش جاری وا هەیە دەبنە هۆکار بۆ چاکبوونەویان، هەندێك جاریش دەبنە هۆکار بۆ رووتاندنەوەو، لە بری ئەوەی چارەسەریان بکەن زیانیان پێ دەگەینن.هەروەها لەو فیلمانەی کە ترس دەوروژێنن (هۆلیود ) سەرمەشقی ئەو جۆرە فیلمانەن و کرۆکی چیرۆکەکانیشی پەیوەستن بە زۆرێک لەو چیرۆک و ڕۆمانەی،کە خێو یان تارمایی پاڵەوانی ئەو جۆرە فیلمانەن و هەڵبەت ئەمەش دەچێتە نێو فانتازیا."جیهانی جنۆکە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەردا هەیە، لە کتێبە بەناوبانگەکانی فانتازیا "عجائب المخلوقات وغرائب الموجودات"ی "زەکەریا قەزوینی" و کتێبی "حیوان" ی جاحز بە ناوی "حیوان"کە تیایدا بە درێژی باسی جیهانی جن و تارمایی و غورێلا و سەعلوە و هتد..دەکات"( درغوثي، ٢٠١٢: ١٥٨)جنۆکە لە قورئانی پیرۆزدا لە جوزئی بیست و نۆیەم لە سورەتی جندا سێ جار ناوی هاتووە."زۆرجار لە حیکایەتە خەیاڵییەکاندا پەیوەندی نێوان جنۆکە و مرۆڤ وێنا دەکات، هەروەها وێنەی هاوسەرگیری لە نێوان جنۆکە و مرۆڤدا هەیە، جنۆکەیەکی جوان و شۆخ شەیدای کەسێك دەبێت و لە کەس و کاری دەتۆرێت و یاخی دەبێت لە شەقامەکاندا دەخەوێت، یان دەگۆڕێت بۆ گوێدرێژ، یان سەگ، یان هەر ئاژەڵێکی دیکە، بۆ ئەوەی بە خۆشەویستەکەی ،کە زۆر خۆشی دەوێ پێی بگات و مێردی پێ بکات و منداڵی زۆری لێ ببێت"( طالب، ٢٠٠٤: ٣٠ )هەندێك جار لێرەو لەوێ گوێمان لێ دەبێت کەوا کەسێك جنۆکە چوەتە لەشییەوە، ئینجا دەیبەن بۆ لای شێخ و سەید و پیاو چاك بۆ دەرهێنانی جنۆکە لە لەشی، ئەویش بە لێدان و کوتان خەریکی دەبێت، جاری وا هەیە نەخۆشیەکەی چەندە قورسە ئەوەندەی تر قورستر دەبێت بە لێدان و زنجیر کردنەکە، ئەم جۆرە حالەتانە لەراستیدا پێویستیان بە شوێنی ئارام و

هەڵس و کەوتی هێمنانە و چارەسەری لەسەرخۆ هەیە بۆئەوەی نەخۆشیە دەروونییەکەی دەست نیشان بکرێت  بە شێوەیەکی مرۆڤانە،  نەك لێدان و کوتان.

"سلێمان پێغەمبەر شەیتانێکی بینیوە نیوەی وەکو سەگ وا بووە نیوەکەی تر وەکو فیل خەرتومی هەبووە لێی پرسیوە تۆ کێی؟ ئەویش وەڵامی داوەتەوە گوتی من "مەهری کوڕی فەهانی کوڕی فیلان"م سلێمان سەلامی خوای لێبێت لێی پرسی تۆ کارت چییە؟گوتی کاری من گۆرانی گوتن و گوشینی شەڕاب و خواردنەوەیەتی. هەروەها ڕازاندنەوەی شەڕاب و گۆرانی گوتنە بۆ بەنی ئادەم، فەرمانی پێکرد کەوا دەرکەوێت"(علاوي، ٢٠٠٥: ١١٦) "سلێمان" پێغەمبەر لە زمانی بوونەوەران و ئاژەڵان تێگەیشتووە، لەم چیرۆکەدا لەگەڵ بوونەوەری سەروو سروشتی گفتو گۆ دەکات لە شێوەی بوونەوەرێکی گۆڕاو نیوەی سەگ بووە و نیوەکەی تری فیل بووە.هەریەك لەم جنانە کاری تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەسەر ڕێگای ڕاست لابدەن و تووشی هەڵخەڵەتاندنی بکەن.

"جنۆکە چەند واتایەك دەبەخشێت، "جنۆکە" کوڕی" جانە"..لە ئاگر دروست بووە، دواتر لەخۆی نەوەی پەیدا کردووە..یەکێك لە سیفەتەکانی جنۆکە زوو لەبەر هەستەکان و چاودا پەنهان دەبێت، لە فریشتەو شەیتان پێکهاتووە..جنۆکە ناتوانرێت ئاشکرا بکرێت، لەبەر ئەوەی خۆی لە شوێنی نادیارەوە دێت"( درغوثي، ٢٠١٢ گۆڤاری "المخبر"، ژ٨ :١٥٦)ئەم ڕاو بۆچوونانە لای هەندێك کەس هیچ بنەمایەکی زانستی واقیعیان نییە ؟ بە پێی ئایین و تێگەیشتن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت.

"ئەم بوونەوەرە گۆڕاوانە بەرهەمی ئاوێتە بوونی زیاتر لە ڕەگەزێکە، کە دەبینین ڕەگەزێکی جیاوازە لە پێکهاتەکەیدا لەگەڵ رەگەزەکانی دیکەدا جیاوازە"(علاوي، ٢٠٠٥: ١٢١) گۆڕاوەکان، کە لە فانتازیادا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرچاو دەکەون ئاوێتەی دوو رەگەزن نیوەی مرۆڤە نیوەکەی تری ماسییە یان نیوەی سەگە نیوەکەی تری فیلە ئەم گۆڕاوانە بە کاری سەروو سروشتی هەڵدەستن مرۆڤ تومشی سەرسوڕمان و ڕاڕایی دەکەن بە کارە سەروو سروشتییەکانیانەوە، جنۆکەی مێ یان نێر لەگەڵ مرۆڤدا دەکەونە دڵداری، جاری وا هەیە نەوە دروست دەکەن، ئەوەی دێتە سەر دونیا نیوەی مرۆڤە و نیوەکەی تری جنۆکەیە.

"بە گشتی کەسێتییە فانتازیاییەکان بریتین لە "جنۆکە و سیحرباز و پیاوچاك"ولی"" (علام، ٢٠١٠: ١٢٢) هەریەك لە جنۆکە و سیحرباز و پیاوچاك و وەلی خاوەن کەرامات لەکارەکانیانەوە دیارە کاری سەروو سروشتی ئەنجام دەدەن خۆشیان سەروو سروشتیین و دەچنە ناو چوارچێوەی فانتازیاوە.

"گشت ئەمانە وێنەی ترس و تۆقاندن و هەڵخەڵەتاندن لە دەروونی خوێنەر دەچێنن، ئەم بونەوەرانە لە ئێستادا خودی مرۆڤ لای شك و گومانە لە بوون و بنەچەیاندا"( علاوي، ٢٠٠٥: ١١٧) ئەم بوونەوەرانە بەشێکی زۆریان لە قورئانی پیرۆزدا ناویان هاتووە،  بەڵام مرۆڤایەتی گشتی باوەڕدار نییە تیایاندا هەیە ترس و تۆقاندن لە دەروونیان دروست دەبێت، هەیانە گومان لایان دروست دەبێت، تیایان دا هەیە باوەڕی بە بوونی جنۆکە نییە.

"جنۆکە هەر ناوێکی هەبێت، لە وێنەی مرۆڤ دەردەکەوێت ،یان لە وێنەی ئاژەڵی خۆماڵی، یان دڕندە، یان مرۆڤ دەرفێنێ بۆ هاوسەرگیری لە بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنێت، ئەگەر توشی مەترسی هات دەگۆڕێت، بە مەبەستی ئاژاوە و ئاگر وبڵێسە لە شاخەکاندا خۆی حەشار دەدات، ئەو کەسەی کە مەبەستییەتی دەیرفێنێ بۆ شاخەکانی دەبات وزنجیری دەکات وبرسی دەکات و ئازاری دەدات"( طالب،

٢٠٠٤: ٣٠) ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە جنۆکە ئەوکەسەی خۆی دەست نیشانی دەکات دەیرفێنێ لە شاخەکاندا برسی دەکات و ئازاری دەدات و بەکاری دەهێنێ بۆ کاری تایبەتی خۆی"چیرۆکی خۆشەویستی نێوان مرۆڤ و جنۆکە، هەروەکو لێکۆڵەران دەیبینن چ لە ژیاننامە میللییەکان بێت، یان لە هەزارو یەك شەوەدا یان لە کتێبی هەواڵ و ئەدەبدا، زۆر جار بەو ڕەمزە گرێدەدرێت لای مرۆڤ لە کاتێکدا ،کە لەگەڵ نادیارێکدا ئاوێتە دەبێت، کە لە خۆی بە تواناتر و بە هێزترە، ئەوەی لە خەیاڵی ئەدەبی میللی داهێنەردا کاتێك وێنای جیهانی جنۆکە دەکات لە وەسفکردندا بە خەیاڵە داهێنانەکەییەوە هونەری تێدا بەکار دەهێنن، ئەو خەیاڵە دەبینین لە لایەن نووسەری چیرۆکەکانەوە کاتێك قسە لە سەر جیهانی جنۆکەکان دەکەن، کە لە جیهانی ڕاستەقینەی خۆمان دەچێت، وێنەیێکە لەو جیهانەی خۆمان، بەڵام نەبینراوە"(طالب، ٢٠٠٤: ٣٢) وێنا کردنی خۆشەویستی، یان پەیوەندی سێکسی لە نێوان مرۆڤ و جنۆکەدا، یان لە نێوان مرۆڤ و نادیاردا بۆ نووسەر ئاسان نییە ئەم دیاردەیە لەچوارچێوەیەکدا بەرجەستە بکات، لەبەر ئەوەی لایەنی دووەم نادیارە، ئامادەکردن و پێشکەش کردنی بۆ خوێنەر کارێکی ئاسان نییە. بەکار هێنانی کەسێتیی جنۆکە لەلایەن رۆمان نووسەکانەوە، زیاتر لەو کاتە هەستیارانەدایە، کە ڕووداو دەگاتە لوتکە و بێ چارەسەر دەمێنێتەوە، لەوکاتەدا نووسەر ئەو جۆرە کەسێتییانە، وەکو فریاد ڕەسێك بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی گرێی ڕووداوەکە چارەسەر بکات.دەتوانرێ بگوترێت بە هەرسێ ڕەگەزەکانییەوە کەسێتی ،ڕووداو،شوێنی فانتازی ئەو حاڵەتەیە لەلایەن نوسەرانەوە مەزراندنی بۆدەکرێت ،بۆ ئەوەی ئامانجی بابەتە فانتازیایەکە بپێکێت و لە هەمان کاتدا بە ناوی خوازراو و شوێنی خوازراو و ڕووداوی فانتازیی بۆ ئەوەی بابەتەکە بە ناڕاستەوخۆ بخاتە بەردیدی خوێنەران ،بێئەوەی ناوی کەس و شوێن و ڕووداو بێنێت و تووشی زیان و لێپرسینەوە ببێت،لەلایەکی دیکەوە دۆخێکی دەروونی بۆ کەسە واقیعییە دزێوەکان دروست بکات بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەسەریان تێپەڕ نەبێت.

# بەشی یەکەم

# کەسێتی ، یاخود بوونەوەری فانتازی لە ڕۆماندا

**تەوەری یەکەم**

**- پێناسەی کەسێتی**

**- پێناسەی کەسێتی فانتازی**

**- جۆرەکانی کەسێتی فانتازی**

**١- کەسێتی نیمچە سەروو سروشتی**

**٢- کەسێتی سەروو سروشتی**

**٣- کەسێتی گۆڕاو**

**تەوەری دووەم :لایەنی پراکتیکی:**
**کەسێتی بوونەوەری فانتازی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکاندا )**

**کەسێتی بوونەوەری فانتازی لە ڕۆمانی (دەغدودا)**

## کەسێتی یاخود بوونەوەری فانتازی لە ڕۆماندا :

### تەوەری یەکەم:

### - پێناسەی کارەکتەر:

کەسێتیی رەگەزێکی سەرەکی رۆمانە، هەروەکو رەگەزەکانی دیکە "کات، شوێن، رووداو" بەبێ کەسێتی پێکهاتەی رۆمان تەواو نابێت، جگە لەوە کەسێتی هەڵسوڕێنەری گرێ و رووداوەکانە ، هەندێجار دەبێتە پاڵەوان و کەسی یەکەم، یان دەبێتە کەسێتی لاوەکی. هەروەها جۆرەکانی کەسێتی لە ڕووی بوون و نەبوونەوە لە رۆماندا بریتییە لە کەسێتی واقیعی و کەسێتی خەیاڵی. کەسێتی بزوێنەر و داینەمۆی رووداوە، بە بێ کەسێتی ئەو بابەتانەی ،کە پەیوەندییان بە رووداوەوە هەیە لە چیرۆك بە گشتی و لە رۆمان بە تایبەتی نایەنەدی. ڕەگەزی کەسێتی لە رووی چەمك و پێناسەوە پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، خاوەن تیۆریەکان لە بواری کەسێتیدا بەشێك لە تێگەیشتنمان بۆ کەسێتی ڕۆشن دەکەنەوە تەنها لە کەسێتی مرۆڤ نا بەڵکو لە کەسێتی بوونەوەرەکانی دیکە و کەلو پەل و شوێن رووەکیش، بەڵکو مێکرۆبەکانیش کە مرۆڤایەتیان سەرقاڵ کردووە بە تایبەتی نۆشداران بە ناچاری لە شێوەو جۆر و جوڵەو هەڵس و کەوت و سیفەت و کاردانەوەو بەرگری و خاسیەتەکانی تۆمار دەکەن، حەزەکان و لایەنی سوود و زیان بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی ئەنجامێ هەریەك لەو کارەکتەرانە سوودیان لێ ببینرێت و لە خزمەتی زانست و زانیاریی و مرۆڤایەتی و ژینگە و گەردوون بەکار بهێنرێت.بۆ نموونە "تراجیدی لاسایی کردنەوەی کردەوەیەو کردەوەش چەند کەسێکی دەوێ بۆ ئەوەی جێ بەجێی بکەن و ئەو کەسانەش بێگومان هەندێ سیمای تایبەتیان لە هزر و کەسێتیدا هەیە))(ئەرەستۆ، و. گەردی، ٢٠٠٤: ٢٨) هەر رووداوێك یان کردەوەیەك بە بێ کەسێتی نابێتە کردەوەیەکی مرۆیی. "ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ڕەگەزی کەسێتی کراون و ئەو پێناسانەی لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا دەربارەی ئەم ڕەگەزە بەرچاو دەکەون، پەیوەستییەتی و کاریگەربوونی تەواوی ڕەگەزی کەسێتی بەرووداوەوە لە رۆمان و سەرجەم دەقە گێڕانەوە بەندەکاندا دووپات دەکەنەوە و پێیان وایە"کەسێتیەکان"چەند رەگەزێکی ئەندێشەکراون(دەشکرێت لە واقیعدا ببینرێنەوە)، کە رووداوەکانی نێو دەقی رۆمان دەخوڵقێنن، یان شوێنەواری رووداوەکانیان دەکەوێتە سەر و تەنها ژمارەیەك بوونەوەری سەر رووی لاپەڕەکانن))(محەمەد، ٢٠٠٩: ٣٦ -٣٧)، پەیوەندی کەسێتی بە خوڵقاندنی رووداو یەکێکە لە بنەماکانی سەرکەوتنی کەسێتی، ئەگینا ئەو دەقەی کاری گێڕانەوەی بۆ دەکرێت وەکو رەگەزێکی ئەندێشەکراو ئەژمار دەکرێت لە واقیعدا دە بینرێت. کارەکتەر بە گوێرەی رۆڵ و دەرکەوتنی لە چوارچێوەی گێرانەوەی دەقدا بە شێوەیەکی گشتی دەکرێتە دوو جۆر لە رووی بنیاتی پێکهاتەیان:١- کەسێتی کارەکتەری پەرەسێن و ٢-کارەکتەری کەسێتی پەرەنەسێن،کە لەسەرەتاوە لەیەك ئاستدا دەبێت، تا کۆتایی گۆڕانی بەسەردا نایەت لە رووی پەرەسەندنەوە "کارەکتەری پەرەسێن خوڵقێنراوێکی ئاڵۆزو خاوەن پێکهاتەیەکی شاراوەیە لە چۆنییەتی بیرکردنەوەو لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە.خوێنەر ناتوانێت چارەنووسی دیاری بکات، بە هۆی ئەو گۆڕانە بەردەوامەی دەوروبەری لە ئەنجامی ململانێ و رووبەڕووبوونەوە یان " ئەو جۆرە کەسەیە ،کە خاوەن چەندین رەهەندی مرۆیی وەك هەست و سۆز و هەڵچوون و بیرو بۆچون لایەنی دەروونی و بیرکردنەوەیە هەموو ئەم رەهەندانەش پەیتا پەیتا لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دی بەدەر

دەکەون" ( مستەفا، ۲۰۱۰: ۱٦٩ -۱۷۰) ئەمجۆرە کارەکتەرە لەگەڵ هەر پەرەسەندنێك بە جۆرێك دەردەکەوێت، کە جیایە لەوەی پێش خۆی لە سەرەتادا بەشێوەیەك دەردەکەوێت دواتر بەرە بەرە دەگۆڕێت .

## - پێناسەی کەسێتی فانتازی:

کەسێتی، یان بوونەوەری فانتازی لە رۆماندا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە بەردەوام بوون و کردنەوەی گرێیەکاندا، رۆڵی سەرەکی دەبینن. واتە بە بێ کەسێتی فانتازی کە کۆدێکی جادوویی نووسەرە رووداو بەردەوام نابێت زنجیرەی دەپچڕێ لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە. "لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵینەوە کلاسیکیەکان گرنگیەکی زۆر گەورەیان بە کەسێتیی فانتازی نەداوە، "ئەرستۆ" پێی وابوو کەسێتی رەگەزێکی بنەڕەتی نییە لای نووسەر. هەروەها "کۆزینۆف" دەرکەوتنی چیرۆك بە گۆڕانکارییە قووڵەکان دەبەستێتەوە لە چەمکی کەسێتیدا ڕۆڵی پاڵەوان لە چیرۆکدا بە ئاشکرا مەیلی داوە بەو رۆمانەی، کە کەسێتی جۆراوجۆر و تایبەت پێشکەش دەکەن))(حليفي، ۲۰۰۹: ۱۹۷) "ئەرستۆ" پێی وایە کەسێتی رەگەزێکی بنەڕەتی نییە، کەچی "کۆزینۆف" پێی وایە چیرۆك بە هۆی گۆڕانکارییە قوڵەکان لە چەمکی کەسێتیدا دێتەکایەوە، رۆڵی پاڵەوان لە رۆماندا لە دەوری یەك کەسێتیدا کۆنابێتەوە کە پاڵەوانە، بەڵکو لە کەسێتیە جۆراو جۆر و تایبەتەکاندایە. "کەسێتی "Personnage" "الشخصية" ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا بە کەسێتی لە چیرۆکە خەیاڵییەکان نمایش دەکرا ئەم زاراوەیە لەسەدەی پازدەهەم لە فەرەنسا دەرکەوت لە ڕاستیدا لە زاراوەی لاتینی"Persona"بە واتای دەمامك بەستن دەگەیەنێ، ئەکتەرەکان بە دەمامك سیمای خۆیان دەگۆڕی لەسەر شانۆدا، بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەردەمێك لە مێژوو ببینن، دواتر وەکو ڕەمزێك بۆ کەسێتیە مێژووییەکان. تا دەگاتە ئەوەی زاراوەی "الشخصية" "ممثل"وەکو سیمانتیك گشت بوونەوەرەکان دەگەیەنێت، کە کار لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەکەن، دواتر لە سەدەی حەڤدەهەم پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی))( حمود، ۲۰۱۲: ٦٤٤) کەسێتی لە کەسایەتی بەوە جیا دەکرێتەوە نمایشی خودی خۆی ناکات، بەڵکو دەچێتە ناو خودی کەسێکی دیکەوە بە ناخیدا شۆڕدەبێتەوە بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستی کەسەکە دەربڕێ. کەسێتی لە چەند جۆرێك پێکهاتووە، واقیعی و خەیاڵی و بوونەوەری سەروو سروشتی و ئاژەڵی و رووەکی و زیندەوەری و بێگیان . لە زمانی کوردیدا بە کەسێتی ناوزەد دەکرێ لەزمانی عەرەبیدا بە"الشخصية" لە لاتینیدا زاراوەی"Persona" بەکاردێت.هەروەها پێناسەی لویس ڤاکس"لە هونەری ئەدەبی فانتازیادا:دەبێ لەگێڕانەوەی فانتازیادا... کەسێتیەك نمایش بکرێت وەکو خۆمان بێت لەو جیهانە بێت ،کەخۆمانی تێدا دەبینینەوە، ئەگەر بۆیان بکرێت لەناکاو و ڕاستەوخۆ خوێندنەوە بپچڕێنێ" (ذیاب، ۲۰۱٥: ٥٦) لە هونەری گێڕانەوەی فانتازیادا دەبێ ئەو بەهرەیەی تێدا بێت لە کاتی گێڕانەوەدا ڕاستەوخۆ خوێندنەوەکە بپچڕێنێ. "پێویستە خوێنەر تێکەڵ بە جیهانی کەسێتیەکانی ناو بەرهەمەکە ببێت، ئەم تێکەڵ بوونەش لە رێگەی گێڕەرەوەوە ئەنجام دەدرێت. کەواتە گێڕەرەوە " بە راناوی کەسی یەکەم" وا لە خوێنەر دەکات بە ئاسانی لەگەڵ کەسێتیەکانی ناو رۆمانەکەدا تێکەڵ ببێت و بیر لەوە نەکاتەوە ئەوەی ئەنجامی دەدەن، یاخود ئەوەی رووددەدات راستە، یان درۆیە؟ ئەم جۆرە گێڕانەوەیە "گێڕانەوەی فانتازی" بەشێوەیەکی سروشتی پێویستی بەوەیە گێڕەرەوەکە گەواهیدەر "شاهد" بێت، چونکە ئەو رووداوانەی ئەو دەیانگێڕێتەوە پێویستیان بەوەیە قەناعەت بکەین، کە راستن. واتە دەبێت گێڕەرەوە بەڵگە بهێنێتەوە بۆ راستیی گێڕانەوەکەی، بایەخ بە بچوکترین شت بدات وهۆکارەکان دیاری بکات" (تاتانی، ۲۰۱٥: ٤٩ ). هەر هەنگاوێك، یان بڕگەیەك لە لایەن گێڕەرەوەوە دەگێڕدرێتەوە، یان ئەنجام دەدرێت خوێنەر پێویستی بە بەڵگە یاخود گەواهیدەرهەیە بێ

بەڵگە بەرە بەرە برواو توانایی نامێنێ و دەبێتە شتێکی ئاسایی و پەیوەندی بە فانتازیاوە نامێنێ. کاری فانتازیایی زیاتر لە کەسێتیە فانتازیاکانەوە دەست پێدەکات لە ئەنجامدانی کاری لە ڕادەبەدەر و سەروو سروشتی. "فیلیب هامون" ڕۆڵی کەسێتی فانتازی کورتدەکاتەوە لە سێ خاڵدا: "حەز و توانا و مەعریفە ئەمانە بە پلەی جیاواز دێنە جێبەجێکردن لە کەسێتیە فانتازیاکاندا. - حەز: حەز کۆڵەگەی دیمەنی فانتازیایە، کە بارگاوی کراوە بە باکگڕاوندی ویستەوە، کەسەکە هەڵدەستێ بە جێ بەجێ کردنی لەکاتی بە ئاگایی و بێ ئاگاییدا دەگاتە ئەوحاڵەتەی دەبێتە هەستێك لە هەستەکانیدا، ئەمەش حەزێکە بۆ خستنە ڕووی ئەو هەناسە بەندکراوە کپکراوەی، کە پێشتر خەفەکراوە، حەز بۆ کەسە فانتازیاکان دەبێتە هۆکاری دەستپێکی بە ئاگایی و بێ ئاگایی"(حليفي، ٢٠٠٩: ٢٠٨ -٢٠٩) "فیلیب هامون" حەز و زانین و توانا لە کەسێتیدا کۆدەکاتەوە، حەز لە کاتی بە ئاگایی و بێ ئاگایی مرۆڤدا جێ بەجێ دەکرێت بە تایبەتی غەریزە سێکسییەکان. زانین لە کەسێتیدا زۆر پێویست و گرنگە، هەرچەند نووسەر چوارچێوە بۆ کەسێتی دادەنێت، بەڵام زانین و مەعریفەی خودی هەر پێویستە چونکە ئەگەر مەعریفەی نەبێت وەکو یەکێك لە کەسێتیەکانی یاری شەترەنجی لێدێت، توانای جەستەیی بۆ کەسێتی یەکێکە لە نهێنییەکانی سەرکەوتنی کەسێتی هەڵکەوتوو. حەز لە دۆخێکی خۆشیدا لە دایك دەبێت حەزی سادیزمی و حەزی مازۆشیزمی، کە هەریەکەیان بە جۆرێك حەزەکە دەردەبڕێ یەکەمیان خۆشی لە ئازاردانی بەرامبەرەکەی دەبینێ کە سادیزمە ، ئەوی دیکەیان خۆشی لە ئازاردانی جەستەی خۆی دەبینێ کە مازۆشیزمە .حەز لەو کات و دۆخانەدا دێتە ئاراوە، کە ئارامی و هێمنی باڵی دەکێشێ، حەزەکان دێنە پێشەوە."لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ڕۆمانی جیهانی پێی نایە نێو قۆناغێکی نوێوە و شێوازێکی نوێ لە پێشکەشکردنی کارەکتەرەکاندا هاتە ئاراوە، کە "تیایدا نووسەر ئەو هۆکارە دەرەکییانە پشتگوێ دەخات، کە وا لە کارەکتەر دەکەن لە میانەی پەیوەندی و کارلێکردنی لەگەڵ دەوروبەردا، ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو ئەنجامدەدات، بەڵکو ئیتر بایەخ بەهۆکارە ناوەکییەکان دەدات و جەخت لەسەر ناوەوەی کارەکتەر و زەین و هەست و هەڵچوونەکانیشی دەکاتەوە "" (سەعید، ٢٠١٣: ١٢٩) دەروونشیکاری و ڕەوتی ئاگایی شوێنیان بەو چەق بەستنە لێژکرد، کە پێشتر ڕۆمانی جیهانی بە گشتی تێی کەوتبوو، کە کارەکتەر تەنها لە رووکەشەوە بە خوێنەر بناسێنێت لەوە زیاتر بایەخ بە هۆکارە ناوەکییەکان دەدرێت وەك هەست و هەڵچوونەکان.

- تواناکان: بە واتای ڕێك و پێکی کەسێتی، مەودای تواناکانی لە کاریگەری و کارایی لە ڕووداوەکان بە تایبەتی لە کارە فانتازییەکاندا، توانای کەسێتی دەسەڵاتی قەدەرە بۆی هەیە پەیڕەو بکرێت، یان هەڵستێت بە پەیڕەو کردنی. " لە کۆنەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، کارەکتەر سیفەتێکی ئەفسانەیی و خورافی هەبووە و چارەنووسی بە دەستی خواوەندەکان بووە. لە ڕووی تواناو قەبارە و هێزەوە لە مرۆڤی ئاسایی نەچووە، ململانێی لەگەڵ دێو و کۆمەڵێ بونەوەری خورافیدا کردووە." ( ئەڵوەندی، ٢٠٠٩: ٢١) کەسێتی کارەکتەری لە سەردەمی کۆن ،تا دەگاتە سەدەی هەژدەهەم ڕۆڵ و هێز و توانای لە کەسێتی ناو چیرۆکەکان و ڕۆمان زیاتر بوو، سیفەتی ئەفسانەیی و توانای لە ڕادەبەدەریان هەبوو.

- مەعریفە :زانین جەمسەری سێیەمی پێکدەهێنێت لە ڕۆڵ و ئەرکەکانیدا کەسێتی پێ دەوڵەمەند دەکرێت، هەڵدەستێ بە دروست کردنی پەیوەندییەك، کە سەرسوڕمانی دروست دەکات ."لە ڕاستیدا پێناسەکردنی ڕۆشنبیر ئەگەر لە ئەرکی خودی ڕۆشنبیر قورستر نەبێت، ئەوا بێگومان ساناتر نییە.یەکێك لە توێژەران

پێی وایە، کە ڕۆشنبیران"ئەو کەسانەن کە مەعریفە و بەهرەی حکومدانیان لەسەر هەڵوێستە جۆر بەجۆرەکاندا هەیە، سیمای زاڵبووش بەسەر هەموو ڕۆشنبیرەکاندا تێگەیشتنیانە لە ئامرازەکانی مەعریفە و بەکار هێنانیانە لە کاری زەینیدا" (سەعید، ٢٠١٣: ٢١٦) مەعریفە لە ڕۆشنبیردا بە شێوەیەکی ڕێژەییە لەبەر ئەوەی مەعریفە واتایەکی زۆر فراوان دەبەخشێت لە زانست وزانیاری و ژینە ئەزموونددا. لەلایەکی دیکەوە "تۆدۆرۆف" دەڵێ: "جیهانی کەسێتیەکان، کەسێتی زیندوون لە ڕێگای ئەم مەرجەوە، ئەگەر کەسێتیەکە واقیعی نەبێت ئەو کاتە فانتازیا دروست نابێت دەبێتە نامۆیی"غریب"لەنامۆ بوون نابێت خەیاڵکردن و وێناکردن وپێشبینی کردن قبوڵ بکرێت ،بەڵکو دەبێت بەچاو ببینرێت و هەستی پێبکرێت" (ذیاب، ٢٠١٥: ٧٢) کەسێتی یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ڕۆمان، کەسێتی و جۆرەکانی کەسێتی لە نێوانیاندا کەسێتی خەیاڵی و فانتازیی، کە خۆی لە بوونەوەری سەروو سروشتی دەبینێتەوە، جۆرە خۆشییەك و چێژێکی تایبەتی بە هەڵسوڕان و جوڵە و مەودای ڕووداو دەدات. کەسێتیەکان بە پێی یاسا نوێیەکان مەزراندنیان بۆ دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە فانتازیا جۆرێکە لە گێڕانەوە هەموو ئەو کارانەی، کە لە فانتازیادا ئەنجام دەدرێن کۆمەڵێك یاسا لە خۆدەگرن، کە گشتیان پێچەوانەی یاسا ناسراوەکانی واقیعین .هەر پێناسەیەك بۆ فانتازیا بکرێت بەگشتی ڕۆڵی کەسێتی فانتازیایی پێویستە بەپێی یاسا تایبەتییەکەی دەربکەوێت، ئەگەر بەپێی یاسا نوێیەکە نەبێت وەکو کەسێتیەکی ئاسایی ڕووداوێکی ئاسایی ئەژماردەکرێت."ئەم پێنج جۆرە لە کەسێتی "کەسێتی مێژوویی، کەسێتی ئەفسانەیی، کەسێتی خوازەیی، کەسێتی کۆمەڵایەتی، کەسێتی فانتازیا"لە توانای چیرۆکی فانتازیاییدا هەیە لە خۆیان بگرێت و بیانگۆڕێت لە بوونەوەرەوە بۆ بوونەوەری سەروو سروشتیی. لێرەدا ناو ڕۆڵێکی ستراتیژی دەبینێت ئەگەرچی زۆربەیان لە پێکهاتەی کەسێتی فانتازیان کەلە کەسێتی خوازەیی و کۆمەڵایەتی وەرگیراون پشت بەستن بەم جۆرەی سەرچاوە، کە نموونەکانی لەو واقیعەی کە ڕووداوەکانی سەروو سروشتین" ( حليفي، ٢٠٠٩: ٢٠٥) کەسێتی مێژوویی و ئەفسانەیی و خوازەیی و کۆمەڵایەتی و فانتازیی بۆی هەیە هەر پێنج جۆر لە کەسێتی لە چیرۆکی فانتازیادا مەزراندنیان بۆ بکرێت .""فرانز هلنس" سەبارەت بە ئەدەبی فانتازی دوو ئاڕاستە دیاری دەکات: یەکیان دەرەکییەو ئەوی تریشیان ناوەکییە. لە فانتازیا دەرەکییەکەدا نووسەر کەسێتیەکانی لە بوونەوەرە میانەییەکانەوە وەردەگرێت، وەك خێو، قەزەم، جنۆکە، پەریی دەریا...هتد، هەموو ئەم بوونەوەرانەش ڕۆڵی میانگیر "الوسيط" دەبینن. وەك دەردەکەوێت ئەمەیان جۆری دووەمی دابەشکردنەکەی "تۆدۆرۆفە"، کە "تۆدۆرۆف" بەوە ناویان دەبات خۆیان لە بنەمادا سەروو سروشتین و لە مرۆڤ بەهێزترن" ( تاتانی، ٢٠١٥: ٥٩) لە بنەڕەتەوە دوو جۆر لە فانتازیا لە لایەن تۆدۆرۆفەوە دەستنیشان کراوە یەکیان نیوە مرۆڤە نیوەکەی تر بوونەوەرێکی دیکەیە بۆ نموونە ماسییە، یان مەیموونە، یان هەر بوونەوەرێکی دیکەیە، بەڵام جۆری دووەم خۆی لە بنەڕەتەوە بوونەوەری سەروو سروشتیە وەکو دێو جنۆکە، قەزەم، پەری دەریا هتد..کە لە مرۆڤ بەهێزترن و کاری لە ڕاددەبەدەر ئەنجام دەدەن."جۆری دووەمیش، کە فانتازیای ناوەکییە، ئەمەیان بەرهەمی گیانێکی شاعیرانەیە لێرەدا کەسێتی سەرەکی خودی نووسەرەکەیە، ئەو نووسەرە کەسێتیەکەی فرە دەبێت، زیاد دەکات، دەگۆڕێت لەگەڵ مادە یان توخمدا تێکەڵ دەبێت." ( تاتانی، ٢٠١٥: ٥٩ -٦٠) فانتازیای ناوەکی بەرهەمی گیانی شاعیرانەیە. کاتێك ،کە ناوی کەسێتیەکی فانتازی دەهێنین، بۆ نموونە جنۆکەلە ڕاستیدا کەس جنۆکەی بە هەردوو چاوەکانی خۆی نەبینیوە، تەنها لە ڕێگای دەربڕینی چەند وشەیەکەوە ئەو کەسێتیە لە و واتایەدا خۆی دەدۆزێتەوە."جۆراو جۆری لەکەسێتی فانتازیادا بەردەوام گەشە دەستێنێ ناتوانرێت بە ڕەهایی دەستنیشان بکرێت تەنها لە ڕێگای

ئەو دەقە چیرۆکییە فانتازییایەنەوە نەبێت، کە تایبەتمەند و هەڵگری سیفەتی گۆڕاوەکانن، دژیەکی لەلایەك، گۆڕاو و دەرئاسا و سەروو سروشتی لەلایەکی دیکەوە " (حلیفي، ٢٠٠٩: ٢٠٨) کەسێتی لە فانتازیادا جۆراو جۆرن بۆ دەستنیشان کردنی جۆری تایبەت لە کەسێتی لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئاسان نییە، چونکە لە فانتازیادا کەسێتیەکان گۆڕاون لە گۆڕانی کەسێتی لە شێوەو ناوەوەدا، یان لەشێوەی ئەرواح دەردەکەون . ""یۆلیا کریستۆڤا" لە بەشێك لە نووسینەکانیدا بە تایبەتی ئاماژە بە"هێزی ترس"دەکات، کە تیایدا هەندێك لە لایەنە دژوارو ڤێزەونەکانی ڕۆشنبیرە ڕۆژاواییەکان لە ڕێگای تارماییەکانەوە بەرجەستە دەکات کە زۆر ڤێزەون و شەرمەزارکەرن و لە هەوڵدایە لە ڕێگای ئەم جۆرە بوونەوەرانەوە پەردە پۆشیان بکات، هەموو ئەو کارانە بخاتە ڕوو، کە لە ڕۆژاوادا بوونیان هەیە ،بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە بەناوی کەسێك بکات، بەم شێوەیە ئەم بوونەوەرانە هەڵدەستن بەشاردنەوەی ڕەهەندەکان لە ڕوویەکەوە و ئاشکراکردنی لە ڕوویەکی دیکەوە" ( الدروبي، ١٩٨١: ٢٣٦)"یۆلیا کریستۆڤا"بۆ ئەوەی گشت دیاردەکانی سەردەمەکەی بخاتە ڕوو لە ڕێگای بوونەوەرە تارماییەکانەوە دەیخاتە ڕوو لەلایەك ڕەخنە دەگرێ لەلایەك سەرزەنشتی دەسەڵاتداران و ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا دەکات بەڵام ناوی کەس ناهێنێت، بەم شێوەیە بە بەردێك چەند چۆلەکەیەك دەپێکێت.

## جۆرەکانی کەسێتی فانتازی:

ئەوانەی باسیان لە گروپ و کۆمەڵە کەسێتیەکانی فانتازیا کردووە هەریەکەیان بە جۆرێك و کۆمەڵەیەك دەست نیشان دەکەنلە هەموویان لە پێشتر "تزفتیان تۆدۆرۆف"ە کە لە کتێبی "دەروازەیەك بۆ ئەدەبی فانتازیا"، بەڵام "فرانس هلنس" و "فیلیب هامون" و "گریماس" و "فلادیمێر پرۆپ" و هەروەها فۆرمالیستە روسەکان و چەند نووسەرێکی عەرەبی وەکو "جاحز" و "جرجانی" و"سەعید یەقتین"، هەریەکەیان شتێکیان بۆ کەسێتی فانتازی خستووەتە روو، کە پێشتر باسکراوە. لێرەدا زیاتر جەخت لە بۆچوونەکانی "تۆدۆرۆف" دەکەینەوە، راو بۆچوونی ئەوانی دیکەش دەخەینە روو، بۆ ئەوەی لەم هەموو راوبۆچوونەدا کەسێتی فانتازی لە سەروو سروشتی و نیمچە سەروو سروشتی و گۆڕاوەکان بە گشتی بخەینە ڕوو . "گرنگترین ئەو بوونەوەرە فانتازیانەی "تۆدۆرۆف" دەیانخاتە روو بریتین لە:خێو، شەیتان، خوێنمژ، مرۆڤی بە گورگبوو، جادوگەر، بوونەوەری نەبینراو تارمایی، خێوی ئاژەڵی..هتد.پاشان بە شێوەیەکی گشتی بوونەوەری فانتازی بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکات:جۆری یەکەمیان کۆمەڵەی گۆڕاوەکانن، واتە ئەو بوونەوەرانەی لە بنەمادا خۆیان مرۆڤن و گۆڕاون بۆ گیانەوەری تری وەك مەیموون، ...جۆری دووەمێش ئەوانەن، کە لە بنەمادا خۆیان بوونەوەری سەروو- سروشتین و لە مرۆڤ بەهێزترن، بۆ نموونە جنۆکە " (تاتانی، ٢٠١٥: ٥٨) تارمایی و رۆحەکان و فریشتە و حۆری لە رۆمانە کوردییەکاندا بەرچاو دەکەون، ئەگەر چی "محەمەد تاتانی" بەشێوەیەکی گشتی باسی لێوەکردووە، بەڵام گەڕانەوەی مردوو لە شێوەی ئەرواح و دۆنادۆن، کە لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا هاتووە. هەروەها هاتنی رۆحی کەسێتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بۆ ناوجەستەی مرۆڤی ئەو سەردەمە. بۆ نموونە "سەلاحەدینی ئەیوبی" بۆ ناو جەستەی "مەغدیدی شێلم فرۆش" لە رۆمانی دەغدو دا هەیە لە لێکۆڵینەوەکەیدا نابینرێت. ئەوانەی باسیان لە گروپ و کۆمەڵە کەسێتیەکانی فانتازیایان کردووە هەریەکەیان بە جۆرێك و کۆمەڵەیەك دەست نیشان دەکەن .زۆربەی ئەوانەی، کە لە رۆمانی فانتازیایی دەکۆڵنەوە هاوڕان، کە گێڕەرەوە پێویستە کەسی یەکەمی تاك بێت، "تزفتیان تۆدۆرۆف" سەرمەشقیانە، هۆیەکەشی

گەیاندنی پەیامی فانتازیایە لە کاتی راڕا بوونەکەدا ،کە ترس و راڕایی دەورووژێنێت، پێویستە متمانە دروست بکات لە نێوان گێڕەرەوەو خوێنەردا، چونکە ئەو متمانەیە نەبێت، کەواتە فانتازیا دروست نابێت.
بەشێوەیەکی گشتی جۆرەکانی کەسێتیی فانتازی بریتین لە:

## یەکەم: کەسێتی سەروو- سروشتی:

کەسێتی سەروو سروشتی ئەو جۆرە کەسێتیانەن ،کە لە بنەماوە خۆیان سەروو سروشتین، کاری دەرئاسا ئەنجام دەدەن و زۆربەی نووسەران ئەم جۆرە کەسێتیانە بەکار دەهێنن، چونکە بە هۆی بەتوانایی ئەم جۆرە کەسێتیە سەروو سروشتییانەوە ڕێڕەوی تەواوی رۆمانەکەی دیاری دەکەن لە کات و شوێنی پێویستدا، ئەگەر ئەم جۆرە کەسێتیە فانتازییە دەرئاسایانە دەست بەکار نەبن بۆ کردنەوەی گرێیەکان،ئەوا رووداوەکە دەپچڕێت و کۆتایی پێدێت بێئەوەی رووداوەکە بگاتە لوتکە. لە نموونەی ئەو جۆرە کەسێتیە بوونەوەرە فانتازیانە"ئەسپە سپییەکان و باڵندە سپیەکان" لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا، کە لە دەوروبەری جەلادەت و دالیا سیراجەدیندا دەسوڕێنەوە. جۆرەکانی کەسێتی سەروو سروشتی لە ڕۆمانە کوردییەکاندا فریشتە و حۆری و جنۆکە خێرەوەمەندەکان و جنۆکە شەڕانگێزەکان و شەیتان و ئەڕواحەکانن .. هتد. زۆر جاریش تارمایی بەکار دێت و "دیاردەی گرنگیدان بە تارمایی دیاردەیەکی کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان لە مردن و ئەوەی لە دوای مردندا ڕوودەدات..."دریدا" گرێی دەدات بە مێدیای هاوچەرخ، کە بە پێی بۆچوونی ئەو، ئەو شوێنانەن، کە تارماییەکان تیایاندا بوونیان هەیە"( عبدالحمید، ٢٠٠٩: ٢٣٤) بیرکردنەوەی مرۆڤ لە مردن، بەرەو دنیای خەیاڵ و ترسی دەبات و پرۆسەیەکە کە مرۆڤ لە پێشتردا تاقی نەکردۆتەوە. دیاردەی تارماییەکان زۆر کۆنە لەو کاتەوە دەست پێدەکات ،کە سەرەتای بیرکردنەوەکانی مرۆڤە بۆ مردن و ئەوەی لە دوای مردندا ڕوودەدات، "دریدا" پێی وایە ئەو شوێنانەی ،کە مرۆڤ بە ترسەوە لە چاوەڕوانی تارماییەکاندایە، یان ئەوەی لە دوای مردندا، رۆحی مردووە ستەملێکراوەکان دەگەڕێنەوە.
"چیرۆکی فانتازیا جۆرێکە لە ئەدەب ،کە میتافیزیکی تێدایە، کە لەچەند جۆرێکی ئەدەبیدا دەردەکەوێ وەك حیکایەت، حیکایەتی پروپووچ، داستان، رۆمان...هتد کە لەسەدەی هەژدەهەمدا لە ئینگلتەرا گەشەیکرد. خاسیەتەکانی بریتین لە: ١- بابەتەکانی لە شەیتان و سیحربازی ومردن و تارمایی و خوێنمژ وەردەگرێ. ٢- بابەتەکانی لە شوێنی ڕاگوازراو، تێکدراو وکاولکراو وخەرابە وقۆرتە کۆنەکان وەردەگرێت. ٣- خوێنەر ڕاڕادەبێت لە نێوان ڕاست و درۆدا لەپێش ئەوەی باوەڕ بە ڕاستی ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەکە بکات لەبەر ئەوەی نووسەر خەیاڵی ڕووداوێك دەکات بوونی هەبێت، بەڵام ئەمە لەواقیعەوە دوورە، سەروو سروشتییە" (عزام، ٢٠٠٣: ٢١) میتافیزیکی بە واتای سەروو سروشتی هەموو ئەو رەگەزە ئەدەبییانەی، کە فانتازیایان تێدا بەدی دەکرێت، وەك حیکایەت، حیکایەتی پروپووچ داستان، ڕۆمان ."لێدوانی فانتازیایی کەسێتیەك وێنا ناکات بۆ ڕازاندنەوە یان بۆ تەواوکردنی گرێ، بەڵکو کەسێتیەك دەستنیشان دەکات، کە جڵەوی قەزاو قەدەری بە دەستەوەیە، زاراوەی جیاکردنەوە بە تەنها بنەمایەکە بۆ کەسێتی لەو جۆرە هەر وەکو "فیلیب هاموون" دەڵێت: پێکهاتەکە تەنها لە دووبارە کردنەوە و کەڵەکە بوون و گواستنەوە نابێت بەڵکو لە بەرەنگار بوونەوەش دەبێت لەگەڵ کەسێتی واقیعی دەرەکیدا. هەروەها کەسێتیەکانی جیهانی ناوەوە، کە تیایدا دەجوڵێت. بەرەنگاربوونەوە سیمایەکە لە سیماکانی کەسەکانی فانتازیا هەروەکو لای "لۆفکرافت"و هۆڤمان دەردەکەون" (حلیفي، ٢٠٠٩: ١٩٩) کەسێتیەکانی بەشدار بوو لە فانتازیادا وێنای کەسێتیەکی رازاوەو بۆ

کات بەسەر بردن وێنا ناکات، جۆرە کەسێتیەك دەستنیشان دەکات کە قەزاو قەدەر بەدەست خۆی بێت.لەم رووەوە "هامون "دەڵێت: پێکهاتەی کەسێتیەکە تەنها بۆ دووبارەکردنەوەی رۆڵی کەسێتیەکە نابێت ،بەڵکو لە رووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی بەرامبەر نەیارەکانی دەبێت."شێوەکانی سەروو سروشتی لە بوونەوەرێکەوە بۆ بوونەوەرێکی دیکە دەگۆڕێ، بنەمای بوونەوەرە ئاوێتە بووەکان لەگەڵ بنەمای جنۆکەکان دەگۆڕێ. هەروەها لەگەڵ مرۆڤە باوەڕدارەکان، کە خاوەن کەراماتن، ئەوانیش جۆرێکن لە بوونەوەرە سەروو سروشتییەکان لە پێکهاتەی ڕۆحی سروشتی جیاوازە لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی، ئەوان هەڵگری ڕۆشنبیری ئیسلامی و پیاوی باوەڕدارن، تا ڕادەیەکی زۆر وێنەی نموونەن لەوەلامدانەوەی خودا بۆ بەندەی خۆی، ئەوان دەگەڕێن لەسەر زەویدا وا هەڵس و کەوت دەکەن، کە هەموو شتێك لەژێر دەسەڵاتی خۆیانەو بە زووترین کات دەگەنە شوێنی مەبەست و بە خێراییەکی زۆر جێگایان دەگۆڕن" (ذیاب، ٢٠١٥: ٢٢٨) نموونەی ئەم ئاژەڵانە هەندێکجار ئاوێتەیە ،یان تێکەڵەیەکە نیوە بە نیوە نیوەی مرۆڤە نیوە ماسییەهتد..لە فانتازیادا تیایاندا هەیە سادەیە هەر ئاژەڵەکە خۆیەتی، بەڵام گێڕەرەوە هەندێ سیفاتی ناوازەی بۆ زیاد دەکات، ئەو سیفەتانە گرێی ڕووداوەکان دەکەنەوە هەندێکجار بەردەوامیٚ پێدەدەن هەندێکجاریش ڕووداوەکە دەپچڕێت، ئەگەر کاری فانتازی و رووداو و شوێنی فانتازی نەبێت کۆتایی دێت، بەڵام ئەمجۆرە ئاژەڵانە بەخێرایی لەڕووداوەکاندا جوڵە دەکەن لەپچڕان و کۆتایی هێنان ڕزگاری دەکەن و لە هەمان کاتیشدا چێژو خۆشی بە خوێنەر دەبەخشن.

## دووەم :کەسێتی نیمچە سەروو- سروشتی

کەسێتی نیمچە سەروو سروشتی :بریتیە لەو جۆرە کەسێتیانەی، کە لە بنەڕەتەوە کەسی ئاسایین، بەڵام میکانیزمی کارکردنی بەشێك لە جەستەیان، یان یەکێك لە ئەندامانی جەستەیان ئەکتیڤ دەبێت لەگەڵ کەسی ئاسایی جیاوازتر دەبێت کاری دەرئاسا ئەنجام دەدات.بۆ نموونە کۆئەندامێکی، یان ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ، وەك چاو لە مرۆڤدا کاری ئاسایی خۆی، کە بینینە ئەنجام دەدات، هەر ئەو ئەندامەی لەشی مرۆڤ لە کەسانی گۆڕاودا ئەو دیو دیوارەکان دەبینێت، یان زۆر سەیری ئامێرێك بکات وردی دەکات، یان کە سەیری بەلوعەیەك دەکات ئاوەکە دەوەستێنێت.بە هەمان شێوە بۆ ئەندامەکانی دیکەی وەکو زمان و هەستی بۆنکردن لە لوتدا، یان هەستی بیستن لە گوێچکەدا دەنگەکان لەیەك جیادەکاتەوە و هەست بە بوونی بوونەوەر دەکەن لە دوورەوە لە نموونەی "مەریوانی کوکوختی" لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، گوێی لەسەر زەوی دادەنێت و لە دورەوە هەست بە هاتنی قاچاغچییەکان دەکات . لە لێکۆڵینەوەکەی "محەمەد تاتانی"دا ئاماژە بەوە کراوە "جۆری دووەمیان نیمچە سەروو- سروشتین، واتە تێکەڵەیەکن لە کەسێتی ئاسایی و سەروو- سروشتی، ئەمانە بە تەواوی بوونیانەوە سەروو- سروشتی نین، بەڵکو لە بنەمادا مرۆڤی ئاساییین، بەڵام یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەیان، بەتایبەتی یەکێك لە ئەندامەکانی هەستکردنیان نائاساییەو ئەندامێکی سەروو- سروشتییە" (تاتانی، ٢٠١٥: ٥٨) لە جۆری دووەمیاندا بوونەوەرەکە نیمچە سەروو سروشتیە لە بنەڕەتەوە مرۆڤن، بەڵام یەکێك لە ئەندامەکانی هەستییان نائاساییەو سەروو سروشتییە ئەمە وا دەکات ،کە ئەوکارە لە ڕادە بەدەرانە ئەنجام بدەن، کە مرۆڤی ئاسایی لە توانایدا نییە، بەشێکی زۆری کەسێتیەکانی رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان لە جۆری نیمچە سەروو- سروشتین.

## سێیەم: کەسێتی گۆڕاو :

کەسێتی گۆڕاو بریتییە لەو کەسێتییەی، کە لە بنەمادا مرۆڤە، بەڵام بە هۆی ژینە ئەزموون"خبرة"ەوە ئەندامێك، یان کۆئەندامێك لە جەستەی چالاك دەبێت بە شێوەیەکی نائاسایی و جیاواز لە مرۆڤی ئاسایی، بە هۆی ئەم سیفەت و چالاکییەوە کاری فانتازیایی ئەنجام دەدەن. "ئەگەر بنەمای ڕوو بەڕوو بوونەوە، هاوتا بوون لە نێوان جەستەو ڕۆحدا بکەین بە پێوانە هەروەکو جەستە "بینراو بەرجەستەیە" بەڵام ڕۆح "نەبینراوە و بەرجەستە نییە" دەتوانین بنەمای دژواری جووت و تاك وەکو هۆکارێك لە هۆکارەکانی یارمەتیدەر بۆ لە دایك بوونی دژیەکی، بەڵام بوژانەوەی ڕاستەقینە بۆ دژواری لە پەیوەندی دوانەیی نێوان بەش و گشتدا پەیوەندییەکی گوماناویی و ناجێگیرەو جێگۆڕکێ دەکات. لەهەمان کاتدا، پەیوەندی بەش و گشت و بەش و بەش وگشت و گشت...لە حاڵەتی هاوتا بوونی تاکدا جەستە بەشێکە لە ڕۆح، بەڵام لەکاتی نا هاوتا بوونی تاکدا ڕۆح دەبێتە بەشێك لە جەستە، بەڵام لەکاتێکدا کە جەستە بەشێك بێت لە ڕۆح، ئەمە دژوارییە لە دووانەی جەستە و ڕۆحدا" (درویش، ٢٠١٠: ٥٤) لە نێوان جەستە و ڕۆحدا، جەستە لە لاشەیەکی زیندوو پێکهاتووە و بەرجەستە و دیارە بە چاو، بەڵام ڕۆح بەرجەستە نییەو نادیارە، پەیوەندییەکی توندو تۆڵ لە نێوان جەستە و ڕۆحدا هەیەو تەواوکەری یەکترن.کەسێتی گۆڕاو مەبەست ئەوە نییە کە لە ڕووی شێوەی دەرەوەیدا گۆڕانی بەسەردا بێت، باڵ و شاخ دەربکات، بەڵکو زیاتر مەبەست لەوەدایە ئەم بوونەوەرە لە ناخەوە بە پێی تێپەڕ بوونی کات گۆڕانیان بەسەر دادێت تێکەڵ بە جیهانی بوونەوەری سەروو سروشتی دەبن و دواتر خۆشیان دەبن بە بوونەوەری سەروو سروشتی، یان ئەندامێك لە لەشیان چالاك دەبێت و کاری فانتازیی ئەنجام دەدات، کە جیایە لە کەسانی ئاسایی. "کەسێتیە فانتازیاییەکان خۆیان هەڵدەستن بە کاری سەروو سروشتی لە دوای چرکە ساتێك دەگەڕێنەوە دۆخی ئاسایی خۆیان، کە هەندێ جار مرۆڤە، یان ئاژەڵە، یان ڕووەکە" (ذیاب، ٢٠١٥: ٢٠٤) کارەکتەر فانتازیاییەکان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کاری فانتازیایی دواتر دەگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان، کەسێتیە گۆڕاوەکان و کەسێتیە سەروو سروشتییەکان ،کە بریتین لە فریشتە و جنۆکە، کە لە ڕووی ڕەگەزەوە لە هەردوو ڕەگەزەکەدا بوونیان هەیە. "یەکێك لە سیماکانی کەسێتی پڕوپووچ لە توانایدا هەیە بگۆڕێت لە مرۆڤەوە بۆ ئاژەڵ ،یان بالندە، یان هەر شتێکی دیکە" ( طالب، ٢٠٠٤: ٧٦ )زاراوەی فانتازیا لە زۆر ڕووەوە و لە زۆر بواردا مەزراندنی بۆ دەکرێت لەگشت جۆر و بوارەکاندا هەر واتا خەیاڵی ئەفسوناوی و سەسوڕهێنەرەکە دەگەیەنێ. "کەسێتی لە چیرۆکی فانتازیادا بە پێکهاتەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت بە هۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی بە ڕووداوەکان و کارەکان و دەربڕینەکانەوە هەیە، کە بۆی هەیە فانتازیا دروست بکات، دەتوانرێت گۆڕانکاری تیادا بکرێت لە ڕێگای بوونەوەرە گۆڕاوەکانەوە، کە زۆر پێویست ناکات بوونەوەری مرۆیی بن، دەکرێ ڕووەکی بن، یان ئاژەڵی، یان ڕۆحی نامرۆیی" ( جلول، ٢٠١١-٢٠١٢: ٣٢) کەسێتی یەکێکە لە رەگەزە بنەڕەتەکانی چیرۆك و ڕۆمانی فانتازیادا کاریگەریان لەسەر بەرەوپێش چوونی ڕووداودا هەیە هەروەها دەگۆڕێن بۆ بوونەوەری دیکە، یان بە نیوەیی نیوەی مرۆڤە و نیوەکەی تر ماسییە، هەندێك جار کەسێتیەکان مرۆڤ نین، یان بوونەوەری دیکەن وەکو ئاژەڵ یان پەلەوەر یان ڕووەك، کاری دەرئاسا ئەنجام دەدەن، خەیاڵ لە دروست بوونیاندا ڕۆڵی هەیە.

## تەوەرەی سێیەم: لایەنی پراکتیکی، کەسێتی سەرەکی لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا:

**جەلادەتی کۆتر:** جەلادەتی کۆتر کەسێتی فانتازیی و پاڵەوانی رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانە، شەش مانگ لە دوای لە دایك بوونی، ئیسماعیل کۆتری باوکی سوێند دەخوات ،کە مەریەم فەیزی دایکی لە بینینی جەلادەت و براکەی مەحروم بکات، مەریەم لە خەفەت دوورخستنەوەی لە منداڵەکانی بە زك دەدات و دەمرێت، جەلادەت دایکی خۆی نابینێت، ئەنجامدانی سەفەرە دوور و درێژەکانی لە نێوان واقیع و خەیاڵ و جیهانی ڕاستەقینەو جیهانی سەروودا"ئیرادەیەك هێدی هێدی لە ناو رەوتی ئەم ڕۆمانەدا زیاتر و زیاتر ئاشکرا دەبێت، بەجۆرێك مرۆڤ لە کۆتاییدا وەسوەسە و خەیاڵی ئەوەی لا دروست دەبێت، کە لە نێوان مردنی بێدەنگ و تراژیدی خانمی مەریەمی فەیزی و توانای جەلادەتدا لەسەر برینی سنوورەکانی مەرگ و گەڕانەوە جۆرە پەیوەندییەك هەبێت، کە نهێنییەکەی لەدەرەوەی دەسەڵات و توانای ناچیزی ئێمەیە لەسەر تەفسیر." (عەلی، ٢٠١٣: ١٧-١٨) جەلادەت بە هۆی هێزێکی نادیارەوە بەرگەی هەموو ئازارەکان دەگرێت فلووتێکی ئەفسووناوی هەیەو خاوەنەکەی سەرمەد تاهیرە مردووە بەر لە مردنی وەسییەت دەکات ، کە فلووتەکە بدەن بە جەلادەت، کە ئەو کاتە تەمەنی هەشت ساڵ بووە، ئیسحاقی لێو زێرین مۆسیقارێکی بە توانا بوو، کە لە ژن و کچەکەی جیا دەبێتەوە، ژیانی خۆی بەگشتی تەرخان دەکات بۆ مۆسیقا فێرکردنی جەلادەتی کۆتر و سەرهەنگ قاسم ، لەدوای بێئومێدبوونی لە فێرکردنی کچەکەی، شەوان پێکەوە تا بەیانی عەزفدەکەن، گوێ لە مۆسیقا دەگرن، هەمیشە وا بیردەکەنەوە وەك چاوەڕوانی کەسێك بن لە دونیایەکی ترەوە بێت و فێری مۆسیقایان بکات لە دوای ئەوەی لە ماڵەکەی ئیسحاقی لێو زێرین دەردەچن و بەرەو سنوور بەرەو رێگای هات و نەهات هەنگاو دەنێن لە رێگای خۆیاندا چەندین بریندراری پێشمەرگە لەسەرە مەرگدا بە مۆسیقا چاکدەکەنەوە، چەندین مردوو زیندوو دەکەنەوە جەلادەت خۆی سێ جار دەمرێت و دەژیەتەوە جاری یەکەم لە نێوان رێگای سلێمانی و بەغداد لەکاتی بەشداریکردن لە ڤیستڤاڵێك لەگەڵ پۆلێك هاوڕێی مۆسیقار توشی رووداوێکی هاتووچۆ دەبن لە جاری دووەمدا لەسەردەمی گەرمەی شەڕی عێراق و ئێراندا لەگەڵ ئیسحاقی لێوزێرین و سەرهەنگ قاسم بەدەم لێدانی مۆسیقاوە دەکەونە ناو کەمینی سوپا هەرسێکیان دەکوژرێن، جەلادەت بە شێوەیەکی دەرئاسا لە لایەن سامیری بابلییەوە، دواتر ئوم فەزڵ لەسەر شانی خۆی دادەنێت و رزگاری دەکەن و دەیبەن بۆ شاری سۆزانییەکان بۆ لای دکتۆر موسای بابەك و دالیا سیراجەدین. کەسێتی فانتازی جەلادەتی کۆتر پانتاییەکی فراوانی رۆمانەکە داگیر دەکات، بەختیار عەلی رۆماننوس خۆی گەواهی ئەوە دەدات، کە بەشێك لەدەسەڵاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەدات بە جەلادەتی کۆتر و گەواهی ئەوە دەدات کە یەکەم جارە پاڵەوانێك دەستنیشان دەکات بۆ رۆمانەکەی کە لە نزیکەوە بینیویەتی. جەلادەت دەکەوێتە عەشقی دالیا سیراجەدینەوە، بەڵام دالیا دڵی لای باسم جەزائیرییە، کاتێك جەلادەت لەوە تێدەگات، تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی ببێتە هاوکار و یارمەتیدەریان بۆ عەشقە ناکامەکەیان لە جاری سێیەمدا لە خاچ دەدرێت و شارۆخی شارۆخ بە فریای دەکەوێت و لە شێوەی عیسا پێغەمبەر زیندوو دەبێتەوە، "شارۆخی شارۆخ بەدرێژایی ڕێگا ئەو ئاوازانەی بۆ لێدەدا کە ڕۆح بە بەری مردووەکاندا دەکەنەوە، کە زام چادەکەنەوە.لەو ڕێگایەدا بۆ یەکەمجار جەلادەت دوای چەندین ساڵ پێی دەخستەوە سەر خاکی مۆسیقا لەویادا دلنیابوو پێی خستوتە زەویەکی دیبەوە کە جوگرافیایەکی تری هەیە." (عەلی، ٢٠١٣: ٧١٥)دوای لە خاچدانی جەلادەت و گڕبەردان لە پوش و پەڵاشی ژێر درەختەکە، شاناز سەلیم دەبینێت بە

زەردەخەنەیەکەوە وەك ئەوەی شەڕەکی گەورەی لە جەلادەت بردبێتەوە، دواتر شارۆخ شارۆخی دەبینێت، بەناو ئاگرەکەوە دێت مێخەکانی لەدەستی جەلادەت دەردەهێنێت و دەیخاتە سەردەستی خۆی و لە ناو ئاگرەکەدا تێیدەپەڕێت و بە جەلادەت دەڵێت ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بچین بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، لە دوای جەنگی کەنداوی دووەمدا شاری سۆزانییەکان بە جێدەهێلن لە ئوتێلی گێلاسی سپی لەگەڵ سامیری بابلی نیشتەجێ دەبن لە دوای ئەوەی موسای بابەك، جەلادەتی کۆتر بە شیاوترین کەس دەزانێت کلیلی ژێرزەمینەکە و تابلۆکانی دەداتێ و گەشتە دوورو درێژەکانی جەلادەت لەنێوان جیهانە جیاوازەکاندا دەست پێدەکات لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا نامەی سەدان هەزار غەمگین دەهێنێتەوە بۆ کەس و کار و خاوەنەکانیان لەو گەشتەدا دیمەنی سەدان هەزار منداڵ و کوڕی دەبینێ، کچی وای دەبینێ کە لە دوورەوە مێشکیانی دەخوێندەوە کە بیر لە منداڵ و ماڵ و حاڵ دەکەنەوە، سەدان هەزار پیر و پیرەژنی دەبینێ بە ئاسمانەوە دەبنە ئاگر، هەندێکیان نامەیان دەنووسی بۆ کەس و کاریان کە جلی سپییان لەبەردابوو بۆ ئەوەی جەلادەت بۆیان بگەیەنێتە کەس وکاریان، کە دەمێکە لە چاوەڕوانیاندان. فلووت هەمیشە ئامێری خوداکان بووە، بە درێژایی مێژوو فلووت ئامێری خەلیقەت بووە، نەك مەخلوق وەك شیفا کە بە خۆی و فلووتێکەوە بەدەوری گەردووندا سەمادەکات و جیهان دروستدەکات. کەسێتی جەلادەت تێکەڵاوە لەگەڵ"پان"دا لەگەڵ "کریشنا" دا لەگەڵ"شیفا " دا، "هێر مێوولەر" دەڵێت:مسز دالیا من شتێك لە "کریشنا" لە جەلادەتدا دەبینم بە خۆی و فلووتەکەیەوە، فلووت ئامێری خوداکان بوو، مێوولەر فلووت ئامێری خەلیقەتە نەك مەخلوق.""هێر مێوولەر" سەیری دالیای دەکردو درێژەی بە خەیاڵەکانی دەدا و دەیگووت:مسز سیراجەدین لەوانەیە ئەم کوڕە کۆپییەکی تازەی خوداوەند پان بێت، خودای مێگەڵ و ڕان، خودای شوانکارەکان و سروشت لای گریکەکان، کوڕی هێرمس، کە نیوەی لەشی لە شێوەی ئادەمێزادایەو نیوەکەی تری لە ڕوخساری بزنێکی کێویدایە" (عەلی، ٢٠١٣: ٧٦٧) کۆمەڵێك سیفەتی هاوبەش و جیاواز لە نێوان"پان" و جەلادەتدا کە لە روخساردا جیاوازن، جەلادەت مۆدێلێکی تری جوانی ئەو مەخلوقە پڕ ئارەزووەیە، زۆرجار بە کاراکتەری شەیتان لەگەڵ ئەفسانە گریکییەکاندا تێکەڵاو دەکرێت، ئەوەی لە کەسێتی جەلادەتی کۆتردا دەبینرێت لەگەڵ کارەساتی ئەو پرۆسەی قڕکردنە یەکدەگرنەوە، ڕۆژێك"پان"بەدوای نێمپییەك دەکەوێت کە کەسێتیەکی فانتازی گۆڕاوە دەگاتە سەر ڕووبارێك بەدەم دوعاکردنەوە دوعای قبوڵ دەکرێت لە قامیشەکە ئەم فلووتە فانتازییە دروست دەکات، جەلادەت بە هەمان شێوەی پان ئەو مۆسیقایە دەژەنێ، کە سامیری بابلی ناچار دەکات لە دڕندەیەکەوە بگۆڕێت بۆ کەسێکی رزگارکەر، "پان"لە ئەدەبی گریکییەکان باوکی سیلینۆسە کە جۆرە بوونەوەرێکی سەیرە. جەلادەت جۆری کەسێتی فانتازی خۆی بۆ دالیا سیراجەدین ئاشکرا دەکات، کە لێرە بڕوات جارێکی تر ناگەڕێتەوە، تا ئەو کاتەی وەکو مەخلوقێك دەبینرێت، دەتوانرێت لەلایەن کەسانی تری ئاساییەوە قسەی لەگەڵدا بکرێت لەکاتی نائاساییدا مرۆڤێکی ترە. جەلادەت وەك کەسێتیەکی فانتازی کە دەگەڕێتەوە بۆ شار، دەست دەکات بە سەفەرە دوور ودرێژەکانی، بە ئاراستەیەك کە ژیان بە قوڵایی مردن و ژیان دەبەستێتەوە لە ژیانی قەقنەسیی جەلادەتدا هەفتەی چەندجار دالیا دەبینێت."جەلادەتی کۆتر بارەکانی خۆی لە ئەسپەکان داگرت و لە کونجێکی گونجاوی یەکێك لە عەمبارەکاندا خستنیەسەر یەك و ئەسپەکانی یەکە یەکە ماچکردو بە ئاراستەی شاری مۆسیقارە سپییەکان ئازادیکردن لەو ساتەدا کە ئەسپەکان وەك با بەرەو نادیار غاریان دەدا، جەلادەت لەو عەمبارەدا کە پێشتر مستەفای شەونم دەرگای ئۆقیانوسی هاوارەکانی بۆ خستبووە سەر پشت..دوای بەسەر بردنی کاتێکی نادیار لە شاری مۆسیقارە سپییەکان، ئێستا لە چارەنوسی ئەو کلیلە دلنیا نەبوو کە لەگەڵ هەموو شتێکی دیکەدا لەو ژوورەی خۆیدا لە گێلاسی

سپیدا جێی هێشتبوو." (عەلی، ٢٠١٣: ٧٤٥) مستەفای شەونم بە دەستی خۆی جەستەی جەلادەت تاقیدەکاتەوە، تەواو پێی وایە قەقنەسە و لە خۆڵەمێش دروست بووە و تازە لە ناو ئاگر هاتۆتە دەرێ. جەلادەت دەیگووت:قەقنەس ئەو بوونەوەرە سەروو سروشتییەی کە لە خۆڵەمێشی خۆی جارێکی تر دروست دەبێتەوە، جەلادەت پێی وایە هەموو قەقنەسێك دوا دەرکەوتنی خۆی هەیە، جەلادەت رەنگی تا دەهات سپیتر دەبوو، دیارە رەنگی سپی لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، بە هەر کەسێك یان دەستەواژەیەك یان ناوێك یان شارێك یان رووداوێك بنووسێت فانتازییاوی دەبێت. لەگەڵ دەرکەوتنی باسم جەزائیری، کەسێتی فانتازی روخساری جەلادەت ڕۆشنایییەکی تێکەوت لە کۆتاییدا توانی ئەو پەیامە مرۆڤایەتییە بگەیەنێت بە دالیاو باسم دوو عاشقی ناکام، وێرای ئەوەی جەلادەتی کۆتر زۆر دالیا سیراجەدینی خۆش دەویست بۆی شێت دەبوو بەڵام لە حەقیقەتی خۆشەویستی نێوان دالیا و باسم گەیشتبوو، نە دەبوو ببێتە کۆسپ لەبەردەمی ئەو خۆشەویستییە گەورەیە کە فیداکاری و قوربانی زۆریان پێبەخشی، زۆرجار جەلادەت هەندێك شتی نهێنی لە دەوروبەرەکەی دەشاردەوە، تەنها بۆ ئەوەی ببێتە پردێك بۆ بەیەك گەیشتنیان. جەلادەت لەو ئێوارەیەدا پیاوێك بوو سپی سپی، کە عەلی شەرەفیار دەستی لێدەدات ئاگرێکی نهێنی لە ناوەویدا دەسووتا، گڕی قەقنەسێك کە دواجار دەسووتێت و لە خۆڵەمێشەکەی هە لناستێتەوە، بۆ دوا جار هەموو ئەوانەی لەو تۆڕە دابوون بەیەکەوە، یەکە بەیەکە ماچیان دەکات و ماڵئاواییان لێدەکات بۆ دواجار بەرەو جیهانێکی دیکە دەڕوات.

**دکتۆر موسای بابەك:** دکتۆر موسای بابەك کەسێتی فانتازیی شاری مۆسیقارە سپییەکان کوڕی ملیۆنێرێکی کوردی فەیلییە، کە هەمێشە لە بەغداد لە پەنای باوکیدا ژیاوە، بە کوردییەکی شەق و پەق لەو شارە لە باوکی زیاتر کەس قسەی لەگەڵدا نەکردووە، سەردەمانێك کە لە لەندەن بوو لەکاتی خوێندنی کۆلێژی پزیشکیدا یەکێك لە هاوڕێکانی دوو کچی جوان بەڵام دەموچاو درێژی نیشاندەدات و پێیدەڵێت ئەمانە کوردن . هەر بەو خەیاڵە بە دوای ئەو جوانییە شاراوەیەدا دەکەوێتە ڕێ .لە رۆژی یەکەمدا نائومێد دەبێت لە بینینی ئەو جۆرە مرۆڤە لەبری ئەوە مرۆڤانێك دەبینێت لە مەخلوقاتە برسییەکانی برۆگل و لە پەتاتە خۆرەکانی ڤان کوخ دەچن، بەردەوام لەگەڵ برینپێچ و پەرستارەکان باسی هونەر و تابلۆ دەکات کە کاریگەری لە دواڕۆژی مرۆڤ هەیە. پیاوێکە نیوە کۆمۆنیست نیوە بۆرژوا نیوەکەی تر ئیماندار، واتا شتێك لە هەستی یەکسانی و سۆشیالیزمی و شتێك لە غروری بۆرژوازیانەی ڕۆژئاوایی، شتێکی لە دڵەراوکێی دینی و هەستێکی مرۆڤانەی بە ویژدانی تێدایە، بە جۆرێك ئەم دوو بیرو باوەڕە تێکەڵاو دەکات بەڵام وەك کۆمۆنیستێك یان زاهیدێك ناژی.ئەو سەروەت و سامانەی کە هەیەتی لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، تەنیا لە یەك شتدا سەرفی دەکات، ئەویش کڕینی تابلۆ و پەیکەرە، هیوای ئەوەیە لە داهاتوودا مۆزەخانەیەك دامەزرێنێ بە ناوی بابەکەوە، بەڵام لە کاتێکدا کۆدێتای شوباتی ساڵی ١٩٥٨ روودەدات لە دوای یازدە سەعات، کۆدێتاچییەکان بەسەر ماڵەکەی دادەدەن، تابلۆکانی دەسوتێنن و پەیکەرەکانی دەشکێنن. لە دوای کۆدێتای شۆڤینیەکان بەسەر کۆمۆنیستەکانی عێراق دەگیرێت لەگەڵ کۆمەڵێك شاعیر و شێوەکار و مۆسیقار، بەتۆمەتی کۆمۆنیزم بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، بەڵام بە موعجیزەیەك، شەوێك بەر لە تیربارانکردنی ڕزگاری دەبێت، بەهۆی بریندار بوونی کوڕی یەکێك لە کۆدێتاچییەکان بە ناوی عەواد ریکابی کەسێتیەکی خوێنڕێژیی شۆڤینیە، داوا لە دکتۆر موسای بابەك دەکات کە کوڕەکەی رزگار بکات لە بەرامبەردا ناهێڵێت تیرباران بکرێت، گەنجێك خاوەنی بڕوانامەی پەیمانگای شاهانەی بەریتانییە، خۆی و

جانتاکەی دێتە شاری سۆزانییەکان لەوێ بنکەیەکی تەندروستی دەکاتەوە، هەوڵی کۆمەك کردن و دانانی بناغەی مۆزەخانەیەکی نهێنییە، کە سەردابێکی نهێنی بۆ دروست دەکات لەم شارە سەیرەدا، بیر لەوە دەکاتەوە ئەو وڵاتە جێنەهێڵێت و بەرەو شاری سۆزانییەکان دەکەوێتە ڕێ، هەموو توانا داراییەکانی دەخاتە گەڕ، دکتۆر بابەك ئیشی ئەوەیە نەخۆشەکانی ئەو دەوروبەرە تیماربکات هەروەها رۆشنبیری گشتی دەربارەی ئەو نەخۆشیانەی کە بە پیسی ئاو گەرما و جووتبوونی سێکسییەوە بڵاودەبنەوە.جەلادەت دەڵێت: "هەستم دەکرد تا زیاتر بەو شارەدا بچینە خوار...دیمەنەکان ئاڵۆزتر دەبن...هەموو شتەکان کۆمەڵێك مەتەڵ و پرسیاری نەکراوەبوون .هەتا دکتۆر موسای بابەك خۆی تەلیسمێك بوو لە تەلیسمەکان." (عەلی،٢٠١٣: ١٠٨) موسای بابەك وەك ئەوەی لە ئاسمانەوە ناردبێتیانە ئەو شوێنە، ڕەنگی شوێنەکەی گرتبوو، بەڵام کەس وەکو شوێن یان کەسێتیەکی ئاسایی هەڵس وکەوتی لەگەڵدا نەدەکرد لە نێوان کار و مەیلەکانی، کەس وەکو خۆی نەیدەناسی. بوونەوەری فانتازی لە ڕووی بایۆلۆجییەوە شیکردنەوەی سەختە، چونکە ئەو بوونەوەرە فانتازییە لەیەك کاتدا لەبیابان و سەرشاخ و بنی زەریادا هەڵدەکات، بابەك ئەو کەسێتیە فانتازییە بوو، زانست و هونەر و پیشەگەری لێکگرێدابوو . ئەو شەبەنگە فانتازیایە لەلایەن موسای بابەکەوە دەبینرا کە لە کاتی بێهۆشی جەلادەتدا کەواتە جگە لە دالیا موسای بابەکیش بینیویەتی لێرەدا ئەوە دەردەخات کە هەرسێکیان کەسێتی فانتازیین و لە هەمان تۆڕەکەدان. لەو شەوەوە کە جەلادەت بە بریندار ی دەبینێت لە دوای خۆی باشترین کەس کە بتوانێت ئەم شوێنە بپارێزێت جەلادەتە، چونکە تەنها بە کەسێکی وەکو ئەو کە مردنی بەچاوی خۆی بینیوە دەتوانێت ئەم شوێنە بپارێزێت، ئەو شوێنەی کە خۆیان باسی دەکەن پڕە لە فریشتە و شەبەنگ و تیشکی نهێنی و گەرداوی تاریك. ماوەی بیست و پێنج ساڵ بابەك خەریکە بەڵگەنامە کۆدەکاتەوە، ئەو قوربانیانەی کە دەیانهێنن بۆ ئەو سنوورە بەشێکیان دەبن بە ڕۆح بەشێکیان دەمرن و هەڵدەستنەوە، بەشێکی زۆریان بە کۆمەڵ زیندە بەچاڵ دەکرێن. موسای بابەك بە هۆی پیشەکەیەوە توانی زۆر لە هاوار و ئازاری سەدان هەزار کەسە غەمگینەکان رزگار بکات و بیکاتە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر بۆ رای گشتی، چ لە ڕێگای تابلۆکانەوە بێت چ لە ڕێگای تۆمارکردنی لە هزری خۆیدا، چونکە هەرکاتێك لەو ژێرزەمینەدا، جەلادەت و شوێنی پێشوازی لە ڕۆحەکان و هاوارەکان لەلایەن جاسوسەکانەوە ئاشکرا بکرایە، مەترسی دەکەوتە سەر موسای بابەك، بیست و پێنج ساڵە لەهەوڵدایە بۆ ئەوەی لەناو ئەو گۆمە خوێناوییە بەڵگەیەك بەدەست بهێنێت، بەڵام هەندێك جار لەو ڕۆحانەی قورتار دەکرد سەدان خوێناو قوتیان دەدا، زۆر جار گلەیی لە یادەوەری خۆی دەکرد، بەسەر سەرە رووتاوەکەی خۆیدا دەکێشا کە، وەکو پێویست نەیتوانیوە، هەموو هاوارەکان و ئازارەکان تۆمار بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا کارێکی زۆری کردووە. (پۆرترێتی خانمێکی ئێجگار جوان بە ناوی "لەیلای نیلۆفەر"ەوە کە لە پشتییەوە جێگایەك وەك کەمپی پەناهەندان بێت دیاربوو، کەروێشکی سەربڕدراو و لە ناو کۆمەڵێك کتێبدا، دوو مرۆڤی باڵدار لە هەوادا سیمرغێك سەردەبڕن، مۆمیاییەك لە ناو کۆمەڵێك ژنی سپی پۆشدا وەستاوە و تەماشای بولبولێك دەکات... " (عەلی، ٢٠١٣: ١٥٢) ژنێك بە تەنیا تەماشای بولبولێك دەکات کە بۆ مەعشوقەکەی دەخوێنێت، کۆمەڵێك تابلۆی دیمەنی زیندووی هەناسە و هاوارو ئازاری بەشێك لە مرۆڤە غەمگینەکانی تیادا تۆمار کراوە لە سەردابە نهێنییەکەیدا مۆزەخانەیەکی دروستکردبوو، بۆ ئەوەی خوێن و ڕۆحی ئەو سەدان هەزار قوربانییە، هەر یەکەیان ببن بە بەڵگەیەك بۆ دەرخستنی ئەم کۆمەڵکوژی و زیندە بەچاڵکردنە بە کۆمەڵە بۆ رای گشتی و مرۆڤایەتی و ئاشکرا کردنی مەزڵومییەتی قوربانییەکان . ئەوەی موسای بابەکی سەرسام کردبوو سەلوا طحان ئەو کچەی بەر لە دروستکردنی تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان مردبوو و خۆشەویستی موسای

بابەك بوو!؟، كە لە كۆدەتای ساڵی ١٩٥٨ دەگیرێت و ئەتك دەكرێت وبە فەرمانی لە سێدارەدان ژیانی كۆتایی پێدێت بە تۆمەتی كۆمۆنیست بوونی، سەلوا طحان لە دوای مردنی دەبێتە رۆح و ئازارەكانی لە كاتی خۆیدا نەگەیاندووە لە رێگای ئەو تابلۆیەی كە لە مۆزەخانەكەی موسای بابەكدایە دوای مردنی هاوار و ئازارەكانی ئاشكرا دەكات. لەو ڕۆژەی نامەكەی كیومەرسی خورەمی پێگەیشتووە، هەمان ڕۆژ دەگەڕێتەوە بۆ كوچەكانی ئەو شارە لەو ڕۆژەوە بابەك پێی وایە ئەو دونیایە تەلیسمێكی گەورەیە، گۆڕانێكی بەسەردا هاتووە بووە بە دونیای واقیع لەپاڵ دونیایەكی فانتازیدا لەو كاتەوە دكتۆر موسای بابەك كە نامەكەی سەلوا طحانی پێدەگات لە لایەن كیومەرسی خوڕەمییەوە، پێی وایە چووەتە ناو بازنەیەكی تەلیسماوی، وەك ئەوە وابوو نامەیەكی لە ئەبەدییەتەوە بۆ هاتبێت، ئەو كەسێتیەی كیومەرسی خوڕەمی دەموچاو پێچراو، یەكسەر بزر دەبێت و لەبەرچاودا ون دەبێت، دەشێت ئەو تابلۆیە پەیوەندییەكی وای بە هونەرەوە نەبێت، بۆ ئەوەی هەمووان لە بازنەیەكی تەلیسماویدا گرێبدات، جەلادەت هەموو چیرۆكەكە بۆ دكتۆر بابەك دەگێڕێتەوە، كەوا سامیری بابلی لە هەموو تاوانەكاندا تێوەگلاوە، كەچی خۆی وەكو فریشتە و ڕەبەنێك نیشان دەدات، موسای بابەك لە وەڵامدا دەڵێت: جیاوازی نێوان جەلاد و فریشتە دوو كەسێتی جیاوازن، جەلاد ئەو كەسەیەكە مافی كوشتنی نییەو دەكوژێت، فریشتە مافی هەیەو نایكات، یەكیان فریشتەیە ئەویتر شەڕانگێزە، سامیری بابلی لە هەردوو جۆرەكەیە.موسای بابەك بە جەلادەت دەڵێت:مێژووی مرۆڤایەتی گشتی ئەو پێرابواردنە گەورانەیە ، كە شەیتان لەگەڵ مرۆڤدا دەیكات، ئەوەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات بە ناوی خوداوەیە لە خوێن ڕشتن و ماڵوێرانی، دواتر لەو لاوە دێتەوە بە فشقیات هەلاو كوڕگەل من شەیتان بووم خۆ خوا نەبووم؟! "من ئەمشەو جەلادەت دەمەوێت پێتبڵێم كە تۆ چیتر ناوت جەلادەتی كۆتر نییە، تۆ ناوت جەلادەتی قەقنەسە.پاسەوانەكانی ئەو ئۆقیانوسە تۆ بەو ناوەوە دەناسن، چونكە تۆش مرۆڤێكی زیاد لە جارێك دەسووتێیت و لە خۆڵەمێشی خۆتدا هەڵدەستیتەوە. جەلادەت ئەو باڵندانەی هاوڕێت، شاهیدن لەسەر ئەوەی تۆ قەقنەسیت." (عەلی، ٢٠١٣: ٦٣٨) موسای بابەك بە جەلادەت دەڵێت : تۆ ئێستا لەو تۆڕە جیهانییەدایت كە لەمەو دوا سەفەری دوورو درێژ ئەنجام دەدەیت لە نێوان هەردوو جیهانەكەدا، ئەو باڵندانەی هاوڕێت شاهیدن . جەلادەت و مستەفا شەونم هەموو شتەكان دەخەنە نێو ئەو پێشانگا نهێنییەوەو لە ئۆقیانوسی هاواردا لە سەفەرێكی درێژدا بەرەو لای موسای بابەك دەڕۆن، ئەویش باوەش بە جەلادەت دەكات كە بۆنی شارێكی لێدێت دەكەوێتە ئەودیو ژیانەوە.تارماییەكان مامەڵە لەگەڵ موسای بابەكدا دەكەن، ڕۆژێك فایلێكی گەورە بۆ جەلادەت دەهێنێت، كە هەمان ئەو حیكایەتەی تێدایەكە دالیا لای موسا بابەكی جێهێشتبوو. جەلادەت بە بیریدا دێتەوە كە لەیلای نیلۆڤەری لە تابلۆكانی موسای بابەك لە مۆزەخانە نهێنییەكەیدا بینیوە، جلێكی سپی لەبەردا بووە لە ژنێك دەچوو كە ئەو ساتە لە هەورەوە دابەزیبێت، مستەفا شەونم وەستایەوە وەك مردبێت بێجوڵە كەوتەوە نیگار كێشانی شوێنێكی نادیار، موسا بۆ گەواهیدان، ڕزگار كەر و پارێزەری گشت تابلۆیەكان بوو.

**دالیا سیراجەدین:** تریفەی زستان ناوێكی خوازراوی دالیا سیراجەدینە كە دەستگیرانی باسمی جەزائیریەو جەلادەتی كۆتر شێتی بووە.دالیا سیراجەدین كەسێتی فانتازی رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەكان، ئەو كچە جوانەی كە لە كۆلێژی ئادابی بەغداد لە بەشی ئینگلیزی دەخوێنێت، هەروەكو كچانی دیكە تووشی عەشق دەبێت لەگەڵ باسم ئەلجەزائری كە لە شاری بەغدایە لە خانەوادەیەكی دەوڵەمەند و ناسراوە، ئەویش خوێندكاری ماستەرە لە ئەدەبی دێرینی ئینگلیزیدا، حیكایەتی باسم جەزائیری گرێی هەرە

سەختی ژیانی دالیابوو، یەکەمین عەشق و گەورەترین خۆشەویستی بوو، هەر کچێك ئەو شتانەی لە خۆشەویستی هەبێت دالیا لە باسمی دەبینییەوە لە ماوەیەکدا بەیەکەوە دەبن، دەگەڕێن و پێکەوە نان دەخۆن و پێکەوە دەخەون، دەبن بە دوو عاشقی بەناوبانگ لەناو زانکۆدا، وەکو دوو رۆح لەیەکتر جیانابنەوە، بەڵام دالیا دەزانێت باجی ئەو خۆشەویستییە چەندە قورسە لەبەر ئەوەی دووبرای هەیە لەبازارەکانی کوردستاندا، ئەو جۆرە کەلتورە رەتدەکەنەوە، بەتایبەتی عەرەب نموونەیەکی جوانی لەکوردستاندا نیشان نەداوە جگە لە دوژمنکاری و خوێنڕشتن، براکانی دالیا بەو خۆشەویستییە دەزانن، بەر لەوەی ئابڕویان بچێت، بە نهێنی دێن بۆ بەغداد لەنزیکەوە لە هەموو حیکایەتی خۆشەویستییەکە تێدەگەن، بێئەوەی هیچ بکەن دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، تا کاتی پشووی نیوەی ساڵ دالیا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ، براکانی نایانەوێ کەس بەکوشتنی بزانێت بە هێمنی خوشکەکەیان بێهۆش دەکەن و بەناو چیاکاندا بۆ شوێنێکی دووری دەبەن لە تۆڵەی شەرەف بە ئازارێکی زۆر خوشکەکەیان لە کۆنە بیرێکدا بە زیندوویی فرێی دەدەن لە شەوێکی سارد و بەفراویدا، دوای چەند رۆژێك کاروانێکی قاچاغچی بە شێوەیەکی موعیزە دەریدەهێنن و رزگاری دەکەن، کۆمەکی دەکەن و دەیگەیینە شوێنێکی راستە جادە ماڵئاوایی لێدەکەن. بەر لە کۆتایی پشووی نیوەی ساڵ دالیا دەگەڕەتەوە بۆ پایتەخت، دەزانێت جارێکی دیکە ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کوردستان لەبەر ئەوەی براکانی جارێکی دیکەش دەیکوژنەوە. باسم دەبینێت و هەموو کارەساتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، بڕیار دەدەن کە دالیا شوێنی خۆی بگۆڕێت، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئاشکرا نەبێت، باسم ڕێ و شوێنی بۆ دابین دەکات، خۆی کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی نامەی ماستەرەکەی تەواو بکات، شەوێك ماشێنێکی رەشی دەوڵەت دەیبات و ئیدی ناگەڕێتەوە.ئیتر دالیا دونیای لێ تاریك دەبێت هەموو زیندانەکانی بۆ دەگەڕێت تا کار دەگاتە ئەوەی لەشی خۆی لە پێناو دۆزینەوەی باسمدا هەراج بکات، هەروەها خەوتن لەگەڵ ئەو کاربەدەستانەی کە سەرەداوێکیان لەلایە، دەستاو دەستی پێدەکەن و نایدۆزێتەوە، دوای بێئومێد بوون خانمێك بە ناوی "سەمەر ساڵح"لەگەڵ هاوڕێیەکی دەینێرێت بۆ شاری تەپوتۆزە زەردەکان لەوێ بۆ یەکەمجار "دکتۆر موسای بابەك" دەبینێت. ئەوەی وای لە دالیا کرد کەوا لەیەکەم رۆژەوە لە شاری سۆزانیەکاندا بمێنێتەوە لە پێشوازیکردنی فریشتە چکۆلانەکاندا بوون، دالیا هۆکاری مانەوەی لە شاری سۆزانییەکاندا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو فریشتانە، کە بوونەوەری سەروو سروشتین و ئەوان ڕێنمایی دەکەن لەمانەوەو نەمانەوەیدا، سەرەتا تەنها یەك فریشتە بوو بوون بە دوو، دواتر هەموو هەواو ئاسمانی شارەکەیان پڕکرد.دالیا بە جەلادەت دەڵێت: فریشتەکان تۆیان هێنا بۆ ئەم شارە لەکاتی پێویستدا هاوکاری لێقەوماوە غەمگینەکان دەکەن.دالیا وەك کەسێتیەکی فانتازی هەموو فریشتەکان دەبینێت کە بەدەوری جەلادەتدا شەبەنگیان دروست کردبوو، جەخت لەوە دەکاتەوە سیحر نییە بەڵکو راستییە.دالیا ئامۆژگاری و رێنمایی جەلادەتی دەکرد و هەوڵی لەبیر بردنەوەی مۆسیقای لەگەڵدا دەکرد، هەوڵی لەبیربردنەوەی رابردوو و ناو نەهێنانی هاوڕێ مۆسیقارەکانی دەدا، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت، چونکە لە شاری سۆزانییەکاندا بەشێك لە سۆزانییەکان دواتر هاوسەرگیریان لەگەڵ ئەفسەرە گەورەکان و وەزیرەکاندا دەکرد. "دۆنادۆن" چوونە ناو ڕۆحی یەکێکی ترە مانای وا نییەکە هەموو شتێکی ئەو کەسە بزانێت، جەلادەت مەبەستی ئەوە بوو، دەربارەی دالیا زۆر شتی نەدەزانی، وەکو ئەوەی هێشتا زۆر شت دەربارەی ڕۆح نەزانێت، دەڵێت: بگەمە هەر کەسێك لێی دەپرسم ڕۆح چییە؟لەگەڵ پەرییە غەمگینەکانی دەوری دالیا سیراجەدین و پەپولە هێمنەکانی دابوو کە لە "پرتەقاڵی سپی"دا دەفڕین لەڕێگا دوورو درێژەکانی کە بەرەو قیامەت دەیبرد و دەگەڕایەوە، ئەو بەلەم و ئەسپە خەیاڵیانەی کە بە زینکراوی وەك ئەوەی خودا بۆی ئامادە کردبێت. دالیا سیراجەدین لە وێنەی پەری و فریشتە لە جوانیدا، یەکێك لەو

کەسێتیە فانتازییانەی شاری پرتەقاڵی سپییە لە خۆشەویستییەکی ناکامی لەگەڵ باسمی جەزائیری لەو بارودۆخەدا دەبنە قوربانی، هەردووکیان دەبن بە ڕۆح، بە هۆی فریشتەو باڵدارەکانیانەوە لە پەیوەندی بەردەوامدان لەگەڵ یەکتریدا، یەکەمین دیداری جەلادەت و دالیا سیراجەدین کە بەڕای جەلادەتەوە جوانترین بوونەوەر بووە کە تا ئەو کاتە بینیویەتی، دلنیابوو لەوەی کە دالیا لە بوونەوەرێك زیاتر دروست بووە، مرۆڤ لەدوای جوت بوونی نێر و مێ لەدوای پرۆسەیەکی دوورو درێژی نۆ مانگی مرۆڤێك لە منداڵدانی دایکی دێتە دەرەوە، بەڵام دالیا لەو جۆرە مرۆڤانە نەبوو، مرۆڤێکی کەسێتی گۆڕاوبوو شەبەنگە فریشتەی دەبینی خۆشی فریشتەی هەبوو . موسای بابەك بە جەلادەت دەڵێت :ئەو کچە باڵابەرزە قژدرێژە، هەرجارێ بە ناوێك خۆی دەناسێنێ، کە گشت ناوەکان فانتازیین. دالیا باس لە هەڵس و کەوتی فریشتەکان دەکات و دەڵێت:لە کاتی فڕیندا نزم دەفڕین لە ناکاو بەرزدەبوونەوە، ئەوکاتە وەك بۆنیان کردبێت پیاوانی دەوڵەتیش کۆمەڵێك فریشتەی خراپی خۆیان هەبێت لە سالۆنی پرتەقاڵی سپییدا وەکو جاسوس بەکاری دەهێنان، دالیا کچەکانی پرتەقاڵی سپی دەکاتە گەواهیدەر بۆ ڕاستی قسەکانی، هەروەها فریشتە بچکۆڵەکان وازیان لێ نەدەهێنا، بە هەزاران لەسەر سەر و سنگ و کراسی دەنیشتنەوە.دالیا بە جەلادەت دەڵێت:"بەڵام شتێك لە ئاسمانەوە، دەنگێك کە هەر من گوێم لێیە، تۆی بە من سپاردووە.تۆ تەنیا منت هەیە، منت هەیە...من بۆ ئەوە باشم ببم بە دایکت...شتێك لە بای ئێواران و نەسیمی سوبحگاهاندا وام پێدەڵێت، ئاخ، جەلادەتی کۆتر تۆ دەڵێیت چی، دەتەوێت گاڵتە بەم شارە بکەیت؟بڵێیت نەسیمی سوبحگاهانی لێ نییە، شنەی شەماڵی لێ نییە...کەس ئاوەها سەیری نەکردوم تێدەگەیت، تۆ وەك فریشتە چکۆلانەکان سەیرمدەکەیت..وەك یەکێك دیارییەکی گەورەی پێشکەش بە من کردبێت" ( عەلی، ٢٠١٣: ١٦٢). دالیا سیراجەدین یەکێك بوو لە کەسێتیە فانتازیا جوانەکان کە قسەی دەکرد هەموو گیانی دەجولا، کە پێدەکەنی شتەکانی دەوروبەری وەکو شەبەنگێك دەدرەوشایەوە، کچێکی زۆر جوان بوو لە هەر شوێنێك بووایە کۆنترۆڵی دەوروبەرەکەی دەکرد بە هەڵس و کەوتەکانی کچەکانی شاری سۆزانییەکانی یەکە یەکە ماچ دەکرد، بە زیرەکی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر یەکەیان دەبەست، جەلادەت لە قسەکردن لە خۆشەویستی خۆی و دالیادا دەڵێت؛من وەکو شەیتانێکی حەو شاخ لە ناو مۆسیقار و کچەکاندا دەرکەوتبووم، بەڵام لەبەرامبەر دالیادا پەکم دەکەوت، دالیا توانایەکی زۆری هەبوو لە ناچارکردن و پەلکێشکردنی بەدوای خۆیدا، دالیا هێزێکی لە رادەبەدەری هەبوو، جۆری کەسێتیەکەی وابوو، جەلادەت بە هەموو توانای خۆی نەیدەتوانی لە مەکر و فێڵەکانی دالیا خۆی دەرباز بکات. جەلادەت جگە لەو شەوە چەندین شەویتر کەسێکی خەیاڵی فانتازی دەهات و دالیای لە سوچەکەدا لەباوەش دەگرت جەلادەتیش بە مۆمێکی داگیرساوەوە تەماشای دەکرد و قسەکانی لەیەك گرێدەدا و بەدواداچوونی بۆ دەکرد، بۆ ئەوەی لە مەعدەنی کەسێتی دالیا بگات . لە دوای ئەوەی بابلی جەلادەت تەسلیمی دالیا دەکات و فریشتە چکۆڵەکان رادەسپێرێت، کە نابێت ئەو کوڕە بمرێت.جەلادەتی کۆتر دەڵێت:"ئەو شەوە دالیا سیراجەدین هاتە خوارێ، من لە هەر شەو باشتر و ڕوونتر فریشتە چکۆڵەکانیم دەبینی. فریشتەکان پەشۆکان و نائارامییەکی سەیریان پێوەدیار بوو...ئەو شەوە بۆ یەکەمجار لە تاریکیدا توانیم باسمی جەزائیری ببینم، ئەو شەوە منیش خەیاڵی ئەو کوڕەم بینی کە لەوەوبەر تەنیا دالیا دەیبینی، من دەمزانی تەنیا کەسێك دەتوانێت ئەو جۆرە تارمایيانە ببینێت کە ڕۆحێکی وێڵگەردو تاریکیدۆز بێت. ڕۆحێك بێت، بتوانێت لە تاریکیشدا ببینێت." (عەلی، ٢٠١٣: ٢٦٤) دالیا لەواقیعدا شێتی باسمی جەزائیرییەهەروەها لە دوای مردنیش کە دەبێتە ڕۆح هەر شێتییەتی و لە ئەبەدییەتیشدا هەر وازی لێناهێنێت، چونکە بە زیندوویەتی خۆشەویستییەکی ناکامی بەرکەوتووە."بەدرێژایی بەهاری ئەو ساڵە تا دوای سەرەتاکانی

هاوینیش، دیمەنی تارمایییەکان بەردەوامبوو، شەو دوای شەو ژمارەی قوربانییەکان گەورەتر و شێوەی سەماکان بەجۆشتر و سروشتی گۆرانییەکان غەمگینتر دەبوون، جەلادەت و دالیاش وەك دوو ڕۆح کە شاهێدن لەسەر گوناهێك کە شاهێدێکی دیکەی لەسەر زەوی نییە لە تخوبی ئەو شارە خەیاڵییەوە سەیری شەپۆڵی یەك لە دوای یەکی تارمایییەکان دەکەن کە شەو دوای شەو دێن و سەحرا دەیانخوات و لم دەیانبات و با لە یادیان دەباتەوە."(عەلی، ٢٠١٣: ٢٨٦) ئەفسەرە عارەبەکە لەسەردابەکەدا لە دوای وەرگرتنی خۆشی بە دالیا دەڵێت:خەریکە هۆش لە دەست دەدەم، هەموو شەوێك ئەو سەردابە پڕ دەبێت لە ڕۆحی مردوو، دێن فایلەکانی خۆیان دەبەنەوە، ئەوەندە زۆرن دەرەقەتیان نایەم. دالیا"لە مێژە لە تارمایییەك دەچێت کە پیاوان بە ناو سێبەرەکەیدا تێدەپەڕن و دێنەدەرێ، وەك تێپەڕینی هەورێکی سارد بە ناو هەورێکی دیکەدا. ئەو هەفتەیە دالیا پەیوەندییەکی سەیر لەگەڵ ئەو مردووانە دروستدەکات لە گەڵیاندا کۆدەبێتەوە، ئەوان دەست بە قژیدا دەهێنن، ماچی دەکەن لە نزیکییەوە دەوەستن، فایلەکانی خۆیانی نیشاندەدەن.دالیا..چیرۆکی پەرییە چکۆلەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەو پەرییە بچوکانەی بەئەندازەی چوکلێتێك دەبن." ( عەلی، ٢٠١٣: ٢٩٣) دالیا خۆی دەمێکە لە تارمایی دەچێت، کە پیاوان خۆشی لێدەبینن. لە دوای بێزاربوونی لە هەواڵی حوکمدانەکەی باسمی جەزائیری، بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ کوردستان لەڕێگادا لە نزیك فورات فکری دەگۆڕێت، خەیاڵی دەیباتە ناو قوڵایی ئاوەوە، زۆر دوور دەڕوات، دیسان لەوێش وەکو دوو ڕۆح بەڵام لە بەرگی ماسیدا توشی خۆشەویستەکەی دەبێتەوە.جەلادەت زۆر سەرسامە بە گریانی کە پێی وایە فرمێسکەکانی هەروەکو لە کانییەکی ئەزەلی کە لە مەلەکوتەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام دالیا لە وەڵامدا بە جەلادەت دەڵێت: من تەنها فریشتەکان دەتوانن ژیرمکەنەوە، تۆش یەکێکی لە فریشتەکان.شەوی جەنگ شار چۆڵ بوو، جەلادەت ئەو شەوە دیسانەوە فریشتەکانی دالیای بینی کە بە شێوەیەکی زۆر سەیر جوڵەیان دەکرد و دەفڕین وەك ئەوەی شتێك پاس بکەن یان خۆیان بۆ ڕووداوێکی نادیار ئامادە بکەن. دالیا ساڵێکی تریش بەدوای تارمایی باسم جەزائیری دا دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە گلەیی لە فریشتەکانی دەکات کە وەکو جاران نین وازیان لێهێناوە، دالیا ویستی بچێتەوە بۆ پرتەقاڵی سپی هەموو بیابان بگەڕێت جگە لە حیکایەتێك هیچی تر نابیستێت، وەك کەشتییەکی گەورە بە ناو لمدا سەفەردەکات، وندەبێت و دەردەکەوێت. "باسم لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەڵدێنە شار..ماندوونەناس چاوەڕوانی دەرکەوتنی مەهدی دەکەن خۆی دەشارێتەوە لەو سەردەمەدا کە عەشقی حوسەین کلێەی کردووە باسم ناچارە خۆی وەك یەکێك لە کفنپۆشەکان نیشانبدات تا لە نێو سوپای حوسەیندا جێگای ببێتەوە.تارمایییەکان دوایدەکەون بۆ شارو لە باغ و بنکە و شوێنی نهێنی فیداکارانی ئیمامەتیشدا دەبنە هاوڕێ."( عەلی، ٢٠١٣: ٧٩٨-٧٩٩) باسم لە دوای ئازادبوونی وشککردنی هۆرەکان.. لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا هەڵدێنە شار تارمایییەکان کە بوونەوەری فانتازین بۆ کۆمەك کردنی باسم بە هەموو شوێنێکدا هاوڕێیەتی دەکەن. یەکێك لە تارمایییەکان فایلێکی گەورە بۆ جەلادەت دەهێنێت، کە هەمان ئەو حیکایەتەی تێدایەکە دالیا لای موسا بابەکی جێهێشتبوو. لەگەڵ دەرکەوتنی باسم جەزائیری، ڕوخساری جەلادەت وەك کەسێتی فانتازی ڕۆشناییەکی تێکەوت لە کۆتاییدا توانی ئەو پەیامە مرۆڤایەتییە بگەیەنێت بە دالیا سیراجەدین و باسم جەزائیری وەکو دوو عاشقی ناکام و شادبوون بە دیدەنی یەکتری، هەرچەندە دالیا سیراجەدین، جەلادەتی کۆتری وەکو کوڕە پورێکی خۆی خۆشدەویست.

**ئیسحاقی لێوزێرین:** ئیسحاقی لێوزێرین کەسێتی مۆسیقار و فانتازی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان لە خێزانێکی بچکۆلانە خۆی و ژنی و کچێك بوون، بە هیوای ئەوەبوو لە داهاتوودا کچەکەی ببێتە

مۆسیقارێکی بەتواناو بەناو بانگ، بەڵام لەو لاوە بەرپرسێکی ڕژێمی ئەو سەردەمە دێت و ژنەکەی و کچەکەی لێ زەوت دەکات و ژیانی لێدەکاتە دۆزەخ، هیچ چارەیەکی نامێنێت تەنها خودانە بەر مۆسیقا و دۆزینەوەی ئەو دوو منداڵە کە زۆر شەیدای مۆسیقا و هونەرن لە فەلسەفەی مۆسیقا گەیشتبوو:لای خۆیەوە فێری دەکردن کە هەموو شتێك ئاوازێکی تایبەتی خۆی هەیە ترپەی دڵۆپی باران، کە بە سەر دەکەوێت ئاوازێکی هەیە کە بەر لوت دەکەوێت ئاوازێکی تری هەیە، هەروەها تیشکی خۆر بەلای ئیسحاقی لێوزێرینەوە، ئەو مرۆڤە مۆسیقار لەناوەوە بەئاگا دەهێنێت کە دەمێکە نوستووە، هەروەها هەر مۆسیقایەکیش ئەهریمەنێکی خۆی هەیە، ئەگەر پاکنەکرێتەوە، ئەو کاتە ئاوازی سواوە و ناخۆش دەخولقێت. لە کاتێك هەموو شتێك مۆسیقای خۆی هەیە شتە بەماناکان و بێماناکان، بولبول ئاوازەکانی بۆ ئێمە ناگۆڕێت، شتە بێدەنگەکانیش دەنگی تایبەتی خۆیان هەیە هەموو شتێك لەو دونیایەدا دەنگی خۆی هەیە لێوزێرین مەبەستی بوو خوێندکارەکانی فێری زمانی ئەبەدییەت بکات. جەلادەت سیمای فریشتەی بەهەشتی لە لێوزێرین دەبینی، هەردوو خوێندکارەکە لێوزێرین وەکو تارماییەك دەهاتە بەرچاویان، چونکە لە هەوڵدا بوو ئەوەی لە ڕۆحیدا بوو بەو خوێندکارانە بدات."لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان ئەو سامە قووڵەیان لە مردن تیا دەخوێندەوە. بە تایبەت لە کاتی نوێژەکانی بەیانییدا بێئاگا دەلەرزی و وەك یەکێك لەژێر فشاری شەیتانێکدا بێت عارەقەی دەکرد. کاتێك جەلادەت یەکەمجار بەو حاڵەوە بینی...دەنگێکی لێدەهات پتر لە مۆسیقای نەیەکی ئەفسوناوی دەچوو، دەنگێکی سەیر و هێمن...شتێك بوو تێکەڵ لە گریان وترس، ئاوازێك پێشتر جەلادەت نەیبیستبوو."(عەلی، ٢٠١٣: ٣٥) وەك کەسێتیەکی دۆنادۆن، ئەو سیاسەتمەدارەی کە ژن و کچەکەی ئیسحاقی لێوزێرینی بۆ خۆی و کوڕەکەی دانا بوو، هەوڵی گۆڕین و دانانی کەسێتیەکی بازرگانی لە شوێنی کەسێتی مۆسیقاری ئیسحاقی لێوزێرین دابوو، دواجار ویستبووی ئەوەی لە خۆیدا کوشتبووی لە کچەکەیدا زیندووی بکاتەوە وەك کەسێتی دۆنادۆن لەوەشیاندا سەرکەوتو نەبوو، دواتر هەستی بەوە کردووە کە لە قووڵاییدا ئەو مەخلوقێکی تر بووە، ئەو ماوە درێژە حەقیقەتی خۆی نەبینیوەو رابردووی بە هەدەر چووە، جەلادەت مامۆستاکەی بە کەسێتیەکی ئاسایی نەدەزانی، سەیری پێدەهات خەڵك ئەوە نابینن، تەنیا لە روخسارو جوانی جەلادەت ورددەبنەوە، ئاگایان لەو هەموو بەرائەت و پاکی و جوانییەی لێوزێن نییە، کە قسەی دەکرد وا پێدەچوو لە دونیایەکی دیکەوە قسەبکات. "منداڵی خۆی و گەورەبوونی ...دەنگی ئەو ئاوازانە، بێقەرار بەرەو جێگای ئەوتۆی دەبرد کە لەدەرەوەی ژیان و زەمان و ئەو جێگایانە بوو کە دەیناسین، بۆ یەکەمجار هەستی بە پەیوەندی نێوان مۆسیقاو فڕین دەکرد...جەلادەت دەفڕی، جەلادەت چاوانی لێکدەناو هەستیدەکرد لە ئاسمانە. بۆ یەکەمجار قاچی لەسەر زەمین بەرزدەبووەوە، بۆ یەکەمجار دەیبینی درزێکی مەزن دەکەوێتە نێوان جەستە و ڕۆحییەوە..." ( عەلی، ٢٠١٣: ٤٣) هەستی بە بوونی درزێك دەکرد لە نێوان جەستەو ڕۆحدا، رۆحی دەفڕی و جەستەی لە شوێنی خۆی بوو. سەرهەنگ دەیگووت لە نێوان جەستە و رۆحدا، کێشەیەك هەیە جەستەمان فێرنەبووە گوێ لە رۆحمان بگرێت، مۆسیقا کاریگەری هەیە لە بە قسە هێنانی رۆحدا، کاتێك جەستەو رۆح ئاشنای یەك دەبن بەیەکەوە دەفڕن، ئاوازی فانتازی و دڵفڕێن وا لەو دوو منداڵە دەکات کە بفڕن! بە قووڵایی ئاسماندا لێو زێڕین و جەلادەت و سەرهەنگ وەك سێ غەریب گوند بە گوند دەگەڕان موعجیزەیان بە مۆسیقا دروست دەکرد، بەر لە مرۆڤەکان ئەستێرەو درەخت پێشوازیان لێدەکردن، دەفڕین لەم بەر چیاوە بۆ ئەو بەر، بەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا دەڕۆیشتن و هیوایان لە بێئومێدی دروست دەکرد و ورەیان بەرزدەکردنەوە. درەختەکان تێکەڵی خولیای ئەو سێ مۆسیقارە دەبوون، بەختیارعەلی وەکو لەم تێکستەدا لە لاپەڕە (٥١)دا دیارە زاراوەی

فەنتازیای بەکار هێناوە تا فانتازیا. وەك كەسێتیەكی فانتازی هەست دەكات كە مانگ دەیەوێت ڕێنوێیان بكات و ببێتە دەلیلی، مانگ لێرەدا وەك مرۆڤ قسەدەكات و لە هەمان كاتدا ڕێنونیان دەكات. "ئێمە هەرسێكمان ڕۆژانێك بەبێ بەلەم بەسەر ئاوەكاندا ڕۆیشتبووین، ئەوكات كە مۆسیقا ساف دەیكردین بە ڕۆح و جەستەمان حوكمی نەدەما دەمانتوانی بەسەر ئاوەكاندا بڕۆین"( عەلی، ٢٠١٣: ٧٥) ڕۆیشتنی مرۆڤ بەسەر ئاودا بە بێ بەلەم، یان ئەفڕاندنی پارچەیەك مۆسیقای فانتازی وا لە مرۆڤ دەكات بفڕێت یان بە پێ لەسەر ئاودا بڕوات . هەرسێ مۆسیقارەكە خۆیان دابووە دەست قەدەری مۆسیقاوە، تەنها جەلادەت بۆی دەركەوت كە ئەوانەی لە ڕۆخ زێیەكەن شەیتانی گوێ ئاو و جنۆكە نین بەڵكو سەربازن، سەربازەكان لە شێوەی شەیتان و جنۆكە خۆیان مەلاس دابوو، جەلادەت بە مەی دەزانی، بیری لە دوای گیران دەكردەوە و خەریكی دوورخستنەوەی بالندەكان بوو، ئەوان وەكو كەسانێكی تارمایی وا ڕاهاتبوون بەناو كۆمەڵێك خەڵكدا بڕۆن و كەس نەیانبینێت و مۆسیقاش لێیدەن. هەر سێ مۆسیقارەكە هەڵمێكی ڕەشیان لێ هەڵدەستا، كۆمەڵێك مەخلوقاتی تاریك تریفە دەورەیان دەدەن . گەشتەكەیان بەناو سروشت و گوندی سوتاودا، ئەو ئاگرەی شەوی دەستبەسەركردنیان نەوعی نەبوو، زۆر جیابوو لە شەوەكانی تر، كە بە هۆی مەستی و بێئاگایی مۆسیقای فانتازییەوە هەستیان پێنەدەكرد.جەلادەت سەرنجی لێوزێڕین و سەرهەنگی دەدا كە لەكاتی لێدان و ئازاردا پێش وەخت ڕۆح و جەستەیان لەیەك جیادەكەنەوە جەستەیان لەبەر دەستی جەلاد دایە، ڕۆحیشیان لەلای پەیامە پیرۆزە كەیاندایە، ئیسحاقی لێوزێڕین هەروەكو پەیمانی بە جەلادەت و سەرهەنگ دابوو لە دونیایەكی دیكەدا یەكتر دەبیننەوە.

**سامیری بابلی:** ئەو ئەفسەرە بە ڕەگەز عارەبە دوو چاوی ڕەش و گەورەی هەبوو، وەك چاوی باڵدارێكی گەورەی فانتازیی بوولە توڵەی باوك و براو خوشك و دایك و بێستانی پرتەقاڵی باوكی لە ڕێگای ئامۆزایەكی دەچێتە كۆلێژی سەربازی بۆ خوێندن، دواتر بە پلەی ئەفسەر دەردەچێت دوا پلەی سەربازی نەقیب بوو، گشت ڕشتە و جۆرەكانی سەربازی دەخوێنێت، بە قۆناغەكانی مەشقی سەربازی چڕ تێدەپەڕێت، دەبێتە ئەفسەرێكی دڕندە لە كاتی پڕۆسەكانی قڕكردنی كورددا ڕۆڵێكی زۆر ترسناك دەبینێت، هەموو هەوڵ و تەقەلای بۆ ئەوەبوو دلنیایی لای سەركردایەتی بە ناو شۆڕش پەیدا بكات و دواتر لە دەرفەتێكدا هەوڵی كۆدێتا بەرپاكردن بكات و دیكتاتۆرەكەی سەدەی بیستەم لەناو ببات، كە ببووە دڕندەیەكی مەترسیدار بۆ گیانی خانەوادەكەیی و گەلانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و پڕۆسە بەدناوەكان، نەقیب سامیری بابلی، وەسێتنامەیەكی لە باوكییەوە بۆ مابووەوە تیایدا نەچێتە شەڕی جولەكە و نەسرانییەكان هەروەها شەڕی كورد لای باوكی یەكێكە لە شتە هەرە حەرامەكان، چونكە كوشتنی كورد هیچ شتێك پاكی ناكاتەوە لەو ساڵانەوە كە چاویلكەیەكی ڕەش دەكاتە چاوی لەوساتەوە وەسیەتەكەی باوكی پێشێل دەكات و لە بیری دەكات .ئەو ڕۆژانەی كە دەچووە گۆڕەپانی سەربازی یان بەندیخانە سەربازییەكان، پێش ڕۆیشتنی بۆنی پرتەقاڵی بەژوورو ڕیواق و زیندانەكاندا بڵاودەكردەوە، بۆنێك بوو قوربانییەكان سامیان لێدەنیشت دەستیان دەخستە سەر دڵی خۆیان، جەلادەكانیش خۆیان ئامادە دەكرد بۆ ئەوەی غەریزە ترسناكەكانی خۆیان تێر بكەن و حەزە شەڕانگێزەكانیان و شەهوانییەكانیان دامركێننەوە، سامیر یەكێك بوو لەوانەی زمانیانی دەبڕی وەكو كولتورێك، هەندێك لە قوتابییەكان زەكەری كوردە كوژراوەكانیان كۆدەكردەوە لەدوای بڕینیان لەلایەن جەلادەكانیانەوە بەڵام بابلی تەنیا زمانی كۆدەكردەوە، تیایان بوو پەنجەی كۆدەكردەوە، هەیان بوو گوێچكە و هەشیان بوو چاو.هەموویان لە شوشەی تایبەتدا هەڵدەگرت،

دەیانبرد بۆ کۆلێژە پەیوەندارەکان بۆ ئەوەی خوێندکاران لەسەر ئەم ئەندامانە بخوێنن کە لە جەستەی قوربانییەکانی مرۆڤی کورد لێکرابوونەوە ، بەر لە تەواوکردنی ساڵی سێهەم نەقیب سامیری بابلی زمانی بیست و یەك کوردی هەبوو، بەناوەکانیانەوە، نەقیب سامیری بابلی ماوەیەکی زۆر مۆتەکەی ئاوازێکی فلووت لێدان سەرسام و بێزاری دەکات، تا دەگاتە ئەوەی گەڕەکێکی بۆ تەخت بکات یان بە هەر نرخێك بێت مۆسیقارەکە دەستگیر بکات و بیکوژێت، بەڵام پێچەوانە دەبێتەوەو ئەو مۆسیقایە چۆکی پێدادەدات، رای چەند ساڵەی دەگۆڕێت و تەسلیمی ئیرادەی دەبێت، نەقیب سامیری بابلی لەدوای کوژرانی ئیسحاقی لێوزێڕین و سەرهەنگ قاسم هەوڵدەدات جەلادەتی کۆتر رزگار بکات و ڕادەستی دالیا سیراجەدینی بکات، جەلادەت لە کاتی شەڕەکانی کەنداو سامیری بابلی وەکو دیلێك لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ کوردستان، دواتر شاناز سەلیم دەبینێت و دەبن بە هاوسەری یەکتر، جەلادەتی کۆتر قوربانییەکان کۆدەکاتەوە لە دادگایەکدا خۆشی دەبێتە دادوەر بۆ دادگایی کردنی بابلی، قوربانییەکان بەشێکیان دەیبوورن وبەشێکیان بڕیاری لە سێدارەدانی دەدەن، خۆشی حەزدەکات بە سزای خۆی بگات بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە بەرامبەر بە وەسێەتنامەکەی باوکی زوهێری بابلی خۆی پاکبکاتەوە. جەلادەت دەڵێت :چاو دەروازەیەك نییە بۆ رۆح، نهێنییەکانی ڕۆحی خۆی لە گەنجینەیەکی تاریکدایە، سامیری بابلی ئەو کەسێتیە فانتازیایەی کە دەیان تاوانی گەورەی لە سەردەمە جیا جیاکان ئەنجام داوە لە هەمانکاتدا لەگەڵ ئوم فەزڵدا ڕزگارکەری جەلادەتی کۆترە لەو تۆڕەدایە کە جەلادەت و دالیاو موسای بابەك و..هتد لێکگرێدەدات بە جیهانی سەرەوە. سامیری بابلی ئەو کاراکتەرەیە کە نەقیبی سوپای عێراق بووە، کە جەلادەت بە لەشکری شەیتانی دادەنێت، خوای گەورە سوپای نەبووە، بەڵام شاعیران و پێغەمبەرانی تاك و تەنهای هەبووە، کە چوونەتە ناو ئاگر نەسوتاون لەخاچدراون، نەمردوون.وێڕای ڕزگار کردنی لەمردن دوو شت وا لە جەلادەت و دەکات کە ڕێگا بە سامیری بابلی بدات بێتە ژوورەکەی، ئەو سیحرەی کە لەو دەنگە زوڵاڵەی کە بڕیاری کۆدێتاکردن لەسەر دیکتاتۆر دەدات و ئەو بێستانەی کە دۆست و دوژمن لێی دەخوارد، خێری بۆ گشت هەبوولەلایەن باوکە خێرەومەندەکەیەوە.هەر سامیری بابلی خۆی کەسێکی فانتازیی بوو لەچاوی جەلادەتدا. سامیری بابلی باسی حیکایەتەکانی خۆی دەکات لەو سەردەمە پڕ کارەساتە، بە هەمان شێوەی سندباد لە هەزارویەك شەوەدا لە بەغدا لە دایك بووە، وەکو سندباد بووە لە هەندێ ڕووەوە، بەڵام لەو کەسێتیە فانتازیانەی کە لە هەزارو یەك شەوەدا هەیە بەسەر سندبادیان هێناوە لەوە زیاتریان بەسەر بابلیدا هێناوە .سامیری بابلی دەڵێت: من بێ مۆتەکە و دێوەزمەی بەردەوام ناژیم. ژیانی من هەمووی کابوسە، وەك ئێستاکە بەردەوام کۆمەڵێك ئەسپی سپی لەسەرمدا غاردەدەن.جەلادەتی کۆتر مانگێکە بەردەوام کۆمەڵێك ئەسپی سپی لەسەریدا دەفڕن و ڕەوی دەکەن و دەسوڕێنەوە.شەوانە دەتلێمەوەو ئەوان هەر غاردەدەن، دەنگی سمیان وەهایە، وەك ئەوەی بەسەر زەوییەکی ئاگراویدا بڕۆن، هەندێکجار وەك پشکۆ دەگەشێنەوە، دەبنە قەوارەیەك لە ئاگر و دووبارە سپی دەبنەوە بابلی دەڵێت:"تەنیا هەفتەیەك بەر لە تەواوکردنی ساڵی سێهەمێ خوێندن، شەوێك جومجومەیەك هاتە خەوم .سەرێکی باڵدار بوو، کە دوو چاوی خەوتووی تیابوو، بێئەوەی دەم بکاتەوە بە منی دەگووت:گەردەتوانیت، زمانم دەربهێنەو بیبە بۆ خۆت..ماوەیەك هەموو شەوێك ئەو سەرە دەهاتە خەوم و خەبەریدەکردمەوە، وای لێدەهات نەمدەتوانی بخەوم، هەناسەم بۆ نەدەدرا.." (عەلی، ٢٠١٣: ٢٢٩) زمانە بڕدراوەکان بە دوای سامیری بابلی کەوتبوون، دەچووە ناو ئاو، بەرەو مەزراو کێڵگەکانی دەرەوەی شار ڕایدەکرد، بەڵام ئەوان هەر بەدوایەوە بوون، ئازاریان دەدا دەگریان پێدەکەنین، گۆرانیان دەگووت هوتافیان دەکێشا، جەلادەت هەمووی هەر بە زمانی کوردی بوو. "لەدوای ئەوەوە تارماییەکان وازیان لێهێنام و دوای ساڵێکی درێژ لە

ئازار گەڕامەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن..بەڵام جەلادەتی کۆتر..ئەی کوردی بەنمەك و شەرەف، ئەمشەو بنوو..بەربەیان نزیکەو کەمێکی دی کەڵەشێر دەخوێنێت و عەندەلیب بەیانی دێتە زمان، تەبیعەت هاتنی سوبحێکی دی ڕادەگەیەنێت، سبەی تۆ کارت زۆرە، سەر بخە سەر بالیفەکەت و بنوو.ئەی منداڵی داکەوتوو لە سوارچاکترین خێڵەکانی سەر ئەم ئەستێرەیە، بنوو." ( عەلی، ٢٠١٣: ٢٣٠ -٢٣١)ئەو تکێستە لە هەزارو یەك شەوە دەچێت. سامیری بابلی بە جەلادەت دەڵێت: ئەو مۆسیقارە لە تاریکییەوە دەرکەوت و بە فلووتێکەوە منی بەزاند فلووت ژەنەکە کە دەستێك جلی سپی سپی لەبەردابوو، وەك کەسێتیەکی فانتازی دێت و زمان و دڵی بابلی دەگۆڕێت. کاتێك مۆسیقارەکە خوێنی لێ دەچۆڕا، ئەو لە لێدانی مۆسیقا بەردەوامبوو، دواتر بە ماندوویی لە گوزەری قەسابەکاندا توشی دێت، نیوە مردوو پاڵی بە دەرابەکەوە داوە و سەیری شتێك دەکات کە کەس نایبینێت خۆی نەبێت، بە بابلی دەڵێ کوشتمت؟! سامیری بابلی باس لەو شەوە تاریکانەی شارە دوورەکان دەکات، گوێی لە هەمان ئەو مۆسیقایە دەبوولەو شەوانەی کە لە بیابانەکاندا گۆڕە گەورەکانیانی دروست دەکرد، خۆی بەرپرسی یەکەمی گۆڕە دەستە جەمعییەکان بوو، هەر خۆشی نەخشە دانەریش بوو، دەبایە بەجۆرێك قوربانییەکان ون بکات لە نەخشەیەکدا بە هیچ فریشتەیەك یان ئەهریمەنێك نەدۆزرێتەوە، بە تونێلێکەوە پەیوەست بکرێت لەوێشەوە بۆ قیامەتیان ببەن. لەکاتی تیربارنکردنی قوربانییەکاندا، دەنگی ئەو مۆسیقایە بەرز دەبووەوە لەناو زوڵمەت و تاریکیدا سامیری بابلی: ئەو مۆسیقارانەی دەبینی، کە هەموویان جلی سپییان لەبەردا بوو، تا ئەو شەوەی کە بابلی جەلادەتی ڕزگار کرد هەر بەدوایەوە بوون. سامیری بابلی بە جەلادەت دەڵێت: بە هیچ شێوەیەك نەدەتوانرا ئەو هەموو کوژراوانە ڕزگار بکرێت ! بەڵام تۆ هەر دەبوایە ڕزگار بکرییت، تۆ وەك پێغەمبەرێکی تازە وەهایت دەبووایە هەر ڕزگار بکرییت.دەبووایە لە گۆڕ دەرتبهێنم بۆ ئەوەی بژیت.سامیری بابلی دەیگووت: ئەو شەوەی کە جەلادەتی تیابینی، سەرەتا وایدەزانی وەکو ئاوازەکانی ڕابردووە، بەڵام هەمان ئاواز نەبوو، ئاوازێکی فانتازی و سیحراوی بوو، وەك ئەوە وابوو کە خالق دەستی لە داڕشتنیدا هەبێت، وا هەستی دەکرد کەوا هەواش وەستاوە و گوێدەگرێت. سامیری بابلی بە جەلادەت دەڵێت:ئەی منداڵی نەجیب لەڕێگا لەناو زیلدا لەکاتی فلووت لێداندا، سامیری بابلی ڕووداوی ئەو شەوە دەگێڕێتەوە بۆ جەلادەت، کە لەدوای بریندارکردنی دەنگی مۆسیقایە فانتازییە سیحراوییەکە دێتەوە بەر گوێی، جارێکی تر ئاراستەی جێبەکەی دەگۆڕێت و دێتەوە سەر جەلادەت، دەبینێت مردووە، هەڵیدەگرێتەوە، تەنیا دالیا سیراجەدین شك دەبات بۆ ئەوەی بیباتە لای دالیا.بە پێی پەیمانی ڕۆحی سامیری بابلی دیل بوو لە لای جەلادەتی کۆتر، سامیری بابلی بە هۆی مۆسیقا فانتازییەکەی جەلادەت دەگۆڕێت لە کەسێتیەکی دڕندەو شەڕانگێزەوە بۆ کەسێتی دژ بە تاوان و دژ بە دیکتاتۆر. "جەلادەت دەیگووت:سامیری بابلی، ئەی نەقیبی جەهەنەمێ، ئەی ئەفسەری ئەهریمەنەکان، ڕاستە تۆ ئەسیری منیت، بەڵام من دواجار خاوەنی خۆم نیم..تا ئێستا لە قوڵاییدا هەر من دیلی ئێوەم، من کۆیلەی ڕۆژگارە دزێوەکانی ئێوەم" ( عەلی، ٢٠١٣: ٤٣٤) جەلادەت هەندێك وشەی فانتازی بەکاردەهێنت بەرامبەر بە سامیر، نەقیبی جەهەنەمی، ئەفسەری، جەلادەت هەژموون و مۆتەکە و دێوەزمە کۆنەکانی ئەوانی هەر لە یادەوەریدا ماوە. کاتێك کە بابلی بە جەلادەت دەڵێت :دەبێت تۆ وەك فریشتەکان بەپاکی بمێنیتەوە چوونکە تۆ شاهیدی شتێکی گەورەیت، بەڵام سامیری بابلی لە تاوانەکانەوە گلاوە، کۆمەڵێك شاهێدی غەمگین گەواهی دەدەن لە تاوانەکانی. سامیری بابلی کە دەگەیشتە حاڵەتی تاوانبارکردنی لە ناکاو فریشتەیەکی خەوتووی لە ناخی خۆیدا دەدۆزییەوە و خۆی دەرباز دەکرد. ئەردەلانی سۆفی دەیگووت من ڕۆحی کچەکەمم لەگەڵ خۆمدا هێناوە، سامیری بابلی لە دانیشتنەکەدا تارمایی ئەو

کچەی ڕاوکەری بای پێشووی بینی.سامیری بابلی پێش وەخت دەیزانی لەو دادگایی کردنە دەرناچێت، نیازی پاکبوونەوەشی دابوو، باکی بە مردن نەبوو، سەرباری ئەوەی جەلادەتی رزگار کردبوو. سامیری بابلی بە فلووتەکەی ئاوازێکی ژەند و گووتی چیتر گوناهبارێك و مۆسیقارێك پێکەوە ناژین، کە دوو کەسێتی زۆر لەیەك جیاواز بوون، دەبێت بە مردن لەیەك جیاببنەوە.

**مستەفای شەونم:** مستەفای شەونم پیاوێکی ورگنی قەڵەوی کە بە زەحمەت دەیتوانی هەناسە بدات، حەزی لە خواردن دەکرد زۆربەی کاتەکانی لە چێشتخانە و نانخواردن بەسەر دەبرد لەو بازنە چوار کەسییە دابوو، ئیسحاقی لێوزێرین و دالیا سیراجەدین و دکتۆر موسای بابەکدا کە بە چوارگۆشەی سەر بە جیهانی سەرەوە دروست دەکەن.ئەو چوار کەسێتیە فانتازییەی کە جەلادەت خۆی لە ناویاندا بە خاڵێکی بچکۆلە دەزانێت، ئەوانیش لێو زێرین و دالیا و بابەکە."مستەفا شەونم..ئەو پیاوەی لەشەوێکی تاریکدا باڵندەکانی بینی لەو شەوە دوورو درێژانەدا کەمن بە دوای شارۆخی شارۆخدا دەگەڕام، ڕێگام کەوتە سەر پیاوێکی سەیر.شەوێکی بێوێنە بوو لەو شەوانەی باڵندە سپییەکان دروستیانکرد، هێندەی لە ئوتێلی گێلاسی سپی دابەزیم، دەیان باڵدار لە چواردەورەم کەوتنە فڕین ..هەستمکرد ئەو باڵدارانە دەیانەوێت من بەرەو جێگایەکی تایبەتی ببەن..من پیاوێك بووم هیچ شتێکم نەبوو..بەڵام شتێکم هەبوو کە کەس نییەتی، کۆمەڵێك باڵندە" (عەلی، ٢٠١٣: ٥٢٥ -٥٢٦) مستەفا شەونم ئەو پیاوەی کە لە تاریکیدا باڵندە سپییەکانی دەبینی، ئەو شەوەی لە ئوتێلی گێلاسی سپیی دابەزی چواردەورەی پڕبوو لە باڵندەی سپیی و هەڵفڕین، دەیانویست بەرەو جێگایەکی تایبەتی ببەن. مستەفای شەونم بە جەلادەت دەڵێت:ئەو باڵندانە منیان بۆ لای تۆ هێنا. شەونم ئەو باڵندانەی پێشتر لەسەر "هاوڕێ قودسی" بینیوە، یەکەمێن جاریش نییە کە دەیان بینێت، سێ ساڵ پێش ماوەی مردن و ماوەی دەستپێکردنی پرۆژەکەی "هاوڕێ قودسی"ە کە دونیا بکات بەیەك تابلۆی گەورە."هاوڕێ قودسی" کەسێتی فانتازی کە بۆ یەکەمجار کە مستەفای شەونمی ناسی لە شەوێکی تاریکدا، بە خۆی و کۆمەڵێك باڵندەوە دەبینێت، وەك بازنەیەکی گەردوونی لە چیرۆکێك دەچێت نە سەرەتای هەیە نە کۆتا. جەلادەت بە بیریدا دێتەوە کە لەیلای نیلۆڤەری لە تابلۆکانی موسای بابەك لە مۆزەخانە نهێنییەکەیدا بینیوە، جلێکی سپی لەبەردا بووە لە ژنێك دەچوو کە ئەو ساتە لە هەورەوە دابەزیبێت، مستەفا شەونم وەستایەوە وەك مردبێت بێجوڵە کەوتەوە نیگار کێشانی شوێنێکی نادیار. مستەفای شەونم دەڵێت:لەیلای نیلۆڤەر:"سەد مەتر لەولا پێشانگاکەوە چاوەڕوانیدەکردم..گووتی:چۆن شتی وام بەرامبەر دەکەیت...چۆن؟..حیکایەتی ئازارەکانی ئەو شەش مانگەی خۆمم گێڕایەوە، پێمگووت، گەر نەزانم لە کوێیە، چی دەکات، چۆن دەژی شێتدەبم. دەمزانی منی خۆشدەوێت، ئەو دواهەمین ئافرەتی دونیابوو کە منی خۆشویست .. فرمێسکەکانیشی فرمێسکی فیراق و دووری بوون نەوەك فرمێسکی توڕەیی." ( عەلی، ٢٠١٣: ٥٩٩ -٦٠٠)دواهەمین ئافرەتی دونیا لەیلا نیلۆڤەرە کەسێتیەکە لە رووی جەستەوە سەیرو سەمەرەیە لە دوای ئەوەی مستەفای شەونم وێنەکانی لەیلای نیلۆڤەر بە رووت و قووتی لە پێشەنگادا بڵاو دەکاتەوە، ئەو ڕۆژە دێتە لای جەلادەت کە سەری سوڕدەمێنێ چۆن بەسەر شەش قات لە گێلاسی سپی سەرکەوتووە، هەر ئەو ڕۆژە جەلادەت وا دێتە پێش چاوی کە مستەفا شەونم دەتوانێت بفڕێت و دەبایە باڵندەبێت، گەر ئەویش باڵندەکانی نەبینیایە لەگەڵ جەلادەت یەکتریان نەدەناسی."نازناوی شەونم شتێك بوو لە باپیرە گەورە گەورەکەیانەوە بۆی مابووەوە کە دەیگووت:لە سەر کەشتییەکانی سوڵتانی عوسمانی کاریکردوە و ناخودایەکی بێوێنەو بەڕەزم بووە، کە دواجار لە ناوەڕاستی دەریای سپیدا عاشقی حۆرییەك دەبێت، خۆی ئەو

حۆریە ناودەنێت"شەونم" حۆرییەکی ڕاستەقینەی دەریا کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت بۆ کوردستان و لەسەر زێی گەورە کۆشکێکی بۆ دروستدەکات.مستەفای شەونم کە خۆی بە نەوەی ئەو حۆرییە جوانەی دەریا دەزانێ" (عەلی، ٢٠١٣: ٦٠٥) .جەلادەتی کۆتر بارەکانی خۆی لە ئەسپە فانتازییەکان داگرت، ئەوانیش وەکو با دیار نەمان لەو عەمبارەی کە پێشتر مستەفا شەونم دەرگای ئۆقیانوسی هاواری بۆ خستبووە سەر پشت، ئێستا لە چارەنوسی ئەو کلیلە دلنیانەبوو کە لەگەڵ هەموو شتێکی دیکەدا لەو ژوورەی خۆیدا لە گێلاسی سپیدا جێی هێشتبوو. مستەفای شەونم بە دەستی خۆی جەستەی جەلادەت تاقیدەکاتەوە، تەواو پێی وایە قەقنەسە و لە خۆڵەمێش دروست بووە و تازە لە ناو ئاگر هاتوتە دەرێ جەلادەت و مستەفای شەونم هەموو شتەکان دەخەنە نێو ئەو پێشانگا نهێنییەوەو لە ئۆقیانوسی هاواردا لە سەفەرێکی درێژدا بەرەو لای موسای بابەك دەچن، ئەویش باوەش بە جەلادەت دەکات کە بۆنی شارێکی لێدێت دەکەوێتە ئەو دیو ژیانەوە. مستەفای شەونم لەکاتی روانینی ئەو شارەدا کە هەزاران باڵندەی سپی بەسەریدا دەفڕین لەگەڵ ئەو نیگارە یەکدەگرنەوە کە هاوڕێ قودسی ئەو شێوەکارەی کە لەکاتی کێشانی وێنەی لەیلا نیلۆفەر لەسەر دیوارەکاندا کێشابووی.بەشێك لە مۆسیقارەکان و شاعیران ئەگەر دونیا ببێتە شامی شەریف یان ببێتە بەهەشت لای ئەوان هەر جەهەنەمە کە شوێنێکی دژە بۆ مرۆڤ، ئاوارەی لانەواز ئەگەر کۆشکێکی بدەیتێ هەر خۆی بە ئاوارە و لانەواز دەزانێت."هاوڕێ قودسی" کەسێتی فانتازیە بە هاوڕێی باڵندە سپییەکان ناسراوە لە کاتی دروستکردنی تابلۆیەکەی"مستەفای شەونم" دەبینێت مەفرەزەیەکی عەسکەری دێن دەیکوژن لەسەر پەیژەکەوە دەیخەنە خوارەوە، هەموو رۆژێك ئەم حاڵەتە دەبینێت. مستەفای شەونم دەیتوانی سێیەری هێڵێکی دیاریکراو ببینێت، شەونم لە یەك کاتدا لە دوو دونیادە دەژی، ژیانە ئاساییەکەو ژیانە نەبینراوەکە، بۆ مردنیش بە هەمان شێوە دوو دیوی هەیە، دیوێکی بینراو لەگەڵ دیوێکی نەبینراو. مستەفا شەونم پیاوە قەڵەوەکە حەزی لە خواردنی ڕێستۆرانتە لەکاتی قسەکردندا تەنگە نەفەس دەبوو، کاتێك جەلادەت قسەی بۆ خەڵکانی دەورووبەر دەکرد، مستەفا شەونم سەرسامانە سەیری سەقفی کتێبفرۆشەکەی کرد و گووتی خودای گەورە، ئەم هەموو باڵندەیە چییە؟، خەڵکانی دەوروبەر ئاوڕیان دایەوە هیچیان نەبینی، مستەفا شەونم بە جەلادەتی ئیسماعیلی گووت ئەم باڵندانە بەرە دەرەوە. مستەفا شەونم لە جەلادەت دەپرسێ دەربارەی باڵندە بچکۆڵەکان، جەلادەت دەڵێت:لە هەڵس و کەوتی باڵندەکانەوە دیارە دونیا بە زیاتر لە زمانێك دەدوێت، دەبێت ئێمە لە زمانی ئەو باڵندانە بگەین، ئەو باڵندانە کۆمەڵێك ڕەمز و وشەی دونیایەکی دیکەن، بەڵام مستەفا ڕای وابوو ئەوانە کۆمەڵێك دەلیلن هیچیان نییە پێت بڵێن، بەڵکو ئاماژەن.جەلادەت دەڵێت:هەر کەس ئەو باڵندانە ببینێت یەعنی لە ناو بازنەکەدایە، ئەو بازنەیە لەوانەیە بازنەیەکی گەردوونی بێت، وەکو تۆڕێك بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە . بەهەمان شێوەی جەلادەت مستەفا شەونم هەوڵی لەبیر بردنەوەی خۆی دەدا لە ڕەسمکردندا، هەوڵی کوشتنی ئەو نیگارکێشەی ناو خۆی دەدا، گووتی ئەو تابلۆیە ناوی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"کە شارێکی فانتازییە. مستەفای شەونم ئاشکرای دەکات کە لە ساڵی حەفتاو نۆوە کار بۆ کۆکردنەوەی تابلۆ دەکات بۆ موسای بابەك، هەروەها دەڵێت: یاریدەدەری دکتۆر موسای بابەکە لە بازنەکەی ئەودایە، کە تۆڕێکی جیهانیە. مستەفای شەونم بە جەلادەت دەڵێت یەکەمجار ناوی لەو کۆبوونەوەیەدا گوێ لێبوو، کە داوایان لێکرا کەوا هەموویان بە دوایدا بگەڕێین کە تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکانی پێیە. مورادیفی تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان لای موسای بابەك و جەلادەت و مستەفای شەونم هەبوو، ئەو تابلۆیە دەبێت بپارێزرێت، بەواتای هاواری دونیایەکی تر دێت.

**شارۆخی شارۆخ:** شارۆخی شارۆخ، یان مەهدی شارۆخ کەسێتی فانتازی رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانە، فریشتەی جەلادەتی کۆترە، دڵشکاوترین نەیژەنی دونیایەتا رۆژی قیامەت دەلیل و رێنیشاندەری جەلادەتی کۆترهەرلە سەرەتای رۆمانەکەدا لە فڕۆکەخانە سیخێپۆڵ دەردەکەوێت نامەیەك دەداتە عەلی شەرەفیار، کە بیدات بە رەوشەنی مستەفا سەقزی کە لەگەڵ جەلادەتی کۆتر لە چاوەڕوانیدان. کەسێك پێش وەختە ڕایدەگەیەنێت کە یەکتر نابیننەوە، خوازیارە ئەو شتانەی وەکو ڕاسپاردەیەك بۆ کوردستان بنێرێتەوە بگات بەدەستی ڕەوشەنی مستەفا سەقزییەوە. لە ڕاستیدا جەلادەتی کۆتری نەدەناسی ، شارۆخی شارۆخ سەر بە شاری مۆسیقارە سپییەکان ئەو شوێنە خەیاڵییەیە کە زۆربەی کەسێتیە فانتازییەکانی تیادایە لە تۆڕێکی نهێنیدان لە کاتی قسەکردن و وەرگرتنی زەرفەکەو ڕاسپاردەکە لەناکاو شارۆخی شارۆخ وەك کەسێتیەکی فانتازی ون دەبێت چەند بەدوایدا دەگەڕێت لە فڕۆکەخانەکەدا نایدۆزێتەوە، جەلادەت هەستی بە بوونی ناڕاستەو خۆی دالیا وەك ڕۆحێك لە دەوروو‌بەری خۆی بە نهێنی دەکرد، جگە لەدالیا هەستی دەکرد ڕۆحێکی دیکەش هەیەکە شارۆخی شارۆخە. شەوێکیان جەلادەت لە باڵکۆنەکەدا دانیشتبوو چاوەڕوانی باڵندەکانی دەکرد لەو مەخلوقانە وردەبووەوە کە لە تاریکیدا دەیانبینی، تارماییەك بە هێمنی هات و جلێکی سپیی لەبەردابوو لەبەردەمی وەستا لە جانتاکەیدا فلووتێکی سپی هاتبووە دەرێ، شارۆخی شارۆخ بوو بەڵام لەو ساتەدا نایبینێت و نازانێت کێیە؟ جەلادەت: شارۆخی شارۆخ وەکو باخچەیەك هەڵس و کەوتی لەگەڵدا دەکات، هەندێکجار دەیویست بە شارۆخی شارۆخ بڵێت تۆ باغچەیت، بەڵام پەشیمان دەبووەوە، چونکە ئەو خەفەتی پێدەخوارد.شارۆخی شارۆخ بە جەلادەت دەڵێت: هەر مۆسیقارێکی گەورە فریشتەیەکی هەیە بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات لە کارەساتەکان، شارۆخی شارۆخ فریشتەی جەلادەتە. کاتێك جەلادەت دەزانێت شارۆخی شارۆخی لەو دیو دونیاوە هاتووە، بۆ ئەوەی لەگەڵی دابێت باوەشی پیادەکات و لێی دەپرسێت ئایا شارۆخی مردووە یان زیندووە؟ کەسێتی فانتازیایە یان لە نێوان واقیع و خەیاڵدایە. لە کاتی لە سێدارەدانی و داکوتانی مێخەك لە جەستەی جەلادەتدا، گوێی لە فلووتەکەی شارۆخی شارۆخ دەبێت، شارۆخی شارۆخ بە درێژایی ئەو ڕێگایە ئەو مۆسیقایەی بۆ لێدەدا کە گیان بەبەر مردوو دەخەنەوە لەو شوێنەدا دڵنیابوو کە پێی ناوەتە سەر زەوییەکی دیکەو جوگرافیایەکی دیکەوە لێرەدا کە شارۆخی شارۆخ دەبێتە هۆکارێك بۆ رزگار کردنی جەلادەت لەساتە وەختی لەخاچدانیدا، هەروەکو عیسا پێغەمبەر چۆن لە کاتی لە خاچدانیدا خوای گەورە رزگاری دەکات.شارۆخی شارۆخ ئەو ڕۆحە سەرگەردانە بوو بەسەر ئاوەکاندا دەڕۆیشت، شارۆخ تەنها لە سنوورێکدا ڕێنیشاندەری بۆ جەلادەت دەکرد لەوە زیاتر بۆی نەبوو سنوورەکان ببەزێنێت، شارۆخی شارۆخ بە جەلادەت دەڵێت:ئاغای قەقنەس من یاریدەدەری تۆم، من دەتوانم ئاسانکاریت بۆ بکەم لەو شتانەی کە لە توانای تۆدانییە، بەر لە کوژرانی دیوانێکی ئەوی خوێندبووەوە بە ناو نیشانی"گوناه و ئاهەنگ".تیپی مۆسیقای کەشتی سپی ئەندامانی بریتی بوون لەو کەسێتیانەی کە لە تاریکی و زوڵمەتدا شتیان دەبینی. شارۆخی.ئەو سەربازە ڕۆحانییەی لە ماوەیەکی کورتدا ون دەبێت، جەلادەت بانگی دەکات بەڵام سوودی نییە، تەنیا ئەوەندەی بۆ دەمێنێتەوە ڕاسپاردە بۆ برادەرەکانی سەردەمێ لێقەومانەکە و ئەوانی تر بنێرێت کەوا لە شاری مۆسیقارە سپییەکانن .جەلادەت دەڵێت:ئەو ڕۆحە گەڕۆکەی دالیا و شارۆخی شارۆخ، ئەگەر بە قووڵی لە تاریکی و ناو ڕۆحی خۆمان بەدوایاندا بگەڕێین دەیاندۆزینەوە، ئەو ڕۆحانە ئیشیان تەنها ئەوە نییە کە باسی جیهانێکی غەیبمان بۆ بکەن، بەڵکو ئیشیان ئەوەیە، ئەوەی لەسەر زەویدا ڕوودەدات جوانتر ببینین.شارۆخی شارۆخ ئەو مۆسیقارە

کوژراوەی ناو جەلادەتە، هاوڕێی مۆسیقارە مردووەکانە، ئەوان شارۆخیان ناردووە بۆ لای جەلادەت، چونکە جەلادەت تاکە شاهیدێکی ئەوانە لەو بیابانەدا.ئەو مۆسیقارە کوژراوەی ناو ناخی جەلادەت بەشێکە لەو مۆسیقا کوژراوەی ناو شارۆخی شارۆخ. جەلادەت لە دوای بینینی شارۆخی شارۆخ، ژیانی دەبێتە دوو کەرت، بەڕۆژ ئاسایی بوو، شەوانە لە باڵکۆنەکەی گێلاسی سپییدا قسەی لەگەڵ باو و ئەستێرەو باڵندەکان دەکرد.جەلادەت لە ژیانیدا لە سێ ڕووداوی فانتازیدا لە مردن دەگەڕێتەوە، یان بە ناو مردندا تێدەپەڕێت لە جاری سێیەمدا کاتی لە خاچدانی شارۆخی شارۆخ ڕزگاری دەکات. ئەو شەوەی کە شارۆخی شارۆخ جەلادەت لە خاچ دەکاتەوە و بە ناو ئاگردا تێدەپەڕێت، جەلادەت تەنیا ئەوەی لە بیرە کە دوو ئەسپی سپی چاوەڕوانیدەکەن بۆ ئەوەی بەرەو زەمین و دونیایێکی دیکەی ببەن، زەوییەك نە ڕاستییە نە خەیاڵیی . زامەکان و ئازارەکانی هێدی هێدی وندەبوون، دەیتوانی ڕوناکی و سەردەمێکی دیکە ببینێت، دیسان باڵندەکانی بە سەر سەری و لە پێشیانەوە دەفڕن، بەرەو شاری مۆسیقارە سپییەکان هەنگاو دەنێن، شارۆخی شارۆخ بەخێرهاتنی جەلادەت دەکات بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، شاری ئەو جوانیانەیە کە لە ژیاندا جێگایان نەبۆتەوە، مردنیش لەوە لاوازترە باوەشیان بۆ بکاتەوە، و پێی دەڵێت مامۆستاکەت لە چاوەڕوانیتدایە، ئەو منی نارد بە شوێنی تۆدا، جەلادەت بێئەوەی هیچ بڵێت لە ڕووداوێکی فانتازیدا سەیری ئەو کچە مۆسیقارانەی دەکرد کە لە هەوادا دەفڕین. شارۆخی شارۆخ لەبەر ئاوێنەیەکدا جەلادەت ڕادەگرێت و ئامادەی دەکات و پرچی بۆ دادەهێنێ و پێی دەڵێت ئێستا دەتبینێت، من تاوەکو ئێرە دەتوانم لەگەڵتدا بێم، تا ئەو کاتەی بەبێ کۆمەکی من خۆت لە نێوان ئەم جیهانانەدا هاتوچۆ بکەیت. جەلادەت لەگەڵ شارۆخی شارۆخدا پێکەوە چوونە بەر دەرگایەکی سپی فانتازی، پاش ئیستێك دەنگێك لەودیو دەرگاوە گوتی: با جەلادەتی کۆتر بێتە ژوورەوە.شارۆخی شارۆخ وەکو وەسییەتێك بۆ جەلادەت بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە بۆ دونیا، ئەو زەرفە ئەو مێخەکانەی تێدابوو کە لە جەستەی جەلادەتی دەرهێنا لە کاتی لە خاچدانیدا ،لە سەرەتاوە شارۆخی شارۆخ خوێنەرێکی دێرینی کتێبەکانی بەختیار عەلییە.

**ئوم فەزڵ:** شاژنی تەپوتۆز ناوێکی دیکەی فانتازی ئوم فەزڵە، ئەو ژنە لە کەشو هەوایەکی فانتازی بیابان، کاری تەنها سڕینەوەی غوبار و تەپوتۆزی بیابانە، ئوم فەزڵ شارەزاترین ژنە لە سەحرادا لە ڕۆژە هەرە تۆزاوییەکاندا دەتوانێت هاتو چۆ بکات لە هەموو شوێنەکانی بیابابانداا."شاژنی تەپوتۆز" حەز لە کەشتییەوانەکە دەکات ماوەی ساڵێك لەگەڵی دەبێت، پیاوەکەی لەسەر سەلکە پیازێك دەبێتە شەڕیان بە چەقۆ دەکوژرێت لەدوای مانگێك"شاژنی تەپوتۆز"منداڵێکی نەخۆشی دەبێت، سییەکانی بە ئاو و غوباری ئاو دەرزێت، دکتۆر ئامۆژگاری دەکات کەوا دەبێت ئەو منداڵە لە کەش هەوای بیابان پەروەردە بێت، ئوم فەزڵ لە گوندێکی نزیك سەحرا خەریکی پەروەدەکردنی فەزڵ دەبێت لە ڕۆژانی تەپوتۆز پرتەقاڵی سپی ژنێکی عارەبی ئەسمەری توخ پێیاندەگووت "شاژنی تۆز"هەموو ژیانی لە شەڕێکی کوشندە بردەسەر لەگەڵ تەپوتۆزدا، "شاژنی تۆز"تەنها کەسێك بوو لەو سەحرا بێ بنەدا دەهات و دەچوو بێئەوەی لە لمدا بخنکێت و بزر بێت، کە شاژنی تەپوتۆز لە مەتبەخەکەدا دەرکەوت ژنێکی جوان نەبوو بەڵام ناشیرینییەکەی شەیتانی نەبوو، هەندێك شتی جوانی تێدابوو لەوەبوو خوا بە خۆی نەخشەی بۆ کێشابێت. نەقیب سامیری بابلی، "ژنێك وەك شاژنی کۆشکێك تەماشامدەکرد سەرتاپای لە پلەکە و پەیژەو پەنجەرەی تۆز دروست بوو بێت، خانمێك لە گەنجیدا لەگەڵ یەکەمین نەوەی کەشتییەکانی وڵاتدا لەگەڵ بارە خورمادا بەرەو دونیای ئەوبەری زەریاکان ڕۆیشتبوو، وە ڕاوکەرێکی غوبار، وەك خانمێك کە پەنجەرەکانی کەشتی پاکدەکاتەوە" ( عەلی،

٢٠١٣: ٢١٢)"شاژنی تەپوتۆز"ژنێك بوو دالیا وەکو شاژنێك وەسفی دەکرد، سەرتاپای لە تۆز دروست بوو بوو، ژنێك بوو لەگەڵی بە هۆی لە دەست دانی مێردەکەی لەسەر کەشتیەکەدا مانەوەی بە تەنیایی، ئەو منداڵە خولیای یاریکردنی ونبوونە لە تەپوتۆزی سەحرا، ڕۆژێك لەناو گەردەلول بزر دەبێت و ناگەڕێتەوە ، چەندەها مانگ سەحرا بۆ کوڕەکەی دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە، هەر لە چاوەڕوانی دەبێت، ئوم فەزڵ یەکێکە لە ژنە فانتازییەکان و رزگارکەری جەلادەت.جەلادەت گوایە لە ڕێگای نەسرین غەفور و ئومفەزڵەوە تێگەیشتووە کە ژنان نیشتمانیان نییە، گرنگ نییە کورد بن یان عەرەب، نەتەوەو نیشتمانی ئەوان ژیان خۆیەتی لەو تراژیدیایەی ژنێتی خۆیان موعجیزەیان دروستکردووە، موعجیزە کارێکە لە توانای مرۆڤی ئاسایی بەدەرە، ئەگەر بەراورد بکرێت بە پیاو تەنها هەندێك جوجەڵەی ترسنۆکن، ئوم فەزڵ نموونەی ژنێکی مرۆڤ دۆست بوو وێڕای لەدەست دانی مێرد و کوڕە نەخۆشەکەی، بەهرەو شارەزایی لە بیاباندا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی دژ بە کوشتن و کۆمەڵکوژی بەکار دەهێنێت.

## تەوەرەی چوارەم:کەسێتی فانتازی لە ڕۆمانی دەغدودا:

**دەغدو:** دەغدو کچی دیاکۆی پاشای بەناوبانگ و یەکخەرەوەی حەوت هۆزەکە و ئازاو لێهاتوو و دامەزرێنەری دەوڵەتی ماد و پارێزەر و رزگارکەری کتێبەکەی موغی موغانە. لە مێژووی کۆنی گەلانی رۆژهەڵاتدا بەر لە ٢٧٠٠ساڵ پ ز.بە پێی نووسینەکانی فیردەوسی لە شانامەدا، سارگۆنی ئاشووری بە هۆی جوانی بێوێنەی لەسەر ئاستی ئەو سەردەمە داوای دەستی دەغدو لە دیاکۆی باوکی دەکات، سەرەتا دیاکۆ پرس بە سەرۆکی حەوت هۆزەکانی کورد دەکات، ئەوان بەو داخوازییە رازی نابن، سارگۆنی پاشای ئاشووری هێرش دەکاتە سەر دەوڵەتی ماد، دیاکۆ و بەشێك لە سەرۆك هۆزەکان بە دیل دەگرێت، و لە شام زیندانیان دەکات، دەغدو لە پێناوی دەوڵەتی ماد و باوکی و سەرۆك هۆزەکان خۆی دەکاتە قوربانی لەسەر داواکاری خۆی شوو بە پاشای ئاشوورییەکان دەکات، منداڵێکی لێدەبێت لە تەمەنی شەش ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی ڕشانەوە دەمرێت، وڵاتی ئاشووری توشی شەڕێك دەبن سارگۆن ماوەی ساڵێك دەغدو بەجێدەهێڵێت لەو ماوەیەدا سەربەهەوێیەکانی بە تایبەتی ژنە گەورەکە، یان شاژن تەلیسمێکی بۆ دەکات وفەرمان بە دوو لە پاسەوانەکانی دەکات دەغدو ببەن بۆ شوێنێکی دوور و بیکوژن و لای کەس باس نەکەن، ئیتر جوانییەکەی دەغدو دەبێتە گێچەڵ و نەهامەتی و ناخۆشی، پاسەوانەکان دەغدو دەبەن بۆ شوێنێکی دوور لەبری ئەوەی بیکوژن، بە هۆی ئەوەی ژنێکی زۆر جوان بوو نایکوژن بەڵکو دەیفرۆشن لەدوای گەڕانەوەی پاشای ئاشووری لەشەڕ، دەغدو نابینێت و ژنە گەورەکەی و دوو پاسەوانەکە سزا دەدات و بەشوێن دەغدودا دەگەڕێت لە دوای ئەوەی سارگۆن شا بەرەو شەڕ دەچێت، بەڵام لێرەدا نووسەر یان مێژوو نووس ناوی ئەو شوێن و ئەو شەڕە دیاری ناکات، کە زیاتر لە ساڵێك دەخایەنێ، هۆکاری بزر بوونی دەغدو، "توکوڵتی" ئاشکرای دەکات، کە شاژنی دایکی وەلی عەهد لەدوای ڕۆیشتنی شا سارگۆن بۆ شەڕ دەغدوی بێ سەرو شوێن کردووە لە بابل وەکو کەنیزە ی کۆیلە کراو فرۆشتویەتی بە "نبو ئید" مێرزادە لە شاری بابل لە ڕێگەی "بولاسەرەوە". گەورەترین جادوگەری شاری بابل دەهێنێت بەناوی "دیم بایۆ" تەلیسمێ ڕچاو بوونی ڕۆح بۆ دەغدو دادەڕێژێت، بۆ ماوەی دوو هەزار و حەوت سەد ساڵ لەناو قەفەسێکی رۆحی دەغدو دەمرچێنێت، تا ئەو کاتەی سەنگەر بە ئازایەتی خودێدە لەدوای تاشینی وشەیەك لەسەر سمی پێنجەمی گابالّدارەکە، دەغدو ئازاد دەکرێت . لەکاتێکدا کە دەغدو کچێتی خۆی دەکاتە قوربانی دیاکۆ و مێرزادەکانی

دەوڵەتی ماد، بەڵام باوکی زۆر لەوە زیاتر دەزانی بەهۆی ئەو کتێبەی، کە موغی موغان نووسیویەتی لای دیاکۆ پارێزراو بوو هەموو ئەو ڕووداوانە و ئاکامەکانی تێدایە، بە روخاندنی ئاشورییەکانیشەوە لەلایەن موغی موغانەوە پێش وەخت پێشبینی کراوە، بۆیە دیاکۆ زۆر گرنگی بەو هەوڵەی دەغدو نادات و دەغدو دەبێتە قوربانی، ئەو جۆرە کەسێتیانە لە مێژوو رەوتی ژیاندا دەبن بە رۆح سەدان و بگرە هەزاران ساڵ لە چاوەڕوانی دەبن بۆ ئەوەی جوامێرێك بێت و لەو گەمارۆدان و چەق بەستنە بە هۆکارێکەوە ئازادیان بکەن، هەروەکو دەغدو کە ماوەی دوو هەزار وحەوت سەد ساڵ لە چاوەڕوانی، سەنگەر دێت و ئازادی دەکات بۆ ئەوەی ئەو نیاز و ئارەزووەی، کە لە سەردەمی خۆیدا نەیبینیوە، یان دەرفەتی نەبووە بێبەش کراوە لەسەردەمی زیندوویی و لەسەردەمی رۆحیانییەت و ئازاد بوونیدا بتوانێت ئارەزوو وخواستەکانی بهێنێتە دی لە رێگای ئەو کەسێتیەوە ،کە ناوی سەنگەرە.دەغدو  بە سەنگەر دەڵێ :کە بەر لە دووهەزارو پێنج سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ کوژراوە گۆڕەکەشی لەناو ژوورەکەی سەنگەردایە، جادوی لێکراوە، ئەو تەلیسمە بە ئاسانی بە دەستی سەنگەر بەتاڵ دەبێتەوە، کە کرایەوە ئەوکاتە دەتوانێ روخساری دەغدو ببینی ئەو کاتە لەگەڵ سەنگەر دێتە قسە و بە چاکی خزمەتی دەکات، تەلیسمەکەش بەم شێوەیە لەڕێچکەی ئەم دیوارەی لای ماڵی سەنگەر ئاسەواری دەروازەی "نرگاڵ"، پەیکەری دووگای باڵدار لەناو دەروازەکەدایە، گای لای راستیان بەسەر سمی پێنجەمیەوە وشەیەك بە خەتی بزماری نووسراوە ،ئەگەر ئەو وشەیە بکوژێنێتەوە لەم تەلیسمە رزگاری دەبێت و لەژیانی سەنگەر سوودبەخش دەبێت، سەنگەر کاتێك لە خوێندنەوەی نووسینەکە بووەوە، ژنەکە بزر بوو! لەو ماوەی بێدەنگی دەغدودا، کە نەیتوانیوە هاودەمی دەورو بەر و ڕۆحە هاتو چۆکەرانی بێت، بەڵام کارێزمایەکی بە هێز بووە بەسەریاندا، ئاگاداری دوور و نزیك بووە، ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەری کەوکەبی خۆی و سەر زەوی بووە چاوی لێیان بووە ئاگایی هەبووە، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە ، کە ئەستێرە و کەوکەبی تر هەبووە نە ئاگای لێ بووە نەدەستی پێ گەیشتووە.

سەنگەر:"سەیرم دەکرد و لە بیرم چوبوویەوە ئەو بە وردی فکرم دەخوێنێتەوە. لە دڵی خۆما وتم خودایە ئەم ژنە چەندە جوانە و دەبێ ئەمە پەری ئاسمان بێت، یان یەکێکە لە شازادەکانی قوڵایی ئاسمان..؟ دەغدو لە پڕ کەوتەوە پێکەنین و ئینجا وتی: - ڕاست دەکەی لەسەردەمی خۆمدا یەکێك بوومە لە ژنە هەرە جوانەکانی زەمانی خۆم..بەداخەوە لەو جوانییە لە کارەسات و بەدبەختی زیاتر هیچی ترم بەدەست نەهێناوە" ( جاف، ٢٠١٣: ٦٨)یەکێك لە بەهرەکانی دەغدو ئەوەیە ناخی سەنگەر دەخوێنێتەوە، پێش ئەوەی قسە بکات. دەغدو پێی وایە جوانی مرۆڤی ڕۆحیانییەت لە پەری ئاسمان جوانترن لە وەڵامی پرسیاری سەنگەردا کە کامەیان جوانترن پەری یان حۆری دەغدو دەڵێ: پەری و فریشتەکان، بەشێکن لە تیشکی پەروەردگار، ناتوانرێ بەراورد بکرێن لەگەڵ یەکتردا، ئەرواحیش لە جودایی و هەستی بایەلۆژییەوە هاتوون ڕۆحیان بە قۆناغی زۆردا گوزەراوە لەدوای ئەوەی دەغدو بووە هاوسەرو کۆیلەی شا سارگۆنی درندە، باوك و مێرزادەکان لە بری کوشتن بە هۆی دەغدوەوە دوورخرانەوە بۆ وڵاتی شام . سەنگەر:"دەغدو بەدەست ئاماژەی بۆ کردم و لێم نزیکتر بووەوە وتی:لەگەڵ مندا دوو دڵ مەبە، هەست بەتەنگە بەریش مەکە، من زەمانێکە دەزانم چاوت پڕە لە خۆشەویستی و تۆزێکیش هەوەس و"سارگۆن" ئاسا تێدەفکری، من و تۆ بە ڕۆح تێکەڵاوی یەکتر بووینە لەیەك دوور ناکەوینەوە، من لە ئاوەز و بیرو فیکری تودا جێگەی خۆم کردوەتەوە پێکەوە بەردەوامین، من ڕۆحێکی دوو هەزارو حەوت سەد ساڵەم و تویش مرۆڤێکی دوا هەناسەکانی سەدەی بیستەمی و خودا تۆی خستە سەر ڕێگام وەک زیندانێکی دوو هەزار و حەوت سەد ساڵەی ڕچاو بوون ڕزگارم بکەی، بڕیارم داوە...ئاوات و ئارەزووەکانت جێ بەجێ بکەم.." (جاف، ٢٠١٣: ٨٨) دۆنادۆن

"تناسخ الارواح"به واتای کەسێکی ناکامی مردوو، رۆحی دەچێتە ناو جەستەی یەکێکی ترەوە، ئەمە زیاتر لە باوەڕی ئایینی یارساندا بەرچاو دەکەوێت، دەغدو باس لە ئاییینی خۆیان دەکات و جیاوازی ناکات لە نێوان ئایینەکانەوە و ڕێز لە ئاییینی ئیسلام و بەتایبەتی لە قورئان دەگرێت، باسی ئایینەکەی خۆیان دەکات کە کۆمەڵێك پەیامبەر و ئەولیای تێدابووە کاری سەیر و سەمەرەیان ئەنجامداوە، سەنگەر داوا لە دەغدو دەکات کە رۆحیان تێکەڵاو بێت و بێتە دونیای ئەرواحەوە، وەکو ئەوبێتە رۆح، سەنگەر لە دەغدو دەپرسێت :ئایا دەتوانێت بێتە دونیای ئەرواحەوە لە وەڵامدا دەغدو دەڵێت: ئەوە بەدەستی خوداوەندە، سەنگەر ئەوەندە سەرسامی جوانی دەغدو دەبێت داوای لێدەکات کەوا تێکەڵاوی بێت ئەگەر چی ئەو لە ئەرواحەکانە لە وەڵامدا دەغدو دەڵێت: ئەوەیان بەدەست خۆی نییە، بەڵام دەتوانێت لەو رووەوە کۆمەکی بکات بەوەی کەسێکی دیکە لە شێوەی خۆی بۆی رەوانە بکات ئەوەی لە شەهوەتە بگات بە لەزەت و لوتکەی خۆشی کە لای خۆمان بە "بەشەیتانی" بوون ناسراوە، سەنگەر لە دەغدو دەپرسێت، جیاوازی لە نێوان ئێوەو ئەو ئەرواحانەدا هەیە؟ لە وەڵامدا دەغدو دەڵێت:بەڵێ."دەترسم ڕۆژێك لەشەقەی باڵ بدەی و بە جێم بێڵی و بکەومە ژێر ڕەحمەتی پەیڕەوانی دنیای تاریکییەوە...دەغدو دایە قاقای پێکەنینەوە لە دڵی خۆمەوە وتم"خودایە ئەم ژنە چەندە پێکەنینی پێ دەکەوێ، کە پێدەکەنێ دەهێندەی تر نازدارترە.. – لە جوانی من گەڕێ..جوانی من بوو بە تەوق و ڕۆیشتە گەردنم..دوای کوشتنیشم ئازار و ئەزیەتێکی دوو هەزار و حەوت سەد ساڵەی پێ بەخشیووم..لەوەی دلنیابە من تۆ بەجێ ناهێڵم..مەگەر بۆ خۆت بیروڕات بگۆڕێت و پێت خۆش بێ دوور کەومەوە." (جاف، ٢٠١٣: ٩١) کەسێتی ئاستیاگ ئەفسانەیی و فانتازییە، کە بەچەندیین شێوەی خورافی باسکراوە، هەندێك بە دوژمنی دەزانن کە داوای خوێن و مێشکی لاوی کوردی کردووە، هەندێکی دیکە بە یەکێك لە پاشاکانی دەوڵەتی ماددی دادەنێن، هەندێك لەو ئەفسانە کۆنانەی سەردەمی ئاستیاگ بوونی مار یان ئەژدیها لەسەر شانی ئەستیاگدا، داوای خوێن و مێشکی لاوی کوردی لە دەست و پەیوەندەکانی کردووە. دەغدو خۆی بە فریشتەی ئاسمانی نازانێ، بەڵام خۆی بە ڕۆحێکی مەزڵوم دەزانێ، هەروەها بە ئەرکی خۆی دەزانێ سەنگەر ڕێنمایی بکات بەرەو یەکێك لەو سروودانەی کە لە گاتاکانی ئاڤێستادا هاتووە "کاری چاك، ڕەفتاری جوان و، گوفتاری پەسند" سەنگەر لە وەسفی جوانی دەغدودا سەری سوڕماوە کە ئەو هەموو جوانییەی دونیا لەو ژنەدا کۆبووەتەوە، ڕاڕابوونەکەی نیشانە و تایبەتمەندی فانتازیایە لەوەی کە دەیبینێت راستە یان خەیاڵە، سەنگەر لەخەودا کە دەغدو بەو هەموو جوانییەوە دەبینێت توشی سەرسامی و ڕاڕایی دەبێت، هیچی پێناکرێت تەنها وەکو منداڵێکی بێدەسەڵات بەرامبەری دەوەستێت ناخی ژان دەکات. ئەو ژمارە زۆرەی ئەرواح کە دەغدو بە سەنگەری رادەگەیەنێت، بۆ ئەوەی بزانێت ئەو جیهانەی لای خۆیان وەکو جیهانی ئەوان بەرتەسك نییە دەغدو تواناو هێزی ئەرواحەکان بەراورد دەکات لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی کە بەشێکە لە تیشکی خۆر و نەمری، تیایاندایە خێرەومەندە تیایاندایە بێئیمانە لە رووی تواناوە زۆر لە مرۆڤی ئاسایی بە تواناترن، کاتێك دەغدو رێنمایی سەنگەر دەکات، بۆ دەرهێنانی تەرمەکەی دەغدو لە ژوورەکەیدا و دانانی لە ناو هەمان سندوقی داریندا، دەغدو سەنگەر ئاگادار دەکاتەوە لە بوونی کەسێك کە لە بەراوردایە بۆ ئەوەی بچێتە لەشییەوە، دۆنادۆن لە ئاییینی یارسان و لە ئەدەبی یارسانەکاندا بوونی هەیە، چوونی رۆح بۆ ناو جەستەی یەکێکی تر دەغدو بۆی روونەدەکاتەوە، کە ماوەی چوارسەد ساڵە لە چاوەڕوانی جەستەیەکی لەڕ و بێهێزەوە بۆ ئەوەی بچێتە ناوییەوە، ئەو رۆحانە لە هەلێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی بچنە جەستەیەکەوە هەردەسوڕێنەوە، ئەگەر دەستیان نەکەوت، دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، رۆحی سەلاحەدین ئەیوبی کەسێتی سەرکردەی کوردی ناسراوی

جیهانی ئیسلامییە، چووەتە کەوڵی مەغە شێلم فرۆشەوە لە دامێنی قەڵای هەولێر.سەنگەر بۆ ئەوەی تۆزێك لەو ژینگەیە دوور بکەوێتەوە دەچێتە لای لوسییەوە کە لە هەواڵگری نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەندامە، گوارە کچەپوری سەنگەرە لە سەرەتادا دایکی و پوری بەتەمای زەماوەندیانن، دواتر لە لایەن مافیایەکی کوردی سوریاوە دەرفێنرێت، کاری لەشفرۆسی پێدەکرێت، دەغدو هاوکاری سەنگەر دەکات بە هاوکاری پۆلیسی فەرەنسا و چاوساغی سەنگەر گوارە بە شێوەیەکی دەرئاسا رزگار دەکەن لە چنگی ئەو مافیایانەوە، دەغدو ئاگاداری سەنگەر دەکاتەوە لە کارێکی زۆر گرنگ بوونی تەوڕاتێکی نوسخەی ئەسڵی لە کڵێسایەکی زۆر کۆنی گەڕەکی عەشاری شاری بەسرە، کە جولەکەکان زۆر عەقداڵی ئەو کتێبەن کە لە کاتی شەڕدا لە کوردستاندا بزر بووە، فریشتە ئەو بوونەوەرە سەروو سروشتییە، کە خوای گەورە بۆکاری چاکە و خێر خوای گەورە دروستی کردووە، دەغدو:ئیتر لەوە بەدوا پەیوەندیمان وەکو جاران نابێت، تەنها لە خەودا بتبینم:لێرەبەدوا ساتێك لێت دوور ناکەومەوە، دەغدو پێشبینی دەکات، مانەوەی سەدام تا دە ساڵی تر درێژە دەکێشێت، بەڵام باوکی سەنگەر لە دیالۆگەکەیدا لەگەڵ سەنگەردا بە بێ مانای دادەنێت. سۆراغی ئەوکتێبە بەنادیاری دەمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی چاوساغی دیاکۆ کەناوی"ئۆراس"ە کتێبەکەی لاپاریزرا بوو، بە دیلی بۆ نەینەوا هاتووە و سندوقەکەش بێسەر و شوێنە، دەغدو باشی دەزانی کە دیاکۆی باوکی زۆر متمانەی بەم کتێبە هەبوو، کە پێشبینی زۆربەی ڕووداوەکانی تێدایە.دەغدو دەڵێت: "دنیای ئێمەی ئەڕواح بە پێی فەرمانی خودا جارێك لە حەشرو نەشرەوە بە دوورین، "لە بەرزەخ" داین زۆر لە ئەرواح لە بەرزەخدا خودا هیدایەتی دەداو لە دنیای تاریکییەوە بە گوێرەی کار و کردەوەی دیگوێزێتەوە[دەیگوێزێتەوە] دەوروبەرێکی ڕۆشن لای ئێمە ڕۆشنایی و تیشك بە گوێرەی کاری باش و ڕەفتاری چاك و کرداری پەسندە کە لە ژیاندا کردومانە " (جاف، ۲۰۱۳: ۸۹)ئەو دونیایەی کە دەغدو باسی دەکات کە زانستی ئیسکاتۆلۆجیایە، ئەو تێکستەی کە دەغدو دەریدەبڕێت لە ئاڤێستادا هاتووە لە ئایینی زەردەشتدا، کاری باش و ڕەفتاری چاك و کرداری پەسندە، ئەو سێ گوتەیە لە ئاڤێستادا لە ئایینی زەردەشت وەکو سێ بنەمای سەرەکی پەیڕەوکردنی ئەم ئایینە هەیە. دەغدو لە گێڕانەوەی بەشێك لە سەردەمی دەوڵەتی ماددا بۆ سەنگەر کۆمەڵێك دوژمنی ئەوکات ئێستای بۆ ڕووندەکاتەوە "ماندانا" ئەو کچە فانتازیایەی کە لە "شانامەی فیردەوسی "دا هاتووە کە دارێك لە ناو گەڵیدا شین دەبێت سێبەرەکەی زۆربەی وڵاتەکان دەگرێتەوە، بە واتای ئەوەی ئەم کەسێتیە فانتازییە لە داهاتوودا نەوەیەکی لێدەبێت زۆربەی وڵاتانی دونیا لەبەری دەحەسێنەوە . "لە هەیکەلی ئەفسووناوی دەغدو نزیك بوومەوە، بۆ یەکەمین جار دەستم بەر لەشە نەرم و گەرمەکەی دەغدو کەوت و بزیسکەیەکی تێکەڵی حەز و ترس لەش و بیر و وجوودمی سڕ کرد، کلیلم لە گەردنی دەغدو کردەوە......نازانم چۆن توانی بووم بەسەر پامەوە ڕاوەستم، نیوە بێهۆش خومار و حەز داگرتوو سەرخۆش لەنێوان هۆش و بێهۆشیدا تەمەڵانە چاوم هەڵهێنا...زەمانی لەنێو زارمبوو، شمشێریش لەنێو شارابوو" ( جاف، ۲۰۱۳: ۹۹)ئەو کاتە شەهوانییەی کە دەغدو لە لوتکەی بەخشینی خۆشی، سەرئەنجام دەغدو لە ژێرەوە قوفڵەکەی بۆ سەنگەر ڕاگرت تا کلیلی تێخات و بیچەرخێنێت لەگەڵ جوانترین و ناسکترین جەستە، سەری لێ دەشێوێ و ڕاڕا دەبێت و سەرسام دەبێت لەوەی دەیبینێت کەسێتی ڕاستەقینەیە یان خەیاڵە. ئەو ملیۆنەها ئەرواحەی جیهانی ئەرواحە کە جیایە لە دەغدو.

**سەنگەر:** کەسێتی سەنگەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە کەسێتی فانتازی نییە، بەڵام لەگەڵ دەغدودا کە ڕێنیشاندەر و پێشبینی کەریەتی، هەموو کارە فانتازییەکان ئەنجام دەدات بە هیمەت و ڕێنمایی دەغدووەوە.

ئەو خانووەی، کە لێی نیشتەجێ بوون هەموو شەوێك ژنێك لە پەنجەرەکەیەوە دێتە خەونی بە پێکەنینێکەوە بێزاری دەکات، ئەم حاڵەتە زۆر دەخایەنێ، سەنگەر بە ناچاری بۆ تەحسینی هاوڕێی دەگێڕێتەوە، ئەویش خودێدە بە شیاوترین جادوگەر دەزانێت، کە چارەسەری بکات، خودێدە لە پەرستگای لالش پەیمانیان پێ دەدات کەوا شەوێك لای سەنگەر بمێنێتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردن و دوورخستنەوەی ئەو ژنە بێزارکەرە لە سەنگەرلەدوای هەوڵی خودێدە سەنگەر بەجۆرێك دەگاتە دەغدولە خەونیدا پێی دەڵێت : ئەگەر کارێکی لەو جۆرە بکەیت، وشەیێك لەسەر سمی پێنجەمی گای باڵدار بسڕیتەوە، رۆحیانییەتی ئازاد دەبێت لەدوای دوو هەزارو حەوت سەد ساڵ، ئەو کارە فانتازیانەی، کە سەنگەر ئەنجامی دەدات هەمووی بە رێنمایی و ئاراستەکردنی دەغدوەوەیە، کاتێك سبەینێیەکەی کە سەنگەر لەخەو هەستا، ئاوڕی لە دیوارەکە دایەوە تەنها وشە بزمارییەکە بەسەر دیوارەکەوە مابووەوە لەو کاتەدا وتەکانی ژنەکەی وەبیر هاتەوە، بۆ ئەوەی لەبیری نەچێت نەخشی هەمان وشەی لەسەر کاغەز کێشا، هەر کە کێشای وشەکەش بەسەر دیوارەکەوە ون بوولە هەوڵێکی کە دەغدو رێی وشوێنی بۆ دادەنێت لەکاتی شەڕی هاوپەیمانان لەگەڵ سەدامدا وڵاتێکی بێسەروبەر بوو کەس ئاگای لەکەس نەبوو، چۆلەکەش بەو ناوەوە نەبوو، سەنگەر خۆی گەیاندە دەروازەی "نرگاڵ"سەنگەر بۆی شۆڕ بووەوە، بۆ ئەوەی وشەکە بکڕێنێتەوە و ژنەکە رزگار دەکات، هەر لە دۆزینەوەی تەرم و هێسك و پروسکی دەغدو و تاج و سۆڵەجانی دیاکۆ و کتێبی موغی موغان ودۆزینەوەی تەوراتە ونبووەکەی سەردەمی نەبوخوزنوسەر لە کڵێسای گەرەکی عەشار و دۆزینەوەی سەدام و کوڕەکانی و کۆمەڵێك چەکی قەدەغە کراو لوسی بە سەنگەر دەڵێت تۆ فریشتەی ئەگەر شوێنی سەدام بۆمان ئاشکرا بکەیت، سەنگەر خۆی دەڵێت : من مێردەزمەم . کەسێتی مێردەزمە کەسێتی فانتازییە. دۆزینەوەی گوارەی کچەپوری سەنگەر لە فەرەنسا دەرهێنانی لە ژێردەستی مافیاکانەوە بە هاوکاری پۆلیسی فەرەنسی، ئەمانە هەمووی بە دەستی سەنگەر و زانیاری دەغدوەوە بوو.سەنگەر بە دەغدو دەڵێت : من ئاگاداری جیهانی ئەرواحی ئێوە نیم، تاڕادەی ئێستا نازانم چ پرسیارێکت لێ بکەم؟ ئەگەر لەوە بەدوا خوێندنەوە لەو بوارەدا بکەم شارەزایی دەربارەی پەیدا بکەم سەنگەر لە مۆنۆلۆگێکدا دەڵێ :کە ژیانی سەر لە بنییەوە گۆڕاوە، دوو رێگای لەبەردەمدایە، یان ئەوەتا دەبێ ئاشنایەتی دەغدو بکات یان ئەوەتا بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی خۆی، وەك کوردێکی بێ پشت و پەنا، هەردوو دەزگای هەواڵگری ئەمریکا و ئیسرائیل زۆر سەرسامن بەو زانیاری و پێشبینیانەی کە سەنگەر دەیزانێت لە رێگای لوسی و شۆخە کە لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوتی سەنگەرن.سەنگەر بە لوسی دەڵێت: "- زانیاری من لە ڕێنمایی ئاهۆرامزداوەیە، ئەوە چاوساق و ڕۆشنکەرەوەی بیر و فیکرو هەنگاوەکانمە..نە نۆکەری کەسم و نەشڕە خۆری هیچ لایەنێکم...هەردووکمان درۆ دەکەین..تۆ ئەم تەوراتەت بۆ دەوڵەتی ئیسرائیلە و منیش بێ زانیاری نیم..لەدوایشدا دەیسەلمێنی کەمن درۆم لەگەڵتا نەکردوە و لە درۆیشەوە دوورم" ( جاف، ٢٠١٣: ٢٢٠ )سەنگەر بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت ناوی دەغدو ناهێنێت، دەڵێت ئەوەی بەدەستی دەهێنم لە لایەن ئاهورامەزداوەیە."تەواوی سەرکەوتنەکانم لە دەغدو دەزانم..ئەگەر دەغدو نەبوایە سەدان و هەزاران مامۆستای کۆلیژ تەواوکەری لەمن زیرەکتر بەتواناتر وا لە لادێیەکاندا مامۆستای قوتابخانەکانن، منیش یەکێك دەبووم لەوانە" ( جاف، ٢٠١٣: ٢٤٨ )لە راستیدا سەنگەر بە بێ دەغدو هەنگاوێك ناتوانێت بهاوێژێت، ئەو وەکو کەسێتیەکی فانتازی پێشبینییەکان و زنیارییەکانی پێدەبەخشێت لەکاتی گونجاودا. "- تۆ باوەڕت بە خودا هەیە؟ - من هەمە، بەڵام زۆر کەس نییەتی و بیریشی لێ ناکاتەوە. – ئەی توانای پێشبینی کردن چی؟..ئەوە نییە ساڵانە لە جیهاندا پێشبینیکەر کتاوی جۆراو جۆر لە چاپ دەدەن...توانای هەڵفرین و

بەسەر ئاو و ئاگر ڕۆیشتنیان لێ دەبینرێ...چی تیادایە کوردێکیش تونایەکی نائاسایی هەبێت..بۆ گەلانی تر ڕەوا و شایانی ڕێکلام و بەرچاوخستنە بۆ ئێمە بۆ جێگای گێژو وێژی دنیای ئێوەیە بە رازی هەلنەهێنراو دابنرێت؟!" ( جاف، ٢٠١٣: ٢٥٩)کەسێتی گۆڕاو کە توانای فڕین و ڕۆیشتن بەسەر ئاو، ناو ئاگردا بۆ کەسانی تر ئاساییە بەڵام بۆ کوردێك ئاسایی نییە. لە دوای شەڕی ناوەخۆ و چەندین جار هەوڵی کوشتنی دەدرێت بەڵام دەغدو رزگاری دەکات، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە دوا وێسگەی ژیانیدا سەنگەر بڕیاردەدات بەر لە کۆچکردنی بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵێك کاری مرۆڤدۆستی و خێرخوایی بۆ نەتەوەکەی خۆی دەکات لەوانە دروستکردنی پەنجا خوێندنگا بە چەند ڕۆشنبیرێك دەسپێرێت لە کوردستان دروست بکەن لە بەرئەوەی لە کوردستان ئەوەی پێ نەکرا.

**موغی موغان:** موغی موغان کەسێتیەکە لە قوڵایی ئاسمانەوە هاتووە، ئێزەد توانای پێبەخشیوە، شەست و چوار پێشبینی کردووە لە شەش سەدو چل ساڵ پێش زایین لەو کاتەوە هەمووی پێشبینییەکانی هاتووەتە دی هەندێکی ماوە لە داهاتوودا دێتە دی، تا دەگاتە ساڵی دووهەزار و سێ سەدو پەنجای زایینی، هەموو پێشبینییەکانی دێتە دی، ئەهریمەن کەسێتی شەیتانە بە هەموو هەوڵ و تەقەلای ناتوانێت، بەهەموو حەزو شەهوەتەکانەوە ڕێگای پێبگرێت. موغی موغان لە هەوارگەی ئێزەدخان پەروەردە بووە کە ڕێنموونی لە ئاهورامەزدا وەردەگرێت، وەکو تیشکێك لە تاریکییەکاندا دەگەڕێت، پێشەنگی سەردەمەکەی خۆیان بوون، کە فریشتەکان سەرقافڵەن، موغی موغان پێشبینی ئایندە دەکات، دەغدو لە سەر زاری باوکییەوە، پاشا دیاکۆ کە خوێنەرێکی سەرسەختی کتێبەکەی موغی موغان بووە."ئێزەدان پێشقەڕەولن فریشتە سەرقەتارە ڕۆشنایی ڕێنمای زەوارە، وەردی حەقیقەت دەکێڵم گوێم لێبگرن، ئایندەتان لەبەر چاومە. یەکێك بۆ یەکێك نەو ئێزەدێك بۆ ناوی "مێترا" بوو..مێترای هەزار چاو، هەزار گوێ، ئەوە ڕێنمام و ئەوەی دەیڵێم دلنیابە دێتەڕێ..من لە ڕابردوو نادوێم، ئەوەی ڕوویداوە ڕوویداوە..بەلامەوە ئەوەی گرنگە ڕووینەداوە و یەشتا ماوە، ئەوانەی لەم دەور و دەقەر و دۆڵ و دەربەندانەدا هاتن و چوون چاك، خراپیان کرد..لۆلۆیی، مێتانی، ئیلامی، کاسی، ئۆرارتولەوانە گەڕێن.." ( جاف، ٢٠١٣: ١٢٤) فریشتەکان کەسێتی فانتازیین، هەروەها کەسێتی ئێزەد بە ناوی"مێترا"کەسێتی گۆڕاوە کە هەزار چاو و هەزار گوێی هەیەکە دیاکۆی باوکی دەغدو زۆر پێی سەرسام بووە بەردەوام کتێبەکەی خوێندۆتەوە زۆرجار دەغدو تێبینی ئەو سەرسامییەی کردووەلەدوای بەدیلگیرانی دیاکۆ لەلایەن سارگۆنەوە داوا لە یەکێك لە پاسەوانەکانی دەکات کە کتێبی موغی موغان دەرباز بکات ئەگەر خۆشی لەسەر دانابێت. سۆراغی ئەوکتێبە بەنادیاری دەمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی چاوساغی دیاکۆ بەناوی"ئۆراس" کە کتێبەکەی لاپاریزرا بوو، بە دیلی بۆ نەینەوا هاتووە لەگەڵ سندوقەکە بێسەر و شوێنە، دەغدو باشی دەزانی کە دیاکۆی باوکی زۆر متمانەی بەم کتێبە هەبوو، گشت داهاتووی ناوچەکەی لەبەر چاوە وەکو فیلمی سینەما، تەنانەت روخانی دەوڵەتی ئاشوری لەسەر دەستی یەکێك لە پاشاکانی دەوڵەتی مادەوە دەزانێت."تۆ کە گۆڕەکەت هەڵکەند..دوای تەرمەکەم بەیەك گەز ئەگەر هەڵکەنی...حەفتا مەترێك پیا دەڕۆیت، دەگەیتە ژێر دیواری شورەی نەینەوا لە بندەستی دیوارەکەدا چوارسوچەیەك بەردینت وەبەرچاو دەکەوێت ڕوو پۆشەکەی بەردەو بەئاسان تلدەدرێتە لاوە، سندوقێکی لە دار دروستکراوی تیادایە کتاوێکی بە قەبارەی تیا پارێزراوە لەسەر پێستی ئاسك نووسراوە، ئەوە پێشبینیەکانی"موغی موغانە" بڕێك زێڕ و جەواهیری نایابیشی تیادایە، ئەوانە دەبنە مۆڵکی تۆ.." ( جاف، ٢٠١٣: ١٠٣) ئەو کتێبە مولکی گەلانە تەمەنی سێ هەزار ساڵ زیاترە، بە حەیفی دەزانێت بکەوێتە

بەردەستی نەزانان.سەنگەر هەوڵ دەدات شتێك لە کتابەکە بخوێنێتەوە، بەڵام هەڕی لەبڕی دەرنەدەکرد چونکە بەزمانی بزماری نووسرابوو.

**هەندێک کەسێتیی تر لە دۆخی دۆنادۆندا:** دۆنادۆن"تناسخ الارواح"بە واتای کەسێکی ناکامی مردوو، رۆحی دەچێتە ناو جەستەی یەکێکی ترەوە، ئەمە زیاتر لە ئەدەبی یارساندا بەرچاو دەکەوێت، دەغدو بە سەنگەر دەڵێت: ڕۆحی من وتۆ تێکەڵ بەیەك دەبێت لەو هەوڵەدا سوودی زۆری بۆ تۆ دەبێت، ئەو تێکەڵاو بوونە بۆ سەنگەر دەبێتە مایەی ناسینی لە ئاستێکی بەرزدا لەلایەن هەواڵگری نەتەوە یەکگرتووەکان و هەواڵگری دەوڵەتی ئیسرائیلە، هەروەها دەرکردنی ناو ناوبانگ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە دۆزینەوەی سەدام و کوڕەکانی لەدوای تێکشکاندنی هێزەکانی بەرگری عێراقی و دۆزینەوەی چەکە قەدەغەکراوەکانی و هەروەها دۆزینەوەی کۆنترین کتێبی موغی موغان و کتێبی تەورات لە شاری عەشاری بەسرە و دۆزینەوەی کچەپوری گوارە لەدەستی مافیاکانی وڵاتی فەرەنسا، ئەمانە هەمووی بە هێزو تواناو پێشبینی و رێنمایی دەغدوەوە هاتنەدی. لە ناکاو دەغدو سەنگەر لە بوونی رۆحێك ئاگادار دەکاتەوە کە لە چاوەڕوانیدایە بچێتە کەوڵی کەسێکی لاواز و دوودڵەوە، سەنگەر بەوردی ئاوڕدەداتەوە لە ژوورەکەیدا هیچ نابینێت، دەغدو سەنگەر دلنیادەکاتەوە کە نایبینێت چونکە رۆحەکە لەبەراوردیدایە خۆی ئامادە دەکات دلنیا نییە ئاخۆ دەتوانێت بچێتە کەوڵی سەنگەرەوە یان ناتوانێت؟سەنگەر بە تەنزەوە دەڵێت: خۆ لەشم ژووری هۆتێل یان پاسی ئامانە نییە؟هەر کەسێك بیێت و خۆی پیا بکات، دەغدو لەوەسفی ئەو رۆحە غەمگینانە دەدوێت لە هەزاران کەس دەچنە جەستەی کەسێکی دیاریکراوەوە کە لاواز و دوودلن و باوەڕیان بە خۆیان نییە.دۆنادۆن لە ئایینی یارساندا هەیە هەروەها لە ئەدەبی یارسانەکاندا بوونی هەیە، چوونی رۆح بۆ ناو جەستەی یەکێکی تر، دەغدو بۆی ڕووندەکاتەوە، کە ئەو رۆحە ماوەی چوارسەد ساڵە لە چاوەڕوانی جەستەیەکی دوودڵ و بێهێزە بۆ ئەوەی بچێتە ناوییەوە. ئەو رۆحانە لە هەلێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی بچنە جەستەیەکەوە هەردەسوڕێنەوە، ئەگەر دەستیان نەکەوت، دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان. "- ژیانی مرۆڤ مەترسی دارە، ڕۆح بە کەوڵاچونا یەکێکە لەومەترسیانە لە ڕۆژێکدا ملیۆنەها ڕۆحی ئاشوفتە و سەرگەردان بەشێوەی جۆرا و جۆر دەگەڕێنەوە سەر زەوی، ئەمە دۆنادۆنە، کەوڵ داگیرکردنە، ئەرواحە خێرخوازەکانە شێوەی تری گەڕانەوە بۆ سەر زەوی زۆرن، من ئەو مۆڵەتەم پێ نەدراوە، تا باسی بکەم ولێی بدوێم.." ( جاف، ٢٠١٣: ١٥٨) دەغدو بە سنووررداری باس لە دۆنادۆن دەکات هەموو نهێنییەکان بە گۆڕێ وەرناکات، بەڵام ئەوەش دەڵێت کە رۆحی سەرگەردانی خێر لە خۆ نەدیوی خێرەومەندن. رۆحی سەلاحەدین ئەیوبی کەسێتی سەرکردەی کوردی ناسراوی جیهانی ئیسلامییە، چووەتە کەوڵی مەغە شێلم فرۆشەوە لە دامێنی قەڵای هەولێردا. کەسێتی دۆنادۆن، ئەژدیها ئەو بوونەوەرە فانتازییەیە کە مرۆڤ ترسی لێی هەیە، زۆر جار بە ئەژدیهای سەرشانی ئەستیاگ، کە تامەزرۆی خوێنی لاوی کوردە.دەغدو بە سەنگەر دەڵێت:ئەو پیاوە ملهوڕە دەبینی، رۆحی خالیدی کوڕی وەلید چووەتە کەوڵییەوە. لە سەردەمێ رفاندنی گوارەدا بە شێوەیەکی دڕندانە ئازاری سێکسی جەستەییان داوە.

# بەشی دووەم
# رووداوی فانتازی لە رۆماندا

تەوەری یەکەم (لایەنی تیۆری )

- پیناسەو چەمکی رووداوی فانتازی

تەوەری دووەم:لایەنی پراکتیکی:

- رووداوی فانتازی لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکاندا)

- رووداوی فانتازی لە رۆمانی (دەغدودا)

## بەشی دووەم
## ڕووداوی فانتازی لە ڕۆماندا

ڕووداو وەك یەكێك لە ڕەگەزە گرنگەكانی رۆمان دەردەكەوێت ، پێكدێت لە سەرەتا و ناوەڕاست و كۆتایی ، پێویستە ڕووداو لە رۆماندا بە ڕێچكە ئاساییەكەی خۆیدا تێپەڕێت، بەڵام لە رۆمانی فانتازیدا ڕووداو بەم شێوەیەی رۆمانەكانی تر كت ومت دەرناكەوێت، چونكە لە رۆمانی فانتازیدا بەشێك لە ڕووداوەكانی فانتازیین، بەشێوەیەكی واقیعی دەرناكەوێت، ئەگەر بەشێوەیەكی واقیعی دەربكەوێت ئەو كاتە ئەو رۆمانە رۆمانێكی فانتازی نییە.دیارە لە ڕووداوی فانتازیدا پێویستییەكی ژیارییە دەبێت خوێنەر توشی راڕایی ببێت، ماوەی خایەنراوی راڕاییەكە لە ڕووداوەكەدا فانتازیا دروست دەبێت.(تزفتیان تۆدۆرۆف) وەك رابەرێكی دیارو ناسراوی بواری فانتازیا و كتێبە بەناوبانگەكەی بەناوی "دەروازەیەك بۆ ئەدەبی فانتازیا"كە بەزمانی فەرەنسی نووسیویەتی "صدیق بو علام" كاری وەرگێڕانی بۆ كردووە بۆ سەر زمانی عەرەبی، گشت بنەما هونەرییەكانی فانتازیای خستوەتە ڕوو بەتایبەتی ڕووداوی فانتازیاو چۆنییەتی دروست بوونی فانتازیا. ئەم بەشە پێكهاتووە لە دوو تەوەرە ، تەوەرەی یەكەم پێناسە و چەمكی ڕووداو، تەوەرەی دووەم بریتییە لە ڕووداو لە هەردوو رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەكان و دەغدودا.

### تەوەری یەكەم: پێناسەو چەمكی ڕووداوی فانتازی:

ڕووداو، ئەو بەسەرهاتەیە لە كات و شوێنێكی دیاریكراودا لەنێو كەسێتییەكان پێكدێت ، ڕووداو پێكهاتووە لە سەرەتا و و ناوەڕۆك و كۆتایی. هەروەها گرێ لە ڕووداودا چەندە درێژە بكێشێ لە گەیشتن بە چارەسەر ، ئەوەندە زیاتر چێژ و خۆشی بە خوێنەر، یان بیسەر دەگەیەنێت، دواتر گرێیەكە چارەسەر دەبێت بە خۆشی یان ناخۆشی بەرە بەرە گرێیەكە بەرەو خاو بوونەوە دەڕوات . "لە تراجیدیادا، نووسەرەكان هەمیشە ناوی كەسانی ڕاستەقینە بەكاردێنن، هۆیەكەشی ئەوەیە ئەو شتە بشێ ڕووبدات، بڕوای پێ دەكرێ، بەڵام شتێ ڕووی نەدابێ ناتوانین دڵنیا بین كە ئەو شتە دەشێ ڕووبدات. ئاشكرایە ئەوەی ڕووی دابێ دەشێ ڕووبدا، چونكە ئەگەر وا نەبوایە ، ڕووی نەدەدا."(ئەرەستۆ، و. گەردی، ٢٠٠٤:٣٨) بەهاو گرنگی ڕووداو لە رۆماندا بەگوێرەی ناوبانگی قێزەونی یاخود سادەیی و ئاڵۆزی ڕووداوەكە نییە، بەڵكو بەگوێرەی چۆنێتی مامەڵە كردن و بەكارهێنانی هونەریانەی ڕووداوەكە و بەستنەوەی بە توخمە پێكهێنەرەكانی دیكەی رۆمان لەلایەن رۆماننووسەوە بەهاكەی دەخاتە ڕوو، چونكە پەیوەندی نێوان توخمەكانی رۆمان "كات-شوێن-ڕووداو-كارەكتەر-زمان" پەیوەندییەكی تەواوكارییە."( مستەفا ، ٢٠١٠: ١٥) گرنگی ڕووداو بە گوێرەی سادەیی و ئاڵۆزی نییە ، بەهای ڕووداو لەسەر نووسەر دەوەستێت تا چەند ڕەگەزەكانی دیكە بەیەكەوە گرێدەدات، وەكو كەسێتیی ، شوێن ، كات ، وەسف.

ئەرستۆ كاتێك باسی تراجیدیا دەكات دەڵێتت:"تراجیدیا لاسایی كردنەوەی كەسەكان نییە، بەڵكو لاسایی كردنەوەی كردەوەو ژیان و بەختەوەری و بەدبەختییە..كەواتە تراجیدی بۆ ئەوە پێشكەش ناكرێ لاسای كەسێتی بكاتەوە، بەڵكو كەسێتی لە پێناوی كردەوەكەدا بەگەڕ دەخرێ."(ئەرەستۆ، و.گەردی، ٢٠٠٤: ٢٩) هەر یەك لە كەسێتیەكان لە خزمەت ڕووداودا دەبن بە هۆكارێك بۆ بەردەوام بوونی ڕووداو. مرۆڤ ئەوەی لە چوارچێوەی داب و نەریتدایە هەڵس و كەوتی ئاسایی لەگەڵدا دەكات، بەڵام ئەوەی لە دەرەوەی چوارچێوەی داب و نەریتە توشی سەرسوڕمانی دەكات هەڵس و كەوتی ئاسایی لەگەڵدا ناكات. "هەردوو

نووسەری بەتوانای فانتازیای جیهانی هۆفمان "Hoffmann"ی ئەڵمانی و ئەدگار ئالان پۆی ئەمریکی، هۆفمان جەخت لەوێناکردنی رووداوە بینراوە فانتازیاییەکان دەکەنەوە لە چوار چێوەی واقیعدا ، وێنەی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە لە هەردوو جیهانی ڕووت "مجرد"...هۆکارێکە بۆ وێناکردنی تەنگژە ڕۆحیی و دەروونییەکان "(عزام، ٢٠٠٣: ٢١) لە نووسەرە بەتواناکانی فانتازیا هۆڤمانی ئەڵمانی و ئەدگار ئالان پۆی ئەمریکی وێنەی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە لە هەردوو هێزی ماددی و میسالی ڕووت هۆکارێکن لە وێناکردنی تەنگژە ڕۆحی و دەروونییەکان.

پێکهاتەی رووداوی لە ڕووی ئۆرگانییەوە بریتیە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی، هەندێکجار بە زنجیرە ئاساییەکەی خۆی تێپەڕنابێت لە کۆتاییەوە بۆ ناوەڕاست و سەرەتا دێت"رووداو"کردارێکە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە"یان زنجیرەیەك " ڕاستی واقیع"ن لە ڕووی ئۆرگانییەوە پەیوەندیدارن بەیەکەوە و لە ڕێی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەکەوە خۆیان دەنوێنن، یان بە پێی ئەو چەمکەی ،کە "ڕۆڵان بارت- ١٩١٥- ١٩٨٠"بۆی داڕشتووە" بریتییە لە کۆمەڵێك ئەرکی کارتێکراو لە لایەن هۆکارێك ،یان چەند هۆکارێکی تایبەتەوە""( محەمەد ، ٢٠٠٩ : ١٣) هەرسێ پێکهاتەکەی رووداو بە شێوەیەکی ڕاست و ئۆرگانی بەیەکەوە بەستراون. "رووداو توخمێکی هونەری گرنگی بنیاتە، بەڵکو دەکرێ بڵێین"بڕبڕەی پشتی" هەر یەك لە توخمەکانی کات-شوێن-کارەکتەر و زمانە، بەڵام چۆنێتی ڕێکخستن لە گێڕانەوەی ئەم توخمانەو ئاوێتە کردنیان لەناو یەکتری بە پێی سەردەم دەگۆڕێت.لەبەر ئەوەی هەر سەردەمێك هەڵگری بیرو فەلسەفەی تایبەتی خۆیەتی لە وێناکردنی ئەم توخمانە و لە چۆنییەتی خستنە ڕوویان."( مستەفا ، ٢٠١٠ : ١٥) رووداو بە بڕبڕەی پشتی ڕەگەزەکانی دیکەی رۆمان دادەنرێت، بە پێی سەردەم دەگۆڕێت. ئەوانەی کار لە بواری فانتازیا دەکەن ڕایان وایە ((دەربڕینی قوڵترین پێداویستییەکان و تاریکترین و کاریگەرترین ترسەکان و ڕوونترین ئاسۆمان بۆ دردەخەن))( محمدی ، ١٣٧٨: ١٣٥) بۆیە ئەم رووداوانە لە جەرگەی واقیعەوە وەرگیراون ، لە ناو ناخی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە ، بە شێوەیەکی شاراوەو پەراوێزخراو. دەشێ هەردوو رووداوی سروشتی و سەروو سروشتی فانتازیا دروست بکەن، لە یەکەمیاندا کاتێك دیاردەیەکی سروشتی ڕوودەدات بۆ نموونە زەوی لەرزە کەسێك بۆ جاری یەکەم ئەم دیمەنە دەبینێت تووشی ڕاڕایی دەبێت، لەوەی دەیبینێت لە ڕمان و تێکشکانی خانوو کەل و پەل، کە لە پێشتردا نەی بینیوە "ئەگەر فانتازیا رووداوێکی کردەی خودا بیت و سروشت تێپەڕێنێت، ئەوەی ڕوودەدات سەروو سروشتی زانراو، یان دیاریکراوەو دژی نییە لەکاتێکی دیاریکراو و سروشتیدا ڕوودەدات، تەنها خوای گەورەیە کە لەتوانایدایە، لە سروشتدا و لەوانەی کە خۆی دەستنیشانیان دەکات دروستیان بکات" (علاوي، ٢٠١٣: ٢٠) هەر کارێکی سەروو سروشتی، کە کردەی خودا بێت، کەس بەرەنگاری نابێتەوە، وەکو کارەساتە سروشتییەکان، بەڵام رووداوە سەروو سروشتییەکان، کە لە پێشتردا لە مەزندەو بیرکردنەوەی مرۆڤدا نییە، ڕاڕایی دروست دەکەن، کە مەرجێکی سەرەکی فانتازیایە . "تۆدۆرۆف درك بەوە دەکات کە رووداوی سەروو سروشتی لە ناوەڕۆکیدا هەڵگری زانیاری سەیر وسەمەرەیە، لە زانیاری ناسراوەوە وەرگیراوە، بەڵام جەخت لە هێنانەوەی بەڵگە دەکاتەوە"( حليفي، ٢٠٠٩: ٣٢) "تودۆرۆف" کە بەدامەزرێنەرو داهێنەری خاسیەتە گرنگەکانی فانتازیا دادەنرێت پێی وایە رووداوی سەروو سروشتی هەڵگری واتای سەیرو سەمەرەیە، بۆ هەر برگەیەکی رووداوی فانتازیایی پێویستی بە هێنانەوەی بەڵگە هەیە ،ئەگینا بێ باوەڕکردن فانتازیا دروست نابێت، کاریگەری زمانی دەربڕین لە فانتازیادا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بە

هۆی ئەوەی لە رووداوی فانتازیادا هەرگرییەك یان دەربڕینێك ،کە مەزندە و ئەگەر و لەوانەی، تێبکەوێت لە ئاستی رووداوە فانتازیاکە کەم دەکاتەوە ((خۆ بەدوورخستن لە بەکارهێنانی ڕستەو واتای مەرجی لە دەقی فانتازیادا))( محەمەدی ، ١٣٧٨ : ١٤٣) هەر لەبەر ئەوەیە لەکاتی بەرجەستەکردنی رووداوی فانتازیدا پێویستە نووسەر لە وشەی مەرجی وەکو ، ئەگەر ، لەوانەیە هتد.. دوور بکەوێتەوە لەبری ئەوە بە ڕەهایی و ڕاشکاوانە رووداوەکە بخاتە ڕوو ، هەر بەکار هێنانێکی لەو جۆرە ئاستی متمانە لە رووداوەکە کەم دەکاتەوە.هەر رووداوێك لە رۆماندا دەبێتە کەرەستەی گێڕانەوە "رووداو ئەو توخمەیە، کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنرێ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کارەکتەرەکان لە چوار چێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا، ئەم ڕووبەڕوو بوونەوانەش لەڕێی هۆ و هۆکارە و لە بەدواهاتنێکی ڕێك و پێکدا یاخود بە شێوەیەکی تێکشکێنراو بەبێ ڕەچاوکردنی هۆ و هۆکار دەخرێنە ڕوو " بەم پێیە هەموو رووداوێکی "رۆمان- چیرۆك" مەبەستێکی تایبەتی لەدوایە، کە ڕەنگدانەوەی بیری نووسەر دیاری دەکات"( مستەفا، ٢٠١٠: ١٩) گێڕانەوە بە هۆی پرۆسەی رووداوەوە بنیات دەنرێت، کارەکتەرەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا رووبەڕووی یەك دەبنەوە. لە هەمان کاتدا بیری نووسەر ڕەنگدانەوەی دەبێت. "ئەمە لە مەترسییەکانی ئاستی یەکەمە ،کە فانتازیا تووشی دەبێت،هەمان ئاستە، کە خوێنەری بە ویژدان بڕیار لەسەر رووداوە پەخشکراوەکان دەدات، یان شیکردنەوەیەکی ڕاستگۆیانەی بۆ دەکات ئەو کاتە لە سەرسوڕمانەوە بۆ سەیروسەمەرە دەچێت یان ڕازی دەبێت بەوەی کە هەیە، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین بۆ سەرسوڕمان دەچێت،بەڵام لەسەر ئاستی دووەمدا ،کە تیایدا خوێنەری ڕاستەقینە لە سروشتی دەقەکە دەپرسێت، کە رووداوەکەی تێدا لە دایك بووە، لێرەدا سەرسوڕمان بە هەڕەشە کردن لە بوونیدا دەبینرێت لە هەردوو ڕەگەزە لە یەك نزیکەکەدا: شیعری و ئەلیگۆری، بە پێی بۆچوونی "تۆدۆرۆف" ئەم مەترسییە لەسەر ئاستی لێکدانەوەی دەقەکەدا دەردەکەوێت" ( علاوي، ٢٠٠٥ :٤٧) فانتازیا لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی، کە لە خۆی نزیکن توشی تێکەڵاو بوون و مەترسی بە هەڵەداچوون دەبێتەوە، بەڵام ئەم تێکەڵاوبوونە خوێنەری لێهاتوو یەکلای دەکاتەوە بە لەیەك جیاکردنەوەو ناسینەوەی هەر یەکەیان بە هۆی زانینی بنەما هونەرییەکانی هەر یەکەیان.

کاتە راڕاییەکە هەرچەندە کورت بێت یان چی؟بخایەنێت ئەوە فانتازیایە "تۆدۆرۆف دەڵێت:ئەدەبی فانتازیا تەنها کاتێکی سەرلێشێواو و راڕاییە لە ژیانی کەسێتییدا، کاتێك رووداوەکە دێتە پێشەوە لە یەکەمین تێڕوانینیدا وەکو دیاردەیەکی مەحاڵ دەبینرێت"(حليفي، ٢٠٠٩: ٣٣) واتە رووداوی فانتازی کاتێك ڕوودەدات، وەك دیاردەیەکی مەحاڵ دەبینرێت و بڕوا پێنەکراوە، بەڵام گێڕانەوە ڕۆڵی هەیە، کات و ساتی دەستپێکردنی فانتازیا سەرەتای دەرکەوتنی سەرسوڕمانە ،ئەو ساتە وەختەی ڕووداوێکی فانتازی بەرچاو دەکەوێت ،بۆ نموونە روخانی دیوارێک بەبێ هۆکار ،ئەمە پێویستی بە هەڵوەستەیەک هەیە،ئەو ماوەیە چاوەکان لە نێوان باوەڕکردن و باوەڕنەکردندا ڕادەمێنێ ،ئەو ماوەی ڕامانە هەرچەندێک بێت ،ئەوە رووداوی فانتازیایە.

لە فانتازیادا رووداو هەرچەندە رۆبچێتە ناو فانتازیاوە هەردەبێت بە ڕاستی وەربگیرێت "لە میانەی گێڕانەوەکەی ئەوەوە نەك هەر شیمانەی هەبوونی درۆ لە ئارادا نەبێت، بەڵکو پێویستە تەنها یەك شیمانە لە ئارادا بێت، ئەویش شیمانەی ڕاستێتیی رووداوەکان و بابەتەکانە"( تاتانی، ٢٠١٥ :٥ ) بۆیە ڕاستی و پشت

بەستن بە ڕاستی پرەنسیپێکە پێویستە لە گێڕانەوەدا بوونی هەبێت، ئەگەر شیمانەی بەڕاستی نەمێنێت باباتەکە گرنگی فانتازیایی خۆی لەدەست دەدات.

بەراوردێك لە نێوان عەقلانییەت و سەروو سروشتیدا، فانتازیا دەکەوێتە ڕادەی فەراهام بوونی مەرجەکانی فانتازی"سروشتی ڕووداوی ناو چیرۆکە فانتازیاکە خۆی دەسەپێنێت لە ڕاڤە کردندا، تیمەکان و ڕاددەی فەراهام بوونی مەرجەکانی فانتازیا ئاراستەکەی دیاری دەکەن، ئایا ڕووداوەکە عەقڵانییە یان بەرەو سەروو سروشتییە"؟( حليفي، ٢٠٠٩ : ١١٣) لەسەر سروشتی ڕووداوەکە دەوەستێت، ئایا ئاراستەکەی بەرەو عەقڵانیە یان بەرەو سەروو سروشتییە؟، یەکەمیان فانتازیا نییە، دووەمیان فانتازیایە.

هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمان پێویستە لە خزمەتی ڕووداودا بێت""د. رەشاد رشدی" دەڵێت: هەموو ئەو توخمانەی لە چیرۆکدا هەن وەکو گێڕانەوە - دایەلۆگ – زمان - وەسف - و..هتد پێویستە لە خزمەتی ڕووداودا بن هەرتوخمێك لەوتوخمانە ناتوانرێ بە تەنیا دابڕێژرێت، بەڵکو هەریەکێکیان بەشێکە لە ڕووداو، بەشداری دەکات لەگەشەکردن و وێناکردنیدا. کەواتە ڕووداو یەکەیەکی ئاڵۆزە لە بنیاتە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان، وەکو بنیاتەکانی دیکە خاوەن تایبەتمەندی و پێکهاتە و بنەمای تایبەتی خۆیەتی. لە ڕووی بنەماوە ڕووداو لەسەر دوو بنەما دادەمەزرێت: ١- ناوەڕۆك "بابەتی دەق پێکدەهێنێت". ٢- شێوە " چۆنیەتی بەکارهێنانی بابەت دەگرێتەوە لە دەقدا"."( مستەفا، ٢٠١٠ :٢٢) "رەشاد رشدی" ڕووداو لە ڕووی بنەماوە لەسەر دوو بنەما دادەمەزرێت لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوەدا.

ئەو ڕووداوانەی، کە مەرجەکانی فانتازیایان تێدایە زیاتر بە ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش ئەژمار دەکرێن. "فانتازیا جەوهەری ڕووداوەکانە، دەرخستنی دیاردە سەروو سروشتییەکانە، وەکو قسەکردنی ئاژەڵان، نووستنی هاوەڵانی ئەشکەوت بۆ ماوەیەکی درێژ، فڕین لە ئاسماندا، یان ڕۆیشتن لەسەر ئاودا" ( حليفي، ٢٠٠٩: ٦١) لێرەدا ڕووداوی فانتازیا جیاوازە لە کەسێتی و شوێنی فانتازیایی لە ناو ڕووداوەکانیشدا ڕووداوی فانتازیایی لەگەڵ ڕووداوێکی ئاسایی دا جیایە وەکو ڕووداوی سەرووسروشتی.

گێڕەرەوەی بەتوانا ئەوەی لە دەمی دێتە دەرەوە وەرگر، یان خوێنەر بەڕاستی دەزانێت"ئەمەش لەوێوەیە "ئێمە پەیوەستین بە دەمی گێڕەرەوەوە"، ئەو چی بڵێت و چی لە دەمی ئەو بێتە دەرەوە؟ ئێمە وەری دەگرین و لەگەڵی دەڕۆین و کاری لەسەر دەکەین ،بۆیە پێویستە ئەوەی ئەو دەیڵێت، بە جۆرێك بێت "وا لە خوێنەر بکات بڕوا بکات، بەبێ ئەوەی لە حەقیقەتدا باوەڕی کردبێت". واتە لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکەدا خوێنەر باوەڕ بە کەسێتیی و ڕووداوە سەروو ـ سروشتییەکان دەکات، بەڵام لە ڕاستیشدا بڕوای پێ نەکردوون، چونکە دەزانێت ئەوەی ڕوودەدات، تەنها لە ناو دەقەکەدا ڕوودەدات و بەرهەمی خەیاڵی نووسەرە "" (تاتانی، ٢٠١٥: ٥٠ ) گێڕەرەوە ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە، ئەوەی لە زاری گێڕەرەوە دەردەچێت کاریگەری لەسەر ئێمەش دەبێت، واتە باوەڕ بوون بە کارە سەروو سروشتییەکان، کە لە ڕاستیدا گێڕەرەوە باوەڕی پێ نەکردووە، دەزانێ خەیاڵی نووسەرە.

ڕووداوی ئاسایی و سەیر و سەمەرە پێویستیان بە شیکردنەوەی سەروو سروشتی نییە؟ "ئەم ڕووداوانە کۆتاییان دێت بەشیکردنەوەی سەروو سروشتی، یان خوێنەر باوەڕی پێدەکات،بەڵام ئەگەر سەروو سروشتی بێت شیکردنەوەکە ئەوەندە ڕوون بێت لە توانایدا بێت لەعەقڵەوە پێشوازی لێبکرێت و شیکردنەوەی بۆ

بکرێت، ئەو کاتە لە فانتازیاوە بۆ سەیرو سەمەرە دەچێت، بەڵام ئەگەر ڕاستی ڕووداوەکە پەسند بکات وەکو خۆی بە فانتازیا دەمێنێتەوە.شەیتان و جنۆکەکان بەچەندین شێوەی ئاژەڵی دەردەکەون، بە تایبەتی شێوەی قەبە و گەورە و جۆرەکانی دیکە، جارێکیان وەکو سەیرو سەمەرە جارێکی دیکە وەکو فانتازیا" (حليفي، ٢٠٠٩: ٦١) شیکردنەوەی دیاردەکە ڕوون بێت دەچێتە بواری سەیرو سەمەرەوە، ئەگەر خوێنەر ڕووداوەکەی وەکو خۆی وەرگرت و پەسندی کرد و باوەڕی پێ هێنا دەچێتە بواری فانتازیاوە .شەیتان و جنۆکە بەچەندین شێوە و جۆری ئاژەڵ دەردە کەوێت، جارێکیان وەکو"الغريب" سەیروسەمەرە کە ڕاڕایی دروست ناکات، جارێکیان وەکو فانتازیا دەردەکەوێت ڕاڕایی دروست دەکات .

بۆ ئەوەی خوێنەر باوەڕ بە ڕووداوە فانتازییەکە بکات پێویستە ئاشنای بێت و لەگەڵ ڕووداوەکە ئاوێتە بێت "بۆ دەستەبەر کردنی کاریگەرییە ویستراوەکە پێویستی بە جووتبوونی سۆزداری هەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی ڕۆبچێتە ناو ڕووداوی ڕەگەزە ئەدەبییەکە، بۆئەوەی گریمانەی پێشبینی کردنەکە ڕاست بێت بۆ شتە بینراوەکان "Apparitions" ئەوانەی یان ئەو شتانەی خوێنەر دەورووژێنن، کار بۆ ئەوە دەکەن شتەکان لە وێنە و قەبارەدا دەبێ گونجاو بن لەگەڵ سروشتی بیرکردنەوەی، دواتر زۆر ئاسان دەبێت بۆ ڕۆچوون بۆ ناو ناخی ڕووداوەکە لە بواری فانتازیادا"(علام، ٢٠١٠ :٤٢)گێرەرەوە بەشێوەیەکی قووڵ دەبێ ڕۆبچێتە ناو ڕووداوەکە بۆئەوەی وەڵامدانەوەی هەبێت لای خوێنەر وەڵامەکەش دروستکردنی ڕاڕاییەکەیە، کە بە ڕۆحی فانتازیا دادەندرێت.

پێشبینی کارێکی لە ڕادەبەدەرە، هەموو مرۆڤێك پێشبینییەکانی نایەتەدی"لە ڕاستیدا پێشبینی کردن، لەم بوارەدا، جۆرێکە لە خەیاڵ، بەڵام لەسەر بنەمایەکی پتەو نییە، لەوانەیە نەیەتە دی لە بیرو بۆچوونی ئێستاماندا لە تێڕوانینی نەوەکانماندا دەگۆڕێن، لە کاتی پێشبینی کردن لە گواستنەوەی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بە هەمان خێرایی تیشکی خۆر، کە بە خێرایی ١٨٦هەزار میل لە چرکەیەکدا، یان بیروباوەڕی زیندوو بوونەوەی مردووەکان، جارێکی دیکە گەڕانەوەیان بۆ ژیان لە دوای شیبوونەوەی بۆ گازەکان وڕەگەزەکان و خۆڵ، یان بیرۆکەی داهێنانی ئامێری قۆزتنەوەی شەپۆلەکانی دەنگی ئەو مرۆڤانەی بەر لە ئێمە، کە لەسەر ئەم هەسارەیەدا ژیاون بە هەزاران ساڵ پێش ئێستا، هەروەکو ئەوەی دەنگەکانیان مابێت، یان وەك ماددەیەکی بەستوو لە هەوادا هەڵگیرا بێت .لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە پێشبینییەکان لەسەردەمەکانیاندا بە خەیاڵی ئەژمار دەکران، خەڵك زۆر بەگرنگی وەریانی نەدەگرت"(عزام ، ٢٠٠٣ :٧٢) پێشبینی کردن خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە خەیاڵ و بنەمایەکی پتەوی نییە پێشنینی کردن لە گواستنەوەی مرۆڤ بە خێراییەکی زۆرەوە لە ئاستی خێرایی تیشکی خۆر بێت. هەروەها پێشبینی داهێنانی ئامێری قۆستنەوەی شەپۆلەکانی دەنگ، لە ڕۆمانی دەغدودا موغی موغان شەست و چوار پێشبینی بەر لە دوو هەزار و حەوت سەد ساڵ لەمەو بەر دەکات زۆربەی پشبینییەکان هاتوونەتە دی هەندێکیش ماون تا ساڵی دوو هەزار و سێ سەد و پەنجا لەوانەیە ئەوانیش بێنە دی. " باسکردن لەو هێزە شاراوەی، کەلە مرۆڤ و گەردووندا هەیە وەکو سیحر "التقميص" "Telekinsis"و "التخاطر" "Telepathy" و "التنجيم"بە هەسارە بوون، هێزە ڕۆحییە شاراوەکانی مرۆڤ، تواناداری لە جووڵە پێکردنی کەل و پەل، تیشك بەخشینەوە"Shining." ( عزام، ٢٠٠٣ :١٦١) ئەو هێز و توانایەی، کە لە مرۆڤ و گەردووندا هەیە وەکو سیحر و سەیرکردنی شتەکان بە چڕیی و جوڵاندنی کەل و پەل بە سەیرکردن.هەروەها ئاگر تێبەردان و تیشك بەخشینەوە، ئەوانە دەچنە بواری کاری دەرئاسا و ڕادەبەدەرەوە.

زمان رۆڵێکی باش دەبینێت لە خستنە ڕووی ڕووداوی سەروو سروشتی "جا لەبەر ئەوەی سەروو-سروشتی بەرهەمی زمانە، ئەمە وادەکات بەدوای ئەوەدا نەگەڕێین، ئایا ئەوەی ڕۆماننوس لە ڕۆمانەکەیدا پێشکەشی دەکات حەقیقییە، یان نا؟ چونکە "زمانی ئەدەبی زمانێکی ئیتیفاقی، یان زاراوەییەو ئەستەمە تیایدا حەقیقەت ئەزموون بکرێت، چونکە حەقیقەت بریتییە لە پەیوەندیی نێوان وشەکان و ئەو شتانەی دەلالەتیان لێ دەکەن، لە ئەدەبیشدا ئەو شتانە بوونیان نییە"" (تاتانی، ٢٠١٥ :٥١) بەهۆی بینین و زمانەوە فانتازیا کاری ئەدەبی خۆی دەکات، سەروو سروشتی، زیاتر پسپۆڕی زمان لە دەربڕیندا تام و چێژو خۆشی و ترس ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆ ئەوەی قەناعەت بە خوێنەر بهێنێت ئەوەی دەیگێڕێتەوە ڕاستە.

لە کاتی گێڕانەوەدا متمانە دروست دەبێت لای خوێنەر، گێڕەرەوەی بە توانا ڕووداوە فانتازیاکان دەخزێننە ناو هزری خوێنەرەوە بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، کە ئەوەی دەیبینن ڕاستە یان ڕاست نییە. ""تودۆرۆف" دەڵێت: ئەگەر ڕووپێوێکی سادە لەسەر ئەو ڕۆمانانە بکەین ،کە فانتازیایان تێدایە، ئەوکاتە دەتوانین ئەو تایبەتمەندییە جێگیر بکەین لە پێکهاتەکەیدا، جەخت کردنەوە لەسەری پێویستە، چونکە ئەوەی ئێمە لەچیرۆك گێڕەرەوەکەمان دەوێت، متمانە هێنانە بە ئەوەی بینیومانە، هەروەها پاڵمان پێوەدەنێت بۆ ئەوەی بپرسین تێڕوانینمان بۆ واقیع و مەودای تێگەیشتنی ڕاستەقینەمان بۆی . گێڕەرەوە پشت بە توانای زمانەوانی دەبەستێ بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم چالاکیە بە باشترین شێوە.بەم شێوەیە زمانە کە کارەکە بەڕێوە دەبات، نەك دەرهێنەر هەروەکو ڕۆلان بارت گوتویەتی"( علام، ٢٠١٠ :٤٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : پارت.درس السيميولوجيا. تر. بن عبدالعالي.دار توبقال.الدار البيضاء.المغرب ط٠٢-١٩٨٦.ص٨٢.متمانە هێنانەوە لە لایەن گێڕەرەوە، بۆ خوێنەر پێویستە، چونکە ئەو متمانەیە بۆ بەردەوام بوون، لە ڕووداوی ڕۆمانەکە وا لە خوێنەر دەکات باوەڕ بکات.

هەموو گرەوەکە دەکەوێتە سەر گێڕەرەوەی بە توانا"بۆ ئەوەی گێڕەرەوە بەڕاناوی قسەکەر بێت بۆگێڕاوە لە جیهانی ترس و تۆقاندا دەبێ ئاگاداری گشت وردەکاریەکانی بێت هەروەکو "تۆدۆرۆف" جەختی لەسەر دەکاتەوە دەڵێت: دەبێ کەسی گێڕەرەوە لە فانتازیادا زۆر شیاو بێت بۆ ئەم ڕەگەزە"( علام، ٢٠١٠ :٤١) [1] کەسی گێڕەرەوە پێویستە لێزان بێت و شیاو بێت ئەرکی سەرەکی لە دروست کردنی متمانە لای خوێنەر دەکەوێتە سەر گێڕەرەوە.

١-ڕووداوێك، کە لە بنەڕەتەوە باوەڕ پێکراو نەبێت، ڕووداوێکی جیهانی لە ڕادەبەدەر بێت، گوێگر باوەڕی پێدێت لە ڕێگای گێڕەرەوەیەکی نزیك و بە تواناوە "لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو سیستەمەی تەحەکوم بە فانتازیا دەکات بەم جۆرەیە: "ڕووداوێك - کردەیەك ڕوودەدات سەر بە جیهانی لە ڕادەبەدەر "عالم الخوارق"ە... ئەمەش پەرچەکردارێك لای خوێنەری شاراوە "بەشێوەیەکی گشتیش لای پاڵەوانی چیرۆکەکە" دروست دەکات، ئەم پەرچەکردارە پێی دەوترێت ڕاڕایی، ئەو دەقانەی ئەم ڕاڕاییە دروست دەکەن سەر بە فانتازیا و جیهانی لە ڕادەبەدەرە کە دۆخی ڕاڕایی دروست دەکات لای کەسێتیی و خوێنەردا، ئەم ڕاڕاییەش مەرجی سەرەکییە بۆ دروست بوونی فانتازیا مەرجێکیشە، کە "تودۆڕۆف" دایناوە بۆ جیاکردنەوەی لە ڕووداوی ئاسایی و نیشانەی ڕاڕابوون مەرجێکی زەق و دیاری هەر کارێکی

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : تودوروف ، مدخل الى الادب العجائبي : ١١١.

ئەدەبی فانتازیایە،ئەو ڕاڕاییە وا لە خوێنەر دەکات لە کەسێکی بەئاگاوە بۆ کەسێکی بێ ئاگاو وڕێنە بچێت، بە هۆی ئەو ڕووداوەی ،کەبەسەری هاتووە یان، خوێندویەتییەوە.

٢-"تۆدۆرۆف"جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو کاتە دەچینە ناوجەرگەی فانتازیاوە، کە "ڕووداوێك ڕوودەدات و ناتوانرێت بە یاساکانی جیهانە مەئلوفەکە لێك بدرێنەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ئەدەبدا بابەتەکانی فانتازیا لە هیچ کات و شوێنێکدا بەدی نایەن، چونکە فانتازیا تێپەڕاندنێکی ئاشکرای هەموو سنورەکانی کات و شوێنە" ( تاتانی ، ٢٠١٥ : ٥١-٥٢) تێپەڕاندنی شوێنکات لە فانتازیادا هەروەکو ئەو یاسایە نییە، کە ئێمە پێی ئاشنایین و لە جیهانی واقیعی خۆماندا هەیە،ئێمە ڕۆژانە ڕاهاتووین بە هەموو ئەو ڕووداوانەی، کە بەسەرمان دێت وهیچ نیشانەیەکیش لە ڕووخسار و دیوی ناوەوەماندا دروست نابێت، لەحاڵەتێکدا نیشانەی ڕاڕایی دروست دەبێت، ئەگەر لە ڕاستی و دروستی ئەو شتە دڵنیا نەبین، کە بەسەرماندا هاتووە یان بینیومانە ،یان لە ئەنجامی گێڕانەوەدا بیستومانە ،یان وەکو خوێنەرێکی ڕۆمانی فانتازیایی بەچاومان کەوتبێت، بەرجەستە دەبێت.

## تەوەری دووەم: ڕووداوی فانتازی لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا:

ڕووداوی فانتازی پانتاییەکی زۆری ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی داگیر کردووەو،کەسێتی ڕووداوی فانتازی دوو شتی لەیەکدانەبڕاون، دەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە ئاماژە بە کۆمەڵێک لە ڕووداوە فانتازییەکانی ڕۆمانەکە بکەین:

## ڕووداوی فانتازی بەهۆی دەنگی فلووتە فانتازییە سیحراوییەکەوە:

"سەرمەد تاهیر" تاکە شتێك لە دوای مردنی بە جێمابێت فلووتێکی سپی بوو، ئەو پیاوە فلووتژەنە ،کە دراوسێی ماڵی جەلادەتی کۆتر بوو ئاوازی خۆشی دەژەند، جەلادەت لەسەر دیواری نێوان ماڵیان دادەنیشت زۆر بە حەزێکی زۆرەوە گوێی لە دەنگی ئاوازەکانی فلووتەکە دەگرت، ئەویش لە کۆتایی هەر فلووت لێدانێکدا زەردەخەنەیەکی بۆ جەلادەت دەکرد، ئەمە ڕۆژانە ببووە خوییێك لای جەلادەتی کۆتر، دەچووە سەر دیواری نێوان ماڵی خۆیان و دراوسێکەیان بۆ ئەوەی گوێ لە مۆسیقا بگرێت "کە بەر لە مردنی لە زەرفێکی تایبەتدا پێچابوویەوە و بەدەستوخەتێکی جوان لەسەری نوسیبوو"ئازیزان، تکایە هەرکەسێك لاشەکەی منی داگرت، ئەم فلووتە بدات بە جەلادەتی بچکۆلە، کوڕە چکۆڵەکەی کاك"ئیسماعیلی کۆتر"ی دراوسێمان"...بەڵام لەوە سەیرتر ئەوەبوو کە بۆ یەکەمجار فلووتەکەیان دایە دەست جەلادەتی بچکۆلە ڕاستەوخۆ دەیتوانی ئاوازی قەشەنگ دەربهێنێت"(عەلی، ٢٠١٣ : ١٩) جەلادەت ئەوەندە لەسەر دیواری ماڵەکەیانەوە سەیری "سەرمەد تاهیر"ی کردبوو لە کاتی ژەنینی فلوتەکەیدا و گوێی بۆ ڕادێرابوو زۆر ئاشنای ببوو. جەلادەتی کۆتر و "سەرهەنگ قاسم" بەیەکەوە بڕیار دەدەن، کە واز لە هەموو شتێك بهێنن "لەگەڵ ئەو ساتەدا ،کە دەرگاکەی ماڵەوە دادەخات و یەکەم هەنگاو دەنێت بەرەو دونیایەك، کە بە دونیای شتە نەمرەکانی دەزانێت.چیرۆکەکەی ئێمە بەتەواوەتی دەست پێدەکات.چیرۆکی دوو گەنج، کە واز لە هەموو شتێك دەهێنن و دوای مامۆستایەکی پیری مۆسیقا دەکەون.""( عەلی، ٢٠١٣ : ٢٦) بەختیار عەلی نوسەری ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، بۆ خوێنەرەکانی ئاشکرا دەکات، کە ئەگەر بە سەلیقە بن ڕووداو گەلی هەردوو خوێندکار، کە واز لە خوێندن دەهێنن و ڕوو لە مامۆستایەکەیان دەکەن، ئەوە

سەرەتای ڕاستەقینەی چیرۆکەکەیە، کە لە ڕاستیدا ڕێگای مۆسیقارێکە لە سەردەمی مردن و قڕکردنی مرۆڤدا بیر لە نەمری دەکاتەوە ئەو خەریکی فێرکردنی خوێندکارەکانییەتی .ئیتر لەچوارچێوەی ماڵێك دەردەکەون بەرەو جیهانی فراوانی سروشت و ئازادی هەنگاو دەنێن ، دەگەنە خانوویەك، سپی وەك بەردی سەر ئەستێرەیەکی دوور، ماڵێك لە ناو باغێکی گەورە و هێمنییەکی سیحراوی، پڕ لە بۆنی سروشتێکی دڕندە و ویقاری هەندێك درەختی پیر. ئیسحاق فێری خوێندکارەکانی دەکرد لە سروشتەوە دەنگەکانی باران لەیەك جیابکەنەوە، کە بەر شوێنە جیاجیاکان دەکەون، هەندێکجار خوێنبەربوونی جەستەی پێشمەرگەیەك بەمۆسیقا دەوەستێنن لەکاتی نەشتەر گەری پێشمەرگەیەك لە کونە ئەشکەوتێکدا، کە کارمەندێکی تەندروستی خەریکی نەشتەرگەری کردنی بوو، ئەوەی پێی بکرێت بۆی بکات، بەهۆی مۆسیقای ئەمانەوە توانراوە، ئازاری کەم بکرێتەوە لەبری سڕکردن. لە دواجاردا بە مۆسیقاو هیمەتی کارمەندەکە چارەسەری پێشمەرگەکە دەکرێت. مۆسیقا لەگەڵ سروشتدا تێکەڵیان دەکات، بەڵام نازانێت سروشت لەگەڵ ئەواندا تێکەڵ بووە ،یان ئەوان لەگەڵ سروشتدا تێکەڵ بوون.لێوزێڕین پێی وابوو زەمین سەرتاپا بەهەشتێکە ئەوان دەبێت بیکەنە کانگای سروش، ئەوان دەیانویست بەناو ئەو جەنگەدا بڕۆن، کە لە نێوان عێراق و ئێراندا بوو بەڵام ئیسحاق پیاوێکی گەمژە نەبوو، ئەو هەتا سووتان و تاعوون و دەردیشی دەکرد بە مۆسیقا. لێوزێڕین زۆر بێباك لەیەك شوێن وەستابوو بە مۆسیقا سەوڵەکانی لێدەدا بێئەوەی لە مردن بترسێت وەك ئەوەی بەرەو قیامەتیان ببات، کە شوێنێکی دژە. ئیسحاقی لێوزێڕین لە کاتی گیرانیانیشدا هەر بیرو هۆشی لای مۆسیقایە، ئاگاداریان دەکاتەوە، کە نەترسن بەس گوێبگرن، مۆسیقای جەنگ گیان هەژێنن و ئاسەواریان زۆر بڕ دەکات، لێوزێڕین لەکاتی دیلی و هەڵپەڕینیشدا پەیامە پیرۆزەکانی مۆسیقا پەیڕەو دەکات. "ئەوان لە ئێمەیان دەدا و ئیسحاق بە هێمنی دەیگووت" بۆ ئەوەی ئەم ساتە بکەینە مۆسیقا دەبێت زۆر بیر لە جەستەمان نەکەینەوە"وای دەگووت و ئەوان شتێکیان دەکێشا بە دەمیدا.ئەو بەردەوام دەیگووت"کە لێتاندەدەن ئێوە لە خەیاڵی خۆتاندا مۆسیقا بژەنن، ئاگاتان لە نوقمبوونی خۆتان بێت لە بەحرێکدا هەمووی ئاوازبێت، مۆسیقا وە دەکات لەشمان بەرگەی دەردی زۆرتر بگرێت"وایدەگووت و شتی دیکەیان دەکێشا بەزاریدا، من لە ژێرەوە تەماشای ئەو خوێنەم دەکرد کە لە لێوی زێڕینی ئەو دەهاتە خوارێ لەو ساتەدا خەیاڵم لای هەموو ئەو مۆسیقا ڕژاوەبوو کە دەشێت لە خوێنی ئیسحاقدا بێت ."(عەلی، ٢٠١٣ : ٨٠).لێوزێڕین بە چرپە لە کاتی پیاکێشانیاندابە جەلادەت و سەرهەنگی دەگووت، ساتە وەختە پڕ لە ئازار و ناخۆشەکان بکەن بە مۆسیقا، بۆ ئەوەی لەشیان زیاتر بەرگەی لێدان بگرێت، جەلادەت لەکاتی لێدان و پیاکێشانی لێوزێڕیندا خوێن لە زاریدا دەهاتە خوارەوە، لێوزێڕین دەیگووت: ئێستا کاتی لێك جیاکردنەوەی جەستە و ڕۆحە، پێی وابوو ئەو خوێنە گشتی مۆسیقا و ئاوازی تایبەتی خۆی هەیە.دیارە فلووت ئامێرێکی مۆسیقای سیحراوییە لە دێر زەمانەوە لە ئەفسانەیەکدا سبستیان هێر میوولەر کە مامۆستایەکی ناسراوی ئارکۆلۆژیای زانکۆی هایدلبێرگ بوو، یەکێك بوو لە دۆستە نزیکەکانی دالیا، لە شارۆچکەیەکی خۆرئاوای ڕانیەوە هاتبوو، لە هەمووان زیاتر گوێی لە چیرۆکی جەلادەتی کۆتر دەگرت، پێی وابوو فلووتەکەی جەلادەت و فلووتەکەی خوداوەند "پان" دا، لەگەڵ "کریشنا" دا، لەگەڵ"شیفا "یەك دەگرنەوە چونکە فلووت ئامێری خەلیقەتە نەك مەخلوق، ئامێری خوداوەندە، وەك "شیفا" ،کە بە خۆی و فلووتێکەوە بە دەوری گەردووندا سەما دەکات و جیهان دروست دەکات، هەروەها "میوولەر" بە دالیا دەڵێت: ئەوەی فلووتێکی سیحراوی بەدەستەوە بێت، دەتوانێت جیهانێکی سیحراوی دروست بکات، لێردا فلووت ئامێرێکی مۆسیقای خوداییە و دەنگەکەی کە دەکاتە ئاوازی ئەفراندن دەنگی بەرائەت و ڕاستی و دەنگی ڕاستی خودایە و مژدە بەخشە دڵڕفێنە ڕۆیشتنە

بەسەر ئاودا فڕینە بە ئاسماندا، ئەو مۆسیقایە دوو سەرەیە بۆ جەلادەت و سامیری بابلی ، یەکەمیان کە هەوڵدەدات بە مۆسیقا و بە فلووتەکەیەوە جیهان دروست بکات، نەخۆش چارەسەر بکات بریندار چاك بکاتەوە ورەی پێشمەرگە بەرز بکاتەوە و مردوو زیندو بکاتەوە و مەحاڵ بکاتە واقیع، درِندە بکاتە فریشتە، بەڵام لە دووەمیاندا ،کە سامیری بابلییە دەبێتە مایەی سەرئێشە و خەوزڕان و هیستریا بە دوای دەنگی فلووتەکەی جەلادەت دەکەوێت و چەندین شەو ناخەوێت تەنها بۆ ئەوەی شوێنەکەی جەلادەت بدۆزێتەوە و بیکوژێت، چەندین خانو و ماڵی هاووڵاتیانی سڤیل دەڕوخێنێت و چەندین گەڕەك تەخت دەکات، لە دواجاردا وای لێدێت هیچ دەرەتان و چارەیەکی لە بەردەمدا نامێنێت تەنها خۆبەدەستەوەدان و تەسلیم بوون نەبێت بە چۆکدا دەچێت و دەگرییێت و بە جەلادەت دەڵێت: لە کوێی دونیادا بینیوتە لە ناو کەسێتییەکی خوێنمژ و جەلاد کەسێتییەکی دیکەی پێچەوانە لە رووی ئاکارەوە کە مۆسیقارە بوونی هەبێت، لەدوا جاردا سامیری بابلی دان بە هەموو تاوانەکانی دادەنێت، کە لە پێناوی تۆڵە سەندنەوەدا کردوویەتی، دەڵێتت:جێگەی ئەو دوو جۆرە کەسێتییە دژە لەناو یەك کەسدا مەحاڵە نابێتەوە، کەسانی کە بەردەوام دەبنە داردەست و کلك و پاشکۆی رژێمە درِندەکان لەو دەنگە نەگریسە دەترسن کە دەنگێکی پاك و سەدایەکی خوداییە، بۆیە لە کاتی دادگایی کردندا کە جەلادەت حاکمە و سامیری بابلی تاوانبارو دیلی ژێردەستییەتی وێرای ئەوەی کە لە جاری دووەمی مردنی جەلادەتدا سامیری بابلی ڕزگار کەریی بوو بەڵام جەلادەت هەرگیز سازش لە حەقی ئیسحاقی لێوزێرین و سەرهەنگ قاسم ناکات." ئیسحاقی لێوزێرین" بە "سەرهەنگ قاسم" دەڵێتت:"سەیری ئەو دەریاچەیە بکە،چ نورێکی سەیرو کوتوپڕو ئاسمانی تێکەوتووە..ئیلاهی ئەم منداڵە چ جۆرە مەخلوقێکە...وازی لێبهێنە... ئێمەی ئینسان لە تێکەڵاوبوونی سێ مەعدەن خولقاوین. مەعدەنی ئینسان، کە بەشی هەرە گەورەی ڕۆحمانی پێکهێناوە، لەتەك مەعدەنی شەیتان کە بەشێکی تری بوونمانە، لەگەڵ مەعدەنێکی جاوید، کە بەشێکی بچوکە لە پێکهاتەمان، ئەو بەشەیە کە ئیلهامی جوانی و مۆسیقای لێوەردەگرین، بەڵام ئەم هاوڕێیەی تۆ لە کانزایەکی نەمر دروستبووە سەیرکە هەموو ئەو بەحرە یەك پارچە جوانییە، هەموو ئەو بەحرە یەك پارچە ژیانە... ""(عەلی، ٢٠١٣ :٥٩) لێوزێرین تووشی سەرسوڕمان و سەرسامی دەبێت بە "سەرهەنگ قاسم" دەڵێت:سەیرکە جەلادەتی هاوڕێت چ موعجیزەیەکی بە مۆسیقا دروست کردووە، لەوەڵامدا پێی وایە ئەو مەعدەنەی مرۆڤی لێدروست بووە سێ جۆرە، یەکیان مرۆڤ خۆیەتی کە سێ بەشی رۆحی داگیرکردووە، بەشەکەی تر شەیتانییە، کە مرۆڤ کاری سەرشێتانە و نا لۆژیکانەی پێدەکات، لەگەڵ ئەو کانزایە نەمرەی کە جاویدانی پێدەڵێتن، بەڵام ئەو کانزایەی، کە جەلادەتی لێدروست بووە نەمرە، زۆرگرانبەهایە. نووسەر مەعدەن و کانزا لە دوو تێکستدا بەکار دەهێنێ، کە یەك واتایان هەیە پێویستە کانزایەکە لە بری مەعدەن بەکار بهێنێ، ئەگەر مەعدەن بەواتای پێکهاتەی جەستە بێت شتێکی ترە، مەبەست ئەو منداڵە لە مەعدەنی سێیەمدا، کە جاویدانە زۆر زیاتری بەرکەوتووە. لە نێوان کەسێتییەکی ئاسایی و پەیامهێنێك جیاوازی زۆر هەیە،کەسی ئاسایی ناتوانێت ئەفراندن و موعجیزە دروست بکات، خۆشی لە نێوان کەسێك زۆر حەزی لە مۆسیقایە و تا پلەی شێت بوون، لەگەڵ کەسێك بەهرەیەکی خودایی هەیە و ئەو بەهرەیە لە مرۆڤی ئاساییدا نییە.لەکاتی ژەنینی فلووت و گەیشتن بە ئاوازێکی سیحراوی هەموو ئەو هەستانەی هەبوو کە کەسێکی نائاسایی فانتازی هەستی پێدەکات، هەستی دروست بوونی باڵ لەبری باسك، هەستی فڕین هەستی گەیشتن و بەرکەوتن بە تریفەی مانگ، ئیسحاقی لێوزێرین لەژێر دەستی کەسانێکی مایسترۆ لە مۆسیقا مەشقی کردبوو، "ئیسحاقی لێوزێرین" لە مۆسیقادا گەیشتبووە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو، لەگەڵ ئەو ئوستادانە ژیابوو کە لە شوێنە خەیاڵییەکاندا فێری

مۆسیقایان کردبوو، دەستی موعجیزەی مۆسیقای هەبوو، هەموو شتەکانی ئەو دیوی دەبینی، کە کەسانی دیکە نەیاندەبینی، دەستی دروستکردنی موعجیزەو کاری مۆسیقای فانتازی هەبوو، خۆشی لەو جۆرە کەسێتییە فانتازیانە بوو ئەفراندن بکات. پێشتر زمانی کوردی لای "جەلادەت" زۆر جار زمانی تورەبوون و جنێودان و هاوار هاواری ناو کوچەکان و دەمەقاڵێی ناو بازاڕ بوو زمانی قیرە قیڕو زۆربڵێی بێمانابوو، بەڵام لێوزێڕین ئەو بیروبۆچوونەی لای"جەلادەت" گۆڕی،سیحری زمان و دروستکردنی وشەو دروستکردنی ڕستە و ئاوازەی دەنگەکان زیندوویی زمان دەپارێزن وا لە زمان دەکەن سیحری و ئەفسوناوی بێت،"ئیسحاقی لێوزێڕین" وای لە "جەلادەت" کرد کەوا شێتی زمانی دایکی ببێت، بەدەرخستنی گشت نهێنی و پێکهاتەکانی لە واتا و دەنگدا . جەلادەت لە نێوان فڕین و مەلەکردندا زۆر سەیر دەجولایەوە، "سەرهەنگ قاسمی" نەدەبینی بەڵام وەك جەستەیەك وابوو تریفە دەیبرد، مۆسیقا بۆ جەلادەت وەك دەریایەك وابوو دەبووایە تیایدا بخنكێت، جیاوازی لە نێوان "سەرهەنگ قاسم" و جەلادەتدا وەکو ئەوە وابوو، کە یەکێك لەدەریای مۆسیقادا مەلە بکات لە بەرامبەردا "جەلادەت" لە ئاسمانی مۆسیقادا دەفڕێت، "جەلادەت" مردن و مۆسیقا لە پەیوەندییەکدا لێك گرێ دەدات، پەیوەندییەکە لە ئاوازێك دەچێت، کە لەودیو وجودەوە بێت، لەگەڵ تاقمێك فریشتەدا ئەو بەرەو عەرشی خودا ببەن، ئێوارەیەکی درەنگ یەکێك لەو مردووانە بە خۆی و فلووتێکەوە، دوای گەشتێکی دوورو درێژی چەند ڕۆژە بە زۆنگاوەکانی باشوور و باغەکانی نێوان دیجلەو فوراتدا گەیشتە شاری تەپوتۆزی زەردو لە یەکێك لە کوچە تاریکەکاندا جەلادەتی کۆتری بینی، لە کاتێکدا پرتەقاڵی سپی لە گەرمەی خۆئامادەکردندا بوو، تا بە تەواوی ئێدارەیەوە ڕووبکاتە باغێکی گەورەی پایتەخت تا لە ئاهەنگە مەزنەکانی سەرکەوتندا بەشداربێت، جەلادەتی کۆتر کە دەیزانی ناتوانێت لەو شارە بچێتە دەرەوە، دەیزانی دەشێت تووشی چ مەترسییەك بێت، لە هەرای خۆئامادەکردن بوولە تاریکی کوچەیەکدا خۆی ونکرد."جەلادەت" لەو ساتەدا مردووەکان دەبینێت لە ڕووداوێکی فانتازیدا مردووەکان لە سەنگەرە دوورەکاندا هەڵدەستنەوە پێلاوەکانیان لە پێدەکەن کۆڵەکانیان دەکەنەوە کۆڵ بە زیندوویی دەگەڕێنەوە . سەربازەکە بە جەلادەتی دەگووت:کەواتە تۆ گوێت لێمە، تۆ دەمبیستیت، من دە ڕۆژە بە زەویدا وێڵم و کەس نامبیستێت، لەترسی با ئێرەیان چۆڵکردوە، یاخود لە ترسی شەوێك کە ئاوا نابێت؟جەلادەت دەیپرسی:شەوێك کە ئاوا نابێت؟لێرە هیچ شەوێك نییە ئاوا نەبێت، ئێرە شارە وەك هەموو شارەکانی تری دونیا، تێدەگەیت ڕۆژێك دێت ژیانی مرۆڤ کۆتاییدێت. لێوزێڕین:دەبێت مۆسیقایەکی گەردوونی دروست بکەین، بە هۆیەوە خودا لێمان خۆش بێت، ئەو مۆسیقایە کەس نەیبیستبێت، مۆسیقا کلیلە و نازانیین چ دەرگایەکمان بۆ دەخاتە سەر پشت، لەگەڵ مۆسیقا بن، ئەگەر بۆ مردنیش بێت مەترسن مۆسیقا وەك ئارامییەکی فێنك فاسیلەی نێوان "جەلادەتی کۆتر" و "سەرهەنگ قاسم"ی لەگەڵ دونیادا تەڕدەکرد، لەگەڵ یەکەم ئاوازدا روخساری شەو دەگۆڕا،وەك ئەوەی دونیا سەرتاپا لەنوێ لە ئاوێکی هێمنەوە بێتە دەرێ."جەلادەت" کە مۆسیقای دەژەند، هەستیدەکرد لە نێوان ئەو و دونیادا پردێکی ئاویی هەیە، پردێك بە تاڤگەیەکی لەسەرەخۆ دەچێت ."ئیسحاق" مۆسیقای دەژەن و "جەلادەت" چاوی دەنووقاندو گەردونی لە سافترین وێنەدا دەبینی، هەندێکجار بە هۆی دەنگێکەوە هەموو ئەو شتانەی خەوتوون لە ناخیاندا بە خەبەر دێنەوە، هەر ئەو دەنگە چالاکیان دەکات، لە خەوی چەند ساڵە ڕایان دەچڵەکێنێت. هەندێك شەو ئیسحاق جەلادەت و سەهەنگی دەریانی دەهێنایە دەرەوە، بە ناو شەو و تاریکیدا دەیبردن، دەڕۆیشتن و چاویان دەنووقاند و مۆسیقایان لێدەدا، کپی شەو و دەنگی ئەستێرە و خەوتنی پاساری و خەیاڵی گوڵەکانیان دەکرد بە مۆسیقا، بایان دەکردە مۆسیقا، جریوەی چۆلەکە برسییەکان،دەنگی هەناسەی چۆلەکەیەك لە

تەماشاكردنی ئەستێرەیەكدا وێنەی هەموو شتێكیان بە مۆسیقا دەكێشا، هەموو وێنەكانیان تۆمار دەكرد كە لەكاتی ڕۆحكێشان و ئازاردانداا هیچ شاهیدێكیان نەبوو . لە ڕۆیشتندا مۆسیقایان لێدەدا، بەسەر گۆمەكاندا دەڕۆیشتن مۆسیقایان لێدەدا، باران و بەفریان نەدەزانی، ئەوان كاریان بەوە نەبوو لەسەر زەویدا بڕۆن، لە كاتی ژەنینی مۆسیقادا بەردەوام لەفڕیندابوون لەكاتی مۆسیقا لێداندا، مەست دەبوون بەسەر ئاودا دەڕۆیشتن نقوم نەدەبوون تەڕ نەدەبوون . لەكاتی تێكەڵاو بوون لەگەڵ ئاوازەكاندا نەیاندەزانی شەوە یان ڕۆژە، بەرز دەفڕین بۆ لوتكە خورافییەكان لەوێوە سەیری دونیایان دەكرد، لەسەرەوە هەموو گەردوونیان دەبینی.لێو زێرین دەڵێت:دواتر هیچ كەس نازانێت غایەت لە مرۆڤ چییە، كە غایەت لە مرۆڤ خۆی ئاشكرا نەبێت، بۆ لە غایەتی مۆسیقا بپرسین؟ تۆ دەڵێتیت: مۆسیقا دەتوانێت چی بكات؟دەڵێتیت: بۆ ئێمە لەم جەنگەدا فێری مۆسیقا بین؟دەڵێتیت ئێمە سێ فلووت ژەنی بچوك چیین و بەرابەر ئەو هەموو هێزانە چیمان پێدەكرێت؟ هەروەها دەڵێتت:مامۆستایەكم هەبوو باوەڕی وابوو مۆسیقا دەتوانێت مردووەكان زیندوو بكاتەوە، دەیگووت:مۆسیقا هۆكارە بۆ زیندوو كردنەوەی مردوو هەروەها مۆسیقا تاكە دەنگە كە مردوو گوێی لێدەبێت.مۆسیقا تەنها بۆ زیندوو نییە، ئەوەندی بۆ مردووە بۆ ڕووەكە بۆ پەلەوەرە، بۆ ئەمڕۆ و سبەی و دواڕۆژە.بەهۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران شوێنی مەشق كردنیان نزیك بووەوە لە مەیدانی شەڕ، بە ناچاری هەروەكو سەدان فیراری عەسكەری ڕوویان لە سنوورەكان كرد، لە ڕێگا دەگەیشتنە هەر ئاوێك لێو زێرین پێی دەگووتن مەرج نییە دەنگی ئاو بكەنە مۆسیقا، گرنگ ئەوەیە ڕەنگی ئاوەكە بگۆڕن. موعجیزەی وایان بە مۆسیقا دروست دەكرد، یەكێك لە موعجیزەكان "نەمری"یە، مارشیان دروست دەكرد بۆ نەمریی. سەرهەنگ پێ بە پێ وا هەستی دەكرد لە شوێنی واقیعی بەرەو شوێنی دیكە دەچن، بەرەو تێكەڵاوبوون دەچوون لەگەڵ سیحری سروشتدا.شەوێكیان شێتانە مۆسیقایان لێدەدا، مانگ وەك دڕندەیەكی مەست بەسەر سەریانەوەبوو، ڕووناكییەكی دەبەخشی كە پێدەچوو زوڵمەتی گەردون بە دوایانەوە بێت، وەك كەوتبێتنە زەوییەكەوە نەسەر بە ڕۆژ بێت نە بە شەو دەنگی ئاوەكانی وەك هاواری فریشتە وەهابوو لە نێوان جۆگەو جۆبارەكانی بەهەشت. ئەو شوێنەی كە پێیدا تێدەپەڕین، مرۆڤ تا ئەو ساتەش پێی لەسەر دانەنا بوو، گیایەكان بۆنی باڕووتیان لێدەهات، ئەستێرەكانیش ڕێنماییان دەكردن لە ڕۆیشتندا، زۆر جار وەكو گوللە بەرەو زوڵمەت دەڕۆیشتن مرۆڤ سەرسام دەبێت كاتێك دیمەنێكی فانتازیی دەبینێت، سەرسامی و ڕاڕایی مەرجی فانتازیان، لەو شوێنە ئیسحاقی لێوزێرین ڕایدەگەیەنێت، كە چیتر مۆسیقا ئەو دەنگە نییە كە لە یەكێك لە ئامێرەكانەوە دێتە دەرێ، بەڵكو مۆسیقا وەك سیحر و وزە ئەفسونبازێكی دی شێوەو ڕوخساری خۆی دەگۆڕی، مۆسیقا هەروەكو ڕۆح وایە كە دتوێتەوە دەبێتە جوانی، مۆسیقا فەرمانڕەوایە نەخشەی جیاوازی خۆی هەیە جیا لە دونیایەكانی تر.ئەو زەوییەی ،كە تیایدا بوون لەوەدڵنیا نەبوون، كە ئایا مەستی مۆسیقا دروستی كردووە یان بەشێكە لە نەخشەكانی خودا، یان شوێنێكی شەیتانییە، كە لە ئەنجامی گەیشتنی مۆسیقایە بە لوتكەی ئەفڕاندن. مۆزیك ژەنێك بۆ ئەوەی ببێتە مۆسیقار پێویستە بگاتە زەمینی مۆسیقا، چۆن درەخت وهەوا و مانگ مۆسیقای خۆیان هەیە بە هەمان شێوە مۆسیقاش درەخت و هەوا و مانگی خۆی هەیە، هەروەها سنووریش هەیە لە نێوان ئەفسوونی گوڵێك و ئەفسوونی مۆسیقادا.لە كاتی فڕینی مۆسیقادا، كە مرۆڤ دەفڕێنێ بۆ ناو ئەو ئاوەی كە مرۆڤ ئاگای لە هاوڕێكەی نەبێت، بۆساتێك لەو جوانییە نقوم دەبوو، لاوازتر دەبوو لە ساتەكانی تر.لە كاتی عەزفكردندا ساتێكی سەیرە،ساتێك دەكەوێتە جەنگێك لە ناخی خۆیدا، لە نێوان دیوە ڕەهاكانی خۆی و دیوە بەرتەسكەكەی خۆیدا. لە كاتی ئەفڕاندندا بە تایبەتی لە جیهانی مۆسیقادا مرۆڤ مەستبوون و هۆشداری لێك جیاناكاتەوە، وەك ئەوەی مەست بوو بێت بە ماددەی ئەفیون.بۆ

دەرباز بوون لەو میحنەتە خۆی دەخستە ناو دەریاچەیەکەوە، لەوێوە ئەفڕاندن دروست دەبێت، ئەو بەحرەی مۆسیقای تیادا دەژەند دەبووە یەکپارچە تیشك. لەناو ئاوەکەدا دوو هەرێمی گەورەو جیاوازی دەبنینی، یەکیان لە ڕووکەشەوە جوان بوو بەڵام لە ناوەوە وێران بوو.

"سامیری بابلی" لەدوای بڕیاری مردن فلووتەکەی نا بە سینگییەوە بە "جەلادەت"ی گووت :بیرتە ئەم فلووتەت لە ڕۆحمدا بەجێهێشت، لێوم بەو فلووتەوە دەنا ئاوازی سیحراوی و سەیر دەهاتنە دەرێ، من تۆم ڕزگارکرد تۆش منت پاککردەوە. لە ڕووداوێکی تردا لە گفتوگۆی نێوان "سامیری بابلی" و "دالیا"دا دەڵێت :دالیا بە منی گووت ئەوەی گوێ لە مۆسیقا بگرێت، دەتوانێت گوێ لە پێغەمبەران نەگرێت، مۆسیقا فانتازیایە، سیحرە چونکە ئەوەی خودا دەیەوێت بە مرۆڤ بڵێت لە ناو مۆسیقادا هەیە، جەلادەت ئازارەکانی خۆی بۆ لێوزێڕین دەگێڕێتەوە، لەدوای لە خاچدان و مردن یەکسەر هاتووە بۆ لای لێوزێڕین، نازانێت زیندووە یان مردووە؟هەروەها نازانێت چییە و دەبێت بەچی؟.جەلادەت لە کەسێك دەچوو، لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا لە ناو خەونێکی قووڵدا ونبووبێت، دواتر بە ڕێگاوبانی ئەو خەونەدا بچێتە ناو خەونێکی ترەوە، دیسان ونبێت و لەخەونێکی تردا خۆی بدۆزێتەوە، جەلادەت تەنها دەتوانێت ئاوازەکان ڕزگار بکات و کەسیش ئەو ناناسێت، هیچ کەس لەو مردووانە جیهانیان لە یاد نەچۆتەوە، بەڵام هەموویان تەنها لە ڕێگای مۆسیقاوە دەتوانن لەگەڵ دونیادا بدوێن.

## ڕووداوی فڕینی کەشتی و بەلەم:

لە ڕۆژانی دوایی شەڕی دووەمی کەنداودا، جەلادت وەك ئەوەی چووبێتە قۆناغێکی ترسناکی هەلوەسەوە و چاوەکانی هەر لە چاوی عەرافەکان دەچوو، لە هەوادا بەلەمی چکۆلەی دەبینی بەسەر سەریدا دەفڕین، کەشتی ئارام و گەورەی دەبینی بەسەر ماڵەکاندا دەڕۆیی، مرۆڤی خوێناوی و بێسەری دەبینی، بێباك لە شەقامەکاندا دەگەڕان، دونیای پێشکەوتوو لەم هەموو خوێنبارانەدا بەردەوام بوون لە پاراستنی بەرژەوەندییە کانیان. جەلادەت وەك ئەوەی لە دۆزەخ نزیك کەوتبێتەوە لە ترسی سۆزانییەکان ڕایدەکرد، پیانۆیەکەشی بە دوایەوە بوو وازی لێنەدەهێنا. جەلادەت بە دالیا دەڵێتت :ئەمشەو مردن لەسەر من و تۆ دەوەستێت، چونکە من منداڵی موعجیزەم، دەستیان لە ناو دەستی یەك بوو بەناو ئاگردا ڕایاندەکرد، لێرەدا جەلادەت وەکو باپیرە گەورەی خۆی، داوا لە ئاگر دەکات کە ئاگر سارد بێتەوە و نەیان سووتێنێت!""قلنا یا نار کوني برداً وسلاماً علی ابراهیم""( سوڕەتی "الأنبیاء"، ئایەتی ٦٩، ٣٢٧):هەوای نهێنی جەلادەت و دالیا لەناو گولـــلە باراندا، دیسان جەلادەت پەنا بۆ ئەو ئایەتە دەبات کە حەزرەتی ئیبراهیم ناسووتێنێت، "جەلادەت" بە" دالیا" دەڵێت:ئێمە نامرین ئێمە دەگەینەوە کوردستان، دڵنیای دەکاتەوە کە نەخشەیەکی پێیە بۆ دەربازبوون، بەڵام ئەمجارە دوای بێئومێد بوونی لە حیجاب و ڕێوشوێنی ئاینی ئیسلام، پەنا بۆ حەزرەتی عیسا و خاچەکەی دەبات، دواتر داوا لە خوای گەورە دەکات ڕزگاریان بکات. لە شەوی ئاگربارانەدا و لە کاتی ڕاکردن دالیا و جەلادەت کە تانك و زرییپۆش بە دوایانەوەیە، خەڵکانێك دەبینن بە پێخواس ناسراون هەڵدێن، خەڵکانێك بە ئاگرەوە دەفڕن، خەڵکانێك بە جبەکانیانەوە دەفڕن بەرەو ئاسمان، مەلاکانی حەوزە و مەزهەب تلدەبنەوە بێئەوەی مێزەرەکانیان بکەوێت، دواتر دەگەڕێنەوە شاری تەپوتۆزە زەردەکان، بەڵام جیا لەوەی پێشوو، هیچ چاودێرێك و جەلادێك نابینن.

**ڕووداوی لە ناو بیرنانی دالیا لەلایەن براکانییەوە لە شێوەی یوسف پێغەمبەر لە ڕۆژێکی بەفراویدا و سوڕانەوەی باڵندەکان بە دەوریدا.**

دالیا سیراجەدین کچە شۆخەکەی شاری سلێمانی خوێندکاری بەشی ئەدەبیاتی ئینگلیزی زانکۆی بەغداد هەروەکو کچانی هاوتەمەنی خۆی حەز لە کوڕێکی بەغدایی دەوڵەمەند و ناسراو دەکات، کە خوێندکاری ماستەری ئەدەبیاتی ئینگلیزی کۆنە، ناوی "باسم وەلید ئەلجەزائیری"یە بەیەکەوە لەزانکۆ دەخۆن و دەخۆنەوە و دەخەون، لای هەر خوێندکارێکی زانکۆ دەناسرێن، لە دوای ئەوەی ئەو بابەتە لەلایەن براکانیانەوە دەزاندرێت، کە خۆیان لە سلێمانییەوە دەچن بۆ زانکۆی بەغداد، هەموو شتێك لە نزیکەوە دەزانن و بە بێ دەنگی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی دالیا دەکەن لە پشووی نیوەی ساڵدا، کە دەگەڕێتەوە یەکسەر بێئەوەی دراوسێیەکانی بزانن و دەم و دەستی دەبەستنەوە لە ناو گوشێکی دەنێن لە شار دەردەچن لەناو شاخان لە رۆژێکی بەفراویدا لە بیرێکی دەهاوێن و دەگەڕێنەوە بەبێ دەنگی، "دواجار کاروانێکی قاچاغچیان کە لە بەفردا ڕێگا هەڵەدەکەن ڕێیان دەکەوێتە سەر ئەو بیرە و بەزەحمەتێکی زۆر دەریدەهێننە دەرەوە.ڕێکەوتێکی ئیلاهی ئەفسونێك زۆر جار خودا لەگەڵ مرۆڤدا دەیکات"(عەلی، ٢٠١٣ : ١٢١) دالیا بەشێویەیەکی موعجیزەئاسا لەناو بیرەکەدا دەردەهێنرێت و ڕزگار دەبێت لە مردن. دالیا و پەیوەندی بە فریشتەکانەوە لە ڕووداوێکدا باس دەکات، لەتاریکیدا لەگەڵیان ڕۆیشتم بەدەوری خانووەکەدا پێچێکیان پێکردەوە، دالیایان بردە ژووری زەخیرەکەوە،لەوێوە ڕایانکێشا ژێرزەمینەکەوە، لەوێوە شتێك هەیە کە دالیا ناتوانێت بیگێڕێتەوە، وەك شەپۆلێکی سیحری فڕیم تا ئێرە ڕووداوەکە واقیعییە، بەڵام لە دوای چەند رۆژێك مانەوەی دالیا لەناو بیردا بەو سەرماو سۆڵە و بێ نان و خواردن و تێپەڕینی کۆمەڵێك قاچاغچی لە نزیك بیرەکە و دەرهێنانی و ڕزگار کردنی و کۆمەك کردنی بە جل و بەرگ و پارە و بەڕێکردنی دالیا واقیعی نییە بەڵکو ڕووداوێکی فانتازییە، ئەم ڕووداوە لە چیرۆکی حەزرەتی یوسف دەچێت، لە جۆری موعجیزەی مانەوە لەناو بیر و دەرهێنانی بە زیندوویی "قالوا یا آبانا انا ذهبنا نستبق وترکنا یوسف عند متاعنا فإکله الذئب"(سورەتی یوسف، ئایەتی ١٧: ٢٣٧) هەر بەو شەوە دالیا لە ترسی براکانی نەوەکو جارێکی دیکە بیگرن و بیکوژنەوە، یەکسەر ڕێگای بەغدا دەگرێتەبەر، هەموو ڕووداوەکە بۆ باسم جەزائیری دەگێڕێتەوە، ئەویش دالیا لە زانکۆ دەردەهێنێ و لە شوێنێکی دوورە دەست و لاچەپ ئاکەنجی دەکات، لەدوای ماوەیەکی کەم ئۆتۆمبیلێکی جامرەش دێت و باسم وەلید ئەلجەزائیری دەبەن و بێ سەرو شوێنی دەکەن و دالیا سیراجەدین ڕۆژی ڕوناکی لێ تاریك دەبێت و لە خۆشەویستی باسم ڕوو لە زۆر شوێن دەکات و ئابرووی لە پێناو دۆزینەوەی دەبەخشێت، بەڵام بێ سوودە، دواتر لە لایەن سەمەر ساڵحەوە ڕەوانەی شاری سۆزانییەکانی دەکرێت و لەوێ وەك لەشفرۆشێك دەستبەکار دەبێت، بەڵام لە یەکەم ڕۆژەوە باڵندە سپییەکانی هاوڕێی دەبن و وەکو ڕۆحێکی غەمگین و غەدر لێکراو لەگەڵ باڵندە سپییەکانی لە چاوەڕوانی باسم وەلید ئەلجەزائیری دەبێت، یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوەی دالیا سیراجەدین لە شاری سۆزانییەکاندا باڵندە سپییەکانە، کە بەردەوام بە چوارەدەورەیدا دەفڕن و ڕێی نیشان دەدەن و هەواڵی باسمی بۆ دەهێنن و دەبەن و پاسەوانی دەکەن، دواتر لەگەڵ دکتۆر موسای بابەك و جەلادەتی کۆتر دەبنە پاسەوانی ئەو مۆزەخانەی کە موسای بابەك بونیادی ناوە کە تابلۆ شاری مۆسیقارە سپییەکانی تێدا هەڵگیراوە، کە هاواری سەدان هەزار مرۆڤی کوردی تیادا هەڵگیراوە لەسەردەمی کۆمەڵکوژیدا بۆ ئەوەی ئەو هاوارانە بە ڕای گشتی بگەیەنرێت بەر لە فەوتانی، تا وەکو ئەو تاوانە گەورەیە بەسەر دیکتاتۆری سەدەی بیستەمدا

نەچێت. دالیا پێی وایە خەو نییە ڕاستییە، ئەگەر چی لەسەرەوەی تێگەیشتن ماقوولّییە، تەنیا ئەو کەسانە هەستی پێدەکەن کە لە تاریکی و زوڵمەتدا شتەکان و بوونەوەرەکان دەبینن، یەکێك لەوانە لە زوڵمەتدا باوەش بە باسم دا دەکات و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات پێدەکەنێ و دەگریێ، هەتا جارێکیان جەلادەتی کۆتر ئەو حاڵەتە بە چاوی خۆی لە ساڵۆنەکەدا دەبینێت، کە لە زوڵمەتدا دالیا و باسم باوەش بەیەك دەگرن و تێکەڵاوی یەك دەبن. دالیا بە پێی ئەوەی خۆی لە ناو زوڵمەت و بیاباندایە لە ڕێگای تارماییەکانەوە، زۆربەی شوێنەکان و گۆڕستانە شاراوەکانی بیابانە بێسنوورەکان و شاری تەپوتۆزی زەرددا شارەزایە، دالیا ئێواران لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە تەماشای بیابانە بێسنوورەکەو لم دەکات، دەنگی ماشێن و گوێی لە هاواری ئەو ڕۆحانەیە کە با دەیهێنێت، کە لە گەردەلوولدا دەلاوێنەوە، لە گۆڕە گەورەکاندا کە بە ئەندازەی گەرووی ئەم ئەستێرەیە وایە لە هاوارکردندا. لە هاوینی ساڵە شومەکەدا.لەو زەمانەدا لە هەندێ کێڵگەو ئاوەدانیدا چەندەها فریشتە بە باڵی ئاگرینەوە دەبینران، با لە هەندێك شوێندا بۆنی هەندێك ژەهری لە شارە دوورەکانەوە گێڕایەوە، بازاڕەکان پڕبوون لە میوەی ڕەش، بازاڕێك بۆ کۆمەڵ کوژی دروست بوو بە ئاشکراو بێشەرم لە جیهاندا، کوچەکان پڕبوون لە تارمایی، کە تخوبی ژیان و مردنیان لەیەك جیابوو "ئەفسەرەکە کە مولازمێکی ڕەشتاڵەی لاوازو چکۆلانەیە، پەنجە بۆ جێگایەکی نادیار درێژدەکات و دەڵێت:من شەوان لە نزیك ئەو شورا بەرزانە دەوەستم و بە کێبڵێکی ئەستوورەوە ئەو ڕۆحانە دەردەکەم کە بەسەر دیوارەکاندا سەردەکەون و خۆیاندەکەن بە نێو ئەم سەردابەدا و فایلەکانی خۆیان دەدزن و دەیبەن بۆ جێگایەکی تر..بەڵام عەزیزی من..کۆڵنادەن."(عەلی، ٢٠١٣ : ٢٩١).ئەفسەرەکە بێزاری خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر ڕۆحەکان کە لەسەر دیوارەوە بازدەدەن دێن بۆ ئەوەی فایلەکانیان بدزن و بۆ شوێنێکی تر ببەن، کۆڵیش نادەن، ئەو ئەفسەرە چیرۆکی جیهانێکی سەیر دەگێڕێتەوە، جیهانی جەنگێکی نهێنی خۆی لەگەڵ ئەو ڕۆحە غەمگین و بریندارانەدا، کوژراوەکان شەو دێن و دۆلابەکان بەسەر یەکدا دەڕوخێنن و فایلەکان تێکەڵدەکەن، هەموو ڕۆژێك بەیانیان پاسەوانەکان دێن و لەو سەردابەدا فایلە تێکدراوەکان چاکدەکەنەوە، ڕەفەکان جارێکی تر پڕدەکەنەوە لە دۆسییە، دالیا دزینی فایلەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە خاوەن فایلەکان خوازیارن چۆنییەتی گیران و ئازاردان و مردنیان بزانرێ بە چ دەردێك لەناو چوون. هەندێکیان لەو قوربانیانە خوێندەوارییان بیرچۆتەوە و ئەلف و بێی ژیان لەگەڵ ئەلف و بێیەکی دیکەدا تێکەڵاو دەکەن کە ئەلف و بێی مەرگە، دالیا تێناگات ئاخۆ ئەو خۆی یەکێکە لەو مردووانە و بە ڕێگایەکی پێچاوپێچدا گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ژێرزەمینە یاخود زیندووە و دەژی و بەڕاست هەوای سەر زەمین هەڵدەمژێت.لەو ژێر زەمینەدا بەردەوام دەپرسێت فاسیلەی نێوان ژیان و مردن چییە؟ دالیا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە باسم بدۆزێتەوە، ئەگەرچی هەموو ئان و ساتێك لە دڵ و دەروونیدایە، لە هەست و نەستیدایە، تارماییەکانیش ڕێنیشاندەر و لەگەڵیدان. فایلی کچێکی هاوڕێی دەدۆزێتەوە کە لە کۆلێژی ئاداب فەرەنسی دەیخوێند، بەرنامەی ڕۆژانی ئەشکەنجەو شەوانی نەخەوتنی دەخوێنێتەوە، ناوی ئەو جەلادانە دەخوێنێتەوە کە ئیشیان تەنیا ئەتککردن و لاقەکردنی ئەو بووە، فایلی شۆفێرێك دەدۆزێتەوە شەوێکی درەنگ لە پرتەقاڵی سپییەوە بردبووی بۆ گەراجی شارێکی دوور، دواجار لە ناو دۆلابێکی کۆندا دۆسییەی"فەخرەدین سیراجەدین عەبدوڵا"دەدۆزێتەوە. لە ئێوارەی شەشەمین ڕۆژدا تارمایی کچێکی چکۆلانە کە هەمیشە بە ماکسییەکی ئەرخەوانی تۆخەوە ناو فایلەکان دەگەڕێت، فایلێکی گەورە دێنێت و دەیخاتە بەرپێی دالیاو دەڕوات، بە خەتێکی جوان نوسراوە"المتهم باسم وليد صبحي الجزائري"، "حكم عليه بالموت وعلى الجهات المسؤلة تنفيذ الحكم"، دەموچاوی دەشوات، مەکیاجێکی تەواودەکات، دەچێتەوە سەرێ،دالیا لە ڕق و تووڕەیی دەچێتە

ژووری ئەفسەرەکە..بۆ دواهەمین جار لەگەڵ دواهەمین پیاودا دەخەوێت و دەگەڕێتەوە بۆ باکوورو بۆ ئەوەی خۆی بخاتەوە ناو هەمان ئەو بیرەی چەند ساڵ لەوەوبەر براکانی فڕێیاندابووە ناوی، دالیا لەگەڵ بیستنی هەواڵی فەرمانی لە سێدارەدانی باسم جەزائیری بڕیاردەدات بگەڕێتەوە هەمان چاڵ کە برایەکانی خستبوویانە ناوی، لێرەدا گەڕانەوە بۆ هەمان بیر ئەو جۆرە رووداوە بازنەییە دەردەخات کە بە رووداوێك دەست پێ دەکات بە هەمان رووداو کۆتایی دێت. لەلایەکی دیکەش نەیدەویست جەلادەت جێبهێڵێت، دەیزانی ئەو شەوە سەیرانەی پێکەوە لە قەراغی بیابان تەماشای کەرنەڤاڵەکانی مردنیان دەکرد، ئەو لە مێژبوو هەستیدەکرد کە لە خوێندا مەلەدەکات، دەیویست تا لەو خوێنە دەپەڕنەوە دەستی جەلادەت بەرنەدات کە لەناو خوێن و کوشتن و مەترسیدان.دالیا هەستیدەکرد لە نێو دڵیدا، لە جەستەیدا نهێنییەك هەیە دەبێت پێش مردن بیدات بە جەلادەت، لەو ساتەوەی لەو سەردابەوە هاتبووە دەرێ، دەنگی ئەو مردووانە هەمووی بەدوایەوەن. هەستیدەکرد ئەو ڕۆحانەی لە سەردابەکەدا ناسیبوونی و ببوون بە هاوڕێی، لەو ماشێنەدا لەگەڵیدا سواربوون، لەدەرەوەی ماشێنەکە و دەستی بۆ بەرزدەکەنەوە، فایلەکانی خۆیانی نیشاندەدەن، دەیویست نەیانبینێت بەڵام هەر دەیبینین.دووبارەبوونەوەکان لە ئەنجامی وڕێنە و هەلوەسەوە بوو، پەنا بۆ خوای گەورە دەبات، ئەم هەموو دووبارە بوونەوەیە لە لم و گۆرانییەکان لە پرتەقاڵی سپی، دووبارە بوونەوەی موشتەرییەکان، وەك یەکی جەلادەکان و قوربانییەکان، توشی وڕێنە ببوولە ساتە وەختی هاتنی جەلادەت بۆ شاری تەپوتۆزە زەردەکان زۆر شارەزا نەبوو لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد، تەنیا لەگەڵ خەونەکانی قسەی دەکرد.دالیا قێزی لە بۆنی بنباخەڵی ئەفسەر و سەربازەکان دەهاتەوە کە بە خوێنی جەنگ و عارەقی سەنگەرەکانی شەڕەوە دەیانهێنا بۆ ناو ژوورەکانی پرتەقاڵی سپی.ساڵوەختێك بوو موسای بابەك پێیدەگووت وەرە کۆمەکی من بکە، لەگەڵ مندا دەرزی لێبدە، بەڵام دالیا هەمیشە لەدوای سێبەرو تارمایی ئەو کوڕەبوو باسم تا مردن هیوای بەو بوو، تا مردن، بەڵام نەیتوانی هیچ بکات، هەر دەبێت چاوەڕوان بێت تا ڕۆژێك لەسەر زەمینێکی تر و لە دونیایەکی تر لەگەڵ باسمدا یەك دەبیننەوە. ئەو ڕۆژەی کە دالیا فایلەکەی باسمی دۆزییەوە، بە ڕۆژێکی سەیر دەهاتە بەرچاوی جەلادەت لە باڵکۆنەکەدا سەیری ئەو پەپولانەی دەکرد، لە رووداوێکی فانتازیدا کە لە هەوادا دروست دەبوون و دەتوانەوە.دالیا باس لە دوو سەفەر دەکات بۆ جەلادەت، یەکیان لە واقیع و بە ئاگاییەوە، ئەویتریان لە دونیای بێئاگایی و خەیاڵیدا، ئەو ڕۆژە دالیا بێوچان قسەی دەکرد، سەمای دەکرد، پێدەکەنی دەگریا، حیکایەتەکانی ئەو ژێر زەمینەی دەگێڕایەوە، چیرۆکی ئەو کوژراوانەی بە دوای حیکایەتی مردنی خۆیاندا گەڕابوونەوە بۆ ژیان، ئەو پیاوە پیرەی لە سوچێکدا دۆسییەی هەموو کوڕەکانی یەك لە دوای یەك دەدۆزییەوە، پەنجەت بۆ هەر پەڕەیەکی دەبرد وەك جەستەیەکی بریندار دەیقیژاند و ڕادەچڵەکی، دالیا بە هۆی جوانییەکەی و وێڵبوونی بە دوای باسمدا، وایلێکردبوو ببێت بە خاوەنی فانتازیایەکی ڕەش، بەڵام لە هەمانکاتدا دالیا بە هۆی سەفەرە پاڵەوانییە ئەفسانەییەکەیەوە ، کە سەختترە لەسەفەری گریکەکان، تیایدا دەچێتە ناو وردەکاری و نهێنی ئەو دەزگایە جەهەننەمییەی کە بە شێوەیەکی سەیر وڵات بەڕێوەدەبات.کە جەنگ کۆتایی هات، چەندین هەفتەبوو دالیا لای موسای بابەك کاریدەکرد سەربازە مردووەکان لەخاکی یەکتردا هەڵدەستانەوە، قەیتانی پۆستاڵەکانیان دەبەست و کڵاوە سەربازییەکانیان دەکردە سەر، تەپوتۆزی مردنیان دەسڕییەوە و ڕوویان وەردەگێڕاو دەگەڕانەوە بۆ نیشتمان، لە ڕێگا مردووەکانی هەردوولا بەرەو ڕووی یەك دەهاتن و سڵاویان لە یەك دەکرد و بە هێمنی بەلای یەکدا تێدەپەڕین وەکو ئەوەی بزانن تەنها هۆکارەکانیان دوژمنی بابە کوشتەی یەکترن بەڵام شەپۆل لەدوای شەپۆل دەهاتن و تێکەڵ بە ژیان دەبوونەوە، تەنها ئەوانەش دەیانبینین کە دەیانتوانی ناو

جەرگەی تاریکی ببینن.ژمارەیان هێند زۆربوو، جیاکردنەوەو هەڵاوێردکردنیان کارێکی نەکردەبوو.هەموو بەر لەوەی بگەنە قاپی ماڵەوە دەیانزانی نابێت لەدەرگا بدەن، نابێت کەس بەئاگا بهێننەوە، نابێت هیچ شتێك بجولێنن.دەیانتوانی بوەستن سەیری قاپی کۆنی دەرگاکانی ماڵ بکەن، سەرکەونە سەر سەربان و لەوێوە لە حەوشە کۆن و غەمبارەکانی منداڵیان بروانن، سەربازە ونەکان و بێسەرو شوێنەکان، تەنها وەکو ڕۆحێك کە دەگەڕانەوە نیشتمان نەیان دەتوانی ڕاستەوخۆ ڕووبە ڕووی کەس و کاریان ببنەوە.

## ڕووداوی نیشتنەوەی سامیری بابلی لەسەر لقەدارێکی زۆر باریك لە باغی پرتەقاڵی سپیدا:

سامیری بابلی ئەو پیاوەی تەنها بۆ جەلادەت ڕێگا پێدرابوو سەیری نێو چاوانی بکات، کە کۆمەڵێك ئەسپ لە خەیاڵیدا غاردەدەن کە جەلادەت لە چاوانیدا دەیانبینینی، چاویش تەنها دەروازەیەکە بۆ ڕۆح، بابلی ڕۆژێك جەلادەتی بەرەو ڕۆحی خۆی برد، کەچی جەلادەت گەشتە سەیرەکەی خۆی جارێ بۆ باس ناکات. سامیری بابلی دەستی بە خوێنی دەیان قوربانی و ئەنفالکراو سوور بوو، لە هەمان کاتدا جەلادەتی لەمردن ڕزگارکردبوو، تا ئەو کاتە جەلادەت بۆی ڕوون نەببووەوە کە بابلی پیاوێکی چاکە یان خراپە، ئەو پرسیارە بێ وەڵام بوو تا کاتی دادگایی کردنەکەی، پرتەقاڵی سپی شارێك بوو نغرۆ بوو لەسەرابدا، تا جێگایەك وێنەکان و ڕاستی دەبن بە یەك، هەر هەوڵێکیش بۆ گەڕانەوە بێت بۆ ئەسڵی شارەکە وەکو گەڕانەوەی بارانە دووبارە بۆ ئاسمان، چونکە هەموو شتێك لەو شارەدا، تا دەگاتە ئەوێ ئاساییە، بەڵام دواتر، دەبێتە شتێکی نائاسایی. جەلادەتی کۆتر ڕاستگۆیانە دەڵێتت: سامیری بابلی بیروبۆچوونی منی لەسەر زمانی عەرەبی گۆڕی، وەك چۆن پێشتر ئیسحاقی لیوزێرین بۆچوونی منی لەسەر زمانی کوردی گۆڕیبوو، جەلادەت ڕای لەسەر سوپاو نەتەوەو زمانی عەرەبی باش نەبوو، بەڵام کە چیرۆکی خۆی و هەڵوێستی نەقیب سامیری بابلی دەزانێت لە کودەتا کردن بەسەر سەرۆکی دیکتاتۆر ڕای دەگۆڕێت. حیکایەتەکانی سەردەمی زوڵمەت و تاریکی ئەوەندە زۆر بوون هەموو شەوێك تەنها چیرۆکێك تەواو نەدەبوو وەکو هەزارو یەکشەوەی شەهرەزادی جوانکیلە و شەهرەیاری پاشا وا بوو، دەیان فانتازیا و سیحر و فریشتەو جنۆکەو تارمایی و دۆزەخ و بەهەشتی تێدا بوو.سامیری بابلی لە ڕابردووی خۆی دەدوێ، کە جەنگەڵ و چیاو زۆنگاوە ترسناکەکانی بینیوە، هەموو ئەو جێگایانەی بینیوە کە بەدەگمەن مرۆڤ بە زیندوویی لەوێوە گەڕاوەتەوە، سامیری بابلی دایکی خۆی نەبینیوە، زۆربەی ژیانی لەناو باغی خورماو مێرگ و بێستانە بێکۆتاییە پرتەقاڵییە خەیاڵییەکان بردۆتە سەر، بۆنی پرتەقاڵ بۆ بابلی باش و زیان بەخش بووە هەروەکو چۆن بۆ قوربانییەکانیش وابوو.بابلی دەیگووت: بەدەستی ئێمەبوو، میللەت پرتەقاڵ بخوات یان نەخوات، هیچ حکومەتێك نەیتوانی لە دەسەڵاتی باوکم کەمبکاتەوە باوکم پیاوێك بوو لە هەر جێگایەك بیزانیبایە هەژارێك هەیە، کۆمەکی بۆ دەنارد، لە بن خەیمە ئەفسانەییەکانی ئەودا وەزیرەکان دادەنران و لادەبران، خۆی بە عەبا سپییەکەیەوە دەچووە ناوەڕاستی ئاگرو شەڕی خوێناوی خێڵە عەرەبەکانی دەکوژاندەوە، لە کاتی شەڕی باکووردا، چەندەها جار چوو بۆ بینینی سەرکردە ئەفسانەییەکانی شۆڕش، جارێك لە ئەشکەوتێکی دووری ناو شاخەکاندا سەرۆکێکی کوردی بینی بوو، بەڵام لەو سەر لە بری ئاشتی، کیسەیەك توتن و سبیلێکی بەدیاری هێنایەوە، ئەو ڕۆژەی کە باوکی لە باکوور گەڕایەوە، تا هەفتەیەك نەهاتەدەرێ، وئەو تەنیا کەسێك بوو دەیتوانی بچێەلای، بەردەوام لە ژوورەکەی خۆیدا دەگریاو دەیگووت:سامیر ئەگەر کوردو عەرەب ڕێنەکەون، ژیانی هەموومان دەبێتە جەهەنەم، بەتایبەتی ژیانی تۆ، باوکی سامیر کە پیاوێکی

دەسترۆیشتووی دەوڵەمەندی خێرەومەند بوو، بریگرتەی تەڕە و پرتەقاڵ و میوەی سوپای عێراقی دابیندەکرد، لەسەردەمی شۆڕشەکانی کوردستان دەچێتە لای سەرکردەکان بۆ ناو بژی لە گەڕانەوەیدا بێئومێد دەبێت و ڕۆژە خۆشەکانی کۆتایی دێت. لە "ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان " لە ل :٢٢ نوسراوە " زوهەیر بابلی"لە ل.٢٢٢ دانوسراوە" زوهێری بابلی " . کاتێك کە لە باغەکە زوهێری بابلیدا لەگەڵ هەر یازدە براکەیدا دەژیان مۆتەکەی بۆدەهات، مردووی خەیاڵیی کۆمەڵێك سەگی وێڵگەر بەدوایەوە بوون، لەترسی کابوسەکان لە ڕووداوێکی فانتازیدا دەچێتە سەر لقێکی باریك دار پرتەقاڵێك کە چۆلەکەش ڕاناگرێت، وەرزگەلێکی درێژ لەسەر درەختە پرتەقاڵەکەدا دەژیا، تاکە شوێن بوو، کە خۆی لە سەگەکان وندەکرد، هەر لەسەر ئەو لقەدارە بۆ هەتا هەتایێ بۆنی پرتەقاڵ دەگرێت، ناوبانگ بە پرتەقاڵەوە دروست دەکات، هەتا لەسەر لقی دارەکە دێتە خوارەوە سێ برای لەشەردا دەکوژرێن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی فانتازییە.هەر لەو شەوانەدا باوکی"زوهێری بابلی"لە ناو باغەکەدا بە دوای دەکەوێت پێیدەگووت سامیری کوڕم ئەو سەگانە تەنها لە سەری خۆتدا هەن، تەنها سەگی خەیاڵی خۆتن، تۆ نابێ لە جانەوەرەکانی ناو خۆت ڕابکەی، لەو سەردەمانەی کە سامیری بابلی لە تاوانەکانی ئەو کارەساتە نەگلابوو، بەردەوام رژێم لە ڕێگای جەلادەکانی خۆیانەوە تینیان بۆ دەهێنا بۆ ئەوەی بەچۆکی دابدەن بیکەن بە چلکاوخۆری خۆیان، بەڵام باوکی سامیر کە زوهێری بابلییە، هەر لە بەخشین و چاکە و پیاوەتی خۆی هەر بەردەوام بوو، هەموو ئەو مەشق و ڕاهێنانەی کە پێی دەکرا یان لە کاتی چاودێری کردنیدا دەیان ئاکار و ڕەوشتی جیا جیایان فێر دەکرد، یان خۆی لە ژینگەیەکی وا پەروەردە بوو بوو، هەموو ئەو شتانەی دەزانی.باس لە بوونەوەرێك دەکات کە سەگە لە بەرامبەردا کەسێتیی وا لە ناو فەرمانگەکانی فەرمانبەرانی حکومەتدا بوونیان هەبوو. لێرەدا لەکاتی ڕاکردنەکەدا بەناو دەیان شوێنی فانتازی و خەیاڵیدا تێپەڕ دەبێت و چەندین بوونەوەری فانتازی بەدی دەکات، لەکاتی ڕەوکردن و کۆمەڵکوژیدا، سەگەکان واتا پیاوانی ڕژێم، یان مرۆڤخۆرەکان، نێچیری ئادەمییان دەخوارد.سامیری بابلی دەگێڕێتەوە، دەڵێت:شەوێك لە شەوان لە شەقامێکدا پیاسەم دەکرد، لەسەر سوچی کۆلانێکدا بیست و یەك زمان بەزمانی کوردی هاواریان دەکرد پرتەقاڵی بابلی مەڕۆ، بیست و یەك زمانی بڕدراو لە ناویدا سەمایاندەکرد، منیان بە کوچەکانی ئەو شارەدا ڕاونا، قەپاڵیان لێدەگرتم، دەیانقیژاند بە گوێچکەمدا، گازیان لەدەستم دەگرت، ماوەیەکی درێژ ژیانم بوو بە دۆزەخ، شەوێك بابلی دەچێتە لای مردوو نێژەکە کە لاشەی کوردەکانی دەشاردەوە، پیاوێکی سەیر بوو، پێی گووتبوو دەتوانێت ئەو زمانانە بە خاوەنەکانیان بداتەوە، کابرای مردوو نێژ زۆر بەزەیی بە سامیر هاتەوە، پێی دەڵێت :ئەگەر ئەو زمانانە نەدەیەوە بە خاوەنەکانیان تا قیامەت ئاسوودە نابێت، هەروەها پێی گووتووە دڕندەی وەك تۆ هەرگیز ئاسوودە نابێت، هەروەها ئامۆژگاری سامیری بابلی دەکات، کە تۆزێك ببێتەوە بە مرۆڤ وەکو وەحش هەڵس و کەوت نەکات، ئەو کوردانە کەسی بێ زمان و بێدەسەڵاتن دەم و دەستیان بەستراوەیە و ناتوانن هیچ بکەن. دەسەڵاتی لەو شەوەدا شکا کە نەیتوانی شوێنی لێدانی ئەو فلووتە غەمگینە دەستنیشان بکات، دەنگی فلوتە غەمگینە وەسوەسەیەکی سامناکی لە دەروونی سامیردا دروست کردبوو، پێی وابوو ئەگەر بێدەنگی نەکات شەرەف و ناموسی لەدەست دەدات."بە دەیەها کلاشینکۆف و دیکتاریۆف تەقەماندەکرد، بەڵام ئەو مۆسیقایە بەردەوام لە ژێرەوە دەهات، هەستمدەکرد گوللــــەکانی من هیچ نابڕن، بەڵام ئەو مۆسیقایە قووڵ تاهەناوی من نەشتەری خۆی دەبات."( عەلی، ٢٠١٣ :٢٣٥).گوللــە و تەقەمەنی بە مۆسیقایەکە نەدەگەیشت، مۆسیقایەکە کاریگەری خۆی لە ناو ناخی بابلیدا دەکرد و توشی سەرسامی و ڕاڕایی و شپرزەیی دەکرد.ئەو مۆسیقا فانتازییایە ڕوو بەڕووی گشت هێزو جەبەڕوتی

دەوڵەت دەبووەوە، کاریگەری ڕۆحی هەبوو ناچاری دەکردی کە بێدەنگ بی و پێچی بە گەورەترین هێزدەکرد و ناچاری دەکرد گوێی بۆ ڕادێرێ، ئەوانیش بە بلدۆزەر و گشت چەکەکان نەیاندەتوانی ببنە هەڕەشە بۆی ،سامیری بابلی بە هەموو هێزو توانای تەرخان دەکرد بۆ تەختکردنی خانووەکان و باڵەخانەکان و هەڵواسینی خەڵك، نەیدەتوانی شوێنی ئەو فلووت لێدانە دەست نیشان بکات، کە پێی وابوو لە غەیبەوە دێت. بۆ یەکەم جاری بوو، کە نەقیب سامیری بابلی بە ڕاستی گوێ لە مۆسیقا بگرێت و دڵی دەستەمۆ ببێت، جەلادەتی کۆتر بە خۆی و فلووتەکەیەوە بە جلێکی سپی سپی لە ئێوارەیەکدا هاتەدەرێ و بە سامیری بابلی گووت هەرکەسێك بم من لە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە بە تەنها هاتووم بۆ ئەوەی گوێ لەم مۆسیقایە بگریت. سامیر بابلی شکستی خۆی لەو شەڕەدا ڕادەگەیەنێت و تەسلیم دەبێت و دەڵێت: مۆسیقا ڕۆحی لێ پاك کردمەوە لە تەپو تۆزی و خوێنڕێژیی چەندین ساڵە، مۆسیقا ئەو فانتازییایەیە کە دڕندەترین مرۆڤ کە هاوڕێی دیکتاتۆری ئەو سەردەمە و ئەفسەری دلاوەری فەیلەقی چوار بوو تەختکەری سەدان گوندی کوردستان و بکوژی سەدان کەسی بێگوناه لەبەردەم مۆسیقای جەلادەتی کۆتر چۆك دادەدات و ڕۆحی پێچ دەکاتەوە بۆ لای خاوەن حەق، پارچە مۆسیقایەکی فانتازی، بە دەربڕین وشەو واتا هیچی نەدەگووت بەڵام جوانی و شیرینی ژیانی ئاشکرا دەکرد، ناخی سامیری ڕوناك دەکردەوە، پەلکێشی دەکرد بەرەو دارستانێکی خەیاڵی، لەوێوە بەرەو کەناری زەریاچەیەك، تاوەکو خۆی بە ئاوی کەنارەکە لە هەموو تاوان و کارە قێزەونەکانی پاك بکاتەوە، تا وای لێهات ئەو مرۆڤە دیل و خەوتووەی ناو خۆی بە ئاگا بهێنێتەوە، لەو خەوە قووڵەدا ڕاچڵەکێ و ببێتەوە بە مرۆڤ. جەلادەت دەستی سامیری بابلی دەگرت و تکای لێدەکرد، بەردەوامبێت، جەلادەت دەیتوانی چەندەها سەعاتی تر دانیشێت و گوێی لێبگرێت، بەڵام سامیری بابلی گووتی:ئەی منداڵی نەجیب بخەوە، تۆزێکی تر کەڵەشێری بەیان دەخوێنێت و نەسیمی سوبح هەڵدەکات، تۆزێکی تر لاولاو دەگەشێتەوە و شەونم بۆ مردن ئامادە دەبێت.بەر لەوەی عەندەلیبی بەیان بێتەزمان بخەوە، تۆ سبەی کارت زۆرەو کەمێك پشووبدە، "شاری مۆسیقارە سپییەکان" و "شاری تەپوتۆزی سۆزانییەکان"، بۆ جەلادەت تەلیسمی نهێنی یەك لە دوای یەك توشی دەهات، لەوەش دڵنیا بوو کە بابلی نهێنی زیاتری لەلایە، دەتوانێت ببێتە هاوکارێکی باش بۆ لێکگرێدانی نیشانەو ڕەمزەکانی بۆ ئەوەی مافی مرۆڤە غەمگینەکان نەفەوتێت کە ئەوان شاهێدی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوانەن . جەلادەت بە بابلی دەڵێتت: سامیری بابلی، تۆ چی لەسەر شاری مۆسیقارە سپییەکان دەزانیت؟...گووتی دەزانم دەتەوێت لە ئێستاوە هەموو چیرۆکەکە بزانیت، منیش وەکو تۆ وەهام، منیش زۆرجار بێسەبر و بێپروام، حەزدەکەم هەموو شتێك بزانم بەڵام گەر مرۆڤ پەلە نەکات، ژیان خۆی لەهەر هێزێکی تر جوانتر شتەکان تەفسیردەکات، هەرگیز هێزی تەفسیریکردنی ئینسان لە ئاستی هێزی تەفسیکردنی ژیاندا نییە لە ڕاستیدا گەورەترین حیکایەتخوان ژیان خۆیەتی."ئەی منداڵی نەجیب، ئەو کوڕە مۆسیقارە هیچی پێنەگووتم، بەڵام زۆر شەو،لە زۆر جێگادا، من مۆسیقاکەیم بیستەوە.وەك ڕۆحێکی گەڕۆك وابوو...ئەو شەوە بڕیارمدا تاماوم ..هیچ مرۆڤێك نەکوژم، لەو شەوەوە بڕیارمدا ئازاری باڵندەیەك نەدەم، بەڵام درۆمکردو نەمتوانی"(عەلی، ٢٠١٣ : ٢٤٠) . مۆسیقای ئەو کوڕە وەك ڕۆحێکی گەڕۆك وابوو بۆ سامیری بابلی، وایلێدەکات بێزار و شپرزەی دەکات و چۆکی پێدادەنێت و بڕیار بدات واز لە پیاوکوشتن بهێنێت، گوێبگرێت لە فلووت و مۆسیقای فانتازی، تا وای لێدەکات هەموو بیروباوەڕی سامیری بابلی بگۆڕێت، لە کەسێتییەکی دڕندەی مرۆڤ خۆرەوە بگۆڕێت بۆ کەسێك لە جیهانێکی دیکەدا، بەرگری لە خەڵکی بێدیفاع بکات.سامیر بە جەلادەت دەڵێتت: ئەوەی تۆی ڕزگارکرد ئەو ئاوازە ئاسمانییەی خۆت بوو، کە بە یەکجارو بۆ هەتا هەتایە

منی گۆڕی، ئێستا ئەوەتام لە بەردەستتدا، ئەی منداڵی نەجیب، من لەبەر دەستی تۆدام و دەتوانیت بمکوژیت، تۆم هەڵگرت و بە هەموو بیاباندا هاتم، شەوەکەی گەردەلوولێکی لم هەڵیکرد، دڵنیابووم تۆ مردویت، بەڵام نەمدەویست داتبنێم، بەردەوام لەسەرمدا ئەو ئاوازە دووبارە دەبووەوە، هەستمدەکرد یەکەمجارە لە ژیانمدا ئیشێك دەکەم بۆنی ئەوەی لێدێت کە منیش مرۆڤم، پێشتر لە هەموو تەمەنمدا تەنیا ژان و بەدبەختم بڵاوکردبووەوە، جەلادەت تۆ مردبوویت، بەڵام دەمزانی دەشێت بژیت و زیندووبکرێیتەوە، سامیری بابلی لەدوای ئەوەی مۆسیقا فانتازییەکە دێتە بەر گوێی، جەلادەت بە مردوویی دەداتە کۆڵی، وا هەست دەکات دەژیێتەوە، جەلادەت کاتێك تۆ خوێنت لێدەڕۆیشت، ڕەشەبا خوێنەکەتی بە سەحرادا دەبرد سامیر بابلی دەڵێتت :کە ئاوڕم دەدایەوە دەزوویەکی باریکم دەبینی، وەك خەتێکی باریك و نهێنی و سەیر تۆی بە شتێك دەبەستەوە دەکەوتە ئەودیو دونیایەوە، بێئەوەی دالیا بانگ بکەین خۆی و فریشتەکانی ئامادە بوون. دالیا دەستیکردە پێکەنین، گووتی:چی دەکەیت بیکە، تۆ هەمیشە دڵی منیت.. من نەمدەزانی چیبکەم، ئەو شەوە دوای ئەوەی سامیری بابلی پێیگووتم:جەلادەتی کۆتر بنو، تۆزێکی دی کەڵەشێری بەیان دەخوێنێت،عەندەلیبە زامدارەکانی تاریکی دەچنەوە هێلانەکانیان، هەموو شتێکم بیرکەوتەوە من پێغەمبەر بووم، سووك و سادە لە قووڵایی یادەوەریی خۆمدا ئەو بەڵگە گەورەیەم دەدۆزییەوە کە من پێغەمبەرم، ئەو یادگارییە ساڵەهای ساڵ بوو لە یادەوەریمدا خەوتبوو، بەڵام نەمردبوو، شتێك هەڵیگرتبوو بۆ ئەمشەو .

سامیری بابلی پاش ئیستێك، بۆچوونی جەلادەت وەردەگرێت، ئایا بابلی بۆ جەهەنەم دەبەن یان بۆ بەهەشت؟لەوەڵامدا جەلادەت دەگریت، لەوەڵامدا بابلی بە جەلادەت دەڵێتت: تۆ بۆ مردنی شەیتانیش هەر دەگریت، بەڵام سامیری بابلی بە پێی کردەوەکانی دەزانێت دەچێت بۆ کوێ، خۆی لە تێکستێکدا دەڵێتت: دەبم بە دوو بەشەوە بەشێکم دەچێت بۆ گەرمترین شوێنی جەهەنەم بەشێکیشم دەچێت بۆ بەهەشت. لە کاتی گەیاندنی جەلادەت بۆ شاری سۆزانییەکان،هەر دەبووڕایەوە دالیا بە ئاگای دەهێنایەوە، لەوماوەی بوورانەویدا هەستی دەکرد یەکێك لە دوورەوە بانگی دەکات، بەڵام کە بابلی سەری بەرزدەکردەوەو هیچی نەدەبینی، زۆر شەو جەلادەت هەستیدەکرد کە گوێی لە مۆسیقایەکی شارۆخی شارۆخە لەو وڕێنەیەدا لەمردن زیندووی دەکردەوە، هەروەها لە نێوان مانگی ئاب و ئەیلول بوو، دوای زیندانی بوونی، لەشێکی کەنەفت ولاواز لە هەر کاتێك زیاتر ئامادە بوو بۆ مردن، کاتێك کە دەگەڕایەوە بۆ ئۆردوگا کۆنەکەی ئاوارەکان شەوێك لە ڕووداوێکی فانتازیدا سامیری بابلی لەبەرچاوی جەلادەت دەفڕێت بۆ ئاسمان، شارۆخی شارۆخ خۆی بە یاریدەدەری جەلادەت دادەنێت، بەڵام لێرەوە سنوری هاوەڵبوونی شارۆخی شارۆخ کۆتایی دێت، ئیترمامۆستاکان خۆیان لەگەڵ قەقنەسەکاندا دەگەڕێن، شارۆخی شارۆخ لێرە تا ڕۆژی گەڕانەوەی بە دەم فلووت لێدانەوە چاوەڕێی جەلادەت دەکات، ئیسحاقی لێو زێڕین هەر وەکو لەکاتی دەستگیرکردنیان پەیمان بە هەردوو خوێندکارەکانی دابوو، جارێکی دیکە خۆشحاڵ دەبێت کە جەلادەت دەتبینێتەوە، دەیزانی چەند ساڵ بڕوات، چەند دیوار لە نێوانیاندا بێت، چەند شارو چەند زەمین لە یەکتریان دووربخاتەوە جارێکی دیکە دووبارە یەکتر دەبیننەوە، جەلادەت باوەشی بە مامۆستاکەیدا دەکات.جەلادەت هەروەکو جاران خۆی بە سوختەی لێوزێڕین دەزانێت بە شەرمەزارییەوە پێی دەڵێتت:من لە شاری تەپوتۆزە زەردەکاندا بە ناچاری هەوڵی لەبیربردنەوەی مۆسیقا دا لەناو خۆمدا، کە لێوزێڕین تۆ فێرتکردبوو، هەروەها جەلادەت مامۆستایەکەی و سەرهەنگ قاسم بەردەوام لە کاتی نغرۆبوون و خەراباتی پرتەقاڵی سپییدا دەبینی، بەڵام جەلادەت لە ژیانیدا دەتوانێت شانازی و جورئەتی ئەوە بکات کە ئەوەی

هەردووکیانی کوشت کە سامیری بابلییە هەرگیز لێی نەبووری.ئەم دادگایەی کە جەلادەت بۆ سامیری بابلی داناوە تەنیا بۆ وەرگرتنەوەی مافی لێوزێڕین و سەرهەنگ نییە، یان تەنیا بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەوان نییە، بەڵکو بەشێکی گرنگی سەفەری سامیری بابلییشە بەدوای پاکبوونەوەی خۆیدا. حەلیم شێواز لە دادگایی کردنی بابلیدا ڕایەکی دیکەی هەیە، یەکە بە یەکە قەناعەت بە قوربانییەکان دەهێنێت، بە ئەردەڵانی گەرمیانی دەڵێتت :ویستی کچەکەت بکوژێت ئەوە ڕۆحی کچەکەت لەگەڵماندایە خۆشی دەبینێت، هەروەها بە خالق مەحمود دەڵێتت: ویستی تۆ لەگەڵ هیچ کچێکدا نەخەویت، تۆ بە فانتازیاکانت بە خەیاڵت لەگەڵ هەموو حۆرییەکانی ئاودا دەخەویت. لە نزیك یەکێك لە دەروازەکانی ئۆقیانوسی هاوارەوە لە ڕووداوێکی فانتازییدا پێنج کەس لە کۆی نۆکەسدا بڕیاری کوشتنی سامیری بابلیاندا، چوار کەسیش بڕیاری بەخشینیاندا، جەلادەت ئەوشەوە دەمەو بەیان حەزی نەدەکرد هیچ کەسێك بمرێت، بەڵام سامیری بابلی دێتە دەنگ و بە جەلادەت دەڵێتت: نا ئەمشەو هەر دەبێت بمرێت.

**ڕووداوی گەشتەکانی جەلادەت بە هاوڕێیەتی دوو ئەسپی باڵدار بۆ بەرزەخ یاخود ڕووداوی سێ جار مردنی جەلادەت:**

چەند ساڵێك لە مەوبەر کە هێشتا منداڵ بووم، زۆر منداڵ بووم لەگەڵ تیپی مۆسیقای شارەکەماندا سەفەرمکرد بۆ شارێکی تر، بۆ ڤیستڤاڵێکی مۆسیقی چکۆڵە، لە ڕێگا پاسەکەمان وەرگەڕا و هەموو سەرنشینەکانی مردن من نەبێت، بیست و سێ مۆسیقار بووین، جەلادەتی کۆتر دەستیکرد بە گریان، نەیدەویست لەوانە جیاببێتەوە کە هەموو بە خۆشحاڵی بەرەو شاری مۆسیقارەسپییەکان بەڕێگاوەبوون، مۆسیقارێك منی بردە ئەولاوە و گووتی :جەلادەتی کۆتر فەرموو دانیشە، من بە گریانەوە پرسیم بۆ من جیادەکەنەوە؟مۆسیقارەکە گووتی:لەبەرئەوەی هێشتا کاتی تۆ نەهاتووە، تۆ لەسەر زەوی ئیشی گرنگت هەیە ئەنجامیبدەیت، سەفەری درێژ لە بەردەمتدایە، منداڵێکی بێخەیاڵ مەبە، دڵنیاشبە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگەڕێیتەوە بۆ ئەم شارە، جەلادەت دەڵێت :من هەر بە موعجیزە دەگەڕامەوە سەر زەوی، ژیانی لە نێوان مردن و زیندوو بوونەوەدا وەك ئەوەی لەناو جۆلانەیەکدا بێت، دیلانێیەکە ئیقاعی خێرا دەکرد و بە کەس نەدەگیرسایەوە، وەکو ریتمێك هاوسەنگی خۆی وەرگرتبوو لە نێوان ژیان و ئەبەدییەتدا. نەتەوەی عەرەب و زمانی عەرەبی لەلایەن عەرەبە شۆڤینییەکان نموونەیەکی ترسناکی بە مرۆڤی کورد نیشان دابوو، هەموو ڕووداوە ناخۆشەکان تا ڕادەیەك ڕووداوە فانتازییەکانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، وای لە تاکی کورد کردبوو کە نەتەوەی عەرەب و زمانەکەیان کە زمانی قورئانی پیرۆزە، کە بەهەمان زمان ڕەشەکوژیی دەکرێن و لەناو دەبرێن، زمان و گوێچکەو ئەندامی زاوزێ و گۆڕی بە کۆمەڵ و زیندانی و بیابان و زیندەبەچاڵ و لم باران و سەگ تێبەردان و..هتد.

دوای لە خاچدانی جەلادەت و گڕبەردان لە پوش و پەڵاشی ژێر درەختەکە، شاناز سەلیم دەبینێت بە زەردەخەنەیەکەوە وەك ئەوەی شەڕەکی گەورەی بردبێتەوە لە جەلادەت، دواتر شارۆخی شارۆخ دەبینێت، بەناو ئاگرەکەوە دێت مێخەکانی لەدەستی جەلادەت دەردەهێنێت و دەیخاتە سەردەستی خۆی و لە ناو ئاگرەکەدا تێدەپەڕەت و بە جەلادەت دەڵێتت ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بچین بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، لەوێ ئۆقیانوسی جوانییەکان چاوەڕوانت دەکات. عەلی شەرەفیار پێی وایە جەلادەت لە بن درەختەکەوە بەرەو "شاری مۆسیقارە سپییەکان" سەفەریکردوە، دەبایە جەلادەت بە ناو ئاگر و ئازارێکی وادا بڕوات و

لەو سەر زیندوو بێتەوە، جەلادەت لەو بوونەوەرانە بوو، بە ناو مردندا دەڕۆیشت و دەگەڕایەوە. جەلادەت لە ژیانیدا لە سێ رووداوی فانتازیدا لە مردن دەگەڕێتەوە، یان بە ناو مردندا تێدەپەڕێت، لە جاری یەکەمدا لە گەشتە مۆسیقایەکەی تیپی مۆسیقای منداڵان بۆ شاری بەغدا توشی رووداوێکی ترسناك دەبن، لەدواتردا لە ساڵانی هەشتاکان لەسەردەمی شۆڕشی شاخدا لەگەڵ هاوڕێکانی لە ناوچە ئازادکراوەکان دەگیرێن دوانیان دەکوژرێن، هەرلەو سەردەمەدا تیپێکی مۆسیقا بە ناوی شەهید کارزانەوە دادەمەزرێنن لە بەرگەڵو، لە جاری دووەمدا لە کوشتارە گەورەکەی باشوور کە سەدان هەزار کەس دەکوژرێن وڵات سوتماك دەبێت، جەلادەت بەردەکەوێت و ڕزگاری دەبێت، لە جاری سێیەمدا کاتی لە خاچدانی شارۆخی شارۆخ ڕزگاری دەکات. ئەو شەوەی کە شارۆخی شارۆخ جەلادەت لە خاچ دەکاتەوە و بە ناو ئاگردا تێدەپەڕەت، جەلادەت تەنیا ئەوەی لە بیرە کە دوو ئەسپی سپی چاوەڕوانیدەکەن بۆ ئەوەی بەرەو زەمین و دونیاێکی دیکەی ببەن، زەوییەك نە ڕاستییە نە خەیاڵیی.زامەکان و ئازارەکانی هێدی هێدی وندەبوون، دەیتوانی ڕوناکی و سەردەمێکی دیکە ببینێت، دیسان باڵندەکانی بە سەر سەری و لە پێشیانەوە دەفڕن، بەرەو شاری مۆسیقارە سپییەکان هەنگاو دەنێن، جەلادەت لەو کاتەدا دەیتوانی لەسەر پشتی ئەسپە سپییەکە بێتە خوارەوە لەو کانییە سیحراوییەدا ئاوێکی نوێ بخواتەوە و برینەکانی بشواتەوە، شارۆخی شارۆخ بەردەوام بە مۆسیقا لەگەڵ جەلادەتدا قسەی دەکرد. جەلادەت لە ڕێی هەندێك پرسیارەوە دەیەوێت بزانێت شارۆخی شارۆخ هەندێك شتی نهێنی هەیە دەزانێت یان نازانێت، شارۆخی شارۆخ بەخەندەوە وەڵامی جەلادەت دەداتەوە، تەنها ئەوانەی چاو و ڕۆح و خەیاڵی سادەیان هەیە ئەو جۆرە رووداوە فانتازییانە نابینن. ئەوانەی جوانی کوژراو لە دڵی خۆیاندا هەڵدەگرن، لەسەر زەوی زیندووی دەکەنەوە،شارۆخی شارۆخ زوو ئەوانە دەدۆزێتەوە. شاری مۆسیقارە سپییەکان، پەیوەندی بە جوانییەوە هەیە، هەرچەندە لە جوانییەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە، ئەوەندە لە شاری مۆسیقارە سپییەکان دوور دەکەوێتەوە، دالیا بە جەلادەت دەڵێتت: تۆ مردبوویت، دواتر دکتۆر بابەك گووتی جەلادەت دەژی بەڵام وەك خەڵکی تر نابێت، بەڵام شتێك لە مردن دەهێنێتە ژیانی زیندووەکان، شتێکیش لە ژیانی زیندوەکان بۆ مردووەکان دەبات. فریشتەکان ڕۆڵیان هەبوو لە ئاشکرا نەبوونی جەلادەت لە ژێرزەمینەکەدا، هەرکاتێك یەکێك لە جاسوسەکان سەریان بە ژێرزەمینەکەدا بگرتبا، ئەو کاتە هەموو شتێك ئاشکرا دەبوو، بابەك و دالیاش تیادەچوون.یەکێك جەلادەتی بەرەو ژێر زەمینەکە برد بەڵام نازانێ کێ بوو فریشتەکانی دالیا بوون؟ نازانێت ! ئەو تاکە کەس بوو لەو قەسابخانەیە دەربازبوو بوو.دکتۆر و دالیا دەیانزانی چی ڕوودەدات، بەڵام جەلادەت نەیدەزانی.جەلادەت لەسەر دەستی دکتۆرێکی دەربەدەر و تەنیا لە خۆڵی زەردی شارێکی ئەفسانەییدا ڕزگار دەبێت..موسای بابەك جیهانێکی نیشانی جەلادەت دا بەمەرجی ئەوەی لای کەس ئاشکرای نەکات، ئەویش نهێنییەکەی بەتەواوی پاراست، بەجۆرێك جیهانە نهێنییەکە بوو بە بەشێك لە جەلادەت، جەلادەتیش بوو بە بەشێك لە جیهانە نهێنییەکە، کوردستان لە خەیاڵیدا زەوییەکە، هێندە بەدوای ئەو جوانییە شاردراوەیەدا بەرەو باکوور دەکەوێتە ڕێ بەدوای کورددا ناگەڕێت.

## ڕووداوی دروست بوونی شارە فانتازییەکان:

"موسای بابەك" ڕاستە هێڵی ئەبەدییەتی نیشانەدەدات و بە جەلادەت دەڵێت :ئەم شارانە بەشێکن لە خەون، وەکو یاری منداڵ وایە کە لە لم دروست کرابێت، لێرە لەناو دەچێت لە شوێنێکی دیکە دروست دەبێتەوە، شوێنی ڕابواردن و کەیف و سەفایە.ئەو شارە شوێنی ئەو کچە سۆزانیانەیە کە لە هیچ شارێکی دیکە شوێنیان نییە، ئێرە شوێنێکە لە سەرابێکی زەرد کە مەخلوقاتێکی تێدایە هیچ داهاتوویان نییە.بابەك بە جەلادەت دەڵێت:خزمی خۆم ڕۆژی نغرۆبوونی ئەم شارە زۆر نزیکە.

سامیری بابلی بە جەلادەت دەڵێت: ئەی منداڵی نەجیب تۆ ئەو ڕۆحەیت کە نهێنی تاریکی دەهێنیت بۆ ڕوناکی بە پێچەوانەوەش، تۆ لە نێوان دونیاکاندا سەفەر دەکەیت.بابلی باسی سەردەمی دەسەڵاتی ڕەها و زوڵم و زۆرداری خۆی بۆ جەلادەت دەکات، کە تەقەی لە هەموو شتێك کردووە تا دەگاتە گەڵا تەقەی لە پەپولەش کردووە، بە فیشەك لەسەر دیواری مزگەوتدا لە تەك ناوی خودادا ناوی خۆشی نووسیوە.لەو شەوانەی کە سامیری بابلی دەورییە دەبوو، هیچ بوونەوەرێك بەبێ ئەو نەیاندەتوانی بجوڵێن، با دەوەستا، سەعات چرکەی نەدەکرد، هەتا ئەستێرە بۆی نەبوو بدرەوشێتەوە، هەور تێپەڕێت بە بێ ئاگای بابلی، خۆی بە هێزە هەرە ئەفسانەییەکانی سروشت دادەنا. دەسەڵاتی" سامیری بابلی" لەو شەوەدا شکا کە نەیتوانی شوێنی لێدانی ئەو فلووتە غەمگینە دەستنیشان بکات. دەنگی فلووتە غەمگینە وەسوەسەیەکی سامناکی لە دەروونی سامیردا دروست کردبوو، پێی وابوو ئەگەر بێدەنگی نەکات شەرەف و ناموسی لەدەست دەدات."بە دەیەها کلاشینکۆف و دیکتاریۆف تەقەماندەکرد، بەڵام ئەو مۆسیقایە بەردەوام لە ژێرەوە دەهات، هەستمدەکرد گوللـە کانی من هیچ نابڕن، بەڵام ئەو مۆسیقایە قووڵ تا هەناوی من نەشتەری خۆی دەبات." ( عەلی، ٢٠١٣ : ٢٣٥ ).گوللـە بە مۆسیقایەکە نەدەگەیشت، بەڵام مۆسیقایەکە کاریگەری خۆی لە ناو ناخی بابلیدا دەکرد و توشی سەرسامی و ڕاڕایی دەکرد.ئەو مۆسیقا فانتازییایە ڕوو بەڕووی گشت هێزو جەبەڕوتی دەوڵەت دەبووەوە، کاریگەری ڕۆحی هەبوو ناچاری دەکردی کە بێدەنگ بی و پێچی بە گەورەترین هێزدەکرد و وایلێدەکرد گوێی بۆ ڕادێرێ، ئەوانیش بە بلدۆزەر و گشت چەکەکان نەیاندەتوانی ببنە هەڕەشە بۆی ، "سامیری بابلی" بە هەموو هێزو توانای بە تەختکردنی خانووەکان و هەڵواسینی خەڵك، نەیدەتوانی شوێنی ئەو فلووت لێدانە کە لە غەیبەوە دەهات ، دەست نیشان بکات. بۆ یەکەم جار بوو نەقیب سامیری بابلی بە ڕاستی گوێ لە مۆسیقا ڕابگرێت و دڵی دەستەمۆ ببێت.جەلادەتی کۆتر بە خۆی و فلووتەکەیەوە بە جلێکی سپی سپی لە ئێوارەیەکدا هاتەدەرێ و بە سامیری بابلی گووت هەرکەسێك بم من لە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە تەنها هاتووم بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی گوێ لەم مۆسیقایە بگری. سامیر بابلی شکستی خۆی لەو شەڕەدا ڕادەگەیەنێت و دەڵێت: مۆسیقا ڕۆحی لێ پاك کردمەوە لە تەپو تۆزی و خوێنڕێژیی چەندین ساڵە.

## ڕووداوی فانتازی لە ڕۆمانی دەغدودا:

دوعای پێچراوی سێ گۆشە؟ واتای نوشتە دەگەیەنێت، کە لەلایەن خودێدەی جادوگەرەوە نوسرابوو بۆ ئەوەی ئەو ژنە وازی لێبهێنێت، دەبوایە نەیخوێنێتەوە و بەرگی بکات. لە هەمان کاتدا خەڵکی موسڵ بە

هۆی شەڕەوە بەرەو دەورو بەری شار دەڕۆیشتن لە ترسی بۆردومانی هاوپەیمانان، دایکی بە نوشتەکە دەزانێ بە توانج پێی دەڵێت خۆ دوعای عیشق نییە، سەنگەر لە وەڵامدا، دایکی دڵنیا دەکاتەوە لەعیشق و میشق، پیاو چاکێك بۆی نووسیوم، لەبەر ئەوەی خەوی ناخۆش دەبینم، ئەمە دوعای خەو خۆشیە.زاراوەی هەیەو نییە !جۆرێکە لە ڕاڕایی، کە مەرجی سەرەکی فانتازیایە، لەشێوەی لە زۆربەی لاپەڕەکاندا بەرچاو دەکەوێت."هەر دەبوایە لەو ڕووەوە شتێکم بە دایکم بوتبا، تا هاتنی"خودەیدە"ی بەلاوە ئاسایی بێت..دایکم ئافرەتێکی خەرافاتی و تەنکە موسڵمان نەبوو، بەڵام لەسحری رەش و چاوی پیس دەترسا و دەیوت: - خۆمە زۆر نییە "جادو" لە قورئاندا باسی لێ کراوە، بۆ خۆشم کارو کردەوەی چاوی پیسم زۆر دیوە.تیرە تیر!!" ( جاف ، ٢٠١٣ : ٥٥) سەنگەر پێش وەخت ڕێگا خۆش دەکات، زەمینە ساز دەکات بۆ هاتنی خودەیدە و شەوێك مانەوەی لە ماڵیاندا، دایکی سەنگەر ژنی خورافی و تەنکە موسڵمان نەبوو، بەڵام لە چاو و زار و سیحری ڕەش و جادو دەترسا، کەلە قورئانی پیرۆزدا باسی لێوەکراوە. باوکی "سەنگەر" لای ئاسایی بوو،بەدایکی سەنگەری گوت من باوەڕم بەم جۆرە بیرو باوەڕە پڕو پووچانە نییە، چووە ژوورەکەی خۆی، "خودەیدە" لەکارەکانی بەردەوام بوو، حەوت مۆمی داگیرساندبوو، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کەللــە ئێسکی ساورێنی بەسەر یەکەوە دانا بوو لەگەڵ حەوت شاخی بزنی لەدەوری دانا بوو، بوتڵێك ڕۆنی زەیتونی ناو سارداوی مەزاری "شێخ عودەی"، بە چەرخەکەی ئاگری بە ڕۆنی ناو شاخەکانەوە نا وەك مۆمێك داگیرسان، ئینجا بەسەنگەری گوت کارم بە تۆ نەماوە، تۆ هەوڵ بدە و بکۆشە بۆ خەوتن.خودەیدە بە سەنگەری گووت دەتخەوێنم، تیشکی باریکی مۆمەکان بەرەو بنمێچی ژوورەکە دەڕۆیشتن سەنگەر وردە وردە ترس دایگرت. سەنگەر خومار بوو بوو، خودەیدە لای کەللــە سەرە ساورێنەکە وەستا بوو، هەردوو دەستی بە عەبا ڕەشەکەیەوە بەرزکردبووەوە و قژی لێ بەردابووەوە وردە وردە دوو تیشکی لێزەری لە چاڵایی ئێسکە سەرەکەوە دەردەچوو، سەنگەر تا دەهات بێهۆشتر دەبوو، دواتر خەوی لێ کەوت خودێدە بە سەنگەر دەڵێتت: پاش و پێشم لێ گردوەتەوە، چارەیەکی تری بۆ نەماوەتەوە، یا لە شەقەی باڵدەدا و دەڕوا ئیدی نایبینیتەوە، یاخود دێتە قسە و لەگەڵتا دێتە گفت و گۆوە زیاترلام وایە، لە ماوەی دە ڕۆژی داهاتودا بڕوات و جارێکی تر نەیەتەوە خەونت ، سەنگەر خەریك بوو لە چارەسەرەکەی خودەیدە بێ ئومێد دەبوو، بەنیاز بوو بگەڕێتەوە لای زانیاری و شتی نوێ ، کە بینی بووی بە "خودەیدە "بگەیەنێت، وای لێ هاتبوو دەترسا بخەوێت نەوەك ئەو ڕمۆزنە بێتەوە خەونی، "سەنگەر" لە نێوان حەز و ترسی لە ژنەکە ڕاڕا بوو، دوعای دەکرد لە خودا دەپاڕایەوە، یان ڕەهای بکات یان بیکوژێت، دیسان ژنەکە بە قاقاوە هاتەوە، ژنەکە هەر لە پێکەنین و قاقا نەدەکەوت. تا ئەو ساتە هیچ گوفتاری ناشرینی بە ژنەکە نە گوتبوو، بەڵام ئەم جارە بڕیاری دابوو، ئەوەی بە زمانی دا بێت ڕەتی نەکاتەوە. جارێکی دیکە سەنگەر نەیزانی چۆن خەوی لێ کەوتەوە، بەهەمان بەزمی شەوانی دیکە هاتەوە خەونی، ئەمجارەیان بەسەریدا نەڕاندی، بە ژنەکەی گوت چیت لەمن دەوێ؟ ژنەکە پشتی لە سەنگەر کرد و، دەستی بە نووسین کرد، لەڕووداوێکی فانتازیدا لەچرکە ساتێکدا دیواری ژوورەکەی ماڵی سەنگەر پڕ بوو لە نووسینی کوردی پەتی، ڕازێك بوو لە وشەیەك پێکهاتبوو، لە بری پێکەنین و بێزارکردن،ڕێنمایی سەنگەری کرد بۆ ئەوەی ڕاسپاردە و ڕێنماییەکەی جێ بە جێ بکات، بە سەنگەر دەڵێت :من بەر لە دوو هەزار و حەوت سەد ساڵ بە ژەهر خواردن کوژراوم لەلایەن شاژنی "سارگۆنی" ئاشووریەوە، ئەگەر ئەم ڕازە پوچەڵکەیتەوە من لە خزمەتدا دەبم، سەنگەر چەکوچ و سومبەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ داتاشین و کڕاندنەوەی وشە بەردینەکە. دایکی سەنگەر پێشتر بە گوێی کوڕەکەی دادابوو کە زۆرجار ترس باشترە لە خۆ دەرخستن، بەڵام سەنگەر هەر لە غەمی هاتن و

نەهاتنی ژنەکەدا بوو،  ئەوەندە گرنگی بە ڕاپەڕین و لە ناوچوونی سەدام نەدەدا.ژنەکە خۆشی خۆی بۆ ڕزگار بوون لە دوای دوو هەزارو حەوت سەد ساڵ، کە بەدەستی سەنگەر هاتەدی.سەنگەر پێی وایە ئەو ژنە نیازی وایە ئازاری بدات،  کەچی ژنەکە پێی وایە دنیای ئەوان کەواتە ئەرواحەکان،  جگە لە گەڕانەوە بۆ سەرەتای خۆیان،  نیازی ئازاردانیان نییە ئەمانە خێرخوازن،  ژنەکە سەنگەر دڵنیا دەکاتەوە ! کەوا نەك ئازاری نادات بەڵکو لە خزمەتیدا دەبێت.ژنەکە بەسەنگەر دەڵێت : من ناوم دەغدوە،  ئەگەر پێت خۆش بێت دەمێنمەوە ؟ ئەگەر نا دەڕۆم،  ئەگەر بمێنمەوە پشت و پەنات دەبم و دەست بەردارت نابم،  ئەگەر بەڵێنم پێ بدەی بمێنمەوە، سوپاس گوزاری خودەیدە بە،  بەڵام لای باس مەکە پێی بڵێ ئیتر رۆیشت و ناگەڕێتەوە خەونم . بەڵێن دەدەی ؟ - بەڵێن دەدەم و سوێندیش دەخۆم،  نە ناوت بهێنم و نە باست بکەم."- ڕەنگە تاسەی ئەوەت بێ بزانی من کێم.. وانا؟- ئەرێ وەڵلا..لام بووە مەراق و دڵە ڕاوکێ و ژان. – کاك سەنگەر، داستانی من دوور و درێژە،  ئەوەنەی بتوانم و مۆڵەتم پێ بدرێت تا بیڵێم ..دەیڵێم و زۆر شتیش هەیە ناتوانم بیڵێم.."(جاف، ٢٠١٣ : ٦٧).دەغدو ئەرواحە ئەوەی دەتوانێ بە سەنگەر دەڵێت بەڵام ئەوەی ناتوانێ بە سەنگەر بڵێت،  لە دەسەڵاتی سەرەوەی خۆیەتی، دەغدو خۆی بە سەنگەر دەناسێنێ و سەرپشکی دەکات لەوەی بێتەوە هاوکاری بکات، یان بڕوات و نەگەڕێتەوە.لەو ماوەی بێدەنگی دەغدودا ،کە نەیتوانیوە هاودەمی دەورو بەر و ڕۆحە هاتو چۆکەرانی بێت،  لەبەرئەوەی لە ژێر تەوژمی ئەو جادوە قورسەدابووە، بەڵام کارێزمایەکی بە هێز بووە بەسەریاندا،ئاگاداری دوور و نزیك بووە،  ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەری کەوکەبی خۆی و سەر زەوی بووە چاوی لێیان بووە ئاگایی هەبووە، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە، کە ئەستێرە و کەوکەبی تر هەبووە نە ئاگای لێ بووە نەدەستی پێ گەیشتووە.

ئەم ڕووداوانەوە پێش وەخت پێشبینی کراوە لە لایەن موغی موغانەوە، کە ئاشوریەکان لەسەر دەستی یەکێك لە پاشایەکانی دەوڵەتی ماد بۆ یەکجاری لەناو دەچێت، بۆیە دیاکۆ زۆر گرنگی پێنادات و دەغدو دەبێتە قوربانی. سۆراغی ئەوکتێبە بەنادیاری دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی چاوساغی دیاکۆ بەناوی"ئۆراش" کە کتێبەکەی لاپارێزرا بوو، بە دیلی بۆ نەینەوا هاتووە و سندوقەکەش بێسەر و شوێنە، دەغدو باشی دەزانی کە دیاکۆی باوکی زۆر متمانەی بەم کتێبە هەبوو، کە پێشبینی زۆربەی ڕووداوەکانی تێدایە.لەدوای گەڕانەوەی سارگۆنی پاشا لە شەڕ لە دەغدو دەپرسێت کە دیار نەماوە، بە دەست و پەیوەندەکانی دەڵێت: هەر ئیمشەو بەرەو شاری بابل دەڕۆیت و بێ "دەغدو"نەگەڕێیتەوە، ئەو میرزادە بابلیەشم بۆ دێنی،  دەغدو دەڵێت: من کچی دیاکۆم یەکەمین شای زنجیرە دەسەڵاتی ماد،  ناوبانگی جوانی من سنوورەکانی هاڕاندبوو، سارگۆنی ئاشووری شای دەسەڵاتدار و بە توانا پەیامی خواستنی منی بۆ باوکم نارد،  باوکم وەك میرێکی بە ئەمەك و ڕاستگۆ لەگەڵ ڕای گشتی ئەنجومەنی دەسەڵاتدارانی هۆزەکانی ماد،  ئەو داوایەی سارگۆنی ڕەتکردەوە. "- یانی جوانی تۆ نەیهێڵا باوکت و سەردارەکانی ماد بکوژێت؟.

- ئەوە سارگۆن بە منی وت..کەوا لەبەر من نەیانی کوشتووە.

- ئیدی بۆ دەڵێی جوانی تۆ مایەی خوێنە..ئەوەسا بووە مایەی ژیان.

- وا بەیانە..باسەکەمان هەڵدەگرین بۆ کاتێکی تر..ئیتر پێوەندی نێوانمان، وەك جاران نابێت،  تەنها لەخەودا بتبینم..ساتێك لێت دوور ناکەومەوە"(جاف، ٢٠١٣ : ٦٩) دوای شەڕێکی قوڕس باوکم و کاربەدەستانی

بەدیل گیران، منیش خۆم چوومە لای سارگۆن بووم بەهاوسەری، باوکم و کاربەدەستانی بە هۆی منەوە نەکوژران، سەنگەر دێتە وەڵام ئەدی ئەوە نییە جوانییەکەت بووەتە مایەی ژیان !دەغدو بە سەنگەر دەڵێت: باسەکەمان زۆر هەڵدەگرێ وا بەرەو بەیانی دەڕۆین، با باسەکەمان بۆ کاتێکی دیکە هەڵگرین، ئیتر لەوە بەدوا پەیوەندیمان وەکو جاران نابێت، تەنها لە خەودا بتبینم، لێرەبەدوا ساتێك لێت دوور ناکەومەوە. باوکی سەنگەر دەپرسێ: باشە ئەوە تۆ وا خەریکی کۆلێژ تەواو دەکەیت و دەبیتە خاوەنی بەکالۆریۆس، هەرچی بەقاڵ و چەقاڵ هەیە باسی ئەم شەڕەی دەکەن بۆ وا بێ دەنگی؟! سەنگەر بە چاکی زانی پەنا بباتە بەر "دەغدو"، لەیەك چرکەیەکدا "دەغدو" وەڵامی دایەوە:

- ئەو کابرایە تا دە ساڵی تریش دەمێنێتەوە و لە دواییدا دەکوژرێت، پێشبینی دەغدو لە وەڵامی سەنگەردا، لە وەڵامی پرسیاری باوکیدا ڕوو لە دەغدو دەکات بۆ ئەوەی هاوکاری بکات، دەغدو پێشبینی دەکات، مانەوەی سەدام، تا دە ساڵی تر درێژە بکێشێت، بەڵام باوکی سەنگەر لە دیالۆگەکەیدا لەگەڵ سەنگەردا بە قسەی بێ مانای دادەنێت، تەحسینی هاوڕێ و هاوپۆلی سەنگەر هەمانڕای باوکی سەنگەری هەیە، نموونە بە خوارووی ئێراق دەهێنێتەوە، کەوا چ گۆمێکی خوێن هەستاوە. "تەحسین" بە "سەنگەر" دەڵێت: بیرم نەبوو هەینی پێشووە گەڕامەوە لالش، چوومە لای خودەیدە، هەواڵی تۆی لێ پرسیم و وتی: هێشتا لە خەونەکانیدا بەردەوامەو ئەو ڕۆحە دێتەوە خەوی؟ لە وەڵامدا سەنگەر دەڵێت: بە هەمان ڕێنمایی دەغدو سوپاس گوزاری خودەیدە دەکات و ڕێزی بۆی هەیە بە تەحسین ڕادەگەیەنێ کە بە خودەیدە بڵێت: ژنەکە لەو کاتەوە نەهاتووەتە خەونی و سەنگەر زۆر سوپاس گوزارە."دەغدو هاتە ناو بیرمەوە وتی..لەو ساختمانە هەروژاوەی دوور کەوە بۆمبایەکی نە تەقیوی بۆردومانی پێشووی تیا دەتەقێتەوە..دەستی "تەحسین"ی گرت و تۆزێك بە پەلە پەل کێشی کردو وتی:

- با بڕۆین بۆ ناو بازار...دەعوەتی لەفەت دەکەم ...دووسەد مەترێك دوور کەوتینەوە، ساختمانە لێدراوەکە تەقیەوە و یەك دوو کەرپۆچی گەیشتە لای ئێمە...دەزانی لەفەکەی تۆ ڕزگاری کردین، ئەگینا لەو دنیا لەفەمان دەخوارد.." (جاف، ٢٠١٣ : ٧٣) لەو باڵەخانەیەی، کە سەنگەر و تەحسین تیادا وەستاون و گفتوگۆ دەکەن، سەنگەر بە پەلە پڕوزە بە تەحسین دەڵێت: با ئێرە بەجێ بهێڵین بچین لەفەیەك بخۆین دەعوەتی من بە، دووسەد مەترێك دوور کەوتنەوە ساختمانەکە لێدراوەکە تەقییەوە، تەحسین بە سەنگەر دەڵێت: دەزانی لەفەکەی تۆ ڕزگاری کردین ئەگینا بەردەکەوتین، لەو دنیا لەفەکەمان دەخوارد. سەنگەر لە مۆنۆلۆگێکدا لە مانەوە لەگەڵ دەغدو یان جیابوونەوە ، سەنگەر بڕیار دەدات بەردەوام بێت، ئەو تازە بەو بڕوانەمەیە ناتوانێت لەو دەورو زروفەدا توانای هەبێت، ئەوەی لە هزریدایە بیهێنێتە دی، باشتر وایە لەگەڵ دەغدو بەردەوام بێت. لەکاتێکدا کە دەغدو کچێتی خۆی دەکاتە قوربانی دیاکۆ و میرزادەکانی دەوڵەتی ماد، بەڵام باوکی زۆر لەوە زیاتر دەزانی بەهۆی ئەو کتێبەی کە موغی موغان نووسیویەتی، لای دیاکۆ پارێزراو بوو هەموو ئەو ڕووداوانە و ئاکامەکانی تێدایە، دیاکۆ پێی ناخۆش بووە، کە دەغدو خۆی بۆ بکاتە قوربانی ، چونکە لای دیاکۆ پێشبینییەکانی موغی موغان ئاشکرا کراوە.سەنگەر لە مۆنۆلۆگێکدا دەڵێت: سبەی دوو سبەی دەبمە خاوەنی پارەیەکی زۆر، ئیدی چ پێویست بەو فرۆشتنە دەکات؟..لەپڕ دەغدو کەوتە بەرچاوی وتی: - هەروا دەبێ، واباشە نەیفرۆشن، تۆ دەبیتە خاوەنی پول پارە و سامانێکی زۆر. دەغدو دێتەوە ناو بیری: "وەك وتم ئەو نووسراوانە لەسەر پێستی ئاسك نووسراون، من زۆر جاران باوکم دیبوو ئەو کتاوەی هەڵدەدایەوە و دەیخوێندەوە و تا بڵێی ئیمان و باوەڕی بەو پێشبینیانەی هەبوو، کە لە کتابی موغی موغاندا

ئاماژەی پێکرابوو، جارەوبار دەیووت: سەد ڕەحمەت لە ڕۆح و ڕەوانت موغی موغان" بۆ خۆت و لێزانینت و بلیمەتیت، کە تیایدا دەڵێت: دەسەڵاتی ئاشووری بە دەستی ئێمەی ماد بنبڕ دەکرێت و وڵاتەکەیان ئێمە وێرانی دەکەین حەیف،من بە چاوی خۆم نایبینم، بەڵام بەشمشێری کوڕەزای من تۆڵەی پێنج سەد ساڵ زوڵم و زۆر دەکرێتەوە."سەیری ئەو کتاوە لەوەدایە، ئەوەی تیادا نووسراوە و پێشبینی زۆرتر لە ساڵی ٢٠٠٠ زاینی کردووە.ئەوڕۆی ئێوە هەرچی ڕووداوی گرنگ هەبووە تیایدا نووسراوە و ڕوویداوە، لەوەش دڵنیام پێشبینیەکانی شەش سەد ساڵی داهاتووش وەك ڕابوردووی بێ یەك و دوو ڕوودەدا، بۆیە دەڵێم گرنگی ئەو کتاوە سەد جاران لە زێڕ و جەواهیر گرنگتر و بەنرخترە..پاراستنی ئەرکێکی ئینسانییە و نەتەوایەتییە.. سارگۆنی ئاشووری بە تەواوی توانایەوە بەدوای ئەو کتاوەیدا دەگەڕا"ئاراستی" چاوساقی باوکی ونجڕ ونجڕ کرد تا شوێنی ئەو کتاوەی بۆ وەدەرخا نەیکرد و نەیکرد.." ( جاف، ٢٠١٣ : ١١٢)
کاتێك دیاکۆی پاشای ماد ئەرکی ئەو کتابەی موغی موغان بە "ئۆراس" باوەڕپێکراوی دەسپێرێت، پیاوەتی و شەهامەتی دواتر بەدەر دەکەوێت کاتێك کتابەکە لەگەڵ خۆیدا بۆ گۆڕ دەبات و ناهێڵێت بەردەستی پاشا سارگۆنی ئاشوری بکەوێت. دەغدو جارێکی دیکە دەردەکەوێتەوە و ڕێنمایی سەنگەر دەکات لە نرخ و موشتەری ئاگاداری دەکاتەوە و کاتە پێشبینی کراوەکەی موغی موغان بۆ سەنگەر ئاشکرا دەکات، دەغدو لە شەست و چوار پێشبینیدا، کە لە ساڵی شەش سەد وچل پێش زایینیەوە دەست پێدەکات تا دوو هەزار و سێ سەد و پەنجای زاینییە.دەغدو دەڵێت:لە بیرمە باوکم بازیوەندێکی لە قۆڵدا بوو لە خۆی دوور نەدەخستەوە، تا دوا ڕۆژی دەستگیر کردنی و بەدیل گرتنی هەر لە باڵیدا بوو، کە دەستگیر کرا دایکەند و ئەویشی سپاردە "ئۆراس"ی باوەڕپێکراوی..ئە بازیوەنە مووروویەکی سەیری تیدا چەسپا بوو، ئەو دەم باوەڕ وا بوو ئە مووروە لە ئاسمانەوە کەوتوەتە خوارەوە، لەژێر ئەو مووروەیدا پیتێك بە خەتی بزماری نووسراوە، دەری بێنە و بیکە ملت، ئیدی لە زۆر بەڵای نادیار دەتپارێزێت، هەروەها دوژمنانت زەفەرت پێ نابەن. سەنگەر دەڵێتت: لام سەیرە ڕۆحی سەڵاحەددین، بۆ کەوڵی شێلم فرۆشێکی هەڵبژاردووە؟ - هەڵبژاردن بە دەستی ئەرواح نییە، سەڵاحەددین نزیکەی هەزار ساڵە چاوەڕوانی کردووە تا مەودای گەڕانەوەی پێ دراوە و لە پایتەختی کوردستان ببێتە شێلم فرۆش."با ئەوەشت پێ بڵێم، تا نیو سەعاتی تر دزێك لە دیواری حەوشتانەوە دێتە ماڵەوە..ئەو کابرایە زاتەن دز نییە و نەداری ناچاری دزیکردنی کردووە.."( جاف، ٢٠١٣ : ١٥٨)
جارێکی تر دەغدو سەنگەر لە دزێك ئاگادار دەکاتەوە، کە لە دیواری حەوشەی ماڵیانەوە دێتە ناو ماڵیان، بەڵام لە ئەسڵدا ئەو دز نییە؟! ڕاستە بۆ دزی هاتووە بەڵام دز نییە، وشەی "لەگام" لە لوگی عەرەبییەوە هاتووە بە واتای ماستاوچی دێت، جۆرە کەسێتییەکی نەخوزراوە و دەگمەنە . سەنگەر لە چاوەڕوانی گرتن و هەڵواسین بوو بە هۆی کاری حیزبییەوە، باوەڕ بەخۆی ناکات لە ماوەیەکی کەمدا بووەتە خاوەن پارەو پولێکی زۆر، بە چاوساغی دەغدوەوە. ئەو تەوڕاتەی ، کە دەبێتە رازی جوولەکەکان بۆ ماوەیەکی درێژ، دەغدو شوێنەکەی لەگەڵ دوو مۆمدا،بۆ سەنگەر ئاشکرا دەکات، کە لە کلێسایەکی شاری بەسرە حەشاردراوە بە چەند دیوارێك. لە دوای پەڕینەوەی هۆزی جولەکە و گەڕانەوەیان بۆ سەر زەوی ، یاعقوب پەیامبەر بە چاوساغی حەزرەتی موسا، لە دوای مردنی موسا و پەرتەوازەی میللەتی جولەکە ئەم تەوراتە لەگەڵ دە فەرمانەکەی خودا بۆ یەهودییەکان چەندین جار ئەم تەوراتە دەست بە دەست کراوە، بەلای پەیامبەرەکانی جولەکەوە بووە لە یەشوعەوە بیگرە تا شائوول و سموئیل و داود و سلێمان پەیامبەر و ئیلیا، کاتێك نەبوخوزنوسەری ئاشووری ئورشەلیم دەگرێت و زۆربەی زۆری پیاو ماقوڵانی جولەکە دەگوێزێتەوە بۆ شاری بابل و نیشتە جێیان دەکات دوای پەلاماری کورشی هەخامەنشی و گرتنی شاری بابل، فەرمانی

گەڕانەوەی هۆزی جولەکە دەدا تا بگەڕێتەوە بۆ ئیسرائیل، لەو گەڕانەوەیەدا ئەم تەوراتە لە دۆڵی دوو ڕووباردا بزر دەکرێت و هەرچەندە بەدوایدا دەگەڕێن نایدۆزنەوە. سندوقی کۆن و دەفەرمانەکە بێ تەورات دەگەڕێنەوە ئیسرائیل لێرەدا گوم بوونی تەورات بە ڕازێکی ئاسمانی دادەنێن و لە گەڕانی دەست هەڵدەگرن و بە لەناوچووی لەقەڵەم دەدەن، تا ساڵی پەنجاکان لەیەك دوو پەرتوك، ڕێچکەی تەورات نوێ دەکرێتەوە و دووبارە دەنگ و باسی تەورات دەکەوێتە ڕوو، لە دوای ئەوەی چەند چەتە و ڕێگرێکی کورد فرۆشتوویانە بە دە دیناری ئێراقی.لە روداوێکی دیکەدا دەغدو داوا لە سەنگەر دەکات کە شۆخە لەگەڵ خۆیدا بۆ هێنانەوەی تەوڕاتەکە بۆ بەسرە نەبات، چونکە شۆخە لە هەواڵگری ئیسرائیل کاردەکات، خەمیس کە هاوڕێی منداڵی سەردەمی کە لە شاری بەسرە بوون بەو کارە دەسپێرێت و بڕێکیش پارەی دەداتێ .لە ڕووداوێکی فانتازیدا، سەنگەر بە هاوکاری دەغدو شوێنی گوارەی پورزای لە وڵاتی فەڕەنسا لە چنگی مافیاکان کە کوردێکی رۆژئاوا سەرپەرستیان دەکات بۆ پۆلیسی ئەو وڵاتە ئاشکرا دەکات. لوسی بە سەنگەری گوت: دەزانی تۆ گەورەترین باندی تاوانبارانت خستە ڕوو و کەوتنە دەستی یاساوە..؟بەس پێم بڵێ، ئەم زانیارییەت لە کوێ بوو؟!سەنگەر: لە خەودا...! – گاڵتەم پێ دەکەی..؟ - نا بەدڵنیاییەوە، بەم زوانە پێت دەڵێتم..لوسی یەکسەر سەنگەر دەباتە ژوورەکەیەوە، گوارەی بینی کە لەسەر جێگەکەیەوە ڕاکشابوو. سەنگەر: "تەواوی سەرکەوتنەکانم لە دەغدو دەزانم.ئەگەر دەغدو نەبوایە سەدان و هەزاران مامۆستای کۆلیژ تەواوکەری لەمن زیرەکتر بەتواناتر وا لە لادێیەکاندا مامۆستای قوتابخانەکانن، منیش یەکێك دەبووم لەوانە"(جاف ، ٢٠١٣ : ٢٤٨) سەنگەر باش دەزانێت بەبێ ڕێنماییەکانی دەغدو ناتوانێت هەنگاوێك بهاوێت. لوسی بە سەنگەر دەڵێتت : تۆ خەریکی ئێمە شێت دەکەی، ئێمە هەرچی دەیهێنین و دەیبەین و لێکی دەدەینەوە نەگەیشتوینەتە هیچ ئاکامێك،بەپێی چاودێری هەواڵگری ژیانی تۆ و پەیوەندییەکانت هێندە سنووردارن لە چەند کەسانێك زۆرتر نین، هەڵۆ کوژراو ماوەتەوە تەحسین و سێ چوار پاسەوان و شۆخە و ئاوێنە و دەستان بشۆ، ئەو زانیاریانە لە کوێوە پێت دەگات."- تۆ باوەڕت بە خودا هەیە؟ - من هەمە، بەڵام زۆر کەس نییەتی و بیریشی لێ ناکاتەوە. – ئەی توانای پێشبینی کردن چی؟..ئەوە نییە ساڵانە لە جیهاندا پێشبینیکەر کتابی جۆراو جۆر لە چاپ دەدەن...توانای هەڵفڕین و بەسەر ئاو و ئاگر ڕۆیشتنیان لێ دەبینرێ...چی تیادایە کوردێکیش تونایەکی نائاسایی هەبێت..بۆ گەلانی تر ڕەوا و شایانی ڕێکلام و بەرچاوخستنە بۆ ئێمە بۆ جێگای گێژو وێژی دنیای ئێوەیە بە رازی هەڵنەهێنراو دابنرێت؟! "(جاف، ٢٠١٣: ٢٥٩) بۆ هەموو نەتەوەکان ئاساییە بەڵام بۆ کوردێك جێگای سەرسوڕمانە. لوسی لە هەوڵێکدا توانای سەنگەر تاقی دەکاتەوە، لە ڕێگای پرسیارێکەوە کە پێشتر بە کەسی نەگووتوە، پێی دەڵێتت: من ئێستا بیر لە چی دەکەمەوە؟، سەنگەر لەوەڵامدا کە دەغدو پێی دەڵێت: بیر لە دەیناسۆر دەکاتەوە، لوسی هەر بە تەواوی شێت دەبێت و بە سەنگەر دەڵێتت: چۆنت زانی؟! لەولاوە بەسەر تەنەکەیەکی نەوتەوە دانیشتبووم لە دواوە لوسی پەڕییە سەر کۆڵم، سەنگەری ماچ باران کرد، دواتر کە شوێنی سەدام ئاشکرا دەکات، ئەفسەرەکان یەك لە دوای یەك پیرۆزباییان لێکرد .

# بەشی سێیەم
# شوێنی فانتازی

**تەوەری یەکەم: شوێنی فانتازی لە رۆماندا**

**تەوەری دووەم: شوێنی فانتازی لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان و دەغدودا**

# بەشی سێیەم
# شوێنی فانتازی

## تەوەرەی یەکەم: شوێنی فانتازی لە رۆماندا

شوێن بە یەکێك لە رەگەزە بنەڕەتییەکانی رۆمان دادەنرێت و لە رۆمانی فانتازییدا شوێنی نائاسایی دادەنرێت. شوێنی فانتازی، کە مرۆڤ بۆ جاری یەکەم دەیبینێت، باوەڕ بە چاوی خۆی ناکات ئەوەی دەیبینێت راستە، یان ڕاست نییەو تووشی راڕایی دەبێت، جا ئەگەر تووشی راڕایی بێت لە راستی و ناڕاستی شوێنەکە ،ئەوا بە شوێنێکی فانتازی ئەژمار دەکرێت.

شوێن زیاتر لە میانەی وەسفکردنەوە دەردەکەوێت، وەسفکردنی شوێن و پێکهاتەکانی بە درێژەی وەسفی کەسەکان دادەنرێت، کە ئەم وەسفەیش بۆ چەند ئەرکێکە وەك: " ڕاڤە کردن و جوانکاری و زانیاری بەخشین" (مەنتك، ٢٠٠٠-٢٠١٠: ١٥٢) ئەرکی وەسف، یان دەرخستنی جوانی و نهێنییەکانە، یان شرۆڤەکردنی بابەتە خوازراوەکەیە، بۆئەوەی متمانە لای خوێنەر دروست بکرێت لەوەی، کە دەیبینێت ڕاستە، یان لە رێگای شڕۆڤەکردنەوە شوێنەکە دەگونجێنی لەگەڵ کەسێتییەکاندا بەیەکەوە ژینگەیەك دروست دەکەن وا لە خوێنەر، یان بینەر، یان بیسەر دەکات، کە ئەوەی دەیبینێت، یان دەیخوێنێتەوە، یان دەیبیستێت باوەڕی پێبکات، کە راستە. بەڵام سەبارەت بە شوێنی فانتازی بابەتەکە بە پێچەوانەوەیەو دەبێت وەسفەکە وابکات خوێنەر بکەوێتە گومان لە شوێنەکە، کە ئایا دەکرێ لە واقیعدا شوێنی وا هەبێت؟وێنای هەر جووڵەیەك لەهزری مرۆڤدا، ئەگەر خەیاڵیش بێت دەبێت لە شوێنێکی دیاریکراودا ئەنجام بدرێت،ڕووداوگەل لە رۆماندا بەبێ بوونی شوێن روونادات، شوێن ئەو پانتاییەیە، کە رووداوەکان لەو چوارچێوەیەدا بە هۆی کەسێتییەکانەوە ئەنجام دەدرێن. شوێن ئەگەر سێ دووری هەبێت ئەوە شوێنێکی واقیعییە لەبەر ئەوەی هەر شتێك مرۆڤ لە واقیعدا ببینێت ڕاستەوخۆ لای پێشەوەی و تەنیشتێك و یان سەرەوەی یان ژێرەوەی دەبینێت، بەڵام ئەگەر ببێتە چوار دووری، ئەوکاتە شوێنەکە دەبێتە شوێنێکی خەیاڵی، یان فانتازی. "یۆری لۆتمان" بەم شێوەیە لە شوێن دەدوێت: "کۆمەڵێك شتی بەیەکەوە نووساوە دەتوانین هەست بە شێوە جیاوازەکانی بکەین، کە پەیوەندییەك بە یەکیان دەبەستێتەوە ئەویش دووری نێوانیانە" ( ذیاب، ٢٠١٥: ٢٩٠) "یۆری لۆتمان" شوێن ،وەك کۆمەڵێك شتی بەیەکەوە نووساو دەبینێت، کە لە شێوەی جیاواز دروست بووە پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەیە ئەویش دوورییە. "گاستۆن باشلار" دەڵێت: شوێن، کە بەرەو خەیاڵ دەچێت، ناتوانێت وەکو شوێنێکی پەراوێزخراو خاوەن بنەما ئەندازەییەکان بێت، بەڵکو شوێنێك کە مرۆڤی تێدا ژیاوە، بەڵام بە شێوەیەکی نابابەتی یان پڕاوپڕ لە خەیاڵ، ئێمە بۆخۆی کێش دەکات، چونکە خۆی لە خۆیدا شوێن چڕییەکە لە بوون و لەوانەیە ئەم شوێنە ماڵێك بێت، بەڵام بەردەوام ڕەمز و نموونەی هێمنی و خۆشی نییە. هەروەها گەرماویش شوێنی شەیتان و جنۆکەیە، بەندیخانە شوێنی دوورخستنەوەو دەستەمۆ کردنە، شوێنی ئازاردانی جەستە و دەروونە، هەروەها قەبر و مردن دەتوانی قسەی خۆتی تێدا بکەی" ( جلول، ٢٠١١-٢٠١٢: ٣٦-٣٧). واتە بەلای "گاستۆن باشلار"وە شوێنی خەیاڵی، ئەو شوێنە پەراوێزخراوە

خاوەن بنەمای ئەندازەییە نییە کە مرۆڤ تیایدا بە شێوەیەکی ئاسایی تەڕاتێن دەکات. شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنەیە، کە پێشتر مرۆڤی تیادا ژیاوە و پڕاوپڕە لە خەیاڵ، ئیمە بۆخۆی کێش دەکات بە هۆی بیرەوەرییەکان و خەیاڵەوە لە نموونەی شوێنی خەیاڵی کاولە خانوو و گەرماو کە جنۆکەی لێیە، قەبر و مردن. بەر لە مردن مرۆڤ خەیاڵ و پێشبینی زۆر سەیرو سەمەرە بۆ ئەو شوێنە واقیعیە فانتازییە دەکات،هەروەکو"سیزا قاسم" دەڵێت: مرۆڤ بەردەوام هەوڵدەدەن هەستە فکرییەکانیان و وێناکردنیان بۆ جیهانی هەستی و نەستی بەرجەستە بکەن، پێوەندیان بە شوێنەوە دیاریدەکەن لەسەر بنەمای فکریی و کۆمەڵایەتیی و دەروونی.( علام، ٢٠١٠: ١٥٥).

شوێن بە یەکێك لە رەگەزە هونەرییە گرنگەکانی رۆمانی فانتازیا ئەژمار دەکرێت، بەهاتنەکایەی تیور و پەرەسەندنی لایەنی هونەری رۆمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەگەر بگەڕێینەوە پێش سەدەی نۆزدەهەم نووسەران بە زۆری گرنگیان بە وەسفکردنی شوێن دەدا لە دوای دەرکەوتنی تەکنیك و هونەرەکانی گێڕانەوە، ئەمانە جێیان بە وەسفکردن لەقکرد. شوێن، بریتییە لەو چوارچێوە، یان ئەو گۆڕەپانە، یان ئەو پانتاییە جوگرافییە، کە رووداوەکان لەرێی کەسێتییەکانەوە تیایدا هەڵدەسوڕێندرێن لە کاتێکی دیاریکراودا.هەروەها شوێن چوارچێوەیەکیشە بۆ کۆکردنەوەی رەگەزەکانی رۆمان، کەسێتیی، رووداو، کات. لە نموونەی شوێندا، بیابان و گۆڕستان و شوێنە دوورە دەستەکانماڵی فانتازیا و بوونەوەرە سەروو سروشتیەکانن. "لەبارەی گرنگی شوێنەوە، "میشێل بوتور"پێیوایە ،کە لە بنەڕەتدا "خوێندنەوەی رۆمان گەشتێکە بە جیهانێکدا، جیاوازە لەو جیهانەی، کە خوێنەر تێیدا دەژی، هەر لەیەکەم چرکەوە، کە خوێنەر کتێبەکە دەکاتەوە." (سەعید، ٢٠١٣: ٣٠٦)رۆماننووس جیهانێك دەکاتە گۆڕەپانی رووداوەکان، کە خوێنەر بەلایەوە جیهانێکی تر و ژینگەیەکی ترە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەلکێشکردن و بەردەوام بوون و راڕابوون و سەرسام بوونی لەوەی دەیبینێت واقیعە، یان فانتازیایە. جگە لەمە "لە گێڕانەوەدا شوێن لە هەر دەقێکدا سیمانتیکی تایبەتی خۆی هەیە، شوێن مەودایەکە بۆشایی نییە، بەڵکو پڕە لە بوونەوەر و شت. لە ڕاستیدا ناتوانین شوێنێك وێنا بکەین، کە بە ڕاستی بوونی نییە، شتەکان بەشێکن لە شوێن و جیانابنەوە لێی، بەڵکو لە هەندێ ڕەهەندەوە لە رێگای دۆزینەوەی دەلالاتەوە هەڵهێنجاندنی واتای بۆ دەکرێت" ( ذیاب، ٢٠١٥: ٢٩١) سیمانتیك لە گێرانەوەدا لە شوێن ڕۆڵی خۆی هەیە، شوێن ئەو مەودایەیە،کە بەتاڵ نییە، بەڵکو پڕە لە بوونەوەر و شتی دیکە. لە ڕاستیدا ناتوانین وێنای شوێنێك بکەین، کە شوێنەکە بوونی نەبێت وەکو ئەوەی لە فانتازیادا مەزراندنی بۆ دەکرێت لەبەر ئەوەی شتەکان بەشێکن لە شوێن.

"ئەدگار ئالان پۆ لە"١٨٠٩-١٨٤٩" "E.A.Poe" نووسەر و شاعیری ئەمریکی لە پێشەوەی نووسەرە فانتازیاییەکانەوە دێت، کە وەسفی "قەڵا کۆنەکان" "ژوورە دەرگا ئاسنینەکان" لە چیرۆکە ترس ئامێزەکان و جێ ژوان ""سورە ڕێگای مردن"" قۆرت " دەکات... هتد، کە تیایاندا وەسفی دەوڵەمەندە پەراوێزخراوەکان دەکات، کە دەوڵەمەندە نامۆیەکانیان پێ دەگوترێ، خۆیان نەخۆشیی دەروونیان هەیەو سەرپەرشتی شێتەکان دەکەن، زۆربەی پاڵەوانەکانی لەو کچە جوانانەن، کە زۆر شۆخ و شەنگن، هەر لەسەردەمی هەرزەکارییەوە کچێنی خۆیان لە کەش و هەوایەکی نادیاردا لەدەست داوە.." (عزام، ٢٠٠٣: ٢٢) گرنگیی شوێن ئەو کاتە دەردەکەوێت ،کە رووداوێکی تیادا ڕوودەدات، چونکە تا رووداوی تیادا ڕوونەدات لەوانەیە نەناسرا بێت، جۆری رووداوەکەش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر

شوێندا. بە پێی بۆچوونەکانی "تزفتیان تۆدۆرۆف"، ئەو شوێنەی ،کە ڕاڕایی و سەرسوڕمان دروست دەکات، شوێنی فانتازییە.

"رینیە ویلك" و "ئوستن وارین" پێیان وایە، کە وەسفی شوێن دەبێت: "بە شێوەیەکی خوازراو گوزارشت لە کارەکتەر بکات. چونکە ماڵی مرۆڤ درێژکراوەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەگەر وەسفی ماڵەکەیت کرد، ئەوا وەسف خۆیتکردووە"" (سەعید ، ٢٠٠٩: ١٤٦) واتە دەبێت شوێن گوزارشت لە کەسێتییەکان بکات بە شێوەیەکی خوازراو، چونکە زۆرجار شوێن ڕۆڵی کارەکتەر دەبینێت، بگرە ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەبینێت. لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا نووسەر لە ڕووداوەکاندا کارەساتێك دەکاتە ئامانج، کە لە شوێنە فانتازییەکاندا جومگە سەرەکییەکانی بۆ داڕێژراوە. لە هەمان کاتدا شوێن بریتییە لە چەندین شوێنی فانتازیی و سروشتی، تێکەڵەیەك لە واقیع و فانتازیا، کە لە کوردستان و ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا بوونیان هەیە ."شوێن کە توێژەران بە"ئەو ژینگە خەیاڵییەی تێیدا ڕووداوەکانی ڕۆمان ڕوودەدەن"" ( جەلال، ٢٠٠٩: ٤٠) شوێن، ئەو ژینگە خەیاڵییەیە کە تیایدا ڕووداوەکان بە هۆی کەسێتییەکانەوە پەرەدەسێنن، خۆشیان لە ڕێگای وەسفەوە دەردەکەون.

بە شێوەیەکی گشتی، شوێن لە ڕۆماندا دوو جۆرە، کە یان شوێنی واقیعییە، یان شوێنی خەیاڵییە، شوێنی خەیاڵیش دوو جۆرەو بریتین لە:

١. شوێنی خەیاڵی ئاسایی: واتە ئەو شوێنانە، کە لەسەر بناغەی واقیع بنیات نراون، بۆیە جیهانی دەرەوەی دەق دەنوێنن.

٢. شوێنی خەیاڵی نائاسایی، یان فەنتازی: واتە ئەو شوێنانە، کە لەسەر بناغەی خەون و خەیاڵی دوور لە واقیع بنیات نراون، بۆیە ئەفسانە و خورافیات دەنوێنن" ( عەلی، ٢٠١٤: ٧١).

یەکەمیان ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە لەسەر بنەمای واقیع بنیاتنراوەو بە جۆرێک نییە، کە مرۆڤ نەتوانێت هاوشێوەیەکی نزیکی لە واقیعدا نەبینێت، بەڵام دووەمیان شوێنی یۆتۆپیا و ئیسکاتۆلۆجیا و فانتازیایە. واتە شوێنی خەیاڵی نا ئاسایی، یان فانتازیایی، ئەو شوێنانەن، کە واقیعی نین و لەسەر بنەمای خەون و خەیاڵ دروست دەبن، زۆربەیان ئەو شوێنانەن لە ئەفسانەکان و خورافیات و پڕوپووچدا نواندنیان بۆ دەکرێت، کە خەیاڵی نووسەرن. " بە پێی ئەم دابەش کردنە، شوێنی فەنتازی جۆرێکە لە شوێنی خەیاڵی، لە هەمان کاتدا شوێنی خەیاڵی ئاسایی لەگەڵ شوێنی فەنتازی، یان نائاسایی جیاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە "شوێنی خەیاڵی ئاسایی سوود لە سەرچاوەی واقیعی وەردەگرێت بۆ وێنە کێشانی جیهانە خەیاڵییەکە، بۆیە ئەم جۆرە شوێنە خەیاڵییانە لە واقیعەوە نزیکن لەگەڵ ئەوەشدا بوونیان لە واقیعدا نییە، بەڵام هاوشێوەیان لە واقیعدا هەیە"( عەلی، ٢٠١٤: ٧١) شوێنی فانتازی لە نێوان شوێنی خەیاڵی ئاسایی و شوێنی خەیاڵی نائاساییدایە بە پێچەوانەی شوێنی فەنتازییەوە، ئەگەرچی شوێنی فەنتازیش شوێنی خەیاڵییە، بەڵام لە وێنە کێشانیدا سوود لە سەرچاوەی واقیعی وەرناگرێت، بەڵکو زۆر دوورە لە واقیع و تارادەیەك بەرگی ئەفسانەیی دەپۆشێت، بە مانایەکی دیکە شوێنی فەنتازی زادەی خەون و خەیاڵی نووسەرە" ( عەلی، ٢٠١٤: ٧١)شوێنی نائاسایی زادەی بیری نووسەرە ،کە لێکۆڵەر تیایدا هەوڵی ئەوەی داوە جیاوازییەک لە نێوان شوێنی واقیعی و شوێنی فانتازی بکات .

## جۆرەکانی شوێنی فانتازی:

یەکێک لە دابەشکردنە ئاساییەکانی شوێن ئەوەیە، کە دابەشدەکرێتە سەر دوو جۆر، ئەو دوو جۆرەش بریتین لە:

**١- شوێنی کراوە:** شوێنی کراوە ئەو شوێنەیە، کە سنووری نییە و پابەند نییە بە بەربەستێك، فراوانە مرۆڤ تێیدا ئازادە، بەشێوەیەك جێگۆڕکێ کردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە ئاساییە ، وەکو هەموو ئەو شوێنانەی ،کە سنووری بۆ کراوەیە و بە بەربەستێک، یان دیوارێک دیاری نەکراوە.

**٢- شوێنی داخراو:** شوێنی داخراو سنووردارە لەچوارچێوەی ژوورێك یان فەرمانگەیەك یان کونجێك یان کوختێك مرۆڤ تێیدا وەکو شوێنی کراوە ئازاد نییە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین "فانتازیا لە هەردوو شوێنی کراوەو داخراودا ڕۆڵ دەبینێت لە شوێنی کراوەدا کاری بوونەوەرە فانتازیاییەکان زۆر ئازادە لەخستنە ڕووی چالاکییەکانیاندا، بەڵام لە شوێنە داخراوەکاندا دەبن بە چەقی شتەکان و کەسێتییەکان" ( ذیاب، ٢٠١٥: ٣٠٤) کەواتە ئەم دوو جۆرەی شوێن دەکرێت شوێنی فانتازی بن و رووداو و کەسی فانتازییان تێدا بێت. بۆ نموونە جنۆکەکان گۆڕەپانی چالاکییەکانیان شوێنی کراوەو شوێنی داخراوە لە شوێنەکراوەکاندا ئازادن لە کارو چاڵاکییەکانیاندا لە شوێنە داخراوەکانیشدا دەبن بە چەقی رووداوەکان.

جگە لەو دابەشکردنەی سەرەوە لە دابەشکردنێکی دیکەدا شوێن دەبێتە: شوێنی ئارام: شوێنی ئارام ئەو شوێنەیە، کە تیایدا مرۆڤ مەترسی نییە ئاسایشی گیانی و خۆراکی تیادا پارێزراوە لە شوێنی ئارامدا خەیاڵی مرۆڤ، بیر لە شوێنی ئارامتر دەکاتەوەو دواتر خەیاڵی بۆ شوێنی یۆتۆپیا دەچێت لە هەردوو رۆمانەکەدا هەردوو رۆماننووس باسیان لە هەندێك شوێنی یۆتۆپیا و دیستۆپیا کردووە. شوێنی دژ: ئەو شوێنە ئارامەی کاتێك پشێوییەکی تێدەکەوێت بۆ کەسەکان دەبێتە شوێنێکی دژ، هەندێك شوێن هەیە لە خودی خۆیدا دژە وەکو زیندان، گۆڕستان.. هتد. هەندێك شوێن هەیە، کە لە شوێنی فانتازیاوە نزیکن، وەکو یۆتۆپیاو دیستۆپیا و ئیسکاتۆلۆجیاو شوێنی جەستەیی.

**<u>یۆتۆپیا:</u>** ئەو شوێنە خەیاڵییەیە، کە مرۆڤ بەردەوام لە ئەندێشەیدا خوازیارییەتی. یۆتۆپیا ئەو جیهانە نموونەییەیە کە مرۆڤ هەوڵی بۆدەدات پێی بگات، بەڵام لەئێستادا لەسەر ئەرزی واقیعدا بەدی هاتنی ئەستەمە، یۆتۆپیا وێنای جیهانێکی نموونەیی دەخوازێ، کە لە ئێستادا بوونی نییە. "کۆمارەکەی ئەفلاتون بە گرنگترین یۆتۆپیای کلاسیکی دادەندرێت بە ڕەهایی، لەبەر ئەوەی تیایدا گشت دیاردەکانی ژیانی بەکۆمەڵی تێدایە، ئامانجی سەرەکی ئایین و فەلسەفەیە" (علاوي، ٢٠٠٥: ٧٣) لە کۆمارەکەی ئەفلاتووندا ئەرك و ماف و دەسەڵاتی توێژەکانی کۆمەڵگای دیاریکردووە، کە بەگرنگترین یۆتۆپیای کلاسیکی دادەنرێت. شوێنی یۆتۆپی "لە بە ئەفسانەکردنیدا دەبێت و ئەم شوێنە لە خەیاڵدا وێنەی دەکێشرێت و لە پەنای زمانێکی شیعریی ئەو شوێنانە گۆڕانی سیحرئامێزیان بە سەردادێت و دەبن بە یۆتۆپیایەکی ناو زمانی دەقەکە و لەمەشدا فەلسەفە و جیهانبینی و بەهای ئیستاتیکای دەقەکە دەستەبەر دەکەن" ( ڕەشید، ٢٠٠٧: ٣٢) شوێن لە فانتازیادا لە خەیاڵدا وێنەی بۆ دەکێشرێت بۆ ئیستاتیکای دەقەکە

و گونجاندنی لەگەڵ بابەتەکەدا، کە لە ڕۆماندا مەزراندنی بۆ دەکرێت، زمانی شیعریی وا لەو شوێنانە دەکات، گۆڕانێکی سیحری بەسەردا بێت و وەکو یۆتۆپیای زمانی دەقەکەی لێدێت، فەلسەفەو جیهانبینی بەیەکەوە ستاتیکایەك بە دەقەکە دەبەخشن، متمانە لای خوێنەرانیان دروست دەکەن.

**دیستۆپیا**: پێچەوانەی یۆتۆپیایەو واتای شوێنی ناخۆشی نەبینراو دەگەیەنێت، ""تۆماس مۆر" لە ساڵی "١٤٧٨-١٥٣٥"ز داهێنەری یۆتۆپیایە بە واتای "شوێنی دووەم" یان "شاری خێرەومەندەکە"دێت دواتر وشەیەکی دیکەی بۆ زیاد دەکات بۆ ئەوەی ئاماژە بە شوێنی ناخۆش و دژوار و نامۆ، یان ترسناك بدات ،کە وشەی دیستۆپیایە (Dystopia)." (عبدالحمید، ٢٠٠٩:٢٥٥) "تۆماس مۆر" نزیکەی پێنج سەد ساڵ لەمەو بەر داهێنەری یۆتۆپیایە، کە ئاماژە بەدۆخێکی نەبوون لە دۆخێکی بووندا دەکات، کە جۆرێك لە واتای گریمانەیی پێ دەبەخشێت لە هەردوو ڕۆمانەکەدا حاڵەتی نەبوون لە دۆخێکی بووندا بەرچاو دەکەوێت، ئەوی دووەمیان ئەگەر یۆتۆپیا بێت، یان دیستۆپیا بێت بۆ فانتازیا بەکاریان هێناوە.

**کرۆنۆتۆپ** "Chronotope": ئەو چەمکە بڵاوەیە، کە لەسەدەی بیست لەلایەن "میخایل باختین"ەوە بەم شێوەیە خرایە روو "پەیوەندییەکی رۆحی لە نێوان شوێن و کاتدا هەیە لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی هونەری بەکارهاتووە، وەکو زاراوەی شوێنکاتە"ئەو زاراوەیە لە زانستی فیزیا و بیرکاریەوە خوازراوە." (علاوی، ٢٠١٣: ٣٠١) لە شوێنکاتدا، کەسێتییە فانتازییەکان لە رووداوە فانتازییەکاندا هەردەبێت لە شوێنێك و کاتێکدا، کە پەیوەندییەکی رۆحی بەیەکەوەیان گرێدەدات دەربکەون، لەبەر ئەوەی هەر رووداوێك، کە کەسێتییەکان هەڵیاندەسوڕێنن لە بۆشاییدا روونادات و ناتوانن هەڵس و کەوت بکەن، هەر دەبێت چوارچێوەیەك هەبێت، کە خۆی لە شوێنێکدا دەدۆزێتەوە، ئەگەر واقیعی بێت، یان فانتازی بێت، یان واقیعی فانتازی بێت. "شعیب حلیفی" لە کرۆنۆتۆپدا دەربارەی فانتازیا دەڵێت: لە رۆمانی فانتازییدا شوێنکات تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە، کات رەهەندێکی لە فەزادا هەیە، کە ئاسان نییە دیارییکرێت، جارێك بە پشت بەستن بە بۆچوونەکانی "باختین"ەوە، جارێکی دیکە بە دەقە فانتازیەکان ،کە تیایدا کات درێژ دەبێت و کورتدەبێتەوە بە پێی ئەوەی بنیاتێکی دینامیکییە لە فەزا هەیە" ( حلیفی، ٢٠٠٩: ١٨٢) ئاشکرایە، کە فەزا فراوانتر و گشتگیرترە لە شوێن، فەزا مەودایەکی فراوانە بێ سنوورە، خەیاڵ و مەزندەکردنی تێدەکەوێت. هەروەها شەوێکە نابێتە بەیانی، شوێنەکان لەیەك گرێ دەدات، هەندێك جار شوێنی واقیعی بە شوێنی فانتازی خەیاڵی گرێدەدات.، بۆ نموونە جەلادەتی کۆتر لە ئوتێلی گێلاسی سپییەوە لە نهۆمی شەشەمەوە بە سواری ئەسپە فانتازییەکان بە چاو ساغی مستەفای شەونم بەرەو بەرزەخ دەچن لە کۆتایی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا مستەفای شەونم زیاتر بۆی نییە پێشڕەوی بکات، ئیتر جەلادەتی کۆتر خۆی هەنگاو دەنێت بەرەو جیهانی سەرەوە لەوێ قوربانییەکان دەبینێت هاوارەکان کۆدەکاتەوە ،کە لەسەردەمی خۆیدا لەسەر زەوی نەیانتوانیوە بیگەیەنن، هاوارەکان لە ڕێگای نامەکانەوە لەشەودا بەنهێنی بە کەسوکاریان دەگەیەنێت لەسەر زەویدا.

شوێنە فانتازییەکان، وابەستەی شوێنێکی فانتازیی دیاریکراو نین، یان مەرج نییە رووداوی فانتازی تەنها لەو شوێنەدا رووبدات، کە فانتازییە، یان کەسێتییەکی فانتازی لە شوێنێکی دیاریکراو دەربکەوێت، کە شوێنێکی فانتازیی بێت. شوێنەکان وەکو چوارچێوەی جوگرافی شوێنی واقیعین لە ناو شوێنە واقیعییە ناسراوەکاندا شوێنە فانتازییەکان بونیان هەیە، هەروەکو لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا مۆزەخانەکەی موسای بابەك، کە لە ژێرزەمیندایە و کەس پێی نازانێت تەنها خۆی و جەلادەت و دالیا

سیراجەدین و سامیری بابلی، پێی دەزانن لەهەمان کاتدا شوێنەکە، کە شاری سۆزانییەکانە لە واقیعدا لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا بوونیان هەیە، بەڵام بە ناوی دیکەوە. یان شوێنی فانتازی ژووری سەنگەرە ،کە گۆڕی دەغدو و کۆمەڵێك شوێنی ئاسەواری سەردەمی ئاشوورییەکان و دەوڵەتی مادی تێدایە، کە لە رۆمانی دەغدوی خەسرەو جافی رۆماننووسدا ئاماژەی پێکراوە لێرەدا شوێنێکی ئەبستراکتی جوگرافی لە رۆمانی تەقلیدیدا بۆی هەیە لەو چوارچێوەدا رووداوێك رووبدات و تێپەڕێت، بەڵام لە شوێنێك و ژینگەیەکی فانتازییدا، کە ئەبستراکت نییە، شوێن ئەو پێگەیەی نامێنێت، چونکە رووداو لە بۆشاییدا روونادات و دەبێتە شوێنێکی فانتازیی، کە تیایدا لە نێوان واقیع و خەیاڵدا راڕایی دروست دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ جاری یەکەم شوێنەکە دەبینن.

سەبارەت بە ئاماژەکردنیش بە شوێن لە رۆماندا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین زۆربەی جار رۆماننووس بەبێ مەبەست ئاماژە بەشوێن ناکات، بەڵکو مەبەستی خۆی تێدایە، بۆیە دەبێت ئەو شوێنانەی، کە رووداویان تێدا روودەدات لەگەڵ سروشت و مەزاجی کارەکتەرەکان بگونجێ، "چونکە ژینگەی وەسفکراو کاریگەری لەسەر کارەکتەر هەیە. وەسفکردنی ژینگە، وەسفکردنی داهاتووی کارەکتەرە"" ( عوسمان، ٢٠١٠: ٤٩) نووسەری رۆمان کاتێك ئاماژە بە شوێنێك دەدات مەبەستگەلێکی خۆی لەپشتەوە هەیە گونجاندنی شوێن و کەسێتیی و گونجاندنی شوێنکات، گونجاندنی شوێن لەگەڵ رووداوەکەدا، هەرگیز شوێنی فانتازی وەکو کاولە خانوو، کوخ، کونج، بۆ کەسێتیی واقیعی و رووداوی واقیعی ناشێت، ئەو شوێنە راست و ڕاست بەناو و ناوبانگ و رابردووی خۆیەوە نامەزرێندرێت، چونکە لەوانەیە کەسانێك لە زڕاندنی ناوی شوێنەکە، ئەگەر پەیوەندی بە ئایدیۆلۆجیاوە ،یان پەیوەندی بە ئایینەوە هەبێت لەخۆشەویستی شوێنەکە پەرچەکرداریان لا دروست دەبێت لەو حاڵەتەدا نووسەر توشی ڕووبەڕووبوونەوە دەبێت لەکاتی زڕاندنی ناوی شوێنێکدا. فانتازیا لە هەموو حاڵەتێکدا خەیاڵی نووسەر نییە، هەندێکجار مرۆڤ بە عەفەوی تووشی شوێنی فانتازی دەبێت و لەو کاتەدا راڕایی دروست دەبێت و سەرسامی دروست دەبێت لەوەی دەبینرێت راستە یان خەیاڵە؟ یان هەندێك جار ڕۆماننووس، یان چیرۆکنووس لە رووداوەکاندا دەگەنە بن بەست پەنا بۆ خەیاڵ، یان فانتازیا دەبەن و گرێی رووداوەکەی پێ دەکەنەوە لە چەق بەستن و لە خولانەوە لە بازنەدا دەربازی دەکەن. لە هەمان کاتدا خۆشییەك و چێژێکی بێ شومار بە خوێنەر دەبەخشێت."بەپێی ڕوونکردنەوەکەی "سەعید یەقتین" فانتازیا لەو شوێنانە نایێتە دی، کە پاڵەوان تیایدا دەژی، بەڵکو لەو سەفەرو گەڕانە بەردەوامەی، کە لە بیاباندا،یان لە شوێنە فراوانەکاندا دروست دەبێت، کەسێتییە فانتازییاکان دەردەکەون، کاری فانتازیایی بێ سنور ئەنجام دەدەن، کە ئەویش لەگەڵ بەشێك لەو کەسێتییانە، کە سوود لە توانا ڕادە بەدەرە خوداییەکان وەردەگرن، هەندێ کەسی دیکە هەڵدەستن بە یارمەتیدانیان، بەڵام کارە فانتازیایەکانیان لە کەش وهەوایەکی کراوە و داخراودا دروست دەبێت"( ذیاب، ٢٠١٥: ٢٤٨) "سەعید یەقتین" ڕوونی دەکاتەوە، کە شوێنی رووداني کاری فانتازیایی لە شوێن و مەنزڵی پاڵەوان نایێتەدی، بەڵکو لە کاتی سەفەر و گەڕان و گەشتە بەردەوامەکاندا دێتە ئاراوەو بوونەوەرە سەروو سروشتییەکان دەردەکەون و کاری سەروو سروشتی ئەنجام دەدەن لە کەش و هەوای کراوەو داخراودا.

دروستکردنی شار و گەڕەك بە وڕێنە لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا، وەك شارەدێی "عفك"، یان "سەحاجی"، کە شوێنی واقیعین لە خوارووی عێراق، بەڵام لە رۆمانەکەدا وەکو شوێنی فانتازی

دەرکەوتوون لەنموونەی شاری مۆسیقارە سپییەکان و شاری سۆزانییەکان و شاری تەپوتۆزە زەردەکان و گێلاسی سپیی و بەلەمی بەفر ئۆقیانووسی هاوارەکان، یان خەیاڵی بڵاوی مرۆڤ لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا بۆی دەچێت، کە هیچ سنوورێکی نییە و هیچ هێزێك نابێتە بەربەست، شوێنی فانتازی وەکو کەسێتیی فانتازیی ئەوەی رۆماننووس لە رووی نایێ ناوی شوێنەکە بهێنێت، چونکە شوێنێکی ئابڕوو بەرانەیە یان شوێنێك لە بنەڕەتەوە ناوێرێت ناوی بهێنێت لە بەر ئەوەی لە ئایندە تووشی لێپرسینەوە دەبێت، بگرە لەوانەیە ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە، یان لە رووی ئایینییەوە تووشی ئیلحادبوون دەبێت، بۆیە پەنا بۆ شوێنی فانتازیی دەبات بۆ ئەوەی بەدوور بێت لەو جۆرە گیروگرفتانە، ئامانجەکە دەپێکێت و ئازاریش نادرێت .

لە دەقی فانتازیدا شوێنەکان نابێ شوێنێکی واقیعی ڕووت بێ، چونکە ئەو رووداوانەی، کە لەو شوێنانەدا ڕوودەدەن رووداوی سەروو سروشتین، مرۆڤ لە نێوان زەوی و ئاسماندایە، زەوی هەست پێکراوە واقیعیەکەیە ژێرخان و زۆربەی نهێنییەکانی بەچاوی ڕووت دەبینرێت، بەڵام ئاسمان ئەوسەرخانەیە، کە زۆربەی نهێنییەکانی دیار نین، یان دەتوانرێ بگوترێ خەیاڵ و نامۆیە، زاناکان عەقڵ و بیرکردنەوە بە داهێنانی خەیاڵ دەزانن، نوێنەرایەتی بیر یەکێکە لە پێکهاتەکانی خەیاڵ، ئەویش لە وێنای ناخی نادیار نوێنەرایەتی دەکرێت. "خەیاڵی شوێن لای "گاستۆن باشلار" "١٨٨٤-١٩٦٢"ز لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دانراوە، بە پێی بنەمای سادە و ئاسایی و بە پێی بنەمای ویست و حەز... لەسەر ئەو بنەمایە نووسەر بەخەیاڵە دووانەییەکەی شتێك دروست بکات لە نێوان زەوی و ئاسماندا بە ویستی خۆی" (عبدالحمید، ٢٠٠٩: ١٨٣) خەیاڵکردن بۆ شوێن لەگەڵ خەیاڵکردن بۆ ڕەگەزەکانی دیکە جیاوازە، گاستۆن باشلار بە پێی دوو بنەما دایڕێژتووە: یەکەمیان خەیاڵکردن بۆ شوێن بە سادەیی و ئاسایی، ئەوی دیکەیان خەیاڵکردن بۆشوێن نووسەر بە خەیاڵە دوانەییەکەی لە نێوان زەوی و ئاسماندا دیاریدەکات بە ویست و حەزی خۆی شوێنێك لە خەیاڵی خۆیدا دروست دەکات و دەیکاتە گۆڕەپانی ململانێکان وەکو شوێنێکی فانتازی. "گێڕەرەوە هەندێ شوێنی فانتازیایی دیاری دەکات، کە شوێنی کراوە بێت، یان داخراو بێت لە بیابان بێت ،یان لە ژێرزەوی بێت، هەوڵ دەدات هەندێ شاری فانتازیایی نیشان بدات، ڕاستی بێت، یان خەیاڵی، چەندین شاری بنیات ناوە لە کتێب و سەرچاوە مێژووییەکان، هەندێك لە شارەکانی ئەسڵ و ئەساسی نییە" ( ذیاب، ٢٠١٥: ٣١٣) گێڕەرەوە هەندێك شوێنی فانتازیایی کراوە، یان داخراو لە بیابان بێت یان لە ژێر زەوی هەوڵ دەدات ناوی هەندێك شار بهێنێت، کە ئەسڵ و ئەساسی نییە لە واقیعدا، وەک شاری مۆسیقارە سپییەکان لە رۆمانەکەی بەختیار عەلیدا، کە هەر بە ناوی ئەو شارەوە ناونراوە.

**شوێنی ئیسکاتۆلۆجی،جیهانی ئەو دیو قیامەت:** ئیسکاتۆلۆجیا ئەو زانستەیە، کە لە دواڕۆژ و لە جیهانی ئەو دیو، یان جیهانی سەرەوە، یان بەرزەخ دەکۆڵێتەوە لەدوای مردن و زیندوو بوونەوە لە رۆژی حەشردا جارێکی دیکە بە پێی چاکە و خەرابە مرۆڤ حیسابی لەگەڵدا دەکرێت، بە پێی لاسەنگ بوون و پارسەنگبوونی چاکە و خراپەی. "ئیسکاتۆلۆجیا زاراوەیەکی لاهوتییە بە زانستی دوا ڕۆژ دادەنرێت، کە بەشێکە لە زانستی لاهوت، "عەبدە ئەلحلو" لە فەرهەنگەکەیدا دەڵێ: ئیسکاتۆلۆجیا لە دواڕۆژی مرۆڤ و لە دواڕۆژی گەردوون دەکۆڵێتەوە"(علاوي، ٢٠٠٥: ٧٦) زاراوەی لاهوت زانستێکە لەو بیروباوەڕانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە خوداوە هەیە، یان بەخوداناسی ناسراوە،

ئیسکاتۆلۆجیا بەشێوەیەکی خودا ناسییەوە باس لە گەردوون و دواڕۆژ دەکات بە بێ ئەوەی لە ڕووی ئایینەوە خۆی گوناح بار بکات. "ئیسکاتۆلۆجیا" الاسکاتولوجیا""L Eschatologie" بە واتای زانستی کۆتایی قیامەت، کە زانستێکی سەربەخۆیە وەکو بابەت لە و پرسیارانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیدارن بە کۆتایی جیهان و داهاتووی مرۆڤ لە مردن و ژیانەوە تا ڕۆژی هەڵسەنگاندنی چاکە و خراپەکانی داهاتووی لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا" (علاوي، ٢٠٠٥: ٧٦).لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی و ڕۆمانی دەغدوی خەسرەو جافدا، هەردوو ڕۆماننووس چەندین جار لە ڕووی زانستی ئیسکاتۆلۆجیاوە شوێنە فانتازییەکانیان لە ڕۆمانەکانیاندا مەزراندووە. واتە لە هەردوو ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان و دەغدودا هەردوو نووسەر بەختیار عەلی و خەسرەو جاف، پەنایان بۆ زانسی ئیسکاتۆلۆجیا بردووە، سوودیان لە شوێنی ئیسکاتۆلۆجیا وەرگرتووە، بۆ نموونە، بەرزەخ و بەهەشت و دۆزەخ و قیامەت ..هتد، کە دواتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەخرێنە ڕوو.

جگە لەم دوو جۆرە ئاساییەی شوێن ، شوێنی تر هەیە ،کە دەچنە بواری فانتازیایەوەو دەکرێت ئاماژە بەم جۆرەیان بکەین:

### شوێنی جەستەیی:

شوێنی جەستەی یەکێکە لەو شوێنانە دەکرێ لە بواری فانتازیادا سوودی لێببیندرێت، چونکە شوێنە جەستە بەتایبەتی لە کەسێتیی گۆڕاودا یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ ئەکتیڤ دەبێت و کاری فانتازی پێ ئەنجام دەدرێت."مەبەست لە ئەندامە شوێن.ئەو شوێنەی جەستەیە،کە دەبێتە مەیدانی سەرەکی دەقەکە،یان جێگەیەکی فراوان لە پانتایی دەقەکەدا داگیر دەکات"( ئیسماعیل،٢٠٠٥ :٥٨) لە هەردوو ڕۆمانەکەدا شوێنی جەستەیی فانتازی بەرچاو دەکەوێت لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا "لێو" کە شوێنێکی جەستەییە وەکو شوێنێکی جەستەیی فانتازی بۆ ژەنینی فلووت بەکار هاتووە"لێو زێڕین" کە نازناوی ئیسحاقی لێوزێڕینی مامۆستاکەی جەلادەتی کۆترە، زمانە بڕدراوەکان لەلایەن سامیری بابلییەوە دواتر وەك شوێنێکی جەستەیی فانتازی دەبن بە ڕۆح ودوای سامیری بابلی دەکەون زۆر بێزاری دەکەن "هەروەها لە ڕۆمانی دەغدوی ڕۆماننووس خەسرەو جافدا زەرافەتی گەردنی دەغدو، کە ڕۆحێکی سەردەمی دەوڵەتی ماددە ،هەروەها خواستنی کلیل و قفڵ بۆ جووت بوون و چەرخاندنی ئەندامی نێرینەی سەنگەرو ئەندامی زاوزێی هاو شێوەی دەغدو بەکارهاتووە.

## تەوەری دووەم:شوێنی فانتازی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و (دەغدو)دا

### شوێنی فانتازی لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا:

ناونیشانی ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی، کە "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ە لە سێ زاراوە پێکهاتووەو گوزارشت لە شوێن و گرنگیی شوێن دەکات لەم ڕۆمانەدا: "شار" کە شارێکی خەیاڵی و شوێنێکی فانتازییە شوێنی ڕوودانی زۆربەی ڕووداوە فانتازییەکانە، "مۆسیقا" ئەو هونەرە سیحراوییە و تاکە زمانەیە،کەمرۆڤایەتی تێیدەگات، "مۆسیقار"خاوەنی ئەو پارچە مۆسیقا سیحراوییە ئەفسووناوییە فانتازییەیە، کە مرۆڤ لە کایەی خۆی دەردەکات و دەیباتە جیهانێکی دیکە، وشەی "سپییەکان" ئەویش ئەو زاراوە فانتازییەیە کە بە زۆربەی شوێن و کەسێتییەکانەوە دەنووسێت، دەیکات بە شوێن و

کەسێتیی فانتازیایی . شار بەو شوێنە دەگوترێت، کە لە شارۆچکەو شارەدێ و گوند گەورەترە، هەندێك بنەما و پێداویستی شاری تێدا بەدیدەکرێت کە لە شارەدێ و گونددا نییە. لێرەدا ئەو شارە وەکو واقیع و شارستانییەت بوونی نییە، هیچ شارێك لە دونیادا بوونی نییە، کە تایبەت بێت بە مۆسیقارەکان، دەشێ شارێك بە ناوی مۆسیقارێکەوە بناسرێت، فانتازیا و خەیاڵ ئەو شارە دروست دەکەن بۆ ئەو مۆسیقارانە ،کە لەواقیعدا بە هەر هۆکارێك بێت نەیانتوانیوە لەسەر ئەرزی واقیعدا تواناکانیان دەربخەن، یان بواری ئەوەیان پێنەدراوە داهێنان بکەن، یان ئەو مۆسیقایەی لەسەر ئەرزی واقیعدا نەیانتوانیوە بیژەنن لەو شارە فانتازیایەدا دەیژەنن. کاتێک سەیری رۆمانەکە دەکەین کۆمەڵێکی زۆر شوێنی فانتازیی تیایە، کە بەشێکی زۆری پانتایی رۆمانەکەیان پێک هێناوەو دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێ بکەین و لێیان بدوێین:

## ١- شاری مۆسیقارە سپییەکان:

ناونیشانی رۆمانەکەی بەختیار عەلییە و شارێکی فانتازیی و خەیاڵییە، هەروەها ناو نیشانی تابلۆیەکە لە ناو رۆمانەکەدا زاراوەی " شاری مۆسیقارە سپییەکان" "١٠٦" جار لە رۆمانەکەدا بەکار هاتووە "شاری مۆسیقارە سپییەکان شارێکە، تا مرۆڤ نەچێتە ناوی نازانێت چییە؟ شارێکی سپی بێسنوورە، کە مرۆڤ هەرگیز نازانێت لە چ دەروازەیەکەوە دەچێتە ژووریٚ لە نێو دەریایەکی بەریندایە لە گیای سەوز، مرۆڤ دەتوانێت ئەو شورا سپییە گەورەیە ببینێت، کە لەهەر چوارلاوە ئابلۆقەیداوە، شورایەی ناکۆتایە کە چەندە بە ناو شوێندا دەڕوات هێندەش بەناو کاتدا تێدەپەڕێت شارێکە مرۆڤ دەتوانێت سەرەتاکەی ببینێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بزانێت لە کوێدا تەواو دەبێت." (عەلی، ٢٠١٣: ٧١٨). لەم وەسفانەی گێڕەرەوە ئەوە دەردەکەوێت شاری مۆسیقارە سپییەکان شارێکی فانتازییەو لە شارێکی واقیعی ناچێت، چونکە مرۆڤ نازانێت لە چ دەروازەیەکەوە بچێتە ناوی لە هەرچوار لاوە بە شوورای سپی دەورە دراوە کە سەرەتای هەیەو کۆتایی نییە، شورا خۆی لە خۆیدا واتای سنوردارییەو پێچەوانەی ئەوەیە ،کە کۆتایی نەیەت، بەڵام شورای ئەم شارە کۆتاییەکەی دیار نییەو مرۆڤ نازانێت لە کوێدا کۆتایی دێت، هەموو ئەمانە ئەم شارە دەکەن بە شارێکی سەروو سروشتی و نائاسایی و فانتازی. ئەم شارە فانتازییە شارێکە هیچ فریشتەیەکی تێدا نییە، مرۆڤ خۆی فریشتەی ئەو شارە بوو. شارۆخی شارۆخ پەیوەندی هونەری و مۆسیقی لەگەڵ ڕەوشەنی مستەفا سەقزی هەبوو لە دوای کوژرانی لەشەڕدا، دەبێتە ڕۆح و پەیوەندی بە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە دەکات و دەبێتە دەلیلی جەلادەتی کۆتر بەرەو سەر زەمینی جوانییە کوژراوەکان دەچێت. لەو شوێنە فانتازییەدا شارۆخی شارۆخ بەخێر هاتنی جەلادەتی کۆتر دەکات بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، کە لە سەرەتای دەستپێکی رۆمانەکەدا زەرفێك دەداتە دەستی بۆ ئەوەی بچێتە لای رەوشەنی مستەفا سەقزی، کە جەلادەتی کۆتری لەلایە و چاوەڕوانی دەکەن بۆ هەندێك کاری پێویست. جەلادەت لەو شارەدا سەیری ئەو کچە مۆسیقارانەی دەکرد کە لە هەوادا دەفڕین، شاری ئەو جوانیانەیە کە لە ژیاندا جێگایان نەبۆتەوە، مردنیش لەوە لاوازترە باوەشیان بۆ بکاتەوە. شارۆخی شارۆخ بە جەلادەت دەڵێت من تاوەکو ئێرە دەتوانم لەگەڵتدا بێم، تا ئەو کاتەی بەبێ کۆمەکی من خۆت لە نێوان ئەم جیهانانەدا هاتوچۆ بکەیت لە نێوان شاری مۆسیقارە سپییەکان و مەملەکەتی خۆتدا، جەلادەت لەگەڵ شارۆخی شارۆخدا پێکەوە چوونە بەر دەرگایەکی سپی فانتازی، پاش ئیستێك دەنگێك لەودیو دەرگاوە گووتی: با جەلادەتی کۆتر بێتە ژوورەوە، جەلادەت بە

هەمان نیگای غەمگین و ڕوانینی بۆ ئاسۆی دوور کە لەگەڵ دواهەمین ئێوارەو و دواهەمین شەوی مردنیدا جیاوازییەکی وایان نەبوو، جگە لە زەردەخەنەیەکی غەمگین هیچ نیشانەیەکی دیکە لەسەر روخساری جەلادەتدا نەدەخوێندرایەوە، ئیسحاقی لێوزێڕین و جەلادەت هەردەبووایە بەیەکەوە بمرن، بەڵام بە پێچەوانەوە ئێستا هەردووکیان لە جێگایەکی فانتازیدا یەکتر دەبیننەوە. لەو شوێنەوە بۆ یەکەمجار "جەلادەت" و "ئیسحاقی لێو زێڕین" لەدوای کوژرانیان بە دیداری یەك شاد دەبنەوە کە شوێنێکی فانتازی لە دونیایەکی ترە. "ئیسحاقی لێو زێڕین" بە "جەلادەتی" گووت: خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە دەتبینمەوە، من پەیمانم دایتێ، کە یەکتر دەبینینەوە، بە پێی ئەو پلانە خێرایەی کە بەر لە کوژرانیان لێوزێڕین دایڕشتبوو دەمزانی چەند ساڵ بڕوات، چەند دیوار لە نێوانماندا بێت، چەند شارو چەند زەمین لە یەکترمان دووربخاتەوە ئێمە دووبارە یەکتر دەبینینەوە..جەلادەت باوەشی بە مامۆستاکەیدا کرد، چاوەڕوانی ئەوە نەبوو لەو شوێنە فانتازییە لەبەر دەرگا سپییەکەی ئەم شارەدا ئیسحاق بدۆزێتەوە.

لەگەڵ بوونی ئەو شارەدا تابلۆیەکیش هەیە، کە تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکانە، ئەو تابلۆیەی، کە ڕەدیف و هاوشێوەی ئەو تابلۆیە بوو، کە ئێستا جەلادەت دەیپارێزێت، ئەو تابلۆیەی، کە مرۆڤ دەبێت بیپارێزێت، چونکە هاواری دونیایەکی ترە، هاواری گەلێکە کە مرۆڤایەتی گوێی خۆی کەڕکردووە مورادیفی تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان کە لای موسای بابەك و جەلادەت و مستەفا شەونم هەبوو، ئەو تابلۆیە دەبێت بپارێزرێت، واتاکەی هاواری دونیایەکی ترە لەدوای زیندەبەچاڵکردن و مردنێکی زۆر بە زەحمەتی کۆمەڵێك کەس کە خۆی لە سەدان هەزار کەس دەدات. ئەم تابلۆیەش پانتاییەکەو وەک شوێنێکی فانتازییەو گوزارشت لە ئاهـ و ناڵەو کەسەری هەزاران مرۆڤ دەکات. تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان هەموو ئەو قوربانیانەی دەگرێتەوە کە خۆی لە سەدان هەزار ئەستێرە دەدات، تابلۆیەکە کۆمەڵێك دیمەنی تێدایە، یەك لەوانە دیمەنی شاعیرێك لەکاتی نووسینی چامەیەکدا، دەستی وەکو چنگی تورەی گیاندارێکی کێوی لێهاتووە، دووباڵدار یەکتریان خواردووە جگە لە ئێسکەکانیان تەنیا دەنووکیان بە ساغی ماوەتەوە، سێ فریشتە لە مەلەکوتەوە دابەزیون بۆ ڕزگارکردنی پاساریيەك، بەڵام لەکاتێکدا هەزاران قوربانی لەو ئاسمانەی دەوروبەری خۆیاندایە. موسای بابەك چەند ساڵ لەمەو بەر ئەڤینێکی هەبوو دەکرا ببێتە عەشقێکی گەورە لەگەڵ سەلوا طحانی هاو بیروباوەڕی لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، پێی وابوو تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان دەبوو بە بازنەی کیومەرسی یەزدانی خورەمی و سەلوا طحان و خۆیدا تێپەڕێت، هەروەها موسای بابەك پێی وایە ئەو سوڕە مەزن و بێبڕانەوەو ناکۆتایەی کە لە ڕێگایەوە تابلۆی هونەری بێ گوێدانە بەربەستەکانی سەردەم و شوێن مرۆڤەکان پێکەوە گرێدەداتەوە. جەلادەت لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆدا لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٥و سەرەتای ١٩٩٦دا گەشتە ئەفسوناوییەکانی لە باشووری کوردستاندا دەست پێدەکات، خۆی تاکە کەس بوو لە بە جێهێشتنی تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان لای ئەو کەسانەی کە خۆی دەستنیشانی دەکرد بۆ دابەشکردنی تابلۆکە، جەلادەت وەك قەقنەسەکانی پێش خۆی لە دەرگای خاوەن قوربانییەکان دەدات کە لە تۆڕێکی نهێنی بەیەکەوەیان گرێدەدات، دواتر لە تۆڕێکی گەورەتری نهێنیدا لەیەك گرێدەدرێن بە ناوی تۆڕی هاواری جوانییە کوژراوەکانە. جەلادەت چەندەهاجار دەگەڕێتەوە بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، چەندەهاجار لە قەراغ ئەو دەریاچە سیحراوییە شارۆخی شارۆخ دەبینێت... جەلادەت لە سەفەرەکانیاندا لەگەڵ شارۆخی شارۆخ پێکەوە تا بەر شورا ئەفسانەییەکانی ئەو شارە سپییە فلووتیان

لێدەدا، جەلادەتی کۆتر هەرگیز دووجار لە یەك ڕێگاوە نەیاندەتوانی بچنەوە بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، شارۆخی شارۆخ دەیگووت: جوانی بۆیە ئۆقیانوسێکی بێسنوورە چونکە هەر مرۆڤەو یەکجار دەتوانێت بە یەك ڕێگادا پیاتێپەڕبێ، تابلۆ هەرچەندە رووبەری بچوك بێت، دەتوانرێت گەورەترین زەریای تیادا ببینین، ئەگەر توانرا هەموو رەمزەکان و جوانییەکانی ناو تابلۆیەك تێبەگەی ئەوا دەتوانی لە واتای تابلۆکە بگەی، چونکە لەیەکێك لە رەمزەکانی نەگەی لەناو تابلۆکە گیردەخۆیت، ناتوانیت بە ئاسانی لێی دەرچیت. موسای بابەك تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان بە پێچراوەیی دەیدات بە جەلادەتی کۆتر و پێی دەڵێت : لەوانەیە رۆژێك لەڕۆژان ئەو تابلۆیە ببێتە مولکی تۆ. دوای ئەوەی جەلادەت هەست دەکات کەوا جەلیلی باران لەناو تۆڕە نهێنییەکەدایە و چاوی هەموو باڵدارە سپییەکان دەبینێت، تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکانی نیشان دەدات، پێی دەڵێت: ئەو تابلۆیە لێرە بەدواوەماڵی تۆیە، عەلی شەرەفیار دەڵێت: کاتێك سەیری ئەو تابلۆی ئەو شارە دەکات وا هەست دەکات، هێزێك لەناوەوەیدا هەیە زۆر بە قووڵی بەرەو ناوەوەی خۆی ڕایدەکێشت . هەر لەو نامانە دەچوو کە جەلادەت لە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە دەیهێناو دەیدا بە کەس و کاری قوربانییەکان.

"جەلادەت" شاری مۆسیقارە سپییەکانی وەک زەریایەکی سپی گەورە دەهاتە بەرچاو، کە لە نەهەنگێکی گەورەی خەوتو دەچوو لە زەریایەکدا شوێنی نەبێتەوە جەلیلی باران و رەوشەنی مستەفا سەقزی، هەر یەکەیان وەکوشوێنێکی فانتازی و گەورە ئەو شارە دەهاتە بەرچاویان، ئەگەر هەموو شارەکانی دونیا بخەیتە سەریەك بە ئەندازەی ئەم شارە گەورە نابن، شارێکە کە لە خەونیشدا جێگای نابێتەوە. بەهەمان شێوەی جەلادەت مستەفا شەونم هەوڵی لەبیربردنەوەی خۆی دەدا لە ڕەسمکردندا، هەوڵی کوشتنی ئەو نیگارکێشەی ناو خۆی دەدا، تەنها یەك تابلۆ لە ماڵەکەیدا هێشتەوە، ئەویش ئەو تابلۆیە بوو کە ناوی "شاری مۆسیقارە سپییەکانە. جەلادەت هەر بەدەم عەزفکردنەوە ئەندامانی تیپەکەی تا سەر تخوبی گردە ئەفسانەییەکە برد لەوێوە شاری مۆسیقارە سپییەکانی نیشاندان، وەکو کۆتا دیاری ژیانی. لەکاتی ماڵئاوایی کردنی جەلادەت یەکە یەکە هاوڕێکانی ماچ دەکات، ئامێرە مۆسیقییەکان ماچ دەکات، جەلیلی باران دەڵێت: جەلادەت منی تا ئەوپەڕی شارێکی خەیاڵی برد، من دەبێت تا ئەوپەڕی حەقیقەتی بەرم، هەروەها باران دەڵێت: هەستم دەکرد ئەو دەستنووسەی جەلادەت بردی بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، ئەو کۆپییەی مستەفای شەونم کە لەسەر ڕەفەی کتێبخانەیەکی ئۆقیانوسی هاواردا هەڵیگرت تەمەنیان لە تەمەنی ئەم چیرۆکەی من زیاترە، هەموو خولیای ئەو ساڵانەی جەلیلی باران ئەوەبوو ئەم تێکستە بگەیەنێتە ئەو جێگایەی جەلادەتی کۆتر باسیدەکرد، تخوبێك لە نێوان ژیان و مردندا، تخوبێك بتوانێت لەوێوە لە نێوان ئێستاو ئەبەدییەتدا یاریبکات، ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی فانتازیا کە مرۆڤ تووشی ڕاڕایی دەبێت لەنێوان مردن و ژیان و ئێستاو ئەبەدییەتدا. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت شاری مۆسیقارە سپییەکان هەم تابلۆیەکە، هەم شارێکی فانتازییەو کۆمەڵی نهێنیی زۆری لە خۆی گرتووە.

## ٢- شاری پرتەقاڵی سپی:

شوێنی سۆزانییەکانی خوارووی عێراق، کە پێی دەڵێن"عفك" و"سحاجي"لە شاری موسڵە شوێنی ڕابواردنی سەربازە عیراقییەکان بوو بە کورد و عەرەبەوە، کچ و ژنی کارەساتبار لە رووی شەرەف

و ناموسەوە روویان تێدەکرد، ئەو کچ و ژنانە زۆر جوان بوون جاری وا هەبوو دەبوون بە ژنی وەزیر و جەنەڕاڵەکان، هەندێکیان کاری زۆر گەورەی مرۆڤانەیان دەکرد جگە لە کارە دزێوەکە، زۆربەیان لەلایەن کەس و کارەکانیان و کۆمەڵگاوە غەدر و ستەمیان لێکرابوو لە نموونەی دالیا سیراجەدین و ئوم فەزڵ، هەموویان لەو شارە واقیعی و فانتازیایەدا کۆببوونەوە. ئەو شوێنە فانتازییەیە، کە کۆمەڵێك ناوی خورافی لەخۆدەگرێت کۆمەڵێك قوربانی لێیە کە لە زۆر شوێنی ئەم وڵاتە هاتوون شوێنێکیان لەم شارەدا دۆزیوەتەوە ژیانێکی سەیر بەسەر دەبەن."شارێك نە لەسەر نەخشەو نە لە تۆماری دەوڵەت و نە لە جوگرافیای ئیداری ئەو وڵاتەدا نەبوو، بەڵکو زەوییەکی نوێ بوو لە زەمانێکی تایبەتیدا لە دەرئەنجامی تێکشکانێکی گەورەی شوێنکاتە جیاوازەکان دروستبووبوو.شارێك بوو لە تێکشکانی شارەکانی تر لە پاشماوەی ژیان لە جێگاکانی دیکەدا دروستبووبوو." (عەلی، ٢٠١٣: ١٠١). واتە ئەم شارە لەسەر نەخشەو تۆماری دەوڵەتدا نییە، بەڵام شارێکیشە لەئەنجامی تێکشکانی شارەکانیتردا دروست بووەو هەیە، ئەمەش وا دەکات ئەم شارە ئەوەندەی شارێکی فانتازییەو پڕە لە کەسێتیی فانتازی، ئەوەندە شارێکی واقیعی و ئاسایی نەبێت. کاتێك جەلادەت بە بریندار ی دەگاتە پرتەقاڵی سپی دالیا سیراجەدین و دکتۆر موسای بابەك کۆمەکی دەکەن و چارەسەری دەکەن و ڕێنمایی دەکەن لە هەندێك تایبەتمەندی ئەو شوێنە، جەلادەت لە بارەی ئەو شارەوە دەڵێت: ئەو شەوە تەنیا چراخانی دوور هەبوو لە جێگایەکدا گەیشتینە سەر هەزار ڕایەکی گەورە، پنتێك هەزاران شەقامی لێدەبووەوە، هەزاران جادەی سەیرو ناکۆتاو درێژ، دالیا سیراجەدین بە جەلادەتی گووت: کۆتر، تۆ چ ڕێگایەکت دەوێت هەڵیبژێرە، گرنگ نییە بە چ ئاراستەیەکدا بڕۆیت، هەمیشە دەگەینەوە هەمان شار، هەمان جێگا، هەمان کوچەو شەقام، ئەو کۆڵانەی لە شارێکیاندا هەیە لە هەموو شارەکانی تریشدا هەیە، هەمان کۆڵان و هەمان تیاترۆخانە ،کە لە سەر لەوحێکی ڕەش بەخەتێکی پێچاوپێچ نوسرابوو "البرتقالە البیضاء". پرتەقاڵی سپی ماڵێکی دوو نهۆم بوو، هەڵبەت جگە لە ژێر زەمینە گەورەکەی و گەنجینەیەکی گەورە، کە دەکەوتە پشتەوە شانۆیەکی گەورەش لەتەنیشت ماڵەکەوە بوو، کە بەردەوام لە پشت بەستێکی تەختی بەرزەوە کوڕێکی میسری بێدەنگ ڕادەوەستا ناوی"شحاتە رضوان"بوو، ئەو بەستە کەوانییە شوێنی مۆسیقارەکان بوو.

دالیا سیراجەدین داوا لە موسای بابەك دەکات، کەوا جەلادەت بۆ چەند ساتێك لەناو شاری "پرتەقاڵی سپی"دا بگێڕێت، چونکە جەلادەت هێشتا بە شاری پرتەقاڵی سپی شارەزا نەبوو. "من دەزانم کە ئاسان نییە تەنیا لە ڕێگای وشەوە بۆتان ڕوونبکەمەوە، کە من چۆن و بە چ ڕێگایەك کەوتمە دونیای"پرتەقاڵی سپی"ەوە، ئەو ماڵە چکۆلانەیەی کەیف و ئەو خانە کراوەیەی سەماو سەفا، کە پیاوە غەمبارەکانی ڕۆژگاری جەنگ، بە تایبەت سەرباز و ئەفسەرەکان ڕوویان تێدەکرد.من ئێستاش بە دروستی نازانم ئەو تیاترە دەکەوتە کوێوە" (عەلی، ٢٠١٣: ٨٦). پرتەقاڵی سپی ئەو شوێنە بوو کاری تیاتری تیادا دەکرا، دونیای "پرتەقاڵی سپی" دونیایەکی سەیرە لەکاتی جەنگدا سەربازەکان بە هۆی سەرقاڵیان و کەمی کات و مۆڵەت، ڕوویان لەو شوێنە دەکرد بە مەبەستی ڕابواردن و کەیف و سەفا دەچوون بۆ ئەوێ. ئەم شارە شارێکی فانتازییەو پڕە لەو مرۆڤانەی لە واقیع هەڵهاتوون و لەبەر نەهامەتی ڕوویان تێ کردووە.

## ٣- شاری ئاوێنەیی:

شارێکی خەیاڵیی هونەرمەندەکانە، هەر بە ناوەکەیدا دیارە شارێکی فانتازییە. پاسەوانی شاری ئاوێنەکان ئەرکی گلدانەوەی ئەو قوربانیانەیە ،کە بە خێوەکانی سەحرا ناسراون، زیاتر ئەوان بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێن، کە لەکاتی زیندەبەچاڵکردن و بە هەر هۆیەك ڕزگار بووبێتن، یان لە گۆڕەکانی خۆیان ڕایان کردبێت. ئەوەندە زۆرن ئۆقیانوسی گەورەو بێکەناریان لە ئێسك و پروسك دروست کردووە، هەندێکجار بە زیندوویی و هەندێکجاریش بە مردوویی لە ژێر لم دەیانشارنەوە. "شارێك بوو وەك وێنەیەك بێت لە وێنە ئاوێنەییەکانی شارێکی تر، بەڵام وەك ئەوەی شارەکەی دیش وێنەی ئاوێنەیی شارێکی تر بێت...بەو جۆرە، تا ناکۆتا، تا ئەوسەری نغرۆبوون لە سەرابدا، تا جێگایەك وێنەکان و حەقیقەت دەبن بەیەك، هەر هەوڵێکیش بۆ گەڕانەوە بەرەو یەکەمین شار...وەك هەوڵی گەڕانەوەی باران بۆ ئاسمان" (عەلی، ٢٠١٣: ٨٧)، واتە شارێکی سەیرە وێنەی شارێکی ترەو ئەو شارەی تریش دیسان وێنەی شارێکی ترەو گەڕانەوە بۆ یەکەمین شار ئەستەمە، ئەمانە وادەکەن ئەم شارەش ببێتە شارێکی فانتازی. مادەم شارەو هەموو مرۆڤێکی فانتازی دەتوان تیایدا بن و ببینن، کەواتە شارێکە بەشوێنی کراوە دادەنرێت.

## ٤- بەلەمی بەفر:

بەلەمی بەفر ناوی تیپێکی مۆسیقایەو لەهەمان کاتدا شوێنێك و ئامێرێکی فانتازییە، ئەو شارەی کە نیشتمانی ئەو مۆسیقارانەیە، کە نەمرن. ئێوارەیەك جەلادەت دەعوەت دەکەن بۆ ئەو باغە چکۆلەیە، هەموو مۆسیقارەکانی تیپی "بەلەمی بەفر" لەناو ماڵێکدابوو لە ناوەڕاستی شاردا، کە چوار دەورەی بە کۆڵانی تەسك و گوزەری پێچاوپێچ دەورە درابوو لە شوێنێکی فانتازی و ئەفسانەیی دەچوو. مۆزارت ئەو مۆسیقارە مەزنەیە داهێنانێك دەکات دەنگی دەنگە کوژراوەکانی بەرەو ئەبەدییەت دەبرد، بە لایەوە گرنگ نییە پادشاکان چی دەڵێن و چی ناڵێن؟ ئەوەی بەلایەوە گرنگە ئەوەیە کارێك بکات، کە سەدای قوربانییەکان لە سەردەمێکی تردا لە شارێکی تردا بەرەو ئەبەدییەت بەرێت. ئەو شوێنە باڵندەی بچووکی لێیەو "مستەفا شەونم" دەربارەی باڵندە بچکۆڵەکان لە جەلادەت دەپرسێ، جەلادەت دەڵێت: لە هەڵس و کەوتی باڵندەکانەوە دیارە دونیا بە زیاتر لە زمانێك دەدوێت، دەبێت ئێمە لە زمانی ئەو باڵندانە بگەین، ئەو باڵندانە کۆمەڵێك ڕەمز و وشەی دونیایەکی دیکەن، بەڵام مستەفا ڕای وابوو ئەوانە کۆمەڵێك دەلیلن هیچیان نییە پێت بڵێن، بەڵکو تەنها ئاماژەیەکن. جەلادەت دەڵێت: هەر کەس ئەو باڵندانە ببینێت یەعنی لە ناو بازنەکەدایە، ئەو بازنەیە لەوانەیە بازنەیەکی گەردوونی بێت، وەکو تۆڕێك بەیەکیانەوە دەبەستێتەوەو ئەمەش وا دەکات ئەو شوێنە ببێتە شوێنێک و بازنەیەکی گەردوونیی فانتازی.

## ٥- شاری تەپوتۆزە زەردەکان:

ئەمەش شارێکی دیکەی فانتازییەو یەکەم کەس لەو شارە زەردەدا پێشوازی لە جەلادەت دەکات تەپڵ ژەنێکە لەوانەی، کە هەموو ژیانی تەنیا لە ژێر دەواری بەدەوییەکاندا تەپڵی ژەنیوە، مۆسیقارێکی پیرە ،کە ساڵانێك لەوەبەر بە هەمان ئەزموونی ئەودا ڕۆیشتووە، مۆسیقارە پیرەکە بۆ چەند هەفتەیەك جەلادەت لای خۆی گلدەداتەوە، ئەو بە ئارامی فێریدەکات، گەر دەیەوێت بە مۆسیقا بژی و خۆی تووشی کێشەی گەورە نەکات و ئاسوودە بێت، دەبێت هەموو ئەو مۆسیقایەی بیربچێتەوە ،کە تا ئێستا

فێربیبووە. سۆزانییەکان جەلادەت فێرە گەڕان دەکەن بە کوچەو کۆڵانەکانی شاری تەپوتۆزی زەرددا. جەلادەت لەم شارەدا ئەوەی لە رۆحیدا هەیە دەیکوژێت و هەموو ئەو ئاوازو مۆسیقایانە لەبیر خۆی دەباتەوە، کە سەردەمانێک ئیسحاقی لێوزێرین فێری کردبوو.

## ٦- شاری سۆزانییەکان:

جەلادەتی کۆتر باسی ئەوە دەکات لە شاری سۆزانییەکان موسای بابەك هەندێ جێگای نیشانداوە، کە پیاوانی زۆر بەرزو ناسراوی دەوڵەت هاتوچۆی دەکەن، ئەم شارە پڕە لەو سۆزانییانەی هەریەکەیان بە هۆی کارەساتێك و رووداوێکی لەمەڕ شەرەف و ناموس هاتووەتە ئەم شارە، "دکتۆر موسا" بە "جەلادەت"ی گووت:"جگە لە مۆسیقارەکان هیچ پیاوێکی دی بۆی نییە لێرە بژی باسی دروستبوونی ئەو شارەی بۆ کرد، شارێك وەك ئەمڕۆ گەورە نەبووە، بە درێژی لەسەر ئەو سێ خوشکە قسەیکرد، کە بناغەی ئەو شارەیان داناوە، سێ خوشك کە لە خێڵە کۆچەرییەکانی ناو بیابان جیادەبنەوەو لەو شوێنەدا دوو دەوار هەڵدەدەن و لەگەڵ ئەو سەرباز و فەرمانبەرانەدا دەخەون، کە لە باکوورەوە دەچن بۆ باشوور، پێشوازی ئەو گەشتیارانە دەکەن، کە لە شوێنە دوورەکانی دونیاوە بۆ پشکنین بە دوای زێڕو تەلا و مادده گرانبەها نەدۆزراوەکانی بابل دەگەڕان. جەلادەت کاتێك بە کوچەکاندا دەڕۆیشت و ناونیشانی ئەو لەوحانەی دەخوێندەوە "ماڵی سوهەیلە مەحمود و کیژە چاو خومارەکانی"، "تیاترۆخانەی ئاسکی سپی"، "تیپی سەمای خۆرهەلاتی ڕەنا"، "میوانخانەی ترێی ڕەش"، "دیوانسەرای پاشا"، "کۆشکی لەزەت"، "خانەی سەربازی دلاوەر"، "مێرگی تام و سەما"، "پشوگەی ئەفسەری زێڕین"و دەیەها ناونیشانی دیکەی سەیر، کە لەگەڵ ئەو خانووە داڕوخاو و ماڵە کەم ڕەونەقانەدا نەدەگونجان، تەنها بۆ ڕاکێشانی سەرنجی سەرباز و ئەفسەرەکان و فەرمانبەرانی میری بوو. "جاردوای جار ئەفسەرە جیاوازەکان پلان و چارەی جیاواز بۆ ئەو شارۆچکەیە دەدۆزنەوە...چەند ئەفسەرێك دەیکەن بە چەند پارچەیەکی جیاوازەوە کە لە هەر پارچەیە[ك]یان شارێکی خەیاڵی تر دروستدەبێت" ( عەلی، ٢٠١٣: ١١٠ -١١١). جەلادەت پێی وایە ئەو شارە لەدەرەوەی زەمینە، موسای بابەك پێی وایە بینینی ئەو تارماییە زەردانە و تەماشاکردنی ئەو سۆزانیانە مرۆڤ نەخۆش دەخات. لە وەڵامی پرسیارێکی موسای بابەك، جەلادەت دەڵێت: من خەونم بە هەموو شتێك بینیوە ئەم شارە بەشێکی تاریك و ناخۆشی ڕۆحی هەموومانە، هەموومان لێرە قوربانی ئەو سەردەمەین. دکتۆر موسا دەیگووت: ئەم شارە خەونی بابەك و خەونی هەموو ئەوانەیە کە لێرەن و لە خەوی تێکشکاوی هەمووان دروست بووە . جەلادەت لە زاراوەی شار پەست دەبێت بۆ ئەو شوێنە دزێوە، پێی وایە شار نییە، بەڵکو کۆمەڵێك ماڵی سۆزانی لە تەنیشت یەك ڕیزبوون، بابەك بە جەلادەت دەڵێ: کوڕی بریندارم جاران ئێرە شار نەبوو بەڵام جەنگ ئێرەی کردە شار لە کاتی ڕۆیشتنیان بۆ شەڕ، تیپ و گوردان و هێزەکان، کاتیان بەدەستەوە نەبوو بچنەوە بۆ ماڵەکانیان لەو شوێنەدا حەزە شەهوانییەکانیان دادەمرکاندەوە، جگە لەوە سەدان هەزار بێوەژن لە شەوگارە تاریك و درێژەکاندا تەنها کەوتن ئیدی ئەم شارە گەورە بوو، هەموو ڕۆژێك کوچەیێك زیادی دەکرد، شەو دەخەوتیت و بەیانی چاوت دەکردەوە شوێنی تازەو ماڵی تازەو ئافرەتی نوێت لەسەر شەقامەکان دەبینی، تا وای لێهات واتدەزانی ئەم شارە هەموو ئەم دونیایە دەخوات،لێرەوە لەو شارەوە ئایندەی شارەکانی دیکە وێنا دەکرێت، هەموو شارەکانی تر قووتدەدات ئەم شارە لە هەموو شارەکان پێکهاتووە، هەموو ئەو ژنانەی کە بێوەژن دەکەون، ڕوو لێرە دەکەن. جیا لە شارەکانی دیکە،

هەموو شتێکی ئەو شارە ترس دروست بکات، کوچەکانی، هەوا زەردەکەی، سۆزانییەکانی، گشتیان ترس و ڕاڕاییان دروست دەکرد، هەموو ئەمانە وادەکەن ئەم شارە زیاتر وەک شارێکی فانتازی خۆی بنوێنێت و دەرکەوێت.

## ٧ - زوڵمەت، تاریکی :

تاریکی زیاتر وەک فەزایەک وایە، بەڵام ئەم فەزایە بە جۆرێکە "جەلادەت" تیایدا دەیان شوێن دەبینێت، ئەگەرچی جەلادەت سەرەتا لە زوڵمەت و تاریکیدا سەرسام دەبوو هیچی نەدەبینی و لە زوڵمەت دەترسا، بەڵام لەدواتردا فێربوو لە تاریکی و زوڵمەتدا فریشتەکان ببینێت. "جەلادەت" تا زیاتر لە تاریکی بڕوانێت و تا زیاتر تەماشای جەرگەی زوڵمەتی بکردایە، شوێن و فەزاو دەرگاو شتی سەیرتر و نەبینراوتری دەبینی، درەخت و گیای تایبەتی کە کەسانی ئاسایی لە شەوڕۆییدا لە تاریکی لە ناو جەنگەڵەکاندا نایبینن، "جەلادەت" هەستی دەکرد کە خۆی و "دالیا سیراجەدین" جێگایان ئەو دیوی ئەو بەربەستانە و ناو تاریکییە، "جەلادەت" بە هەموو توانای خۆیەوە وەکو مردوویێك هاواری دەکردو بەرەو تاریکی ڕایدەکرد، بەرەو ئەو دیوی دیوارە ئەستوورەکانی تاریکی. جەلادەت وەك بینەرێکی سەرسام دوای دالیا دەکەوت، شەو هێشتا هەر سارد بوو، زوڵمەتیش پڕ بوو لە دەرگاو ڕێگای سەیر، شەقامەکانیش وەکو لولەی تلیسکۆبێکی ڕەش درێژدەبوونەوە لەو سەری تونێلەکە فەزایەکی پڕ ئەستێرەی دەبینی، دالیا بە هێمنی بەرەو ئەو سەری تونێلێك دەڕۆیی کەلەناو کۆمەڵێك ئەستێرەدا کۆتایی دەهات. جەلادەت سەیری ژیانی دالیای دەکرد کە بە کۆمەڵێك تونێل و هەوراز و نشێودا تێدەپەڕێت لە ئەنجامدا، شوێنی لەسەر زەویدا نابێتەوە، دەکەوێتە ناو دەریایەکی ئەستێرەوە، ئۆقیانوسێکی ئارام لە دونیای سەرەوەدا، ئیدی پێی لەزەوی دەبڕێت و بەرەو ئاسمان و ئەستێرەکان دەڕوات. لەم تێکستەدا "بەختیار عەلی" ڕۆماننوس، کۆمەڵێك شوێنی فانتازی دەوروژێنێت لە شەوێکی سارد و تاریکیدا کە پڕ بوو لە دەرگاو ڕێگای سەیر، بۆ ئەو مەبەستە جەلادەت دوای دالیا دەکەوێت بە سەرسامییەوە، شەقامەکان درێژ دەبوونەوە لەو سەریش فەزایەك و مەودایەکی ناکۆتا پڕ ئەستێرەی دەبینی، ئەوەندە نزیك بوون خەریك بوو دەرژانە سەر شەقامەکان، دالیا ئەمجارە بەرەو ئەو سەری تونێلێك بە هێمنی دەڕۆیی لە ناو باغێکی گەورەی ئەستێرەدا کۆتایی دەهات، ئۆقیانوسێکی ئارام، کە مرۆڤ لە جێگایەکدا پێی لە زەوی دەبڕێت و ئیدی بە هەوادا بۆ ناو زوڵمەت و ئەستێرەکان دەڕوات و دەکەوێتە ناو جیهانێکی فانتازییەوە.

## ٨ - ئۆقیانووسی هاوارەکان:

ئۆقیانووسی هاوارەکان یەکێکی ترە لە شوێنە فانتازییەکانی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ئەو ڕۆژەی موسای بابەك ئەو ژێر زەمینەی دروستکرد هیچی لەسەر ئۆقیانووسی هاوارەکان نەدەزانی، بەڵام کاتێك بیری لەوە دەکردەوە، کە ئەو تابلۆیە لە ماڵەکەیدا هەڵواسێ لەو ساتەدا، کە خەریکی داکوتانی بزماری تابلۆکە بوو، دەرگایەکی نهێنی لە بەردەمدا دەکرێتەوەو بەرەو جیهانی سەرەوەی دەبات، موسای بابەك ساڵی ١٩٧٩ ، کە هات بۆ ئەم شارە چەندین ساڵ بوو لەو ئۆقیانوسەدا دەژیا، ئیشی ئەوە بوو بۆ پاسەوانی نوێ بگەڕێت، بتوانێت زۆرترین کاری هونەری ڕزگار بکات لەو ساڵانەدا موسای بابەك دەیان هەزار تابلۆی لە فەوتان ڕزگارکرد لە هەموو شارەکان تۆڕی گەورەی

دروستکرد، کاتێك دەچێتە ماڵی مستەفا شەونم، تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان دەبینێت، یەکسەر قبوڵی دەکات وەکو پاسەوانی ئۆقیانووسی هاوارەکان، چونکە ئەو هاوارانە دەبێت بپارێزرێن لەبەر ئەوەی هاواری دونیایەکی ترە، بابەك پەیمان بە مستەفای شەونم دەدات کە مۆزەخانەیەك بە ناوی مۆزەخانەی مستەفای شەونم دروست بکات "ئەو ڕۆژەی کە تابلۆکانمان گواستەوە بۆ ئێرە ئەوە دواهەمین ڕۆژ بوو کە من سەفا تەیفوورم تیا بینی. سەفا ڕۆیشت، بوو بە پێشمەرگەو لە دوازدەهەمین ڕۆژی پێشمەرگایەتیدا شەهید بوو، بەڵام ئیشەکانی بوون بەسەرەتای دروستبوونی پنتێکی دیکە لە ئۆقیانوسی هاوارەکان. ئا، جەلادەت بیرم چووپێتبڵێم کە ئێمە بەم تونێلە درێژە دەڵێین"ئۆقیانوسی هاوار"" (عەلی، ٢٠١٣: ٦١٨) واتە ئۆقیانووسی هاوار تونێلێکی درێژو بێ کۆتاییەو هەموو گۆی زەوی بەیەکەوە دەبەستێتەوەو تونێلێکی فانتازییە. "ئۆقیانوسی هاوار"گوزارەی نهێنی نێوان پاسەوانەکانە کۆدی نهێنییەکی زۆر سەیرە ئەگەر لە شوێنێکدا دەرگاکان داخران و نەکرانەوە، ئەگەر یەکێك لێی پرسی لە کوێوە هاتووی ؟گەر نەڵێیت لە"ئۆقیانوسی هاوار" کە گوزارەی نهێنی نێوان پاسەوانەکانە، کەس دەرگات لێناکاتەوە. ئەو تونێلەی کە حەشارگەو شوێنی نهێنیی بوو بۆ موسای بابەك بە ئۆقیانوسی هاوار ناسرابوو، دەرگایەکی نهێنی هەیە ڕۆژێك دێت بەسەر هەموو گەردووندا دەکرێتەوە، زۆربەی نەهامەتی و کارەساتەکان کۆمەڵکوژییەکان ئاشکرا دەکات. ئۆقیانوسی هاوارەکان سەرزەمینی هەموو هونەرێکی کوژراو و هاموو هاوارێك بو کە ناگاتە کەس و کەس گوێی لێ نابێت. دکتۆر بابەك چەند شەوێك جەلادەتی بردە سەر ڕووبارێکی گەورەو لە ڕۆخی ئەو ڕووبارەدا بەیەکەوە سەیری مانگیان دەکرد و قسەیان لەگەڵی دەکرد دکتۆر سەیری ئەو ئاوە غەمگینەی کرد و گووتی: جەلادەت حەزدەکەم مانای قووڵ و ڕاستەقینەی ئەو ئۆقیانوسە گەورەیەت بۆ باسبکەم، دەبێت هونەر بشارینەوە تا حکومڕان و پادشا و فیرعەونەکان نەیکەن بە موڵکی خۆیان، هاواری ئەو تابلۆیانە موڵکی مرۆڤایەتییە نەك دیکتاتۆرەکان، ئەگەر بەباشی پاسەوانی نەکەین دەبێتە مولکی فیرعەونەکان.

ئۆقیانوسی هاوار شوێنی پاراستنی نهێنییەکانە، بۆیە عەلی شەرەفیار: "دەستنوسەکەی بەرزکردەوەو گووتی: هەموو شتێکی ژیانی من لێرەدایە لەم کتێبەدایە، ئەو کتێبەی هەموو نهێنییە گەورەکانی منی تێدایە، هەموو ڕۆژە گرنگەکانی ژیانم، ئەو دەستنوسەی من لەگەڵ خۆمدا دەیبەم بۆ جێگایەك کە شوێنی شتە جاوید و نەمرەکانە، کۆپییەکی ئەم کتێبە دەچێت بۆ ئۆقیانوسی گەورەی هاوارەکان ئەو ئۆقیانوسەی تەنیا ئەوانە دەزانن چییە کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە، کۆپییەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ دونیا، بۆ ناو تەفسیرو تێگەیشتن و خولیاکانی ئێوە، دەچێت بۆ چاپخانە." (عەلی، ٢٠١٣: ٨٠٦) ئەم کتێبە کە هەموو نهێنییە گەورەکانی عەلی شەرەفیاری تێدایە، دەچێت بۆ شوێنێکی فانتازیا کە شتە جاویدەکانی تێدایە، هەروەها کۆپییەکی بۆ ئۆقیانوسی هاوارەکان دەچێت لەوێدا دەپارێزرێت. کەواتە ئۆقیانوسی هاوار ئەو شوێنە فانتازییەیە کە نهێنییەکانی تیادا دەپارێزرێت کەس دەستی پێیان ناگات.

## ٩ - ژێرزەمینە خورافییەکە، نهێنیترین مۆزەخانەی دنیا:

ئەو مۆزەخانە فانتازیەیە، کە بە نهێنیترین مۆزەخانەی سەر زەوی دادەنرێت، زیندەبەچاڵکردن و نەخشەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هەنسك و قیژە وهاواری مرۆڤە غەمگینەکانە. جەلادەتی کۆتر باسی تابلۆکانی ژێر زەمینە خورافییەکەی بۆ "مستەفای شەونم" دەکرد، کە ناوی تابلۆی شاری مۆسیقارە سپییەکان دەهێنێت، "مستەفا شەونم" هاوار دەکات تۆ ئەوی، تۆ جەلادەتی کۆتری ڕاستەقینەیت، نەك "جەلادەت ئیسماعیل". مستەفای شەونم ئاشکرای دەکات، کە لە ساڵی حەفتاو نۆوە کار بۆ کۆکردنەوەی تابلۆ دەکات بۆ موسای بابەك، هەروەها دەڵێت :من یاریدەدەری دکتۆر موسای بابەکم لە بازنەکەی ئەودام، کە تۆڕێکی جیهانیە. "مستەفای شەونم وەڵامی نەدامەوەو گووتی: جەلادەت هەستە، هەستە ئێستا دەبێت بێیت لەگەڵمدا، منیش نهێنییەکی گەورەم هەیە نیشانت بدەم. پێکەوە لە گێلاسی سپی چووینە خوارێ..مستەفای شەونم لە ناکاو لە ناوەڕاستی ئەو شوێنە خاپوورەدا وەستاو گووتی: گەر ئەو تابلۆیە نەبایە تۆ بۆ هەتاهەتایە وندەبوویت. دەروازەی ژێرزەمینێکی تاریکی دەرخست و بە منی گووت: "جەلادەتی کۆتر"، بەخێربێیت بۆ نهێنیترین مۆزەخانەی سەرزەوی، بۆ شاری ئەو تابلۆیانەی لە مردن ڕزگاربوون. بۆ وڵاتی نیگارە نهێنییەکان." (عەلی، ٢٠١٣: ٦٠٩ -٦١٠) جەلادەت بە هاوڕێیەتی مستەفا شەونم دەچن بۆ ژێرزەمینێکی قووڵ و تاریك لەناو تاریکییەکەدا نزیکەی سەد مەتر ڕۆیشتن لە دیوارێکی تاریکی دیکەدا دەرگایەکی چکۆڵە و نهێنی دیکەی کردەوە لەوێوە چوونە ناو هەمان ئەو هۆڵەی کە لە کاتی خۆیدا لەگەڵ "دکتۆر موسای بابەك" پێیان خستبووە ناوی، جەلادەت سەرسام دەبێت و توشی ڕاڕایی دەبێت و تێگەیشتنی ئەو دۆخە دەکەوێتە دەرەوەی توانای تەفسیری مرۆڤەوە. بە بیستنی هەواڵی ئەو کۆبوونەوەیە کە شەونم باسی دەکرد، جەلادەت لە خۆشی ئەوەی کە هەواڵی موسای بابەکی پێگەیشت هاواری لێهەستا، بەڵام مستەفای شەونم، شوێنی بابەك بۆ جەلادەت ئاشکرا دەکات کە شوێنێکە لە جێگایەکی دووری دونیایە لە شوێنێکە لەسەری ئەو سەری ئەو ژێر زەمینەدایە لەخاڵێکی تری ئەم تونێلە ناکۆتایەدا چاوەڕوانی جەلادەت دەکات. شەونم بە جەلادەت دەڵێت: من و تۆ دەبێت هەر ئەمشەو سەفەرێکی دوور و درێژ لەم ژێر زەمینەوە بەرەو تونێلێکی بێکۆتا بکەین کە بە هەموو خۆرهەڵاتدا تێدەپەڕێت. مستەفا شەونم بە جەلادەت دەڵێت: من شتێك دەبینم لە شێوەی شورای چین بەڵام لە ژێر زەوی، هونەرمەندان لە بری ئەوەی بۆ پادشاکان دروستی بکەن بۆ پاراستنی خۆیان دروستی دەکەن، کە لە ژێر زەویدایە لە دیوێکی نادیاری دونیادا لە کۆنەوە تا ئێستا و لە داهاتووشدا لە سەردەمەکان و ڕۆژگارەکان تا قیامەتیش هەر دەمێنێت، مرۆڤ یان دەبێت پاسەوانی جوانی بێت یان دەبێت لە مردن ڕابکات، ئەوسا دەتوانێت بێت بۆ ئەو مەملەکەتە لە ژێر هەر شارێکی ئەم وڵاتە کۆمەڵێك پیشانگای ئاوەها نهێنی هەیە لە سەردەمەکانی تریشدا دەچنە ژێرەوە و وندەبن لە سەردەمێکی تردا دێنەوە دەرێ یان وەك خۆیان یان بە شێوەیەکی تر. تەمەنی پاسەوانی جوانی و ئەو خەرمەندە زۆر دێرینە، خودی پاسەوانانی جوانی بەشێکن لە سوپایەکی گەورەتر، بەڵام هەریەکەیان بە تەنیا ئیشدەکەن، هەریەکەیان ژێرزەمینێکی نهێنی بۆ خۆی دروست دەکات، دواتر سەیر دەکات ئەوەی دروستی کردووە بەشێکە لە ڕێگایەکی گەورەتر، خاڵێکە لەسەر تۆڕێکی نهێنی گەورەتر. هەموو ئەو شوێنانە کە سیفەتی ڕەنگی سپی چووەتە سەریان لە شوێنی واقیعی بۆ شوێنی فانتازی گۆڕاون، قەڵای زۆر، تەنها لە شارە فانتازییەکاندا دەشێت هەبێت لە شارە واقیعییەکاندا تەنها قەڵایەك دەشێت هەبێت یان منارەیەك دەشێت

هەبێت. بۆیە ئەو تونێلە جیاواز لەو دنیاو واقیعەی لەسەر ڕووی زەوی هەیە گوزارشتکردنە لە دنیایەک و واقیعێکی تر و شوێنێکی فانتازییە.

## ١٠ - شورای سپی:

ئەو شورایە فانتازیەیە، کە شاری مۆسیقارە سپییەکان لە دەوروبەرەکەی جیا دەکاتەوە. "شاری مۆسیقارە سپییەکان شارێکە تا مرۆڤ نەچێتە ناوی نازانێت چییە، شارێکی سپی بێسنوورە کە مرۆڤ هەرگیز نازانێت لە چ دەروازەیەکەوە دەچێتە ژووریَ لە نێو دەریایەکی بەریندایە لە گیای سەوز، مرۆڤ دەتوانێت ئەو شورا سپییە گەورەیە ببینێت، کە لەهەر چوارلاوە ئابلۆقەیداوە، ئەو شورایە ناکۆتایەی کە چەندە بە ناو شوێندا دەڕوات هێندەش بەناو کاتدا تێدەپەڕێت ،کرۆنۆتۆپە، شوێنکاتە. شارێکە مرۆڤ دەتوانێت سەرەتاکەی ببینێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بزانێت لە کوێدا تەواودەبێت." (عەلی، ٢٠١٣: ٧١٧ - ٧١٨) شاری مۆسیقارە سپییەکان شارێکی سپیی بێ سنوورە، بە شورایەکی سپیی فانتازیی گەورە دەورەدراوە، سەرەتای دیارە، بەڵام بێکۆتایە. ئەو پیاوە گەرمیانییە شەوانە لە ژێر تریفەی مانگە شەودا لە تاو زامی کچەکەی دەچووە ڕووتەن و دەشتایی، بەڵکو تارماییەکی کچەکەی ببینێت، بەڵام چ بینینێك لەو دیو شورایەکی نادیار کچەکەی لەگەڵ کۆمەڵێك منداڵی دیکەی غەمگین یاریان دەکرد. کە جەلادەت ئەردەلان سۆفی ناسی، هەستی بە نزیکییەك کرد لە نێوان خۆی و ئەودا، کە باسی ئەو شورایەی بۆ کرد کە ئەو لەمدیویەوە دەوەستێت و مردووەکان لەودیوی دیوارەکەوە دەبینێت، وەك ئەوە بوو حیکایەتی هەمان ئەو شەوانەی بۆ بگێڕێتەوە کە لەگەڵ دالیا دەوەستان و لە نێوجەرگەی تاریکیدا مردووەکانیان دەبینی. جەلادەت باوەڕی بەو پیاوەکرد کاتێك چیرۆکی خۆی لەگەڵ ڕۆحە سەرگەردانەکاندا گێڕایەوە، کاتێك گووتی، دەتوانێت مردووەکان ببینێت، دەتوانێت شەوانە کچەکەی بانگبکات و سڵاو لەیەك بکەن. واتە شورای سپی دیواری شاری مۆسیقارە سپییەکانەو شورایەکە لەنێوان ژیان و مەرگدایەو زیندووەکان دەتوانن لەو شورایەوە کەسە مردووەکانی خۆیان ببینن، ئەمەش ئەو شورایە دەکاتە شورایەکی فانتازی کە لە واقیعدا هاوتای نییە.

## ١١ - شوێن و کەرەستەی سپی:

جگە لەو شوێنە فانتازیانەی باسکران لە ڕۆمانەکەدا دەیان شوێن و کەل و پەلی دیکە هەن، کە هەموویان ڕەنگیان سپییەو ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی مۆرکێکی فانتازی وەربگرن. بۆ نمونە پەردەی سپی ژوورەکانی موسای بابەک، کە پەردەیەکی فانتازی بوو تیشکێکی نهێنی بەناودا تێدەپەڕی، "ئەگەرچی زۆربەی پەنجەرەکان بە پەردەی سپی ئەستوور داپۆشرابوون، بەڵام تیشکێکی نهێنی لە هەموو جێگایەك بوو." (عەلی، ٢٠١٣: ١٤٤) یان جەلادەت دەڵێت: " ئەوەی بە منداڵی بینیم شارێکی گەورە بوو، زۆر زۆر گەورە، پڕبوو لە قەڵای سپی و بورجی سپی، باڵندەی سپی بە ئاسماندا دەڕۆیشتن، مۆسیقارم دەبینی لەسەر پاسکیلی سپی دەڕۆیشتن و کەمانیان لێدەدا، ئەسپی سپیم بینی لە مێرگەکانی دەوروبەردا دەلەوەڕان، شاربوو وەك هەر شارێك،" (عەلی، ٢٠١٣: ٢٦١). هەروەها دەیان ناوی جێگە و کەل و پەلی دیکەی سپی بیست و دوو جار سەراپای ڕۆمانەکەیان داپۆشیوەو مۆرکێکی فانتازییان پێ بەخشیوە، وەک: شارێکی سپی، شارێکی سپی سپی، قەڵای سپی، منارەی سپی، بورجی

سپی، پاسکیلی سپی، ئەسپی سپی، خەتی سپی، جلێکی سپیی بووکێنی، کراسێکی سپی، تەمێکی سپی، دەرگایەکی سپی، فلووتی سپی، دوکەڵی سپی، زەریای سپی، فەوارەی سپی، درەختی سپی، حەرفی سپی، هێلکەی سپی سیمرخ، هەموو شتێکی سپی..هتد.

## شوێنی فانتازی لە ڕۆمانی دەغدودا:

لە ڕۆمانی دەغدودا چەند شوێنێکی فانتازی هەن کە بریتین لە:

### ١. ژوورەکەی سەنگەر:

خانەوادەی سەنگەر لەدوای ئەوەی لە شاری بەسرەوە لە مەنفا دەگەڕێنەوە ،دایکی سەنگەر، کە خەڵکی ئاکرێیە و باوکی خەڵکی سلێمانییە خۆیان مشت و ماڵ دەکەن ،ئەوەی هەیانەو نیانە کۆی دەکەنەوە، ماڵی سەنگەر لە شاری موسڵ خانوویەک دەکرن "دوای چەنە چەنێکی دوورو درێژ هەمان خانووی بندەستی شورە بەردینەکەی شاری نەینەوامان کڕی" ( جاف،٢٠١٣: ٣٧).وەکو هەر خانوویەکی ئاسایی ئەم خانووە دوو ژووری تێدایە، بەڵام باوکی ژوورێکی تری تیادا دروست دەکات بۆ سەنگەر و سەنگەر دەڵێت : "بووم بە خاوەنی ژوورێکی تایبەت بە خۆم" ( جاف،٢٠١٣: ٣٧). ئەم ژوورە سەرەتا ژوورێکی ئاساییە، وەک هەر ژوورێکی تر، بەڵام دوای ماوەیەک سەنگەر بەردەوام لەو ژوورەدا تارمایی ئافرەتێک دەبینێت، دواتر ئافرەتەکە هەموو شەوێک دێتە خەوی سەنگەر و هۆش و بیری داگیر دەکات و زۆر بە خۆیەوە سەرقاڵی دەکات، سەنگەر تەنها لەو ژوورەدا بەو جۆرە ئافرەتێک دێتە بەرچاوی و دێتە خەوی، بەڵام کاتێک لە شوێنێکی تر دەبێت ئەو ئافرەتە نایەتە بەرچاوی و ناشیەتە خەوی، ئەمە وا دەکات ئەو ژوورە لە ژوورێکی ئاساییەوە ببێتە ژوورێکی نائاسایی و فانتازی.

سەنگەر بۆ دەربازبوون لەو بارە دەروونییە ناخۆشەی بەهۆی بینینی تارمایی ئەو ژنە لەو ژوورەدا تێی کەوتووە پەنا دەباتە بەر خودێدە، کە کەسێکە سەر بە ئاینی ئێزەدییەو لە پەرستگای لالش دادەنیشێت، شارەزایی هەیە لەو بوارەدا، "خودێدە" نوشتەیەک بۆ "سەنگەر" دەکات و دوای ماوەیەک شەوێک خۆیشی دەچێت لە ژوورەکەی سەنگەردا دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لەو بارودۆخەی سەنگەر تێ بگات لە ژوورەکەدا، سەرەنجام "خودێدە" دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئەوەی دێتە خەوی سەنگەر ڕۆحی ژنێکە. بەهۆی ئەنجامدانی هەندێک ڕێ و ڕەسم لەلایەن خودێداوە لە ژوورەکەدا ئیتر تارمایی و ڕۆحی ژنەکە بە تەواوی خۆی پیشانی "سەنگەر" دەدات و باسی ئەوەی بۆ دەکات ناوی (دەغدو)ەو دووهەزارو حەوت سەد ساڵ پێشتر کوژراوەو گۆڕەکەی لەو شوێنەدایە، کە ژوورەکەی سەنگەری لەسەر دروست کراوەو ڕۆحیانەتەکەی زیندان کراوە.واتە دەرکەوتنی تارمایی ئەو ژنەو ڕۆحیانەتەکەی لە خەوەکانی سەنگەردا کاتێک لەو ژوورەدایەو بوونی گۆڕەکەی ئە وژنە لەو ژوورەی سەنگەردا ئەو ژوورەی سەنگەر دەکەن بە ژوورێکی فانتازیی کە کۆمەڵێک ڕووداوی سەروو سروشتی و نائاسایی تیایدا ڕوو دەدات.

ژنەکە بە سەنگەر دەڵێت: "لە ڕێچکەی ئەم دیواری لای ماڵی ئێوەدا ئاسەواری دەروازەی "نرگاڵ" هێشتا ماوە، پەیکەری دوو گای باڵدار لەناو دەروازەکەیدایە" ( جاف، ٢٠١٣: ٦٢) ژنەکە باسی ئەوە بۆ سەنگەر دەکات لەسەر سمی پێنجەمی گای لای ڕاستی دەرگاکە وشەیەک هەڵکەنراوە بەهۆی ئەو

وشەیەوە رۆحیانەتی ئەو ژنە تەلیسمی لێ کراوەو زیندان کراوە، ئەگەر سەنگەر بچێت و ئەو وشەیە بکوژێنێتەوە ئەوا تەلیسمەکە بەتاڵ دەبێتەوەو رۆحی ژنەکە ئازاد دەبێت. لێرەدا بوونی گای باڵدار لەشوورای نەینەوا شتێکی ئاساییەو وەک شوێنەوارێکی کۆن سەیر دەکرێت، بەڵام بوونی وشەیەکی تەلیسماویی هەڵکۆڵراو لەسەر سمی یەکێک لەو گایانەو زیندانکردنی رۆحی کەسێک بۆ ماوەی دووهەزارو حەوت سەد ساڵ ئەو شوێنەی گا باڵدارەکانی لێیەو بە تایبەتی سمی پێنجەمی گا باڵدارەکەی لای راست، کە وشەکەی لەسەر هەڵکۆڵراوە، دەبێتە شوێنێکی فانتازی، چونکە بەهۆی وشەکەی سەر ئەو سمەوە رووداوێکی سەروو سروشتی و نائاسایی روویداوە، زیندانکردنی رۆحی کەسێکە بۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ.

- خۆی بێزارە ،کەچی تەحسینی ئێزەدی ،تەنیا شتێك لەو دنیایە دڵخۆشی بکات ئێزەدی بوون و کورد بوونییەتی لەلالشی مەنزڵگای ئاینی ئێزەدی. "خودەیدە" کەسێکی جادووگەرە و دراوسێی تەحسینی هاوڕێی سەنگەرە، دەست لەسەر سینگیدا دادەنێت و دەڵێت: بە دڵنیاییەوە چارەسەری لای منە، ڕۆژی جومعە دێم بۆ ماڵتان، بۆ ئەوەی ئەو شوێنە ببینێت ،بەرنامە بۆ پوچەڵکردنەوەی دادەڕێژێت، دایکی سەنگەر زیاتر سەرسام دەبوو کە باسی ئەرواح و مەرواحی دەکرد،سەنگەر لە هەوڵی بەردەوام دا بوو، کە دایکی هێور بکاتەوە و خەفەتباری نەکات ، شەوی جومعە بەسەلامەتی بەسەر بچێت لە ژوورەکەیدا. باوکی سەنگەر خەونی بە دیواری نەینەوا دەبینی، کە نزیك بوو لەو خانووەی، کە لە موسڵدا کڕیبووی، کە یەکێك بوو لە شوێنە شوێنەوارە دەستنیشان کراوەکانی شاری موسڵ، بە پێچەوانەوە سەنگەر ئەو کچە دراوسێیە عارەبەی دەهاتە خەیالی، کە ناوی "خەیمە" بوو.

- سەنگەر دەست بەکار دەبێت، قازمە وقوڵنگ و سومبە و چەکوش و گونییە چیمەنتۆ و پێویستیەکانی گۆڕ هەڵکەندنی ئامادەکردبوو.. دەترسا هەمان ڕەنگی کاشی وەدەست نەکەوێت، کاتێك ئەو ژوورەیان دروستکرد دەیزانی بەلای کام کاشی فرۆشێکەوە کاشیان کڕی بوو، هەر ئەو ڕۆژە توانی نزیکەی یەك مەتر گۆڕەکە چاڵبکات..پیشە و پەلاو کەللـە سەرێکی وەدی کرد،زۆری نەکێشا گەیشتە سەر ڕەکانێك ،خۆڵە سوورەکەی سەر ڕەکانەکە خاوێن کردەوە، ڕوانی تەختە بەرد ڕێژەکە. - کڵێسا نییە و کنێسەیە، ئینجیل نییە و تەوراتە..ئاخر شۆخە خانم لەم دەوروزەمانە گەواد هەیە بوێرێ توخنی کنێسەی جولەکە بکەوێت؟ سەنگەر خانووی موسڵی لەبیر نەمابوو، باوکی دیواری نەینەوا و گرنگی ئاسەواری فەرامۆش کردبوو،"نەبوخوزنەسەر" زیندووکەیتەوە کەس بە فلسێکی نایکرێت. سەنگەر:- منیش گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی گرنگی و ڕێزی ئاسەوار تەنها لەنێو میللەتی تێگەیشتودا هەیە، ئێمە بەوەدا ڕاناگەین چاکتر وایە بیفرۆشین. - دەغدو: سەنگەر نیگەرانیت پێوە دیارە،چیت لێ قەوماوە؟!- بۆ خۆت چاك دەزانی و لێشم دەپرسی؟ - دیارە هاوڕێکانت زۆر پەرۆشی سەدام و کوڕەکانیانن ئومێدێکی زۆریان بە تۆ هەیە تا دەستیان بخەینە سەریان، کامیانت بەلاوە گرنگە و دەتەوێ بە جێگەو شوێنیان بزانی ؟ - ئەگەر بۆ گرنگی بێت جیهان چاوەڕوانی ئاکامی سەدامە بەڵام لام خۆشە لە پێشدا بکوژەکانی هەڵۆی هاوڕێم بسپێرمە دادگاو یاسا..- ئەوانە چوار کەسن لە گەڕەکێك لە موسڵ لە ماڵی پیاوێکی خزمی خۆیانن بە ناوی "ڕەعد ناسر".((چی دەکەن..بابیکەن من ئامادەم بە باشی مەکۆی سەدام پێ دەزانم لە کوێدایە...! لوسی:– ئەمەی دەیڵێیت ، بۆمبایەکە لە سەرتاسەری جیهاندا دەتەقێتەوە..)) (خەسرەو جاف،٢٠١٣: ٢٦٠). سەنگەر بە لوسی دەڵێت:"با بڕۆین ماومانە " دەغدو، دێتەوە بیری

،هەندێك پێشهاتەی تازە دێتە پێشەوە لە جێگۆڕکێ کردنی دیکتاتۆر یەکسەر سەنگەر ئاگادار دەکاتەوە "کابرا هەستی بە جووڵانەوەی نا ئاسایی سەربازی کردووە ڕۆیشتە ناو ساردابەکەیەوە".سەنگەرو چوار کەس سواری ماشینێك بوون، ئەو لە پێشەوە دانیشتبوو: سێ و دوو ئەفسەری پلە گەورە لە دواوە بوون..سەنگەر وتی:- کابرا لێرەدایە و لە سەردابێکی سەر داخراودا خۆی شاردۆتەوە،یەکسەر دیکتاتۆر هاتە وەڵام گووتی :تەقە مەکەن من سەرۆك کۆماری عێراقم،هەر کە هاتە دەرەوە پەلاماریان داو لەزەویدا رایانکشاند کەوتنە پشکنینی.لە پێشبینییەکی تردا ، هەر لە سەرەتاوە "دەغدو"شوێن و جێگەی شۆخەی بە سەنگەر وتبوو بەڵام سەنگەر دەیویست بزانێت توانای ئەو ئەکیبە تا کوێ بڕ دەکات.

## ٢- شوێنی خەیاڵی نا ئاسایی، یان فانتازی:

تارمایی دیواری نەینەوا بۆ سەنگەر جێگای دڵگوشران و خەمۆکی بوو، بەڵام بۆ باوکی بە پێچەوانەوە جێگای ئومێد بوو، "سەنگەر"ی نەفیکراو لەزێدی باوك و باپیرانی لەکورد بوونی سەنگەر بە هۆی بێزار بوونی لە ژوورەکەی ، پەنا بۆ "خودێدە" دەبات بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو شوێنە فانتازییە ببینێتەوە کە ئەرواحی تێدایە . - دوێنێ ژوورەکەی سەنگەر پڕ بوو لە تیشك ، بەیەکدا دەچوون بە خێرایی، زۆرتر لە پەنجا- سەد ئافرەت دەچوون و دەهاتن نەك یەك ئافرەت ،بێهۆشیەکە توشی وڕێنەی کردبوو،خودەیدە ،لە خۆشی سەرکەوتنی پەنجەی شایەتمانی ڕادەوەشاند، دەیگوت ئیدی سەرکەوتم. ئەو ژوورەی سەنگەر گۆڕی ژنێکی تێدایە ،کە دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ لە مەوبەر کوژراوە، جادووی لێکراوە،تەلیسمەکەش لە ڕێچکەی ماڵی ئێوەدا ئاسەواری دەروازەی "نرگاڵ" ە.کاتێك سبەینێیەکەی، کە سەنگەر لەخەو هەستا ئاوڕی لە دیوارەکە دایەوە تەنها وشە بزمارییەکە بەسەر دیوارەکەوە مابووەوە،لەو کاتەدا وتەکانی ژنەکەی وەبیر هاتەوە ،بۆ ئەوەی لەبیری نەچێت نەخشی هەمان وشەی لەسەر کاغەز کێشا ،هەر کە کێشای وشەکەش بەسەر دیوارەکەوە ون بوو،ئینجا کەوتە گەڕان بەدوای گۆڕی ژنەکەوە. لەکاتی شەڕی هاوپەیمانان لەگەڵ سەدامدا وڵاتێکی بێسەروبەر بوو کەس ئاگای لەکەس نەبوو، چۆلەکەش بەو ناوەوە نەبوو، خۆی گەیاندە دەروازەی "نرگاڵ"سەنگەر بۆی شۆڕ بووەوە ، بۆ ئەوەی وشەکە لەو شوێنە بکرێنێتەوە و ژنەکە رزگار بکات . نووسەر "خەسرەو جاف" لە لاپەڕە شەست و دوودا دەڵێ : دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەو بەر،کەچی لە لاپەڕەی شەست و شەشدا دەبێتە دوو هەزار و حەوت سەد ساڵ لە ڕۆمانی دەغدو دا ڕۆمانووس، دیارە پەڕاندنی دوو سەد ساڵ ،پێویستە نووسەر ڕوونکردنەوە بدات ،ئەگینا دەکەوێتە هەڵەوە. - سەنگەر بە دەغدو دەڵێ : من ئاگاداری جیهانی ئەرواحی ئێوە نیم ،تاڕادەی ئێستا نازانم چ پرسیارێکت لێ بکەم؟ ئەگەر لەوە بەدوا خوێندنەوە لەو بوارەدا بکەم شارەزایی دەربارەی پەیدا بکەم. - شاژنی دایکی وەلیعەهد، لە بنەماڵەی شازادەکانی ئاشووری بوو کەس و کارێکی زۆری لە پشت ڕاوەستا بوو، بە دوور خستنەوەی دەغدو بەردار نەبوو، توانی گەورەترین جادوگەری شاری بابل ڕازی بکا و بەناوی "دیم بایۆ" تەلیسمی ڕچاو بوونی ڕۆحی بۆ داڕێژێ و دوو هەزار و حەوت سەد ساڵ لە قەفەسێکی ڕۆحیدا بیمرچێنێت، کە شاژن زانی دەغدو لە سارگۆن شا دەستبەردار نابێت توانی لە ڕێگەی دەستو پەیوەندەکانی ناو دەربارەوە ژەهرچێژی بکات و بیکوژێت. - دەغدو وتی: - ئەوە دریچە ڕاڕەوەکەیە دانە دانە بەرد ڕێژەکەی بەلاوە ناو دەریچەکەی ئاواڵا کرد ،لایتە دەستییەکەی ڕوو بە خوار ڕاگرت چەندین پلەی وەبەرچاو کەوت. -

دەغدو بە سەنگەر دەڵێت: - نەك تەنها ئێستای کوردستان، بەڵکو داهاتووشتان ،وەك فیلمێکی سینەمایی لەبەر چاومە و،لەوانەش گوزەشتە لە پێشبینییەکانی "موغی موغان" دا زۆربەی ڕووداوەکانی ئەوسا و ئێستای ئێوەشی تیادا تۆمار کراوە، باوکم کە پاشا دیاکۆیە وەك تۆمارێکی پیرۆز دەیپاراست ،بە داخەوە دوای بەرەڵڵا کردنی هەرچەندی گەڕا بەدوای ئەو تۆمارەدا نە "ئۆراسی" باوەڕ پێکراو و چاوساغی خۆی دۆزییەوە ، نە تۆمار و سندوقەکەش لە دواییدا بۆی دەرکەوت ڕازی سندوقی ناوبراو کە تاج سۆڵەجانی دیاکۆ و کتێبی پیری موغی موغانی تێدایە کە " ئۆراس " لەگەڵ خۆیدا بردویەتیە نێو گۆڕەوە ،من دەتوانم جێگەی ئەو سندوقەت پێ نیشان بدەم کە لە ژوورەکەی تۆیە .کە شەست و چوار پێشبینی تێدایە هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی عیساوە تا ساڵی دوو هەزار و سێ سەدو پەنجای زایینی ،دەزانێت ئاراستەی مێژووبۆ کوێ دەچێت، وەك فیلمێکی سینەمایی لە بەرچاویەتی. - دەغدو دەڵێت: با دەزانم، بەڵام لام خۆشە بە دەمی خۆت بیڵێی و بۆ خۆم بیبیستم ، وەك لەمەوبەر پێم وتووی، گۆڕەکەم لە ژوورەکەی تۆ دایە و ، بەوردی لەژێر قەرەوێڵەی نوستنەکەتدایە، داواکارم گۆڕەکەم هەڵکەنی و بیگوێزیتەوە ، دەغدو لەسەنگەر دەپرسێت: گۆڕەکە دەگوێزییەوە؟ - سەنگەر دەڵێت بەسەر چاوان ، بەڵام بۆ کوێی بگوێزمەوە؟. بە ئارەزووی خۆم ،یان بۆ جێگە و شوێنێکی تایبەت؟ - تۆ کە گۆڕەکەت هەڵکەند، دوای تەرمەکەم بەیەك گەز ئەگەر هەڵکەنی ، حەفتا مەترێك پیا دەڕۆیت، دەگەیتە ژێر دیواری شورەی نەینەوا لە بندەستی دیوارەکەدا چوارسوچەیەك بەردینت وەبەرچاو دەکەوێت ڕوو پۆشەکەی بەردەو بەئاسان تلدەدرێتە لاوە، سندوقێکی لە دار دروستکراوی تیادایە کتابێکی بە قەبارەی تیا پارێزراوە لەسەر پێستی ئاسك نووسراوە ، ئەوە پێشبینیەکانی"موغی موغانە" برێك زێڕ و جەواهیری نایابیشی تیادایە، ئەوانە دەبنە مۆڵکی تۆ. ئەوەی بۆ من گرنگە تەرمەکەم بخەیتە ناو هەمان سندوقی دارین و چوارسوچە بەردینەکە، گۆڕەکەشم پڕ دەکەیتەوە وەك جاران، گۆڕەکەو سندوقەکەو کتابەکە ، پێشبینی موغی موغانە ،شوێنی فانتازیین . - دەغدو وتی: ئەوە بنەڕەت و پەیرێژی دیواری شورەی دەوری نەینەوایە...دەغدو وتی – ئەوەتا ، خۆیەتی ، سەرکەوتەوە سەر،لالەیەکی دەستی داگیرساند و گەڕایەوە ڕاڕەوەکە سندوقەکەی کردەوە، تیشکی لالەکە کە دەیدا لەنێو سندوقەکە بریسك و هۆڕی پارچە زێڕ و مووروی ڕەنگاو ڕەنگ و مرواری و یاقوتی گەورە و بچووك دەیدا لەسەرولا، کتابێك بە پارچەیەك پێچرابوویەوە دەغدو دیسان هاتەوە ناو بیری : ئەوە پێشبینیەکانی "موغی موغان"ە. سەنگەر دەستی برد بۆ پارچەی دەوری کتابەکە، پارچەکە هاتە دەستیەوە، بوو بە خۆڵ، دەغدو وتی:"کتابەکە لەسەر پێستی ئاسك نووسراوە و وەك خۆی ماوەتەوە ، سەنگەر کتابەکەی دەرهێنا، بیری کردەوە پێویستی  بە جانتایەکی دەستییە، تا ئەو شت و مەکانەی تێخات و بیهێنێتە سەرەوە..دەغدو وتی: ڕاست دەکەی ، وابکە خۆڵێکی زۆر لە گۆڕەکەی دەغدو لە ژوورەکەیدا مابوویەوە،دەبوا لە ژوورەوەی دەرهێنا بوایە،ڕاکشا و کەمێ پشووبدات. - لەخانووەکە ژوورەکەی سەنگەر کە پێشتر شوێنی بێزارکەری بوو، بەڵام دواتر دەبێتە ژوورێکی فانتازیی و دەبێتە مایەی دەرکردنی ناو ناوبانگ و دەوڵەمەند بوون و خزمەتێکیش بە نیشتمان دەگەیەنێت، کە شوێنەواری تەرمی دەغدو و کتێبی موغی موغان وهەمان کتێبی بە زمانی کوردی تێدایە. - دەغدو هاتە ناو بیریەوە "هەندێك شت بە ڕاستی ڕێکەوتەو ئەو ڕێکەوتە لە حیکمەتی خوداوە بە دوور نییە، گووتی:ئەگەر گۆڕەکەم لەناو ژووری هەرکەسێکی تریشدا بایە هەمان مامەڵەم دەکرد لەگەڵ تۆدا کردومە، بۆ تۆ یەکێکی تر نا،ئەوە ڕازێکە تەنها خودی خودا دەیزانێت، تۆ لەو کاربەدەستانی ئێستا خۆت بەکەمتر مەزانە .

## ٣- شوێنی یۆتۆپیا:

ئەرواحەکان شوێنی رۆشنیان دەستدەکەوێت."دەغدو" باس لە دونیای ئەرواحەکان دەکات ، کە جیاوازە لەگەڵ دونیای مرۆڤی ئاسایی بە هۆی پەیڕەوکردنی ، کاری باش و ڕەفتاری چاك و کرداری پەسند ،ئەو سێ گووتەیە لە ئاڤێستادا لە ئایینی زەردەشت وەکو سێ بنەمای سەرەکی پەیڕەوکەرانی دەگەن بەم دونیایە کە لەم ئایینەدا هەیە. - فیردەوسی ئەفسانەی لە شانامەکەیدا باسی کردووە و تێکەڵاوی مێژووی کردووە، لە دەمارگرژی و لایەنگیری ڕەگەزی خۆی کە فارسە بەدەر نەچووە، بە ئەمانەتەوە مێژووی ڕاستەقینەی ناوچەکەی باس نەکردوە و بە لایەنگیری ڕەگەزی پارسەکاندا لای داوە و خەو بینینەکەی ئەژدەهاك کە گوایە درەختێك لەناو گەلی"ماندانا"ی کچی سەوز بووە و سێبەرەکەی زۆربەی وڵاتەکان دەگرێتەوە. - سەنگەر هێندە باوەڕی بە دەغدو هەبوو هەستی بە هیچ ترس و تۆقیان و دڵەڕاوکێ نەدەکرد پێی نایە سەر یەکەمین پایە، خۆی بە "ئارمۆسترانگ"ی ئاسمان دەزانی کە بۆ یەکەمین جار پای خستە سەر خاك و خۆڵی مانگ، دوای سێ هەزار ساڵ وا بۆ یەکەمین جار پای خستۆتە سەر پلە و پایەیەك ئەو ماوە دوور و درێژە شاراوە بووە..پلەیەك و دوان سێیان پانی دوومەتر و بڵندی مەتر و نیوێك ، کەوتە ڕێ "دەغدو" هاتەوە ناو بیری:"دەی پێشکەوە" ..ئارام و لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا:"دەی ماویەتی". - سەنگەر لە نێوان دوو جیهاندا گیرۆدە بوو ، جیهانی پڕ لە زەرافەت و شازادەیی دەغدوی بێ تاوانی دنیایەك وژدان و حەزە بایەلۆژیەکانیدا دێت و دەچێت .جارەوبار بیرو بۆچوونەکانی پایان لە زەوی دەبڕی و تازەکارانە فڕینی منداڵانە دەکەن ، فڕم بەسەر چوار تەنیشتمەوە نەمابوو،دونیای واقیعی و دونیای فانتازی و خەیاڵی. – "لوسی" بە "سەنگەر" دەڵێت: - تۆ دەزانی قاوەی دەستی باوکە ئیستیڤان ناوباوی خۆی هەیە و هەر کەسێك بیخواتەوە لە ئاگری دۆزەخ بەدوورە...! – ئەی ئەوانەی لە دوو جاران زیاتری بخۆنەوە چی؟. – ئەوەیان بەهەشتییە... من ئەمەی بخۆمەوە، دەبێتە سێهەمین جار... لوسی بە پێکەنینەوە وتی: - کەواتە بەهەشت ڕۆیشتنت مسۆگەر کردووە.

## ٤- شوێنی دیستۆپیا:

سەنگەر لە وەڵامی باوکیدا دەڵێت: هیچ شتێکی باش لەوانە چاوەڕوان ناکرێت، تەنها کلیلی دۆزەخ و شەڕیان بەدەستەوەیە، دۆزەخ ئەو شوێنە گەرمەیە، کە ئاگرەکەی بە پێی بیروباوەڕی ئایینی بۆ ئەو کەسانەیە، کە تاوان و گوناح دەکەن لەسەر زەویدا، کە شوێنێکی فانتازیاییە . سەنگەر زاراوەی جەهەننەم بۆ شوێنێکی فانتازیایی بەکاردەهێنێت بۆ ناخۆشی شوێنەکە وەکو دۆزەخ. - کاری چاك و ڕەفتاری چاك هۆکارن بۆ دوور کەوتنەوە لە گومڕابوون - بەم حیسابە ، یانی ئاگری دۆزەخ و سووتان و برژانێك لە گۆڕدا نییە. - با هەیە،.ئەوە لە قورئانی لای ئێوەی موسڵمانیشدا باسی ئەوە کراوە و لە ئایینەکانی تریشدا پاداشت و سزا بە گوێرەی کارو کردەوەی خودی مرۆڤە، شتێکە ئەو لێپرسینەوە لەحەشر و نەشردایە، نەك لە قۆناخی بەرزەخدا،کەی بەرزەخ تەواو دەبێ ئەوا کاری خودایە ، بەرزەخ و دۆزەخ و ڕۆژی حەشر هەرسێکیان شوێنی فانتازیین . – "سەنگەر" لەگەڵ "هەڵۆ" دەچن بۆ کۆشك بۆ لای عودەی بۆ کاری بازرگانی ، کەشێکی ترس و تۆقانی دروست کردبوو بۆچی کەسێك دەیوێرا

بڵێ ئەوە بەکێ دەڵێی و دایکی کێ دەگێی؟!. سەنگەر لەبەر خۆیەوە وتی : خودایا..ئەمە شەونشینە یان دۆزەخ نشینە؟!لە نێوان شەو نشین و جەهەنەمدا جیاوازییەکی زۆر هەیە یەکیان واقیعییە ،ئەویتریان شوێنی فانتازییە، شەونشینی کوڕە گەورەی سەدام هەموو جۆرە کارە دزێوەکانی لێ ئەنجام دەدرا .

- "گوارە" کچەپوری "سەنگەر"ە ، مێرد بە کوردێکی ڕۆژئاوا دەکات ،ئەویش دەستی مافیاو بەدڕەوشتی هەیە لە فەرەنسادا کاری لەشفرۆشی بە گوارە دەکات ،ئەو جێگایەش بە پێشبینی دەغدو شوێنەکەی ئاشکرا دەکرێ و دەکوژرێ و گوارە ڕزگاری دەبێت:لوسی بە "گوارە" دەڵێت: ئەو دۆزەخی بۆ تۆ دروست کردبوو لەسەر زەوی،کەچی ئەو ئێستا لە دۆزەخدایە، دوێنێ شەو کوژراوە.

## ٥- کرۆنۆتۆپ :

لە پڕ دیسان "دەغدو" بەو شێوە نازدارەی کەوتەوە بەرچاوی! "بۆ ڕاوەساتاویت و لەم ژوورەدا خۆت حەشار داوە،ئەم ژوورە فانتازیایە کۆمەڵێك شوێنەواری سەردەمی ئاشوریەکانە لە ڕێگای پێشبینییەکانی موغی موغانەوە ،بە هۆی دەغدووەوە لە ژووری سەنگەر دەدۆزرێتەوە،کە ژوورێکی فانتازییە .

- "دەغدو" بە "سەنگەر" دەڵێت:دەڵێی زیندانی کراوی هەستە بڕێك لە تاج و سۆڵەجانەکەو چەند مورووپەك هەڵگرەو بیبە بۆ لای باوکە ئیستیڤان لە مارمەتین کە لە دەوروبەری شاری موسڵە،بۆخۆت بڕێك پارە وەرگرە، لە بری ئەو پاشماوە کۆنانەی کە لە ژوورەکەی دۆزراوەتەوە لە لایەن دەغدووەوە.

- "سەنگەر" بە "هەڵۆ"ی هاوڕێی دەڵێت: هات و چۆکەت لە کوێوە بۆ کوێیە؟ - زۆر بەربڵاوە لەناو دەریاوە بۆ ناو چیاکان ، شارەکان ،ساراکان ،ئەم کارەی من سنوور و بازگە ناناسێت شوێن لێرەدا بەربەستی نییە بۆ جێگۆڕکێ شوێنەکە فانتازیایە – کاك هەڵۆ، کەواتە ڕەشەبا و گەردەلولی؟ کارەکانییەتی. - دەغدو ، هاتەوە ناو بیریی سەنگەرەوە.."چارەکێکی تر ئەو دیوارەی لە بنیدا دانیشتوون لەو دیوە ئاوی لە بنیدایە و بنەکەی خوساوە دەڕوخێتە سەرتان، هەستن بڕۆنە ئەولاوە" تا ئەو حەلە ئاوری لە دیوارەکە نەدابووەوە، ڕوانی لە سێ مەتر بڵندترە، سەنگەرسەری سوڕما بوو ، چۆن چۆنی لەو دیوارەوە دوورکەونەوە،سەرئەنجام ،خۆی پێ ڕانەگیراو گووتی: - هەستە با بڕۆین..!...من و "تەحسین" هێشتا لە دەرگای حەوشە وەدەر نەچووبووین دیوارەکە زرمەی هات!!

- "دەغدو" جارێکی دیکە دێتە هانایەوە .دزێك لە سەر دیواری ماڵی سەنگەر ئاوادەبێت ،دەغدو سەنگەر ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە ئەو پیاوە لە ناچاری و نەبوونی هاتووە،ئەگینا دزنییە، پێی دەڵێت: - "ئەو کابرایە تەماحکارە ، بەڵام دزیت لێ ناکات..هاوکاری لەگەڵدا بکە زەرەرمەند نابی!!".

- لە یانەی فەرمانبەران لە هەولێر ، یەکێك لە بن دیوارەکەدا بە دەنگی بەرز وتی:"تۆ بڵێی ئەم دیوارە بە هەمان شێوەی پێشوو نەهەروژێتە سەرمان؟ ئەوەش یەکێکی دیکەیە لە دەرئاساکانی دەغدو کە سەنگەری لێئاگادار کردبووەوە.

## ٦- شوێنی ئیسکاتۆلۆجی:

- "دەغدو" دەڵێت: دنیای ئێمەی ڕۆح لەگەڵ ئێوەدا جیاوازە، ڕاستە دنیای ئێوەش لە ژێر فەرمانی خودا دایە، بەڵام خودا عەقڵ و ژیری و فکری بەخشیوەتە مرۆڤ تا چاکە و خراپە لەیەك بکاتەوە، دنیای ئێمە دوا هەوارگەیە. – "سەنگەر" دەڵێت:ئەگەر وایە، ئەی تۆ بۆ جادوگەرێکی بابلی بتوانێت دوو هەزار و حەوت سەد ساڵ ڕۆحت ببەستێت و بیڕچێنێ؟ دەغدو دەڵێت:- ئێمەی ئەرواح، خۆ لە حەشر و نەشر و دوا دوایی حیسابدا نین،هێشتا ڕۆحە ناپاکەکان ئەوانەی پابەندی دنیای شەڕ و تاریکین لە تیشکی خودا بە دوورن و هەوڵدەدەن و لە تەقەڵلادان لە زەویەوە نزیك بن،هەوڵی گەڕانەوە بۆ سەر زەوی دەدەن تا ئەو کارانەی نەیانکردووە بیکەن،ئەوان لە بەرزەخدا دەژین کە شوێنێکی فانتازییە،ئەوانی لە بەرزەخن خودا هیدایەتیانی داون ،لە دونیای تاریکییەوە بۆ دونیای روناکی دەیانگوێزێتەوە. – "سەنگەر" بە "دەغدو" دەڵێت: - باشە بەم حیسابە بێت ،جگە لە ئێمەی مرۆڤی سەر زەوی مرۆڤی دیکەش هەن؟.بەڕاستی ئێوەی مرۆڤ سەیرن ، زۆربەی زۆرتان لاتان وایە ئەم کەونە بەربڵاوە من دەزانم چەند پان و پۆڕە ،ئەگەر بە تیژی تیشك ئەندازەکەی ببڕیت ملیۆنەها ساڵی تیشك بەو تیژییەی بڕۆیت ناگەیتە لێوارەکەی ، دەمەوێ وردبیتەوە ئەوەی بزانی قەبارەو ئەندازەی زەوی لای ئێوە ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ کۆمەڵگای هەتاویدا وەك نوکی دەرزیەکە و بیهاوێژیتە ناو دەریایەکەوە ، ئەوانەی لە ژیانی سەر زەویدا لە کار و کردەوەی باش و ڕەفتاری پەسەند و شیاوە بەدوور بوون ، ئیدی ئەو ڕۆحە تاوانبارانەی لە ڕەحمەتی خودا نا ئومێد نین هەر بەو تەما و تەماحەوە ژیانیان بەسەر دەبەن کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پەروەردگار بەزەیی بێتەوە و دەرگای ڕەحمەتیان لێ بکاتەوە و لەو ئازارەی وەدەربێن ، خودای گەورە لێیان ببوورێت تا ڕۆژی حەشر ، کە شوێنێکی ئیسکاتۆلۆجیایە.

## ٧- شوێنی جەستەیی:

شوێنی جەستەیی لەهەردوو ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" و "دەغدودا" بە شێوەیەکی بەرچاو خراوەتە ڕوو و مەزراندنی بۆ کراوە. "سامیری بابلی" دەڵێ:"من یەکێك بووم لەوانەی زمانیانم دەبڕی،هەندێك لە قوتابییەکان زەکەری کوردە کوژراوەکانیان کۆدەکردەوە،بەڵام من زمانم کۆدەکردەوە، هەمان بوو پەنجەی کۆدەکردەوە،هەمان بوو گوێچکە و هەشمان بوو چاو.هەموومان لە شوشەی تایبەتدا هەڵدەگرت،بەر لە تەواوکردنی ساڵی سێهەم من زمانی بیست و یەك کوردم هەبوو،بەناوەکانیانەوە.." (عەلی،٢٠١٣: ٢٢٨)دواتر زمانەکان دەبن بە ئەرواح بە دوای سامیری بابلی دەکەون ،تاوەکو "مجێور"ی گۆڕستانەکە ئامۆژگاری "سامیری بابلی" دەکات کە بێتەوە بەپیاو ئەوکارە تۆقێنەرانە دەرحەق بە خەڵکی سڤیل و بێتاوانی کورد ئەنجام نەدات ،زمانەکان بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنێتەوە لەناو گۆڕەکانیان ئەوکاتە وازی لێدەهێنن.((ئیسحاق کە لە قووڵاییدا پیاوێکی کەمدووبوو،لەبەردەم جەلادەتدا کە سیمای فریشتەیەکی تیا دەبینی زیاتر دەکرایەوە،زیاتر ئەو هەستەی تیا دروستدەبوو کە لەگەڵ مەخلوقێکی بەهەشتیدا قسەدەکات..))(عەلی، ٢٠١٣، ل٣٤) هەردوو مەخلوقی بەهەشتی و فریشتە کەسێتیی فانتازیین ،جەلادەت پێی وابوو هەردوو جۆرە کەسێتییەکە لە لێوزێڕیندا بەدی دەکرێت، ماڵی ئیسحاق کە تەنیا خۆی و هەردوو خوێندکارەکەی تیایدا دەژیان ،ئاسەوار و جێپەنجە و تارمایی کەسێکی پێوە دیاربوو، کە زۆر لێزانانە لە گونجاندنی دیواری خانووەکە لەگەڵ کەل و پەل و پەردەکاندا، لە

شوێنی خۆیدا بوو،هەردوو خوێندکارەکە دەیانزانی "ئیسحاقی لیۆزێرین"یش وەکو تارماییەك دەهاتە بەرچاویان.هەموو کاتێك ژن و کچەکەی بە خیانەتکارو دووڕوو ناودەبرد،ئەوەش کارەساتێکی دیکە بووە کەبەسەر لیۆزێریندا هاتووە،جەلادەت کۆمەڵێك نهێنی و ئەزموونی تایبەتی خۆی هەبوو ،لە ڕاستیدا زۆر لەو جۆرە ژیانە وەرس بوو بەڵام چارەی نەبوو،تا ڕاددەی ئەوەی دەرهەقەتی ژن و کچەکەی نەدەهات،لە هەوڵدا بوو ئەوەی لە ڕۆحیدا بوو بەو خوێندکارانە بدات،لیو زێڕین وەکو شوێنێکی جەستەیی فانتازی کە زۆربەی ئاوازەکانی بە فلوت بە لیوە زێڕینییەکەی عەزف دەکرد ،هەروەها ئیسحاقی لیۆزێرین هۆکارێک بوو بۆچوونی جەلادەتی کۆتری دەربارەی زمانی کوردی گۆڕی کە پێشتر لای وابوو زمانی هەڵچوون وشەڕە. دەغدو بە پەنجە ئاماژەی بۆ کلیلەکەی سەنگەری کردو وتی: بەو کلیلە هەرسێ قوفڵەکەی بە تۆ دەکرێنەوە، یەکێکیان بکەیتەوە هەرسێکیان دەکرێتەوە،سەنگەر دەڵێت: من هەروا سەرسامی ئەو زەڕافەتەی بووم ، گێژ و وێژانە دەمنواڕیە عالەمێك لە ژنایەتی ، دەنگی دەغدو هۆشیاری کردمەوە،ئەوە بۆ ڕاوەستاوی؟! پەشۆکاوانە وتم: - باشە چی بکەم؟! – چی بکەی؟ بەم کلیلەی گەردنم یەکێك لەو قوفڵانە بکەرەوە؟ سەنگەر لە هەیکەلی ئەفسووناوی دەغدو نزیك بووەوە،بۆ یەکەمین جار دەستی بەر لەشە نەرم و گەرمەکەی دەغدو کەوت و بزیسکەیەکی تێکەڵی حەز و ترس لەش و بیر و وجوودی سڕ کرد،کلیلی لە گەردنی دەغدو کردەوە ، سەنگەر:سەرئەنجام دەغدو لە ژێرەوە قوفڵەکەی بۆم ڕاگرت تا کلیلی تێخات و بیچەرخێنێت ، نازانم چۆن توانی بووم بەسەر پامەوە ڕاوەستم،نیوە بێهۆش و خومار و حەز داگرتوو سەرخۆش لەنێوان هۆش و بێهۆشیدا تەمەڵانە چاوم هەڵهێنا ، کار لە کار ترازابوو ئەوەی لە خەودا گەنجەکان دەیبینن لە حەز و ئارەزووە ککراوەکان ،لەو خەونەدا دێتە دی ،زمانی لەنێو زارم بوو،شمشێریش لەنێو شارابوو.

- دەغدو بە سەنگەری گووت: بەوردی سەیری بن گوێم بکە هیچی لێ نەنووسراوە..نووسراوە..؟ ئەمجارە "ئارتەمیس" هاتەوە خەونت .. کە دیت سەیری بن گوێی چەپی بکە سێ ژمارەی بە خاڵ لێ کوتراوە. - شەش سەد و شەست وشەش"٦٦٦" ئەو ژمارە مۆری جیهانی ئەرواحی تاریکستانە و زۆربەی زۆریان فەرمان بەردارن لە تەقەڵلادان لە تاریکی وەدەربێن و لە جیهانی تیشکەوە نزیك بنەوە و لە ئازار و میحنەتی چاوەڕوانی وەدەربێن،"ئارتەمیس" یەکێکە لەو ڕۆحە ئاوارە و پەرێشانەی کە دوێنێ شەو میوانت بوو، یان پێی شەیتانی بوویت. ئەو ملیۆنەها ئەرواحەی جیهانی ئەرواحە کە جیایە لە دەغدو، شوێن لەسەر جەستە ، بنگوێ شوێنی جەستەییە. - دەغدو بە سەنگەر دەڵێت:وەك لە مێژدا وتم ،من قەرزداری تۆم، ئەو خودا گەورەیە تۆی کردە کلیلی زیندانی من و ئازادت کردم، ئەوەی بتوانم و ڕای پەروەردگاری لەسەر بێت بۆت دەکەم ، دەغدو، گێڕانەوەکەی بڕی، قاقا پێکەنی ،سەنگەر دەڵێ:ترسام پێکەنینە دوور و درێژەکەی ڕابردووی دەست پێ بکاتەوە،بەندەش بێ دەنگ سەرسام لە ژوورەکەمدا گوێم لە قاقای پێکەنینەکەی و ڕووخساری شیرین و نازداری ،تەواوی فیکر و ئەندێشەمی پڕ لە خۆی کردبوو،لەبیرم چووبووەوە ئەو بە ئاسانی بیری من دەخوێنێتەوە و ئاگاداری تێفکرینمە، پێکەنینی ئەمجارەی دەغدو ،لەگەڵ پێکەنینەکانی ڕابردوویدا جیاواز بوو ،پڕی پڕ بوو لە ناز و ئەداو کرێشمەی ژنانە لاگەردنی پڕ بوو لە زەرافەتی ژنانە کە شوێنێکی فانتازی جەستەیە. - سەنگەر دەڵێت:لەسەر خۆ خزامە نێو ژوورەکەمەوە لە نێوان خەو و هۆشیاریدا وەك هەر شەوێك ئەوەی لە شێوەی دەغدو بوو تێم ئاڵاو تێکەڵاوی یەك بووین ،دەغدوی ژمارە دوو ئاوێنەنمای دەغدوی خان و مان

و سەلار تێکەڵاو بوونەکەم بوو بووە حاڵەتێکی میکانیکی بێ ڕۆح و بێ دەنگی سارد وسڕ، کە من بە دەست خۆ ڕازی کردنەکەم لەو تێکەڵاویەی لەزەت بەخش تر بوو،هەستی دەست پیاخشان، بەربڵاوی خەیاڵ و بە قسە هێنانی هاولنگە خەیاڵیەکەم ڕۆحی ئینسانیمی ئارامتر دەکرد ، ئیدی برغو ئاسا لە ماینێکی ئاسنیندا پێچم خواردبوو قەینا ئەو ماینە ڕەخشێکی ئاسامانی بوو نەحیلکە و نە پڕمە و نە چەپۆکانی نەدەزانی .

- سەنگەر بە هەڵۆ دەڵێت:- چیم کرد؟..تۆ منت ناردووە بۆ ناو دەمی شێر کە شوێنێکی جەستەیی فانتازییە و ئەوەی بە منت وتووە سەرتاپای درۆ بوو..نەدەبوو ئاوەها لەگەڵ مندا بکەیت.. – من درۆم کردووە؟! – ئەی درۆ چۆنە؟ شاخی هەیە، بەرگی هەیە.

## ئەنجام:

١- فانتازیا لە رۆمانی کوردیدا بە شێوەیەکی عەفەوی لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا هەبووە،بەڵام لەسەدەی بیستەمدا چەند رۆماننوسێک بەرچاو دەکەوێت کە لە بواری فانتازیادا کاردەکەن.

٢- کەسێتیی فانتازی "جەلادەتی کۆتر" لە رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان،لە ئاستی کەسێتیی فانتازی جیهانیدایە وەکو "کریشنا" و "پان" .

٣- کەسێتیی فانتازی لە رۆمانی "دەغدو"دا ،زیاتر "دەغدو" و "موغی موغان" و و "گای باڵدار" ی پەیکەری دەروازەی نرگاڵە لە نزیك دیواری نەینەوادا.

٤- پرۆسەی دۆنادۆن یەکێکە لەخاسیەتی کەسێتییە فانتازییەکانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان "و "دەغدو".

٥- بەشێك لە کەسێتییە فانتازییەکانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" ،لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی زوڵم و ئازاری مرۆڤە غەمگینەکانی سەردەمی جینۆسایدو قڕکردن و لەناو بردنی سەدان هەزار مرۆڤی کورد سەری هەڵداوە.

٦- ناو نیشانی رۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" لە ناونیشانێکی فانتازیی و لە شوێنی فانتازی و کەسێتیی فانتازی و رووداوی فانتازی پێکهاتووە .

٧- بەشێك لە شوێنە فانتازییەکانی هەردوو ڕۆمانەکە، شوێنی واقیعی فانتازیین.

٨- لە رۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"دا، کاتێك سیفەتی رەنگی سپی دەچێتە سەر هەر شوێنێك، دەیکاتە شوێنی فانتازی.

٩- لە پاڵ شوێنی فانتازی، شوێنی "یۆتۆپیا" و "دیستۆپیا" بەکار هاتووە، زانستی "ئیسکاتۆلۆجیا"، بەشێوەیەکی فراوان لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" و "دەغدو"دا بەکار هاتووە.

١٠- لە رۆمانی "دەغدو"دا شوێنەکان زیاتر واقیعین و تەنیا یەک شوێنی فانتازی تیایە، ئەویش ژوورەکەی سەنگەرە کە گۆڕێک و سندوقێکی تێدایەو کردوویانە بە شوێنێکی داخراوی فانتازی.

١١- جەستە شوێن یەکێکی ترە لەشوێنە فانتازییەکان کە لە هەردوو رۆمانەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

١٢- رووداوە فانتازیاکان لە هەردوو رۆمانەکەدا بەشێکیان واقیعین بەرگی فانتازیایان بەبەردا کراوەو بەشێکیان خەیاڵین .

# سەرچاوەکان

١- قورئانی پیرۆز.

٢- قورئانی پیرۆز، ئەمین ، بورهان محەمەد،١٩٩٤-١٩٩٧ ، تەفسیری ئاسان ، چ. ڕۆشنبیری،هەولێر.

**ـ کتێبە کوردییەکان:**

٣- ئیسماعیل ، سەباح ،٢٠٠٥ ، چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، کەرکوك .

٤ ـ ئەلوەندی ، نەجم خالد ،٢٠٠٩ ، کارەکتەر سازی ، هەولێر.

٥ ـ تاتانی ، د.محمد امین عبدالله ،٢٠١٥، فانتازیا لە رۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلی ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژ ٣٥.

٦ ـ جاف، خوسرەو ،٢٠١٣ ، دەغدو ، هەولێر ، چ١ .

٧ ـ خەزنەدار ، د.مارف ، ٢٠٠١ ، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ ئاراز.

٨ ـ حوسێن ، د.هیمداد ، ٢٠٠٧ ، رێبازە ئەدەبییەکان، هەولێر،چاپخانەی دەزگای ئاراس،چ ١.

٩- پیربال ، د.فەرهاد ، ، ٢٠٠٤ ، رێبازە ئەدەبییەکان،ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە، هەولێر.

١٠- گەردی، عەزیز، ٢٠٠٤، هونەری شیعر ئەرەستۆ ، سلێمانی .

١١ ـ سەعید، جەلال ئەنوەر، ٢٠١٠ ، بنیاتی جۆرەکانی رووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان دا، ١٩٨٥-١٩٩٠،هەولێر.

١٢- سەعید ،جەلال ئەنوەر، ٢٠١٣ ، گفتوگۆ لە رۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووداـ سلێمانی.

١٣- سجادی ، عەلاءالدین ، ١٩٧٨ ، خۆشخوانی گوزارەکاری ،ڕەوانکاری،جوانکاری ، بەغدا،چ معارف.

١٤- ساڵح ، قاسم حسین ،٢٠٠٢، و.لە زمانی عەرەبییەوە ، عەبدوڵا، عەبدولموتەلیب ، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم .

١٥- هەڵمەت ، لەتیف ، ٢٠١٠ ، لەدادیزمەوە تا سوریالیزم ، سلێمانی.

١٦ ـ عەلی ، بەختیار، ٢٠١٣ ، شاری مۆسیقارە سپییەکان ، سلێمانی ، چ ٤.

١٧ - رەشید ، سابیر ،٢٠٠٧ ، رۆمانی کوردی ، چ ١ هەولێر .

١٨- ڕەشید ، سابیر ، ٢٠٠٥ ، چیرۆکی کوردی رەخنەو لێکۆڵینەوە ، چ ١ هەولێر.

١٩- مستەفا ، ڕێزان عوسمان ، ٢٠١٠، بنیاتی جۆرەکانی رووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستان دا، ١٩٨٥-١٩٩٠، هەولێر.

٢٠- محمد ، ئەنوەر قادر،٢٠١٥ -٢٠١٦ ، بەرنامەی تیۆری کۆرسی ئەدەب ، ز.سلێمانی.

٢١- محەمەد، میران جەلال ، ٢٠٠٩، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، ، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

٢٢- مەنتک ، حەمە ، ، ٢٠١١ ، سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، هەولێر، ئاراز چ ١.

٢٣- نیزامەدین ، فازیل ، ٢٠١٥ ، فەرهەنگی" شیرن"ی نوێ ، عەرەبی کوردی ، سلێمانی.

## گۆڤار و رۆژنامە عەرەبییەکان:

٢٤ - درویش ، هوشنگ ،٢٠١٠، التولد الصوري في السياق النصي،گۆڤاری پەیڤین،ژ/، ١٠٤.

## کتێبە عەرەبییەکان:

٢٥- ابراهيم ، نبيلة ، ١٩٧٩، الاسطورة، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، سلسلة الموسوعة الصغيرة، ١٥٤، بغداد. طالب ، ابراهيم ، الموروثات الشعبية القصصية في الرواية اليمنية ،جمهورية اليمنية،سنة ٢٠٠٤ .

٢٦ - المصري ، علي ، ١٩٩٤ ، دوران ، جلبر ، الخيال الرمزي، بيروت، ط ٢ .

٢٧- الديدي ، عبدالفتاح ، ١٩٦٥، الخيال الحركي في الادب النقدي، القاهرة،ط ١،.

٢٨- الدروبي ، د.سامي ، ١٩٨١، علم النفس والادب، دار المعارف بمصر ط٢.

٢٩- الجوهري ، الامام إسماعيل بن حماد،٢٠٠٧، قاموس الصحاح ، مختار ، قاموس عربي-عربي،بيروت –لبنان ط١.

٣٠- ذياب ، صفاء ، ٢٠١٥، تمثلات العجيب في السيرة الشعبية العربية، دار ميزوبوتاميا بغداد- شارع المتنبى.

٣١- حليفى ، شعيب ، ٢٠٠٩، شعرية الرواية الفانتاستيكية، الجزائر .

٣٢- طالب ، ابراهيم ، ٢٠٠٤ ، الموروثات الشعبية القصصية في الرواية اليمنية ،جمهورية اليمنية .

٣٣- عزام ، محمد ، ٢٠٠٣ ،ادب الخيال العلمي، سورية –ديمشق .

٣٤- عبدالحميد، شاكر ،٢٠٠٩، الخيال من الكهف الى الواقع الافتراضي، الكويت.

٣٥- علاوي ، د.الخامسة اشراف ، ٢٠٠٥، اعداد الطالب الماجستير ، حمادي ، عبد ، العجائبية في ادب الرحلات، رحلة ابن فضلان نموذجا .

٣٦- علاوي ، د. الخامسة ، ٢٠١٣، العجائبية في الرواية الجزائرية، دار التنوير الجزائر.

٣٧- علام ، حسين ، ٢٠١٠ ، العجائبي في الادب في منضور شعرية السردالجزائر، ط ١ .

٣٨- ت لؤلؤة ، د. عبدالواحد ،تاليف بريت ، ر.ل ، ١٩٧٧، موسوعة المصطلح النقدي، العراق، دار الرشيد .

٣٩- أبو ديب ، كمال ، ٢٠٠٧ ، الادب العجائبي والعالم الغرائبي، بيروت - لبنان ، ط ١.

٤٠- درغوثي ، إبراهيم ، ٢٠١٢، سحر العجائبي في الرواية،رواية السراب ،مجلة المخبر،عدد/٨، ابحاث في اللغة والادب الجزائري-جامعة محمد خيضر- بكسرة.الجزائر.

٤١- ت: حمود ، آرون ، پول – سان، ٢٠١٢، دينيس - ڤيالا ، جاك آلان ، الدكتور محمد معجم المصطلحات الادبية، بيروت .

٤٢- عبيد ، محمد صابر ، ٢٠١١-٢٠١٢، مرايا التخيل الشعري،عمان ، المملكة الأردنية الهاشمية، دار مجدلاوي .

٤٣ - كامل، مجدي ، ٢٠٠٩، الياذة الاوديسة ،دار الكتاب العربي،دمشق-القاهرة،ط ١.

٤٤- تودوروف ، تزفتان ، ١٩٩٣، مدخل الى الادب العجائبي ،تر. بوعلام ، الصديق ،تقديم محمد برادة،ط١ ، دار الكلام-الرباط بالمغرب.

## كتێبە فارسییەکان:

٤٥- محمدى ، محمد ،١٣٧٨، ( فانتازى) ، در ادبيات كودكان ، چاپ اول، چاپخانەى دانشگاه الزهراء، تهران .

## نامە و ئەتروحە کوردییەکان:


٤٦- عەلی ، روناك صلاح ، ٢٠١٤، هونەری فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.


## نامە و ئەتروحە عەرەبییەکان:


٤٧- العنزي ، نورة بنت إبراهيم ، ٢٠١١، العجائبي في الرواية العربية، الرياط-السعودية، ط١ ، رسالة الماجستير، المشرف احمد حسن صبرة، المملكة العربية السعودية-جامعة الملك السعود، كلية الاداب قسم اللغة العربية.

٤٨- الشريف ، لابن مريم ، ٢٠٠٨، نصوص الكرامات في كتاب "البستان"،مقاربة سيميائية، شهادة الماجستير،لطالب فائزة زيتوني .

٤٩- جلول ، بن دبلة ، ٢٠١١-٢٠١٢، تجليات العجائبي في الخطاب الروائي، رسالة الماجستير، باشراف هواري بلقاسم، الجزائر.

٥٠- علاوي ، د.الخامسة ، ٢٠٠٥ ، العجائبية في ادب الرحلات ، رحلة ابن فضلان نموذجا، اشراف اعداد الطالب الماجستير عبد حمادي .


## سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:


٥١ - maany.com,p2/or/dict/ar-en/fantasy/ http://www.al في القاموس ترجمة ومعنى. fantasyالمعاني.قاموس عربي انكليزي

٥٢- فۆلفغانغ ئەمادیۆس مۆزارت ar.m.wikipedia.org.

٥٣- http://www.al maany.com,p2

٥٤- http://www google.co/policy

# الخلاصة

ادب العجائبي نوع او شكل من اشكال الادبية يمتاز بعدة من الخصوصيات ،حيث لا توجد في الانواع الادبية الاخرى .في الادب العربي هنالك عدة المصطلحات ابرزها العجائبي ،اما من حيث مصطلح نقدي فهي جديدة،تلتصق التصاقا وثيقا بالخوارق.

الشخصية العجائبي لها مكانته بين عناصر الرواية في الادب العجائبي.تشغل الشخصية في الرواية المحور الذي تدور حوله ،وحيث يعتبر الشخصية من اهم الركائز للعناصر الروائية، هنالك مصدرفي الادب العجائبي اللتي كتب من قبل الكاتب البلغاري المعروف "تزفتيان تودورف"في سنة ١٩٧٣ وباللغة الفرنسية،اللذي ترجمها الى اللغة العربية الصديق بو علام في دار الشرقيات بمصر سنة ١٩٩٣.حيث ينقسم الشخصية العجائبية الى ثلاثة انواع،الشخصية الواقعية و الشخصية الغير الواقعية والشخصية المتحولة.الشخصية العجائبية يتكون من غيلمان ،شيطان،مصاص الدماء ،حين يكون الانسان ذئباً ،الشحاذ،الشبح و شخصية المتناسخة. يتكون المبحث الاول من مقدمة واربعة فصول والخاتمة وقائمة المصادر.الفصل الاول يتكون من تعريف الشخصية في الرواية بشكل عام،و الفصل الثاني تعريف الشخصية العجائبية وانواعها وفي الفصل الثالث الشخصية العجائبية من الناحية النظرية،وفي الفصل الرابع والاخير انواع الشخصية العجائبية في كلا من الروايتين " شارى مؤسيقاره سپييەكان" و "الدغدو" للكاتبين بختيار علي و خسرو جاف ، والخاتمة وقائمة المصادر.

اما المبحث الثاني : هي الحدث ويتكون من فصلين،الفصل الاول تعريف وانواع الحدث العجائبي من الناحية النضرية ،الفصل الثاني الحدث من الناحية التطبيقية في الكلى من الروايتين الكورديتين.

موضوع المبحث الثالث هي المكان العجائبي في الريوايتي "شارى موسيقاره سبيه كان"و"دغدو"لكلا من الكاتبين بختيار علي و خسرو جاف، جنس العجائبي واضح لدى الكل، جنس مستقل لها خصوصيات يتميز من الاجناس الاخرى. تسمية "ادب العجائبي"تستخدم في الادب العربي وال"فانتازيا" في الادب الكوردي. تآليف كتاب "مدخل الى الادب العجائبي" من قبل الكاتب" تزفطيان تودورف" من صميم صوفيا عاصمة البلغاريا، هي مصدر الوحيد لدراسة جنس الادب العجائبي في الادب العالمي اجمعها، حيث ترجمه الكاتب الصديق بو علام، عام ١٩٧٣م تـودوروف الـذي يقـول: "أن العجـائبي fantastique هـو تـردد كـائن لا يعـرف سـوى القـوانين الطبيعيـة أمـام حـادث لـه صـبغه فـوق طبيعيـة .مكان العجيب التي نراه لاول مرة نتعجب به، نرى بعض التغيرات مثل التردد من حيث ما رآه واقيعي او غير واقيعي:لعجائبي علاقة مع بعض الانواع الادبية خصوصا في مجال الاوتوبيا والاديستوبيا، والاسكاتولوجيا، كلا من الكاتبين في كلا من الروايتين استوظفوا تلك الاماكن الغير الواقعية بصورة لاباس به، يتكون المبحث الثالث من مبعثين : الاول يتكون من فرعين، فرع الاول يتكون من الفاض وعبارات المستعملة في اللغة الكوردية واللغة العربية والانجليزية والفرع الثاني تعريف العجائبي ونبذة من تاريخ هذه الجنس الادبي في العالم.اما المبحث الثاني يتكون من فرعين ايضا، الفرع الاول يتكون من نظرية المكان الواقعي والمكان العجائبي، والفرع الثاني تطبيق نظرية المكان في كلا الروايتين الكورديتين، هما "شارى موسيقاره سبيه كان"و"دغدو"، و قائمة المصادر المستعملة في البحث والخاتمة.

# ABSTRACT

**Fantasy in the Kurdish Novel: “The city of white violinists” by Bakhtiar Ali and**

**“Daghdoo” by Khusraw Jaff**

In its structure, the art is broad spectrum, comprehensive and everything related to human activities can be embodied in art. Literature, which includes poetry and prose, is born within the larger scope of art. However, prose covers numerous literary genres such as oration, biography, story, novel, etc. Here, the novel is considered as the most significant literary genre since it encompasses many other literary genres. The novel has fantasy as one of its elements which has a long history in world literature, is not deep-rooted in Kurdish literature. Moreover, those who have contributed to this field are few.

The significance of fantasy lies in the fact that the writers make the most of it particularly when they are unable to write in a straightforward manner about an unfavorable state in the society. Here, the novelist cannot depict explicitly such states or phenomena in their works, then they create a fantastic known character so that they will not face any revenge on the part of such characters. As for places, many a time, reference to some religious or ideological places, even though true, may bring their writers in a difficult situation which can lead to persecution as well.

The present study on the art of fantasy, is composed of an introduction, three parts and conclusions and list of references. In the introduction, the term ‘fantasy’ has been delimited in Kurdish and English as well as in Greek and Arabic. It is also specified how it has been used by some thinkers and writers.

In the first part, the fantastic personality has been defined theoretically with the types. This is followed by a practical part including the fantastic personality in the novels “The city of white violinists” by Bakhtiar Ali and “Daghdoo” by Khusraw Jaff.

In the second part, events have been discussed theoretically with the types, then followed a practical section. In the third part, however, the fantastic place has been discussed theoretically and the types have been isolated.

The last part includes the conclusions, both theoretical and practical, list of references, and abstracts in English and Arabic.